
چەند راستییەکی تاڵ
د. گوڵموراد مورادی
و : سەید جەلال ساڵحی

# چەند ڕاستییەکی تاڵ

(پێکهاتوو لە کۆمەڵە چیرۆکێکی ڕاستەقینە)

وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و لاوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی‌و چاپ‌و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **چەند راستییەکی تاڵ**
- **نووسینی:** **د. گوڵمراد مورادی**
- **وەرگێڕانی:** **سەید جەلال ساڵحی**
- **نەخشەسازی ناوەوە:** ڕەسووڵ سوڵتانی
- **بەرگ:** جێگر عەبدولجەبار
- **چاپی یەکەم:** ٢٠١١
- **تیراژ:** ١٠٠٠
- **نرخ:** ٣٥٠٠
- **چاپخانە:** وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
- **ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٦٧٣)ی ساڵی (٢٠١١) پێی دراوە.**

**زنجیرەی کتێب (٥٢٣)**

**ئەو کتێبە و کتێبەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەسەر ئەو ماڵپەڕە بخوێنەوە**

**www .Kurdchap.com**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

## ئەم پەڕتووکە پێشکەش دەکەم بە:

گیانی هاوڕێو خۆشەویست و براگەورەم نەمر کاك عوسمانی ڕەحیمی، ئەو ڕۆڵە کوردە وشیارو بە هەستە کە هەر لە مێرمندالّیەوەو بە کاریگەریی بنەماڵە شۆڕشگێڕو نیشتمانپەروەرەکەی لەگەڵ ئازارو مەینەتەکانی گەلی کورد ئاشنا بوو، ڕێگای خەبات و تێکۆشانی گرتەبەرو هەموو تەمەنی لاوەتیی خۆی لە پێناوی ئاواتە پیرۆزەکانیدا بە سەداقەت و پاکیەوە بەخت کرد.

**هەروەها بە:**

مامی خۆشەویستم قادر عەبدوڵڵاهی ناسراو بە مامە قالەی سووتوو ئەو مرۆڤە نیشتمانپەروەرەی کە بەشی هەرە زۆری تەمەنی خۆی هەر لە سەردەمی زێڕینی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستانەوە فیدای کوردو کوردستانەکەی کردو ئێستاش کە دەگەڵی دادەنیشیو باسی کوردایەتیی دەکەی، هێندە دڵ گەرم و بە ورەو هیوایە، هەست دەکەی کە تازە هاتۆتە نێو شۆڕشو دەستی داوەتە چەك و بۆتە پێشمەرگە.

**هەروەها بە:**

پووری زۆر ئازیزو خۆشەویستم نەجیبە ئەمینی خێزانی مامە قالەی سووتوو کە ئەویش بە بۆنەی مێردەکەیەوە وەك شێرە ژنێکی کورد دەستی لەهەموو خۆشی-یەکانی ژیان هەڵگرت و ئاوارەو دەربەدەرو دوور لە کەسو کار درێژەی بە ژیان داوەو بە مانای وشە هاوخەمی ڕۆژە خۆشو ناخۆشەکانی ژیانی بووە.



**نووسەر**



**وەرگێڕ**

# پێرست:

## بڕگەی یەکەم:

پێشەکی بۆ وەرگێڕانی کوردی.................... ١٤

پێشەکی وەرگێر.................................. ١٧

چیرۆکی هەڵاتن لە نیشتمان و مەیلی گەڕانەوە بۆی ........... ٢٢

مەرگی ناوەخت.................................. ٤١

## بڕگەی دووهەم:

ڕاستییە تاڵەکان:

چیرۆکی یەکەم.................................. ٥٥

چیرۆکی دووهەم.................................. ٦٦

چیرۆکی سێهەم.................................. ٩٦

چیرۆکی چوارەم.................................. ١٣٦

چیرۆکی پێنجەم.................................. ١٦٤

چیرۆکی شەشەم.................................. ١٨٨

چیرۆکی حەوتەم.................................. ٢١٦

چیرۆکی هەشتەم........................................ ٢٣٩

**بڕگەی سێهەم:**

داری گوێز چەند جوانە................................ ٢٥٧

لێڕەوارێك لە ژێر ناوی جیهانێکی پێشکەوتوودا

کە ئێمە تێیدا دەژین.................................... ٢٨٣

# بڕگەی یەکەم

## پێشەکی بۆ وەرگێڕانی کوردی

دوکتـور گوڵمـوراد مـورادی کەسـایەتی‌یـەکی ناسـراوی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتانو بـە ڕەچەڵەك کرماشانی‌یە و زۆر لەمێژە لە وڵاتی ئەڵمان لە دوورە وڵاتـی دەژی‌و ئێسـتاش وەك کوردێـك خـاوەن نـاو و ڕەسـەنایەتیی ڕەگـەزی خـۆی لـەنێو کـۆڕو کۆمەڵـە کوردی‌یەکانی ئورووپادا جێگەی دیارە.

ناوبراو بە نووسینەوەی چەندین چیرۆك کە وەك خۆی دەڵێ هەمووی ڕاستن‌و ئۆباڵی ناڕاستی ئەو ڕووداوانە دەخاتـە ئەسـتۆی ئەوانـەی گێڕاویانەتـەوەو کـاك سـەید جـەلال ساڵحی لە دوو توێی کتێبێك‌دا بە ناوی "چەند ڕاستی‌یەکی تاڵ"، ئەرکی وەرگێڕانی بـۆ سەر زمانی کـوردی خسـتوەتە سەرشـان، کۆمـەڵێك ژان‌و ناڕەحـەتی ژیـانی مرۆڤـەکان دەگێڕێتەوە. گومان لەوەدا نیە هەریـەك لـەم چـیرۆکانە دەکـرێ نموونەیـەکی بچـووکی سەدان ڕاستی لەو شێوەیە بن کە لە کۆمەڵی دواکـەتووی مرۆڤایـەتی‌دا ڕوودەدەن‌و بـە شـێوەی جۆراوجـۆر لەسـەر زاران یـان لـە لاپـەڕەی زۆر لـە گۆڤـارو ڕۆژنامـەکان‌دا دەبیندرێن. بۆیە دەکرێ ئەم چیرۆکانە وەك ژانی ڕاستەقینەی ژیانی مرۆڤەکان چاو لێ بکرێ.

لە کۆکردنەوەی ئەم چەند چیرۆکەدا دەردەکەوێ کـە نووسـەر گرینگیـی زۆری داوە بە پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان‌و پێوەنـدی‌یە کۆمەڵایـەتی‌یـەکانیان. ئـەو کێشـانەی کـە دەبنە قسەی سەر زاران‌و ڕاسـتی‌یـە تاڵـەکانی ژیـانی مرۆڤـ نیشـان دەدەن، سـەرنجی ئەویان ڕاکێشاوەو هەوڵی داوە بە شێوەیەکی ئەدەبیی جوان دایانڕێژێتەوە، بـەجۆرێك کە لەگەڵ خوێندنەوەی هەر یەك لەم ڕاستی‌یـە تاڵانـە تـەزووی داخ‌و حەسـرەت لەشـت

دادەگرێ، دەتوانی چێژ لە نووسینەکە وەربگریت‌و دەرس‌و ئەزموونێکی زۆریش بۆ چۆنیەتی ڕێکخستنی پێوەندیی بنەماڵەیی‌و کۆمەڵایەتی لێ فێر بی.

دوکتور گوڵموراد موورادی بە هێنانەوەی چەند داستان لە وڵاتێکی دواکەوتووی وەك ئێران‌و چەند داستانێك لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا وەك ئەڵمان کە بە وڵاتانی پێشکەوتوو ناسراون، نیشان دەدا کە مرۆڤ لە هەر کۆمەڵگایەکدا دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی دروست بوونی کێشەگەلی وەك یەك. ئەگەر لە ئێران دا کە کۆت‌و بەندی دواکەوتووی کۆمەڵایەتی‌و بوونی زۆر کێشەی کۆمەڵایەتی گەنجێك بەرەو هەڵخلیسکان دەبا، لە ڕۆژئاواش بە جۆرێکی دیکە بێ بنەمایی ئەخلاقی مرۆڤەکان کێشەی گەورەیان بۆ دەنێتەوەو لە هەر دوولا ئاکامەکەی هەڵوەشانی بنەماڵە و لێك ترازانی باری ئەخلاقی مرۆڤەکانە.

ئەم چەند چیرۆکە هەرچەند تا ئێستا چاپ و بڵاونەکراونەتەوە، بەڵام سەید جەلال لە پێوەندی گرتن بە نووسەری چیرۆکەکان ئیجازەی وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی‌و بڵاوکردنەوەی وەرگرتووە کە خوێندنەوەی خۆماندوو کردنی زۆری وەرگێڕی پێوە دیارە. وەرگێڕ جگە لە خستە سەر زمانی کوردی ئەم چیرۆکانە، هەوڵی داوە کە بە وشەی جوان‌و پاراو و دەستەواژەی کوردی بەجێ ئەرکەکەی بە باشی بەجێ بگەیەنێ کە جێگەی دەست خۆشی پێ گوتنە. هیوای تەمەن درێژی بۆ خۆماندوو کردنی زیاتر لە پێناو خزمەت بە زمانی کوردی بۆ دەخوازم.

کەماڵ کەریمی

بەفرانباری ١٣٨٧ی هەتاوی

# بە ناوی بەرزە ناوی بێ‌هاوتا

**پێشەكی:**

خوێنەری خۆشەویست، ئەم پەرتووكەی لەبەردەستان دایە، كۆمەڵە چیرۆكێكی ڕاستەقینەن كە ڕۆژ نیە لە كۆمەڵگاكەماندا ڕوونەدەن‌و بە چاو یان لە گۆڤار، ڕۆژنامە و میدیاكاندا نەیان خوێنینەوەو گوێ بیستی‌یان نەبین، دیارە نەك تەنیا لە كۆمەڵگای كوردەواری‌دا، بەڵكوو لە هەموو جیهان بە گشتی. كەواتە نووسەر هاتووە ئەو بەسەرهاتانەی كە بیستوونی یان ئەوەتا لە میدیاكانەوە ڕاستەوخۆ دیونی یان بە جۆرێك لە جۆرەكان لە كۆمەڵگادا بەرەوڕوویان بۆتەوەو بە قەول لەوكاتدا هیچی لەدەست نەهاتووە، بۆیە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار و وەسەریەك خستنی ئەزموونەكانی هاتوە لە چوارچێوەی ڕۆماندا دای ڕشتوون بۆ ئەوەی تۆزی فەرامۆشی‌یان لێ نەنیشێ و لانی كەم ببنە پەند و ئامۆژگاری بۆ جیلەكانی دوای خۆی‌و بە گشتی بۆ كۆمەڵگا.

منیش لە ڕێگای برای خۆشەویستم كاك فایەق مەحموودی كە سەرەتا چیرۆكێكی لە ئەنتەرنێت خۆوشانسی بەسەری داكەوتبوو، بۆی هێنام و گوتی:

ــ ئەو چیرۆكەم خوێندۆتەوەو زۆرم پێ جالبە و پاش خوێندنەوەی خراپ نیە ئەگەر وەریگێڕی‌و بۆ گۆڤارێكی بنێری. منیش كە خوێندمەوەو دیتم زۆر جالب و تەنانەت شتی زۆر بە كەڵك و باشیشی تێدایە، پێم گوت:

ـــ ئەگەر دەکرێ داوای هەموو فایلەکەی لێبکە، تـا هـەموویان پێکـەوە وەرگێـڕم و بیکەمە پەرتووکێك. ناوبراویش لە ڕێگای پێوەندی ئەنتەرنێتەوە نامەیەکی بـۆ دوکتـور گوڵمـوراد نووسـی و داوای هـەموو فایلەکـەی لێ کـردو گوتبـووی کەسـێکی وا هەیـە و دەیەوێ وەریان گێڕێ بۆ سـەر زمـانی کـوردی. ئـەویش دەگـەڵ دەربڕینـی خۆشـحاڵی خۆی بە ئۆگرییەکی زۆرەوە هەموو فایلەکەی بـۆ نـاردم و قـۆڵم لـێ هـەڵماڵیو تـەواوم کرد. دیارە بۆ خۆشم چەند جارێك پێوەندیم پێوە گرتو هێنـدێك وشـەی ڕەقو دژواری لە زمانەکانی بێگانەوە هێنابوون کە ماناکانیانیم نەدەزانینو لە خۆییم پرسینو ئـەویش بۆی ناردمەوەو لە جێگای خۆیدا گونجاندمن. جێی خۆیەتی لێرەدا سپاسێك لـە بـەڕێز کاك فایەق بکەم و دەست خۆشی پێ بڵێم بۆ زەحمەت و ماندووبوونەکەی.

هـەروەك پێشـتر ئامـاژەم پـێ کـرد، ئـەم پەرتووکـە پێکهاتـەی کۆمەڵـە چـیرۆکێکی جۆراوجۆرەو هەمووشیان لە کۆمەڵگادا بە جۆرێك لـە جۆرەکـان ڕوویـان داوەو دوکتـور "گوڵمراد مورادی"ش هاتوە بە شێوەی ڕۆمان دای ڕشـتوون، دیـارە منـیش کردوومنـە سێ بڕگە بە شێوەی خوارەوە:

***بڕگەی یەکەم:***

1: پێشەکی بۆ وەرگێڕانی کوردی

2: پێشەکی وەرگێڕ

3: چیرۆکی هەڵاتن لە نیشتمان و مەیلی گەڕانەوە بۆی

4: مەرگی ناوەخت

***بڕگەی دووهەم:***

ئـەم بڕگەیـە بـۆ خـۆی چـەند چـیرۆك لـەخۆ دەگریێو نووسـەر هـەر بـە سـەر دێـڕی "ڕاستی‌یەکی چەندە تاڵ!" هێناویەتی‌و لـە هەشـت چـیرۆکی جیـاوازدا دای ڕشـتوون‌و منیش وەك بڕگەیەك دام ناوەو چیرۆك بە چیرۆك بەدوای یەكدا هێناومن‌و وەك چیرۆکی یەك و دوو و ... هتد. بۆیە خوێنەر پێی وانەبێ ئەگـەر چـاوی لـە سـەردێڕەکانی کـردو بڵێ جاخۆ ئەوە یەك چیرۆکە و دووپات بۆتەوە. نەخێر ئەوە هەشت چیرۆکە و نووسەر هەر بە یەك سەردێڕ ناوی بردوون، چونکە بە ڕای نووسەر، بەڕاسـتی ڕووداوەکـانی زۆر تاڵن و جێی خۆی بووە هـەروا بیـان نووسـێو چـیرۆك بـە دوای چـیرۆكدا بیـان هێنـێ. دیارە نووسەر بۆ خۆی هـەر سـەردێڕەکەی دووپـات کردۆتـەوەو بـە یـەك و دوو جیـای کردوونەوە، بەڵام مـن وەك بڕگەیـەك و نـاوم نـاون چـیرۆکی یـەك و چـیرۆکی دوو و ... هتد.

***بڕگەی سێهەم:***

دار گوێز چەندە جوانە

لێڕەوارێك لە ژێر ناوی جیهانێکی پێشکەوتوودا کە ئێمە تێی‌دا دەژین.

شتێکی دیکە کە ماوە ئاماژەی پێبکەم، ئەویش ئەوەیە کە سەرەتا ویستم کتێبەکە ناو نێم "ڕاستی‌یە تاڵەکان"، بەڵام دوایـە دەگـەڵ بـرای بـەڕێزم کـاك کـەماڵ کـەریمی[1]

[1] : جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ــ ئێران.

ڕاوێژێکم کردو پێشنیاری کرد بیکەمە "چەند ڕاستییەکی تاڵ". وا منیش پێشنیارەکەیم خستە سەر سەرو سەر چاوان و زۆریشی سپاس دەکەم.

بەو هیوایە کە جێی ڕەزامەندی خوێنەرانی خۆشەویست و نووسەرەکەشی بێ.

**وەرگێڕ:**

jalalsalehi@yahoo.com

٢٠ی پووشپەڕی ١٣٨٧ی هەتاوی (یادی بەخێر!)

٢٠٠٨/٧/١٠ی زایینی

کۆیە/ قەڵا

# چیرۆکی هەڵاتن لە نیشتمان و مەیلی گەڕانەوە بۆی

مەنووچێهر و سیروس کە زۆر لەمێژبوو هەروەك زۆرێك لە گەنجەکان بێ تێڕوانینێك بۆ داهاتوو، وڵاتەکەیان کە لە لایەن دەسەڵاتدارە کۆنەپەرستەکانەوە داگیر کرابوو، بەجێ هێشت و بە ناهومێدی‌یەوە ڕێگای غەریبایەتی‌یان گرتەبەرو تەنانەت بۆ گونجان و سازانیان دەگەڵ شوێنی ژیانیان ناوگەلێکی نوێی وەك "مایك" و "زیگی" کە لە ڕاستی‌دا کورت کراوەی ناوە ئورووپایی‌یەکانی "مایکل" و "زیگموند"ن، هەڵ بژاردوو و نیشتەجێی ئورووپا بوون‌و تا ڕادەیەك زمانی دەمەتەقەی وڵاتی خانەخوێش فێربوون‌و بە کاری ڕەش‌و سپیش پارەیەکیان وەسەریەك ناو کۆمپانیایەکی کۆمپیۆتەریان پێ وەڕێ خست، دەگەڵ ژیانی شوێنی نوێ‌دا، خۆیان ڕاهێنابوو. هێندێك جاریش کە دڵتەنگ دەبوون تەلەفوونێکیان بۆ ماڵەوە دەکرد. باسێك لە نامە نووسینیش نەبوو، چونکە تاقەت‌و وەختی ئەوەشیان نەبوو. لە ڕاستی‌دا دوای چەند ساڵ دوورکەتنەوە لە بنەماڵە، کەوتنەوە بیری نیشتمان‌و تامەزرۆی بینینی کەس‌و کاریان بوون، بەڵام بەهۆی پەنابەربوونیانەوە، مۆرێکیان لە پاساپۆڕتەکانیان دابوون کە جیا لە وەڵاتی خۆیان دەتوانن سەردانی هەموو وڵاتێکی دیکە بکەن، بۆیە ئەوان نەیاندەتوانی بگەڕێنەوە وڵاتەکەیان. ئەم چاوەڕوانی‌یە نزیك بە شازدە تا هەڤدە ساڵی خایاند. بە پێی ڕێسای هێندێك لە وڵاتە ئورووپایی‌یەکان، هەر کەسێك زیاتر لە هەشت ساڵ لەو

وڵاتە نیشتەجێ بێو لە ماوەی ئەو هەشت ساڵەدا، پێنج ساڵی كار كردبێو باجی بە حكوومەت دابێ، دەتوانێ داوای پاسپۆرتی ئەو وڵاتە بكا. مایك و زیگیش كە تازە بەوەیان زانی بوو، دەست بەجێ ئەم كارەیان كردو پاساپۆڕتە شینەكانیان گۆڕی بە پاساپۆڕتی هاووڵاتی بوونی وێ. چونكە زۆر خۆشیان لە قەرەی سیاسەت نەدابوو و بەردەوام لە تەلەفوونەكانیشیان‌دا گوێ بیستی ئەوە بوون لە دایكو باوكیان كە:

ـــ " ڕۆڵە ئێمە پیر بووینو دەمانەوێ بەر لە مردنمان چاومان پێتان بكەوێتەوەو بتان‌بینینەوە"، مایك و زیگیش كەوتنە بیری ئەوە كە داوای پاساپۆڕتی وڵاتی خۆیان بكەن. ئەوانیش بە نابەدڵیو ترسو لەرزەوە سەردانی كۆنسولگەری وڵاتەكەیان كردو دوای پێدانی كۆپی‌یەك لە ناسنامەو پاساپۆڕتی شوێنی نیشتەجێ بوونیان، فۆڕمێكیان پڕ كردەوەو داوای پاساپۆڕتی وڵاتەكەیان كرد(نیشتمانی دایك). دوای چەند حەوتوویەك بە ئارەزوو و مرادی دڵیان گەیشتنو بوونە خاوەنی دوو پاسپۆرت. ئیتر بیانوویەكیان بۆ نەچوونەوەی وڵاتو سەردانی كەسو كارو دایكو باوكیان نەما. دوای سووڕانەوەیەكی زۆرو پرسیار لەم و لەو تەنانەت پەناشیان بۆ ئەنتەرنێت برد تاكوو بلیتێكی هەرزانیان وەگیر بكەوێ لەبەر ئەوەی بۆ وێنە "رایان ئایرلاینی ئیرلەندی" گەشتی وڵاتەكەیانی نەبوو، كەواتە بە ناچاری بلیتێكی ئاساییان پەیدا كردو ئەو ئاواتەیان هاتەدیی. هەرچەند ئەوان لە ئورووپا، لەو خۆپیشاندانانەدا بەشداری‌یان نەدەكرد كە بە دژی ڕێژیم دەكرانو هەروەكی گوتمان كاریان بە سیاسەتیشەوە نەدابوو و تەنانەت لە بۆنەكانی جێژنی نەورۆزیش‌دا بەشداری‌یان نەدەكرد، چونكە زۆر جار ئەم جێژنانە لە لایەن سیاسی‌یەكانەوە بەڕێوە دەچوون، بەڵام لە وەختی

سەفەرەکەدا دڵەڕاوکەیان هەر بوو کە نەکا کاربەدەستانی ڕێژیم لە فڕۆکەخانەدا یەخەیان پێ بگرن کە:

ـ " گۆیا بیستوومانە ئێوە ڕۆژێك لە ڕۆژان لە دووکانێکی شوێنی ژیانتاندا وەڵامی چاكو چۆنی فلان کەسێکی سیاسیو نەیاری دەوڵەتتان داوەتەوە، کەوابوو بێگومان سیاسیین"!

مایكو زیگیش بۆ بێ گوناح نیشاندانی خۆیان، نەك ئەوەی چەند ڕۆژ بەر لە سەفەرەکەیان ڕیشیان نەتاشی بوو، بەڵکوو خۆیان فێری لەبەرکردنی کراسی یەخەدارو بێ کراوات(بۆین باغ)یش کردبوو. ئاخر بازرگانە ئوروپییەکان بە تایبەت نوێنەرانی کۆمپانیای "بیمە"و خاوەن فرووشگاکان بۆ ڕاکێشانو بەدەست هێنانی متمانەی مشتەرییەکانیان، گرینگییەکی تایبەتی بە جلو بەرگ، ڕیشی تاشراو و بۆین باغ دەدەن. مایكو زیگیش چونکە خۆیان دەگەڵ شوێنەکە گونجاندبوو، بە شیك پۆش، ڕیش تاشراو، کراوات بەستراو و بۆن لەخۆدان، ڕاهاتبوونو ئێستاش بەبێ کراوات وایان هەست دەکرد کە ڕووتن، هەربۆیە پێویستییان بەوە بوو کە کەمێك ڕاهێنان لەسەر دانانی ڕیشێکی زبرو نەبەستنی کراواتو بۆن لەخۆ نەدان بکەن. بەهەرحاڵ نزیك کەوتنەوەی سەردانی نیشتمانو کەس و کار دوای هەژدە ساڵ دووری لێیان، هەموو بیرو هۆشیانی داگیر کردبوو و بەبێ خەیاڵ چەمەدانەی جلو بەرگو دیارییەکانیان بەستنو چوون بۆ فڕۆکەخانە و لەنێو ڕیزەکەدا بە سیلەچاو چاویان لە هاوسەفەرەکانیان دەکرد. بەهەرحاڵ دوای ئەنجام دانی کارەکان چوونە نێو فڕۆکەکەوەو لە شوێنی خۆیان دانیشتن. ئیتر باسی ئەوەش ناکەین کە مایك و زیگی لە

ڕادەبەدەر دەگەڵ پێشوازیکەرو هاوسەفەرەکانیان بەحورمەت بوونو دەیانهەویست وا بنوێنن کە مانەوە لە ئوروپا هیچ کاریگەرییەکی خراپ و نێگەتیڤی نەبووە لەسەریان. هەر کە فڕۆکەکە خەریك بوو نزیك سنووری هەواییەکانی نیشتمان وەبێ، یەك کەڕەت ژنانو ژمارەیەك لە پیاوە هاووڵاتییەکانی نیشتەجێی ئوروپا لە بەردەم تەوالیت[2] و ڕاڕەوی نێوان کورسییەکانی فڕۆکەکەدا ڕیزیان بەست. کەسانی کۆتایی ڕیزەکە نەیاندەتوانی ترسو پەشۆکاویو دڵەڕاوکێکانیان بشارنەوە نەك لەبەر ئەوەی کاری سەرئاویان هەیە و فریا ناکەون، بەڵکوو لەبەر ئەوە بوو کە لە وەختی خۆیدا بچنە تەوالیت بۆ گۆڕینی سەرو پۆتەڵاکیان! بەبێ زێدەڕۆیی لە هێندێك حاڵەتدا کەسانێك بە قیافەگەلێکی وەك "مایکل جاکسۆن، هایدی کلۆم و کلاویدیا شیفر" دەچوونە تەوالیت، حاجی زادەیەکی یەخە داخراو و بێ کراوات یان وەك پەنگۆئینی لەچکە و مەقنەعە لەسەر و بێ ئاڕایشت و میکیاج و نینۆکی درێژ، لە تەوالیت دەهاتنە دەرەوە. وەك ئەوەی کە مەستەراو کۆمپانیای گۆڕینی ژن بە پەنگۆئێنو پیاویش بە قاز بێ. چونکە زۆربەی پیاوەکان کە قژی سەیرو سەمەرەیان بە سەرەوە بوو، کڵاوێکیان لە مۆدی ئەمریکایی دەکردە سەر بە تایبەت ئەو پیاوانەی کە کەپۆیان زل بوو وەك قاز لێ دەکردن. لێرەشدا ئیتر باسی گۆڕینی کراسی قۆل کورت بە قۆل درێژ و یەخە کراوە دەگەڵ ملوانکەیەکی ئاڵتوون، بە یەخە داخراو و لابردنی کراوات ناکەین.

[2] مستراح: مەستەراو، تەوالیت، دەستشوویی، دەستشۆیی، مرافق، پێشاو، W.C

مایك بە دیتنی ئەو ڕیزە درێژەی موسافیرەکان لەبەردەم تەوالیتەکەدا چاوێکی لە زیگی کردو زۆر بە هێواشی لەسەر جێگاکەی هەستاو و وتی:

ــ خراپ نیە ئەگەر لە مەستەراوەکەدا چاوێك لەسەرو پۆتەڵاکی خۆمان بکەین، ئەمەی گوت و چۆوە کۆتایی ڕیزە وێستا.

زیگیش وەك براکەی جزدانەکەی لە سندووقە گچکەکەی پشت سەریەوە دەرێناو چووە پشت سەری مایك لە کۆتایی ڕیزەکەدا. ئیتر باسی ئەوەش ناکەین کە ئەو ریزە دوورو درێژە رێی هاتوچۆی پێشوازیکەرانی دژوار کردبوو، بەڵام هیچ چار نەبوو و هەر دەبوو خۆیان بۆ کۆنترۆڵ کردنی بەرپرسانی سەر سنووری وڵاتەکەیان ئامادە بکەن، نەبادا ئیرادیان لێ بگرن.

دوای ئەوەی کە مایکو زیگی لە تەوالیتەکە هاتنە دەرێ، فڕۆکەکەش لە فڕۆکەخانەکە نزیك دەبۆوە. مایك کە هەر پێشتر سەرو پۆتەڵاکی خۆی وەك حاجی زادەکانی لێ کردبوو، دەستێکی بە سەرو وەزعی خۆی داهێناو فۆڕمی مووی سەری گۆڕیی و ڕواڵەتەن کەمێك خۆی فەقیرۆکە و ئیماندار نیشاندا و زیگیش گوارەکانی لە گوێ دەرێنان و شەپکەکەی لەسەر کرد، چونکە کەمێك خڕوخۆڵ بوو، وەك مراوی لێ هاتبوو نەوەکوو قاز. بەهەرحاڵ هەردووکیان هاتنو هێواش لەسەر جێگاکانیان دانیشتنەوە. دەبێ ئەوەش بڵێین کە هەر ئەو مایکو زیگییە لەو شارەی کە لە ئورووپا لێی نیشتەجێ بوون، لانی کەم حەوتووی چوار شەو دوای تەواوبوونی کارەکەیان نزیك بە بیست کیلۆمیتر شۆفیری کردن، دەچوون بۆ دیسکۆو دانسینگ لە شارێکیترو مشتەری هەمیشەیی ئەوێ بوون. تا ئەو جێیەی نەك هەر ئەو کەسانەی لەوێ کاریان

دەکرد، بەڵکوو هەموو کچەکانی دیسکۆ بەناو دەیان ناسین. بۆیە ئەوێ جیاواز بوو، ئێستا دێنەوە ولاتی خۆیانو لێرە یاسا و ڕێسایەکی‌تر دەسەلاتدارە !

لەم نێوەدا، لەنەکاو پێشوازی‌کەری فڕۆکەکە ڕایگەیاند:

ـــ خوشکان و برایان، قایشی خۆبەستنەوەکانتان ببەستنو داواتان لێ‌دەکەم تا فڕۆکەکە بە تەواوی نەنیشێتەوە کەس لە جێی خۆی نەجووڵێ.

مایكو زیگی کە لە کورسی دواوەی فڕۆکەکە دانیشتبوون و لێك جیاکردنەوەی ژنو پیاوە موسافیرەکان لە دواوە نەك تەنیا بۆ ئەوان، بەڵکوو بۆ هەر کەسێکی‌تر زۆر دژوار نەبوو، واتە ئەوانەی لە شێوەی پەنگوئێن دەچوون ژن بوونو، شەپکەدارەکانیش یانی ئەوانەی لە قاز دەچوون، پیاو کە ژمارەیان لە پەنگوئێنەکان زیاتر بوو. بۆ ئەوەی خۆسانسۆڕ کردنەکەیان کامڵ بێ، بێ ئەوەی میوانگرەکە شتێکیان پێ بڵێ، لەکاتی دابەزیندا پیاوەکان ڕیزی یەکەمیان پێك هێنابوو و ئافرەتەکانیش پێکەوە لە ڕیزێکدا لە پلیکانەکان دەهاتنە خوارێو لە هۆڵەکەدا ژنو پیاوەکان هەرکام لە ڕیزی خۆیاندا بوون. لەکاتی کۆنترۆڵ کردنی پاسپۆرتی مایكو زیگی کە لە دەرەوەو لە باڵوێزخانەدا دەریان هێنابوو، پۆلیس لە ڕیشدارەکە کەمێك وەگومان کەوتو بە وردی و بە نێوچاوانی گرژەوە چاوێکی لە سەروپۆتەلاکی هەردووکیانی کردو چونکە ناوەکانیان لە لیستی ئەو کەسانەدا نەبوو کە ڕێی هاتنیان بۆ نێو ولات لێ قەدەغە و جێی گومان بن، گوتی:

ـــ مەنووچێهر و سیروس خان فەرموون و، پاساپۆرتەکەی وێ دانەوە.

مایــكو زیگــی بــەبێ كێشــە قۆنــاغی یەكــەمیان بــڕیو دەبــوو بــۆ وەرگرتنــەوەی بارگەوبنەكانیان بچنە هۆڵی گومرگەكەوە. بە پەشۆكاویو وردبوونـەوە بـە دەوروبـەری خۆیاندا چوونە هۆڵی گومرگەكە و لە ویترینـی سـاڵۆنی گومرگەكـەوە چـاویان لـەدایكو باوكو خوشكو براكانیان بوون كە بە گومانو دوودڵـیـەوە دەسـتیان بـۆ هـەڵ دێنـان. چونكە مایكو زیگی دایكو بـابی تێكچووی خۆیـان بـاش دەناسـینەوە، بـە پـێكـەنینو دەست هەڵێنان وەڵامیان پێدەدانەوەو پیشانیان دەدا كە دوودڵ مەبن، خۆمانین كە وا دێین. بەهەرحاڵ چوونە نێو گومرگەكـە. هـەر چـەند بەرپرسـانی گومرگەكـە دڵیـان بـە هاووڵاتی‌یە ئورووپی‌و ئەمریكانشینەكان خۆش نەبوو، چونكە بە بـڕوای ئـەوان، ئەوانـە هەموو ڕۆژئاوا كاری تێكردوونو خراپ بوون، بە تایبەت ئەگەر موسافیرێك بۆن، عەتر، یـان هـەر كـەلو پـەلێكی دیكـەی خـۆ جـوان كردنـی پـێ بوایـە، ئـیتر ئـەوە حەسـاوی ڕۆیشتبوو و لەبەر خۆوە دەیانگوت:

ــــ "حەتمەن مەشرووبیش دەخواتەوەو بە تەواوی فاسیدو لە دین وەرگەڕاوە".

بەهەرحاڵ ناچار بوون كە هەموویان ئیزن بدەن، چونكە پێیان گوتبوون كە خەڵكی زۆر ڕانەگرنو لەوە زیاتر بۆ ئیسلام و بەڕێوەبەرانی وڵاتەكەیان نەیار ساز نەكەن. مایك و زیگی دوای بڕینی قۆناغی دووەم و لەمپەرەكانی‌تر، دایكو باوكیان لە بـاوەش گـرتو دوایە ئەو خوشكو برایانەیان كاتێك كە بـەجێیـان هێشـتبوون هـەموو گچـكە، بـەڵام وا ئێستا هەر كامێك بۆ خۆیان گەنجێكی ئازاو ڕەشید و ژنانێكی خاوەن منداڵ بـوون، لـە باوەش گرتنو ماچیان كردنو هەر خێرا بە دوو تەكسی بـەرەو مـاڵ بوونـەوە. لـە هـەر چوار ڕێیانێكی كە تەكسی‌یەكە لێی تێدەپەڕی، چونكە شەو داهاتبوو، دەبوو وەڵامی

پاسدارە پاسەوانەکان بدەنەوە. ئەم کۆنترۆڵ کردنو ماتڵ بوونە سەرجەم زیاتر لە سێ سەعاتی خایاند تا گەیشتنە ماڵەوە. هەرچەند ئەم ماتڵی‌یانە بۆ تاکسی‌یە دەربەستی‌یەکان بە تەواوی زەرەر بوو، بەڵام شۆفێرەکان ناچار بوون هەمووی ئەمانە قەبووڵ بکەنو جیا لەوەش چارەیەکی‌تریان نەبوو.

مەبەستی سەرەکی هاتنەوەی مایکو زیگی بۆ نیشتمانەکەیان سەرەتا سەردانی دایکو باوکو، دواتریش کەمێك خۆ ڕانان لە بەرامبەر هاوپۆلو دۆست و ڕفیقە پێشووەکانیان بوو و، هەروەها چونکە لە ئورووپا ئافرەتی دڵخوازی خۆیان وەگیر نەکەوتبوو، خراپ نەبوو ئەگەر لە نێو کچە بەخت ڕەشەکانی زێدەکەیان کە حازر بوون دەگەڵ هەر کەسێکو بە هەر نرخێکیش بێ شووی پێ بکەنو لانی کەم لەو دۆزەخەی کە حکوومەت بۆ ژنانی پێك هێناوە، هەڵێنو ئەو ژیانو جۆرە جلو بەرگە پەنگۆئێنی‌یە بدەنە خۆشکانی زێنەبە و کچانی حیزبوڵڵایی دیکە. بەداخەوە ئاوری ئەم دۆزەخە لەو وڵاتەدا، بە تایبەت بۆ ژنان، بە ڕادەیەك جەرگبڕە کە زۆرێك لە کچان یا ئاگر لە جەستەی خۆیان بەر دەدەن بۆ ئەوەی لە شەڕی ئەو جەهەندەمە ڕزگاریان بێ یان ئەوەتا تاقمێکیان حازرن بۆ هەڵاتن لە دەستی ئەو ژیانە، عەیبو عارو سەرشۆڕیو کەرەسەی سەرقاڵی بۆ شێخە عەڕەبە دوڕگەنشینەکان بە گیان بکڕن. بەڵام ئەوانەی کە نە دەیانهەوێ بمرنو نە خوازیاری ئەوەشن، ئەم پەستیو سووکایەتی‌یەی خۆفرۆشی قەبووڵ بکەن، تەنانەت حازرن شوو بە پیرە پیاوێکی هەفتا و پێنج تا هەشتا ساڵەی هاووڵاتی خۆیان بکەنو خۆیان لە شەڕی پەنگۆئێنی بوونو هاووڵاتی پلە دوو بوون ڕزگار بکەن.

هەر کە هەواڵی هاتنەوەی مایكو زیگی ڕەبەنو سەڵت و ئورووپانشین، دەگەڵ ئەوەی کە نەچووبوونە زانکۆو خوێندەوارییەکی ئەوتۆشیان نەبوو، بەڵام بە ئەندازیاری کامپیۆتێر ناوبانگیان دەرکردبوو، بە گوێی کچانی خزم و کەسو کارو دەرو دراوسێ گەیشتەوە، ئەوانیش تکایان لە دایكو نەنك و ... دەکرد کە:

ـــ "دایە گیان تو خوا ئاغا مەنووچێهر و ئاغا سیروس دەعوەت کەن، دەمان هەوێ لەسەر خوێندن لە ئورووپا و .... پرسیاریان لێ بکەین، ئاخر لەڕوومان نایە لەسەر شەقامو سەر کۆڵانەکان لێیان بپرسین".

بەم شێوەیە میوانی بەشکۆو دەعوەت کردنیان بە تایبەت لە لایەن ئەو دایکانەی کە کچی بەشوویان بوو، دەستی پێدەکرد. لە میوانییەکدا دایکی مایك، بە گوێچکەیدا چپاندو گوتی:

ـــ ڕۆڵە گیان، ئەم کچەی خاتوو مەهین زۆر جوانە و دەمهەوێ بۆتی داوا بکەم.

مایك گوتی:

ـــ دایە ئەو خۆ ئێستا منداڵە!

دایکی وەڵامی دایەوەو گوتی:

ـــ دەڵێی چی، قەزات لە دایکت، مانگێك لەوەپێش پیاوێکی دوکتور کە بە قسەی خۆی دە ساڵە کار ناکا و لە ئەڵمان خانەنشین بووەو لە ژنە ئەڵمانییەکەشی چوار منداڵی هەیە و جیا بۆتەوەو کوڕە نێونجییەکەشی سیو حەوت ساڵە، کچی خاتوو سۆغرا، دراوسێکەی تەنیشتمانی کە تازە بیستو دووساڵیەتی، خواستیو

زەماوەندێکی تێروتەسەلیشی بۆ کرد. تۆ کە ئێستا گەنجیو نەبوویتە سی ساڵ، مایک قسەکەی دایکی بڕیو گوتی:

ـــ ئەوە دەڵێی چی دایە گیان! من لە چلیش لام داوە.

دووبارە دایکی گوتی:

ـــ دە ساڵ شتێك نییە، با سی نەبێ و چل بێ. بەڵام کچی خاتوو میهەن چواردە ساڵیەتی و پێنج ساڵ لە تەمەنی خۆناسینی تێپەڕیوە! و زۆریشی پێ خۆشە ببێتە خێزانی ئەندازیارێکی هەندەران نشین. لە تۆ باشتر کێی دەست دەکەوێ؟!

مایك بە کەمێك دوودڵییەوە چاوێکی لە دایکی کردو هیچی نەگوت!

دوای سەردانو چاوپێکەوتنی خزم، دۆست و دەرو دراوسێو میوانییە جۆراوجۆرەکان، مایك حەزی کرد، سەرێك لە شار و پێتەختە حەوت ـ هەشت ملوێن کەسیەکەی بداو چاوێکی بە دۆستە کۆنەکانی بکەوێو کەمێکیش بگەڕێو ڕەوشی بازاڕ ببینێو ساتو سەودایەکی کۆمپیۆتەریش بکا تا بزانێ دۆخەکەش چۆنە. زیگی کەتە و خڕوخۆڵی سەر تاشراوی گوێ کون کراو کە لە فڕۆکەکەدا گوارەکانی لە گوێ دەرێنابوون، دەگەڵ یەکێك لە کچە خزمەکانی لە یەکێك لە میوانییە قەرەباڵغیەکاندا قسەیان خۆش کردبوو، چونکە دەی زانی کە لە ئورووپا قەت لەوجۆرە شانسانە ڕووی تێناکا، بەری نەداو بەردەوام دەگەڵ ئەو کچەدا بە تەلەفوون یان ئەوەتا ڕاستەوخۆ لە ماڵەوە قسەی دەکردو جوانییەکانی ژیانی ئورووپای بۆ باس دەکرد. بەم شێوەیە هەر

لە هەشت، نۆ، دە ڕۆژی یەکەمڕا ڕێگای خۆی دەگەڵ مایك جوێ کردەوەو کەوتە بیری دەزگیرانداری و ژن هێنان. ئیتر ئێستا چیرۆك و باس کردنی زەماوەندو بردنی ژن لە نیشتمانەوە بۆ ئورووپا دادەنێین بۆ دوایە. مایك زیاتر لە بەردەم زانکۆ بە نێو کتێب فرۆشی‌یەکان‌دا دەگەڕا، هەرچەند هیچ حەزێکیشی بە کتێبان نەبوو، بەڵام زۆر جار نرخەکانی دەپرسین، بەڵام نەی دەکڕین. ڕۆژێك کچە خوێندکارێکی زانکۆ کە جانتایەکی لە بن هەنگڵی‌یەوە بوو، چووە کتێب خانەیەکەوە کە بە ڕێکەوت مایکیش لەوێ خەریکی چاو لێ‌کردنی کتێبان بوو، بە دوای کتێبێکی ڕێنمایی ویندۆزدا دەگەڕا، مایك گوێ قوڵاغ بوو و چاوێکی لە کچەکە کرد. چاوە گەورەو ڕەشەکانی کچەکە کە لە ژێر مەقنەعە و پرچە داپۆشراوەکانی‌دا دەدرەوشانەوە، چاوی لە مایك بڕی‌و هەر خێرا بۆی دەرکەوت کە ئەوە هەندەران نشینە. لەم کاتەدا مایکیش پەیسەری کۆمپانیایەکی کڕین‌و فرۆشتنی کۆمپیۆتەری لە پەڕتووك فرۆشەکە کرد کە کچەکە لەباتی ویی وەڵامی داوەو گوتی:

ـــ دوو چوار ڕێیان ئەولاتر کۆمپانیای جیهانی کۆمپیۆتەر لەسەر سووچەکەوەیە، منیش دەمەوێ بەستەیەك سی دی بکڕم، ئەگەر پێت خۆشە پێکەوە بچین. مایك سپاسێکی کردو پێکەوە لە پەڕتووك فرۆشی‌یەکە هاتنەدەرەوەو لەنێو ڕێگادا بۆی دەرکەوت کە ئەو کچە خوێندکاری کۆلیجی کۆمپیۆتەرەو زۆر زیاتر لە مایکی کۆمپیۆتەر فرۆشی ئورووپانشین شارەزای تەکنیك‌و هونەری کۆمپیۆتەرە. مایك وتی"

ببوورە، ناوم مەنووچێهرەو هەژدە ساڵە لە ئورووپام. بەڕاستی ئێرە زۆر گۆڕاوە، پیاو شەقامەکان ناناسێتەوە. کچە خوێندکارەکەش خۆی ناساند:

ـ منیش ناوم سارایە، زۆر خۆشحاڵم بە ناسینت.

سارا لە کۆمپیوتەر فرۆشییەکە بەستەیەکی دە دانەیی سی دی کڕیو مایکیش کارتێکی لە گیرفانی دەرێنا و دای بە سارا و لە یەکتری جوێ بوونەوە.

ناو و نیشانی کۆمپیوتەر فرۆشییەکەی لە ئورووپا و ئیمێلو هەروەها تەلەفوونی ماڵی باوکیشی لەسەر کارتەکە بە دەست نووسرا بوو.

سارا کە هەم لە هەڵسو کەوتی مامۆستا حیزبوڵڵاییەکانیو هەم لە کاربەدەستانو بەرپرسانی زانکۆو خوشکانی زێنەبەی هاوڕەگەزی خۆی بێزارو وەڕەزو هەم لەو ژیانە پەنگۆئێنییە وەزاڵە هاتبوو، بە شوێن وەها شانسێكدا دەگەڕا کە بتوانێ دەگەڵ کەسێکی کە بیری نیشتمانی کردۆتەوەو بەم زووانە دەگەڕێتەوە بۆ هەندەران، ئەم نیشتمانە بەجێ بێڵێو هەڵێ. هەربۆیە بڕیاری دا ئیمێلێکی بۆ بنێرێ. مایکیش کە کۆمپیوتەرە لەپ تابەکەی دەگەڵ خۆی هێنابۆوەو براکانیشی لە ماڵەوە هەم کۆمپیوتەرو هەمیش ئەنتەرنێتییان هەبوو، دەی توانی چاو لە ئیمێڵەکانی بکا و بیان خوێنێتەوە.

سارا دوو دڵ بوو و لە دڵی خۆیدا دەی گوت:

ـــ بەردێك دەهاوێم، گرتی گرتی، نەشی گرت، خۆ گاگەلەکەم ئاو نایبا. دواتر ددانی بە جەرگی خۆی دانا و ئیمێلێکی بەئەدەبانەی نووسیو دەگەڵ دەربڕینی خۆشحاڵی لە

ناسینی، چەند پرسیارێکیشی سەبارەت بە ڕەوشی خوێندن لـە ئورووپـا و بـە تایبـەت ڕشتە فەننی‌یەکان‌دا، لێ پرسی.

چەند ڕۆژێك بوو مایك ئیمێڵەکانی نەکردبوونەوە. بۆیە داوای لە برا چووکەکەی کـرد کە کۆمپیۆتەرەکەی بکاتەوەو چاوێك لـە ئیمێڵـەکانی بکـا. بـرا چـووکەکەی بـە قسـەی کردو گوتی:

ــ کاکە پاسۆردەکەت بڵێ تا چاویان لێ بکەم.

مایك هەر لە جێی خۆیەوە وتی:

ـــ بنووسە مایك ٤١ و وشەی مایکی پیت بە پیت بۆ خوێندەوە.

برا وریایەکەشی یەك بە یەك ئیمێڵەکانی چاو لێکردو، گوتی:

ـــ ئیمێڵێکیشت لە سارا ناوێکی هاوولاتی‌یەوە بۆ هاتوە!

مایك بێ سـێ و دوو لـە جێگاکـەی هەسـتا و چـوو بـە پەیسـەری ئیمەیلـەکانی‌و دای بەزاندن و یەکەم ئیمێلێکی کە خوێندی‌یەوە ئەوەکەی سارا بوو.

ڕۆژی دواتر سارا ئیمێلێکی بەم نێوەڕۆکەی خوارەوە لە مایکەوە بـۆ هـات کـە زۆری پـێ خۆش بوو.

سارای ئازیز!

ئیمێڵەکەت منی تاساند، هەر چەند تۆ تەنیا چەند پرسیارت کردوە، بـەڵام هـەر کـە ئیمێڵەکـەتم وەرگـرت، زۆر خۆشـحاڵ بـووم. دوێنـێ دوای جیابوونـەوە، بـە تـەواوی

سەرکۆنەی خۆمم کرد کە بۆچی ناو و نیشان و ئیمێڵەکەی سارام وەرنەگرت. بە هیچ جۆر بیرم نەدەکردەوە کە خۆت پێوەندیم پێوە بکەی. لە هەرحاڵدا زۆر خۆشحاڵم کە ئەم ئیمێڵەم لە تۆوە پێگەیشت. ئەگەر دەتەوێ لە ئورووپا درێژە بە خوێندن بدەی، بەداخەوە بۆ خۆم نەچوومە زانکۆ، بەڵام بە هەموو تواناوە بۆت دەپرسم و ئاگادارت دەکەمەوە. من دوو حەوتوویتر دەگەڕێمەوە بۆ ئورووپا و پێم خۆشە ئەگەر دەکرێ جارێکیتر بت بینمەوە.

ئەم ئیمێڵە وای نیشان دەدا کە مایك بێ پێچ و پەنا و خۆ هەڵکێشان، دەگەڵ سارا کەوتۆتە قسە کردن. هەر چەند مایك بۆ خۆی دانی پیاناوە کە نەچۆتە زانکۆ، بەڵام دایكو باوکی لە هەموو شوێنێك بڵاویان کردۆتەوە کە کوڕەکانیان ئەندازیاری کامپیۆتێرن.

خوێندنەوەی ئەم ئیمێڵە، سارای ناچار بە شرۆڤەکردن و بارودۆخی وڵات و بەجێ هێشتنو هەڵاتنی کرد. بیری دەکردەوە کە سیستەمەکە ناگۆڕێ، بارودۆخی کۆمەڵایەتی ژنان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپتر دەڕوا و لەوەها وڵاتێکدا داهاتوویەکی ڕوون بۆ خۆی نابینێ. دەگەڵ ئەوەشدا زۆری بۆ گرینگ نەبوو کە مێردەکەی خوێندەوار بێ یان نا، بەڵکوو گرینگ ئەوە بوو، یەکەم لەو دۆزەخە ڕزگاری ببێو دووهەمیش ئەوەی کە ئەو کەسە ئینسان بێ. پاشان بیری کردەوە کە ئەم ئیمێڵە، شیاوی وەڵامێکی دۆستانەیە. هەربۆیە چووە پشتی کۆمپیۆتەرەکە و وەڵامێکی بەم جۆرە دەگەڵ ژمارە تەلەفوونەکەشی بۆ نووسی:

ئاغا مەنووچێهری دلۆڤان!

زۆر سپاس بۆ ئەو هەموو سۆزو موحەبەتەت. ئەوەی ڕاستی بێ زۆرم پێ خۆشە لە سویس یان ئەڵمان خوێندنەکەم تەواو بکەمو ئەگەر بشکرێ لەوێ وەمێنم. چونکە کەمێك زمانی ئەڵمانی فێر بوومو دەگەڵ ئەوەشدا وەك بیستوومە، تەکنیکی کۆمپیوتەری ئەڵمانو سویس لە ئاستێکی بەرز دایە. بەڵام وەکی دەڵێن:

ــ خەرجی ژیان لەوێ بە دراوی ئێمە سەرسووڕهێنەرە. ئایا دەکرێ لە پەنا خوێندندا کاریش بکەی؟! لانی کەمی کرێی ژوورێك بۆ خوێندکارێکی زانکۆ چەندە؟! بۆوێنە ئەگەر دایكو باوکم مانگی دووسەد هەزار تمەنم بۆ بنێرن کە دوو لەسەر سێی داهاتەکەیانە، ئایا بەشم دەکا؟! سارا بەم پرسیارانە کۆتایی بە نامەکەی هێنا و ناردی. چەند سەعات دواتر تەلەفوونی ماڵی باوکی سارا زەنگی لێدا، سارا خۆی لە ماڵەوە بوو و وەڵامی تەلەفوونەکەی دایەوە. ئەو بوو، مایك، دوای چاكو چۆنیو تەئیدی وەرگرتنی ئیمێڵەکەی، قەراریان دانا یەکتری لە بەردەم پەڕتووك خانەکەی زانکۆ ببینن. چیرۆکی ئۆگریو ئەوینو خۆشەویستییەکەیان دادەنێین بۆ دوایە. ڕێك پێنج ڕۆژ بەر لە گەڕانەوەی مایك، ئەوان زەماوەندییان کردو لەو پێنج ڕۆژە کەمەی ژیانی ژنو مێردایەتییاندا، دەبوو تەواوی ناسنامە، مارەنامە، بەڵگەکانی خوێندنو... هتد، وەربگێڕدرێت کە مایك بتوانێ دەگەڵ خۆیان بەرێ.

هەر کە گەیشتەوە ئورووپا داوای ویزای بەیەکتر گەیشتنی بنەماڵەی بۆ خێزانی(یەککگرتنەوەی خێزانی) کرد کە بتوانێ بییەنێ بۆ ئورووپا. دایرەی کۆچبەران لیستەیەکی خستە بەردەمی کە چەند مەرجێکی بۆ یەککگرتنەوەی خێزانی تێدا بوو و مایکیش دەبێ ئەوانە جێبەجێ بکات. مایك دەست بەجێ

وەرگێـڕدراوی مارەنامــە و ناســنامە و ... هتــدی، پێشــکەش کــردو وەشــوێن کارەکانی‌تری وەك ئامادەکردنی خانوویەك کە لانـی کـەم سـی‌و شـەش مـەتری چـوار گۆشە بێ، کەوت. ئەوە کارێکی زۆر سـادە بـوو و مـانگێکی نەخایانـد کـە خانوویـەکی جیا لە ماڵی براکەی پەیدا کرد کە نزیك بە چل مەتری چوار گۆشە بوو، بەڵام مەسەلەی گرینگتر داهاتی مانگانەکەی بوو، کە دەبوو بیسەلمێنێ مانگانە زیاتر لە هەزارو هەشت سەت یۆرۆ داهاتی هەیە. ئەم کـارەی دەگـەڵ کێشـەدا بـەرەوڕوو بـوو، چـونکە خـۆی‌و براکەی بۆ ئەوەی باج نەدەن بە حکوومەت یان باجێکی کـەمیان لێ بسـتێنن، کـەمترین داهاتی کۆمپانیا یان فرووشگای کۆمپیۆتەرەکەشیان دابوو کـە مانگانـە بـۆ هـەرکامیان دەیکردە نزیك بە شەش سەت یۆرۆ کە ئەوەش بـەس نـەبوو. کەواتـە دەبـوو نزیـك بـە چوار مانگی‌تر خۆڕاگرن‌و هەر کامێکیان مانگانـە زیـاتر لـە هـەزارو هەشـت سـەت یـۆرۆ داهات بدەن بە بەڕێوەبەرایەتی باج تا دایرەی کۆچـبەران پشـتگیری‌یـان بـۆ بنووسـێ‌و ئەوانیش بینێرن بۆ خێزانەکانیان‌و ئەوان بەو پشتگیری‌یەوە بچنە باڵوێزخانە و پێکەوە داوای ویزای یەککگرتنـەوەی خێزانـی بکـەن. ئێسـتا بـۆ وەخـت وەرگـرتن‌و چـوون بـۆ باڵوێزخانە و شەوگەلی دوورودرێژ لە ڕیـزدا ڕاوەسـتان بـۆ خـۆی چـیرۆکێکی درێـژە کـە ئەویش دواتر باسی لێوە دەکەین. بە تایبەت سارا دوای ئەوەی کە بە خۆشـحاڵی‌یـەوە وەها نامەیەکی پێ گەیشت، ناردی بۆ باڵوێزخانە و بۆ خۆشی کـە زگـی هەشـت مانگـە بوو نەچوو بۆ باڵوێزخانە. دوو حەتوو دواتر لە باڵوێزخانـەوە نامەیـەکیان بـۆ نـارد کـە خـۆی بـۆ وەرگرتنـی ویزاکـەی سـەردانی باڵوێزخانـە بکـا. سـارا دەگـەڵ بـاوکی‌دا بـە خۆشحاڵی‌و تامەزرۆییەوە چوو بۆ باڵوێزخانە. کاتێك کە نۆرەی هات، بەرپەرسی بەشی

ویزاکـە کـە ئافرەتێـك بـوو، دوای هـەڵ سـەنگاندنو تـاوتویێ کردنـی پەروەندەکـەی، چاوێکی لە سەروسەکتی سارا کردو، گوتی:

ــــ خاتوو یەکەم تۆ بەم وەزعەوە بـەبێ ئیزنـی دوکتـور نـاتوانی سـواری فڕۆکـە بیـیو سەفەر بکەی، دوای ئەوەش لێرە پشـتگیری تـەنیا بـۆ دوو کەسـانە و ئێـوە وا دەبنـە سێ کەس!

سارا تەزوویەکی پێدا هاتو گوتی:

ـ ئەگەر دوکتور ئیزن بدا، ویزا بەویش دەدەن؟!

بەرپرسی ویزایەکە دڵی پێی سووتا و گوتی:

ـ ئەگەر دوکتورەکەتان ئیزنی سواربوونی فڕۆکەی پێ دان، ئێمە ویزاکەتان دەدەینێ.

ناوبراو هەوڵیدا نامەیەك لە دوکتور وەربگرێ سەبارەت بەوەی کە دەتـوانێ سـەفەر بکـا، کـە بەداخـەوە نـەکرا. سـارا هـەر ئـەو ڕۆژە بـە ناڕەحـەتییـەوە بـە تەلـەفوون مەسـەلەکەی بـۆ مایـك گێـڕاوە. مـایکیش داهێـزرا و جنێـوی زۆری بـە سیسـتەمی بەڕێوەبەری وڵاتەکەی خۆی دا و سەرلەنوێ چۆوە بۆ دایرەی کۆچبەرانو ڕووداوەکـەی بۆ گێڕانەوە. فەرمانبەری دایرەی کۆچبەران گوتی:

ــــ یەکەم بارودۆخەکە گۆڕاوەو ئێوە خەریکە دەبنە سێ کەسو دەبێ خانوویەکی لانـی کەم چلو هەشت مەتری چوار گۆشە پەیدا بکەیو دوای ئەوەش داهاتی مانگانەی ئێوە دەبێ زیاتر لە دوو هەزارو سەت یۆرۆ بێو ئەوەش دەبێ پشتگیری چوار مانگ بێنی کە ئەوەندەو داهات هەیە. ئەو وەخت نامەیەکیتر بۆ باڵوێزخانە دەنووسین کە بـە خێـزان

و منداڵەکەت ویزای یەکگرتنەوەی خێزانیتان بدەنێ. ئەم حەیسو بەیسە زیاتر لە ساڵو نیوێکیتری خایاند، تا مایك سەلماندی داهاتەکەی لە مانگێكدا زیاتر لە دوو هەزارو سەت یۆرۆیە و خانوویەکیش کە دوای ماندووبوونێکی زۆر وەگیری کەوتبوو پانتایەکەی زیاتر لە چلو هەشت مەتری چوار گۆشەیە و شەش مانگیشی خایاند تاکوو سارا توانی ویزاکە وەرگرێ.

لەو نێوەدا منداڵەکەیان کە ناویان نابوو "زەڕی"، نەنکی بەخێوی دەکرد، بووە دوو ساڵو ساراش تاقیکارییەکانی کۆتایی ساڵی خوێندنی تێپەڕ دەکرد. هەر چەند پێی خۆش بوو هەموو شتێك بەجێ بێڵێو هەڵێ، بەڵام لەسەر پێشنیاری دایكو باوکی کە دەیان گوت، دەرسەکەت تەواو بکە و تاقیکارییەکانت بدەو دوایە بڕۆ. سارا دەگەڵ ئەوەی هیوایەکی نەبوو کە لە بوارەکەی خۆیدا بتوانێ کارێك ئەنجام بدا، بەڵام بە قسەی کردنو بە سەرکەوتنەوە بڕوانامەی کۆتایی خوێندنی وەرگرتو ڕۆژی دوایە چارەنووسی خۆی دایە دەست قەزاو قەدەرو وڵاتەکەی بەجێ هێشت. سارا لە چیرۆکە تراژیدیاکانی شووکردنی ئەلیکترۆنی، واتە ئەو ژیانە هاوبەشانەی کە زاوا لە کاتی مارەبڕیندا لەوێ نیە و تەنیا وێنەی هاوسەری داهاتووی کە دایكو خوشکی پەسندیان کردوەو بۆیان ناردوە، پێیەتیو باوکیشی لە وەکیلی زاواوە مارەنامەکەی واژۆ کردوە، بێئاگا بوو. هەروەها هیچیشی لەوە نەدەزانی کە هەڵسو کەوتی مێردە ئورووپانشینەکان دەگەڵ ئەو ژنانەی بۆیان بەڕێ دەکەن(زنان پستی) یان ئەو ژن هێنانە بە پەلانەی لەم جۆرەن، چۆن دەبێ. وێ دەچوو ناوبراو ئاگای لەوەش نەبووبێ لەسەدا نەوەدی ئەو کچانەی کە بە تایبەت لە ڕێگای ئەلیکترۆنیەوە شوو دەکەن، ڕۆژژمێری دەکەن کە دوای سێ ساڵ مانەوەو نیشتەجێ بوون، دەست بەجێ داوای

جیابوونەوە بکەن‌و بەم شێوەیە داهاتووی منداڵەکەشیان هەروەك چارەنووسیی خۆیان دەدەنە دەست قەزا و قەدەر. بەهەرحاڵ لە هەمووی ڕووداو و بەسەرهاتەکە کە وێ دەچێ ناخۆشیش بێ، دەگوزەرێم و مۆری بێدەنگی دەخەمە سەر چیرۆکەکە.

# مەرگی ناوەخت

عەلی ئارەزووگەلێکی زۆری لە خەیاڵدا بوو کە دەیویست هەموویان بەر لەوەی ئەم دونیا بێوەفایە جێ بێڵێو بگەڕێتەوە بۆ دونیای ئەبەدییەت، وەدی بێن. دەگەڵ ئەوەیدا کە ناوی عەلیو عەلیش ناوێکی پیرۆزە، بەڵام باوەڕی بە هیچ شتێك نەبوو، تەنانەت بە خاوەنی ئەم ناوەش کە چ چیرۆك گەلێکیان لە بارەی دادپەروەریی ئەوەوە باس کردوە. واتە لەڕاستیدا خەییامێك بوو کە بەردەوام وێنەی ئەم کۆپلە شێعرانەی لە شاعێری گەورە عومەر حەکیمی خەییام، لەبەر خۆیەوە دەگوتەوە یان ئەوەتا لە کۆڕە گچکەکاندا بە گوێرەی کۆڕەکە لەبەر بۆی دەخوێندنەوە، وەك:[3]

« هەر کارێ دەکەم ڕۆژی بەرێ نووسراوە،

بۆ چاك و خراپ خوا قەڵەمی لێ داوە،

پرسیار و گوناهی کردەوەم بۆ لە منە

---

[3] : دیارە دەقی کوردییەکەیانم لە کتێبی "خەییام بە کوردی" کە نەمر مامۆستا هەژار شێعرەکانی خەییامی لە فارسییەوە کردوونەتە کوردیو لەڕاستیدا ڕۆحی بە بەردا کردوون، هێناومنەوە:

نووسراوە، دەبێ بیکەم، ئیتر چی ماوە؟

یان لە شوێنێکی دیکەدا:

زانیوتە لە حەوت و چوارەوە هاتی کە بووی

گێژیت و لەبیری چوار و حەوتا ون بووی،

ئاسوودە بژی هەزار کەڕەت پێتی بڵێم

نایەیتەوە گەر مردی، ئیتر چووی هەر چووی.

یان لەسەر بێدەسەڵاتی دەسەڵاتدارەکان ئەم کۆپلەی دەخوێندەوە:

گەردوون بە دزی دوێنێ لە لام درکانی

هەرچی بەسەرت دێ لە دەس ئێمەت زانی

لەم چەرخ و خولەمدا دەسەڵاتم بوایە

خۆم ئێستە ڕەها دەکرد لە سەرگەردانی.

یان دەیخوێندەوە:

گەردوون کە گەڕا دژی نیازی من و تۆ

عاسمان بەمەچی هەشت و حەوت بن یا نۆ؟

بمرم کە لەشم بە من چی هەرچی دەیخوا

مێرووله لە گڵکۆ بێ، چ گورگی کەژ و کۆ».

دیاره له مردن نەدەترسا، بەڵام وریا بوو و، واشی دانابوو کارەکانی بە نیوەچڵی نەهێڵێتەوەو تەواویان بکا و دوایە بە خەیاڵێکی ئاسوودەترەوە بمرێ. تەنیا شتێکی کە لێی دەترسا، نەخۆشیو نەخۆش کەوتن بوو. هەربۆیە بەردەوام بۆ لەش ساغیو سلامەتی خۆی وەرزشی دەکرد. چونکە باوەڕی وابوو کە نەخۆشیی نایەڵێ ئەو کارە زۆرو زەوەندو بەرنامە داڕێژراوانە بە ئەنجام بگەیەنیو هەموو شتێکی لێ تێك دەدا. بۆیە هەر چۆنێك بێت عەلی کارگەلێکی زۆری بۆ خۆی ڕیزکردبوون. لە دونیای ئەمڕۆکەدا هەر کەسەو وەشوێن کارێکی تایبەت دەکەوێ، وەك، دەروون ناس، دوکتور، ڕاوێژکاری بنەماڵە، ئەندازیار، ماف ناس، بەرگدروو، دارتاشی و ... هتد، کە هەر کامێکیان لە کاری خۆیاندا دەبنە پسپۆڕ، بەڵام عەلی ئەسکوێی نێو هەر دیزەیەك بوو، واتە لە هەر بوارێکدا شتێك فێر ببوو و ئەگەر لێشت دەپرسیی، ئەرێ پیاوی چاك! باشتر نەبوو ئەو توانایی‌ەی خۆتت تەنیا لە بوارێکدا وەگەڕ خستایە؟! لە وەڵامدا دەی گوت:

ــ مەگەر نازانی؟! لە کۆمەڵگای ئێمەدا بۆوێنە دوکتورێك دەبێ هەموو شتێك بزانێ، کە ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان یەکێك لە نەخۆشەکانی دەگەڵ ژن یان مێردەکەی‌دا کێشەیەکی بۆ هاتە پێشو ئاغای دوکتور کە مەحرەمی نهێنییەکانیانە، لێی پرسی، ئەم دوکتورە دەبێ دەروون ناس، ماف ناسو ڕاوێژکاری بنەماڵە و ... هتد، بێ، کە ئەگەر وا نەبێ هەموو نەخۆشەکانی لەدەست دەدا. دەگەڵ ئەوەی‌دا کە من دوکتور نیم، بەڵام وا بەتەمام لەهەر زانستێك شتێك فێر بم کە ئەگەر ڕۆژێك شتێکیان لێ پرسیم بە کەڵکم بێ. هەربۆیە وەدەست هێنانی کەمێك زانیاریی لەهەر شتێکدا خراپ نیە و بە کەڵکی ڕۆژی خۆی دێ. بەهەرحاڵ هەروەکی گوترا، بەرنامەگەلێکی زۆری تاکوو بەر

لەوەی تەڵقینی دادەنو ئەم دونیایە جێ بێڵێ، داڕشتبوو. لەڕاستیدا زۆر شتی دەزانی و شتگەلێکی زۆریشی نووسین. خاڵێکی ئەرینی کە تێیدا بەدی دەکرا، ئەوە بوو کە قەت نەی دەگوت کە هەموو شتێك دەزانم. ئەگەر پرسیارێکیان لێ بکردایە و وەڵامەکەی ڕاست نەزانیبا، هەر لەخۆڕا شتی نەدەگوتو بەدرۆ وەڵامی پرسیارکەرەکەی نەدەدایەوەو بە ڕاشکاوی دەیگوت نازانم یان ئەوە کە وێ دەچێ ئەوە مانایەکەی بێو ئەگەر خۆشت گومانت هەیە، بەڵام بۆت گرینگە، دەتوانم بۆت بگەڕێم و پاشان وەڵامە ڕاستەکەت بۆ دێنمەوە.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی عەلی ئەوە بوو کە هەوڵی دەدا، هەر بابەتێك کە بی نووسیایە، پەسن و خۆهەڵکێشانی تێدا نەبێ، بەڵکوو یەکەم: تاڕادەیەك ڕاهێنو بۆ کۆمەڵگا بە قازانج و بەدوور لە زێدەڕۆیی بێ. دووهەم: بێ لایەنانە و بە بەڵگەوە پێشکەش بکرێ کە بمێنێتەوە، هەرچەند زۆر جار سەرنەدەکەوت، بەڵام هەوڵی خۆی هەر دەدا.

یەکێك لە بەرنامەکانیشی ئەوە بوو هەر بابەتێك کە دەی نووسیو هێندێکیانیشی بڵاو کردبۆوە، لە داهاتوودا ببێتە کتێب. چونکە بەردەوام ئەم وتەیەی عومەری خەییام: « نایەیتەوە گەر مردی، ئیتر چووی هەر چووی»، لە مێشکیدا دەزرینگایەوە، باوەڕێکی سەیریشی پێبوو و باوەڕیشی بەوە بوو شتێکی کە هەمیشە مرۆڤ بە نەمری دێڵێتەوە، ئەو بەرهەمانەن کە لە دوای بەجێ دەمێنن. ئەگەر بەرهەمەکانی باش بن ئەوە ناوەکەی بە چاکی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر خراپیش بن، ئەوە هەر زۆر زوو لەبیر دەکرێ. بەردەوام ناوی گەورە پیاوانی مێژووی لەسەر زار بوو و ڕێزی بۆ

قارەمانی نەتەوەکان لە هەر گرووپو ڕەگەزێك بوونایە، دادەنا. لە ژوورەکەیدا وەك هەموو ئەو گەنجانەی کە وێنەی کەسێکی کە خۆشیان دەویٚ هەر لە هونەرمەند، گۆرانیبێژو وەرزشوانەکانو...هتد، کە بە دیواریان هەڵواسیوە، وێنەی قارەمانە نەتەوەییەکانی وڵاتەکەی هەر لە میرزا کوچك خانی جەنگەڵی‌یەوە بگرە تا خیابانی، ستارخان، باقرخان، ئەرانی، وارتان، رووزبە و قازی‌یەکان بە پەتی سێدارەوە، موعینی‌یەکان، مەلا ئاوارە، هومایون کەتیرایی‌و سەرباز ئەنووشە لە حاڵەتی ئێعدام کردن‌دا و قاسملوو و دەیان وێنەی دیکەی لە دیواری‌دا بوون. ئەگەر لێت پرسیایە ئەمانە چۆن دەبینی، دەی گوت:

ــ ئەمانە ئەو قارەمانانەن کە لە دڵی منو ملوێنان کەسی دیکە دانو بۆ هەمیشە لە مێژووی مرۆڤایەتی‌دا بە نەمری دەمێننەوە. بەڵام چونکە نەی‌دەتوانی ببێتە قارەمان، کەوابوو بۆ دانانی بەرهەمە باشو پایەدارەکانی هەوڵی دەدا. هەموو هەوڵێکی تەنیا بۆ ئەوە بوو کە بەر لە مردنی کارەکانی تەواو بکا. هەموو ڕۆژێك لەسەر هەر بابەتێکی کۆمەڵایەتی کە بە بیری دادەهات، دەی نووسی. زۆرێك لەوانەی دەدا بۆ تۆمار کردن کە هێندێکی بڵاو دەبوونەوەو هێندێکیانیشی نا. قەت لە بڵاوکەرەوەو سەرنووسەری ڕۆژنامەکانیشی نەدەپرسی، بۆچی بابەتەکەی بڵاو نەبۆتەوە! چونکە لەبەر خۆیەوە دەی گوت:

ــ حەتمەن بیٚ کەمو کووڕی نەبووەو خۆی نەی دیوە. دەگەڵ ئەوەشدا قەت بە بابەتە بڵاونەکراوەکەش‌دا نەدەچۆوە، بەڵام نێوەڕۆکەکانی لە چوارچێوی بابەتێکی دیکەدا دادەڕشتو بڵاوی دەکردەوە. زۆر ڕقی لەو قازانجە ماددی و مەعنەوی‌یانە بوون کە لە

هەوڵو ماندووبوونی کەسانێکی دیکەوە وەدەست دەهاتن. هەروەها پێی ناخۆش بوو پاشەملە بە خراپە باسی بکەنو نەشیدەویست شتێکی خراپ بە کەسیش بڵێ یان زوڵمێك بکرێ. بۆوێنە، بەرهەمی هونەری، ئەدەبیو فەرهەنگی کەسانیتر حەیفو مەیل بکرێ یان بە خراپە کەڵکیان لێوەرگیرێن. عەلی بۆخۆی نە هونەرێکی پەرجۆو نائاسایی هەبوو و نە ئەدیبیش بوو، بەڵام هەم زۆری دەنووسیو هەمیش لە وەختی نووسیندا هەوڵی دەدا و پەیجۆریی ئەو بابەتەشی دەکرد کە دەینووسی، چونکە دەیگوت، نەکا کەسێك بەر لەو کاری لەسەر کردبێو کەسانێکی دیکە وابیر بکەنەوە کە تەنیا کۆپی کردوە. هەربۆیە زۆری وەشوێن دەکەوتو هەر ڕۆژنامە و پەرتووکێکی کە وەدەستی کەوتبا، چاوێکی لێدەکرد.

زۆر لەو بابەتانەی کە نیوەی وەرگێڕابوونەوەو دوایە دەیزانی کەسانێکی دیکە کردوویانە هەروا بە نیوەچڵی دای دەنانو درێژەی نەدەدا و دەی خستنە نێو سندووقچەیەك و هەڵی دەگرتن. بەهەرحاڵ لەوە دڵنیا بوو ئەوەی کە دەینووسێ، تەنیا ئەو شتەیە کە هەڵقووڵاویی ئەو مێشکە چووکەی خۆیەتیو لە کەسی نەدزیوەو کۆپیشی نەکردوە. چونکە عەلی باوەڕی بەوە بوو کە کۆپی کردنو ماندووبوونی کەسانێکی دیکە بە ناوی خۆ تەواو کردن، جۆرە دزیییەکی ئاشکرا و بێ شەرمانەیە. بەڵام بە هێواشی لەبەر خۆشیەوە دەیگوت:

ــ دیارە ئەگەر کەسێك  برسیی بێو بۆ برسیایەتییەکەی بچێ شتێك بدزێو بیخوا، ناکرێ ناوی بنێین دزی بێ شەرمانە، چونکە برسییەتی شەرمی ناوێ. بەم پاساوە خۆی بە قەناعەت دەگەیاند. بازەم لە دڵی خۆیدا هەر دەیگوت:

ــ دزی هەر دزییە و بە تایبەت ئەگەر دزییەکەش دزی هونەری یان ئەدەبی بێ، هەر چەند ناکرێ دەگەڵ دزینی نان یان سێوێکدا بەراوردی بکەین. هەروەها بە خۆی دەگوت:

ــ بێ شەرمیو بێ چاوەڕوویی دەوێ ئەگەر کەسێك ئیزن بە خۆی بدا، بەرهەمی کەسانێکی دیکە بە ناوی خۆیەوە تۆمار بکا. ئیتر بەمە دەڵێین دزییەکی بێشەرمانە بۆ ناو و ناوبانگێکی درۆیین.

عەلی، بەو هەموو خۆپارێزییەوە، لە زۆر شوێندا دەمی دەکردەوەو هەر ڕاستییەك بوو دەیگوت و هیچ بەرژەوەندییەکیشی بۆ گرینگ نەبوو. تەنانەت زۆر جار بەم کارەی گیانیشی دەکەوتە مەترسییەوە. بەڵام دەروەست نەبوو، تەنیا لەوە دەترسا بەر لەوەی کە بۆی براوەتەوە لە نێوی بەرنو کارەکانی بە نیوەچڵی بمێننەوە. جارێکیان بابەتێکی لەسەر لەبەرچاوگرتنی مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتانەی کە خەڵکەکەی زیاتر باوەڕگەلێکی پڕوپووچیان هەیە، بڵاو کردەوە. گۆیا دوای بڵاوبوونەوەی، نامەگەلێکی زۆری پشتیوانیو هەڕەشەکردن لە ڕێگای ئیمێڵەوە بۆ هاتن. هەر لەو پێوەندییەدا ڕۆژێك یەکێك لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، دەعوەتیان کرد کە کۆبوونەوەیەکیان بۆ بگرێو قسەیان بۆ بکا. بابەتی کۆبوونەوەکەی لەسەر، "بۆچی هەندێك لە مرۆڤەکان مافەکانی خۆیان ناناسنو ڕۆڵی ئەو قسەوباسە بێمانا و پڕوپووچانەیان لەچییە؟!"، هەڵبژارد. لەکاتی پرسیارو وەڵام دەگەڵ ئامادەبووان، ئاماژەیەکیشی بەوەدا کە بە تەلەفوونی هەڕەشەی کوشتنیان لێکردوە، بەڵام بایەخێکی ئەوتۆ بۆ ئەم جۆرە هەڕەشانە دانانێ. باسەکەی

تــاکوو ســەعات ١٠ی شــەوی خایانــدو دەبــوو دوای تــەواوبوونی کۆبوونەوەکــە، دەگــەڵ ئــەو کەســەی کــە دەعــوەتی کــردوە ســێ ســەت مــەترێك تــا پــارکینگی ســەیارەکان بــە شــەقامێکی چۆڵدا بــە پــێیــان بــڕۆنو لەوێشــەوە بــە ســەیارە بیگەیەنێتــەوە هوتێلەکــە. ســەت مــەترێکی مــابوو بگەنــە پارکینگەکــە، لەنــەکاو دەنگی سەیارەیەکیان بیست کـە لـە پشـتیانەوە دەهـات، و ئـیتر نـەیانزانـی چ قــەوما، تــاکوو ڕۆژی دوایــی کــە هــۆش خۆیــان هاتنــەوە، هــەردووکیان لەســەر تەختی نەخۆشخانە لە پەنا یەکدا کـەوتبوونو لەبـەردەرگاش پاسـەوانێك. گۆیـا لە کاتی تەسادوفەکەدا یەکێك دەگاتیو خێرا ژمـارەی سـەیارەکە کـە لـە حـاڵی خۆدەربازکردندا دەبێ، دەگرێو دەی داتــە پــۆلیس. پـۆلیس دوای لێکۆڵینـەوەی سەرنشـینەکانی نێـو سـەیارە(دەبلیـۆ. ئـێم. ویـی[شم]) دەربازبووەکـە کـە دوو گـەنجی هەژدەو نۆزدە ساڵەی توندڕەوی مەزهەبی بوون، شناسـایی دەکـا و دوای قـۆل بەسـت کردنیــان، دەیــان بەنــە دایــرەی پــۆلیسو، بــە وردی لێ پرســینەوەیان لێدەکــەن، دەردەکەوێ هەر دووکیان ئامۆزا بوونو دانی پێیانانێن کـە بـە مەبەسـتەوە ئـەو کارەیـان کـردوە یـان ئـەوەتا کەسـێك هـانی داون. بـەڵام دوای ئـەوەی کـە بـە زەمانــەت ئــازاد کــران تــا ڕۆژی دادگــایی کردنەکــە، لــە کــۆڕێکی خــۆییدا گــوت بوویان:

---

[4]: B.M.W

ــ ئێمە بە پێی ڕێنوێنییەکانی باوکمانو بە خاتری پێشگیری لە سووکایەتی کردن بە ئایینەکەمان ئەو کارەمان ئەنجام داوە، هەرچەند عەلی کوڕی بێحورمەتی کردن بە هیچ دینو ئایین و بیروباوەڕێك نەبوو، بەڵام!

هەروەها لێیان بیستراوە کە گوتوویانە:

ــ ئەم عەلییە، یان عومەرییەکی تۆخە یان ئەوەتا بێدینە و زۆر جار لە ئاغامان بیستووە، تەنانەت ئەو کەسانەش کە دیندارنو دەیان هەوێ ریفۆڕمێك لە دیندا پێك بێنن، جێگای مەترسینو دەبێ بکوژرێن. چونکە بێدینەکان تۆوی بێدینی دەچێننو بڵاو دەکەنەوەو زەرەریشیان بۆ ڕێبەرە ئایینییەکانمان هەیە. هەربۆیە باوکم دەی گوت:

ـ چەندین جار ئاغا(مەلای ئایینی) لە مینبەردا وتاری ئایینی داوە کە گوتوویە:

ــ خوێنی ئەمانە حەڵاڵە و هەر کەسێك ئەوانە بکوژێ دەستی سەوز دەبێو هەنگاوێك لە بەهەشت نزیك دەبێتەوە. چونکە دەڵێن لەوێ بە دەیان ئافرەتی جوان(حۆری) ڕیزەڵەیان بەستووەو تەنیا چاوەڕوانی شەهیدانی بەهەشتین. بۆیە ئێمە دەمانویست ئەم عەلییە لە شەقام بە سەیارە لێیدەینو بیکوژین تا ئیتر لەم قسە هەلەقو مەلەقانە نەکاتەوەو هەروەك گەورەکانیش دەڵێن:

ـ دادگا و مادگاش نای خوا. بەڵام ئێمەش کە بە شەریکە تاوان دەژمێردرێینو دەکرێ کارێکیش بکەین کە نەڵێن لەخۆوە کوشتوویانە و بڵێن تێیان هەڵ دە گەنج بوونو نەیانزانیوە، لە ئاکامدا، تاوانەکەشی بۆ هەرکام لە ئێمە سووك دەبێو لە چەند ساڵێك زیاتر نابێو ئەویش دوای تێپەڕکردنی نیوەی بەرمان

دەدەن. دیارە ئەگەر سەرکەوتین ئەوە کارێکی باشمان ئەنجام داوەو ئەویشمان لە بڵاوکردنەوەی ئەو سەم پاشی‌یە لەنێو خەڵکدا کە مێشکی گەنجەکان دەشواتەوە، بێبەش کردوە ! وادیارە عەلی نەمردوە، کەواتە ئێمەش ناگرن. تازە خۆشمان ئامادە کردوە بچینە ڕیزی ئەو گەنجانەی کەوا لە ڕیزدان بۆ بەهەشت(خۆ کوژەکان) و ناونووسی بکەین. ئێستا سەرەتای ڕێگایە، گوتمان، لێی گەڕێ چەند کەسێك لەم عەلی و مەلیانە لەسەر ڕێگای خەڵکی لابەرینو دواتر دوایین تاقیکارییش دەست پێبکەین کە ئەمە ئیتر مەسەلەی کەسێكو دوان نابێ، بەڵکوو هەموو بێ دین مێدینەکان لەخۆ دەگرێ! !

بە هەرحاڵ عەلی لەم ڕووداوە ئەنقەستی‌یە بە مەبەستی کوشتنی، ڕزگاری بوو، ئەگەرچی چەند حەوتوویەك لە نەخۆشخانە مایەوەو لەوێ باشتر بە کارەکانی ڕادەگەیشتو درێژەی پێدەدان.

چەند ڕۆژێکی مابوو لە نەخۆشخانە دەرکرێ، ڕۆژێك دوکتورەکەی لە شیکاری‌یەکی خوێنو میز کە پێشتر بۆی ئەنجام درابوو، لە شتێك وەگومان کەوت. بە سەرۆکی بەشەکەی نیشاندا و دەست بەجێ دەستووری‌دا تاقیکاری‌یەکی دیکە دەگەڵ تیشکێکی گەدەی بۆ بگرن. لە بەوشانسی عەلی ئاکامەکە بوو بەوە کە چەندین گرێی شێرپەنجاوی چووکەی نوێ لە بەشێك لە گەدەی‌دا بیندراوەو دەبوو بە زووترین کات نەشتەرگەری بۆ بکرێ. هەر ئەو ڕۆژە هاوڕێیەکەی بە نیگەرانی‌یەوە لە نەخۆشخانە ئیزن درا.

عـەلی دوای ئـەنجامدانـی نەشـتەرگەری‌یـەکی سـەرکەوتوو کـە یـەك لـە سـێی گەدەیان دەرێنابوو و لەمەودوا ناچار بوو ئـیتر بـە جێگـای سـێ ژەمـە خـواردن بیکاتە پێنج ژەم واتە، کەم خۆری دایم خـۆر، بـەڵام بـە خێـر گـوزەرا و ئـەویش دوای حەوتوویەك لە نەخۆشخانە ئیـزن درا. هەرچـەند کـەمێك لاواز ببـوو، بـەڵام سەرحاڵو بڕیاری‌دا وەك خۆی لـە دادگـا هـیچ شـکایەتێك دژی ئـەو گەنجانـە بـە تاوانێکی کە تووشی ببوون، زیاد نـەکا. بـاوەڕی وابـوو ئـەو جـۆرە گەنجانـە بـە تۆڵـە سـەندنەوەو زینـدانی کـردن نـاگۆڕێن، بـەڵکوو لـێ‌بـووردنو پـەروەردەی دروسـتو حەسـاوی دەتـوانێ کاریگـەریان لەسـەر دانـێو ئـەی ئەمـە و خوایـا بگۆڕێن.

هـەروەك پێشـینان دەڵـێن، عـەلی وەك پشـیلە حـەوت گیـانی بـوو، هـەم لـەو ڕووداوە ڕزگاری بوو هەمیش توانی تاکوو ماوەیەك بـە سـەر شـێرپەنجەکەدا زاڵ بێ. بەدوای ئەم ڕووداوانەدا تازە لێـی حـاڵی بـوو کـە تـا ئـەم مـەرگی ناوەختـە نەهاتوە، دەبێ کەمێك وەجمو جۆڵ کەوێ. دەگەڵ ئەم نەخۆشـیو پێـنج ژەمـە نـان خـواردنو کـاری زۆرەش‌دا، بـەردەوام وەرزشیشـی دەکـرد. لەڕاسـتی‌دا وەرزشـیی سـووك زۆری بـۆ بـە قـازانج بـوو، بـەڵام لـە ڕۆژدا دەبـوو چـەند دانـە حـەبیش بخـوا و تەنانـەت لـەو کاتـەش‌دا کـە بـەدوای خـوارنی حەبـەکان ئـاوی بەسەردا دەکرد، چاوی لەسەر کارەکەی هەڵ نەدەگرت.

بەم جۆرە سێ سـاڵێك تـێ‌پـەڕی، عـەلی تەمـەنی بـەرەو شەسـت سـاڵی نزیـك دەبۆوەو ئەو کارانەش کە دەبوو تەواویان بکـا، گـەی بوونـە یـەك لـە سـێ یـانی

یەك لە سێی کارەکانی مابوو تەواویان بکا. عەلی یەك لە سێی گەدەشی لە دەست دابوو، بەڵام دوو لە سێی کارەکانی تەواو کردبوون. کەمێك لەخۆبایی ببوو و دەی گوت:

ـــ "من بەسەر ئەم مەرگە ناوەختە لەعنەتییەشدا زاڵ دەبم. من مەرگ دەمرێنم و بۆ خۆم بۆ هەمیشە بە زیندوویی دەمێننمەوە". توانی بەو جۆرە دوو ساڵی دیکە کار بکا و ئاواتەکانی وەدیی بێنێ. لەم ماوەیەدا عەلی پێنج کاری دروستو حەساوی بۆ بڵاوکردنەوە ئامادە کردنو دانی بە چاپخانە. ڕۆژێکیان هەر وەك پێشوو بۆ گرتنی دوایین ئاکامی تاقیکارییەکانی سەردانێکی نەخۆشخانەکەی کرد. لە ساڵۆنەکەدا چاوی بە دوکتورەکەی کەوت و ئەحواڵێکی پرسی. دوکتور چاوێکی لەنێو چاوانی شادو گەشاوەی عەلی کردو بەر لەوەی قسەیەك لەسەر تاقیکارییەکەی بڵێ، عەلی گوتی:

ـــ ئاغای دوکتور کەنگێ دەبێ من بڕۆم، ئیتر کارێکم لەم دونیایەدا نەماوە. دوکتورەکەی دەگەڵ ئەوەی کە دەبوو هەواڵێکی ناڕەحەتی پێبدا، بە بوێرییەوە بزەیەکی تاڵو شیرینی لێهاتیو گوتی:

ـــ تۆ بەم نەترسییو زیرەکییەت دونیا دەبەزێنی. بەڵام دەبێ شتێکت پێبڵێم کە بەداخەوە خۆش نیە، چونکە وەرەمگەلێکی چووكو مەترسیداری دیکە لە گەدەتدا بیندراوە کە بۆ دەستکاری کردن نابنو دەبێ شیمی دەرمانی بکرێی.

عەلی بە پێکەنینەوە گوتی:

ـــ یانی چەندە شانسی زیندوومانەوەم هەیە، ئەگەر ئەم کارەش ئەنجام بدەم.

دوکتورەکە گوتی:

ـــ شایەد لەسەدا پەنجا.

عەلی گوتی:

ـــ بەم شێوەیە چەندەی دیکە ئەگەری ئەوە هەیە بژیم.

دوکتورەکە گوتی:

ـــ ئەوپەڕەکەی سالێك.

عەلی کەمێکی بیر لێ کردەوەو گوتی:

ـــ دوکتور گیان لە خێری شیمی دەرمانی دەگەڕێم.

ناو بەو ناوەو نیشان بەو نیشانە، عەلی چاپو بڵاوکردنەوەی هەر پێنج پەرتووکەکەی بینیو یەکێك لە کارەکانیشی لە ژێر ناوی "***بۆچی تاقمێك لە مرۆڤەکان مافەکانی خۆیان ناناسنو ڕۆڵی ئەو قسەوباسە بێمانا و بێ نێوەڕۆکانە لەواندا چیە***"، هەڵبژێراوی خەڵاتی ناوەندی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤیش بوو، بەڵام سەرەنجام بە سەربەرزیو سەربڵێندیو شادییەوە لە تەمەنێکی کە نەدەبوو بمرێ، واتە لە تەمەنی شێستو دوو سالیدا مالاوایی لە ژیان کرد.

# بڕگەی دووهەم

# ڕاستییەکی چەندە تاڵ!

**چیرۆکی یەکەم:**

ئاغـای بینـام لـە ڕێکخراوێکـی حکـوومیدا کـار دەکـا. ئـەویش وەك زۆربـەی فەرمانبـەرەکانی دیکـە کـە گـەلێ جار سـەعاتێك لـە کاتەکـەیان بەهـەر فـرتو فێـڵێو بیانوویەك بێ دەدزنو بەر لە دەست هـەڵگرتن شـوێنی کارەکـەیان بـەجێ دێڵـن، ئـەو ڕۆژە بە هاوکارەکەی گوت:

ــ ئەگەر لە منیان پرسی، بلێ بینام دەبوو نامەیەك بگەیەنێتە فلانـە بەڕێوەبەرایـەتی، بۆیە سەعاتێك زووتر چۆوە. چونکە ئەویش زۆر جار لەو جۆرە کارانـەی دەکـرد، بۆیـە متـەقی لێوەنـەهاتو قـەبووڵی کـرد. بینـام زوو سـواری ئۆپێـل کـادێتی مودێـل (١٩٦٤)ەکەی بوو کە بۆ زیاتر لە چوار ساڵ دەچوو کە هەیبوو، بەڵام ڕواڵەتێکی زۆر جوانو ماتۆڕێکی ڕێكو پێکی بوو، لە کارێژەکە هاتـە دەرێو قاچـی لـە پێـداڵ گازەکـە جـووت کـردو بـەر لـەوەی شـەقامەکان قـەرەباڵغو ترافیـك سـاز بـێ، واتـە بـە قـەولی ئورووپاییەکان بەر لە تـەواوبوونی کـار لـە بـاکووری شـارەوە، بگاتـەوە مـاڵێو یـاری تۆپێنەکەی لە کیس نەچێ. بە ڕادەیەك لە کارە نـەکراوەکان مانـدوو ببـوو، دەیویسـت هەرچی زووتر بگاتەوە ماڵێو لەسەر قەنەفەکان درێژ بێو چاو لە تەلـەڤیزیۆن بکـا. لـە

چەندین چرای زەردو تەنانەت سووریشەوە تیٚپەڕی و ڕێگای دوورودرێژی ماڵەوەی کە لەوپەڕی شاردا بوو، بڕی. هەر لەوکاتەدا وەبیری هاتەوە کە ژنەکەی ڕای سپاردبوو چەند بەستە کلینێکس(دستمال کاغذی) و کرێمێکی دەستو پەلانیش بکڕیٚ. لە شەقامێکی سەر ڕێگاکەیدا پارکینگێکی بەرتەنگی دییەوەو هەر چۆنێك بیٚ ماشینەکەی لە نێوان دوو پەیکاندا ڕاگرتو لەبەرخۆیەوە گوتی:

ــ من کە زۆر نامێنمەوە ! لە ماشینەکەی دابەزیو چووە دووکانێکی ئەوبەری شەقامەکە. چەند خولەك دواتر کەلو پەلەکانی کڕینو هاتەوە. کاتێك کە ویستی سواری ماشینەکەی ببیٚ، ئافرەتێك کە بە ڕواڵەت بەئەدەبو ناڕەحەت دیار بوو بانگی کردو دوای سلاّو و چاکو چۆنی گوتی:

ــ کاکە ببوورە ئەگەر ئاواوە تەشریف دەبەی دەکریٚ دەگەڵ خۆتم سوار کەی؟

بینامیش چاوێکی لیٚکردو گوتی:

ــ فەرموو خوشکم سوار بە قەی ناکا، بەڵام من تەنیا تا کۆتایی ئەم شەقامە دەڕۆم. دەگەڵ ئەوەیدا کە ژنەکە سپاسێکی کردو گوتی:

ــ ئەوەندەش خراپ نیە و زۆر باشە.

لەنێو ڕێگادا و مانەوە لە چرا سوورە جۆراوجۆرەکانی سەر چوار ڕیٚیانەکانو گیرخواردنیان لە ڕیزی ترافیکەکان کە هەر دەهاتو زیاتر دەبوو، ئەم دوو کەسە هەروا بیٚدەنگ بوون، ئافرەتەکەش خۆی زۆر ناڕەحەتو نیگەران نیشان دەداو هیچ شتێکی نەدەگوت. لەم نێوەدا بینام لیٚی پرسیی:

ــ ببووره خوشکم! زۆر ناڕەحەتو پەرێشان دیاری، دەکرێ بپرسم بۆچی؟! هیوادارم هیچ شتێکی ناخۆش ڕووی نەدابێ! ئافرەتەکە گوتی:

ــ نەخێر هیچ شتێك ڕووی نەداوه، بەڵام بەداخەوه لەم شارەدا غەریبم، نە کەسێك دەناسمو نە شوێنێك شك دەبەمو پارەشم هیچ پێ نیە و لەڕووشم نایە داوا لە کەس بکەم، نازانم چ بکەم! بینام دڵی بۆی سووتاو گوتی:

ــ من ژنێكو دوو منداڵم هەیە، ئەگەر پێت خۆش بێ، ئەمشەو لە خزمەت دام و دەتوانی تەشریف بێنیە ماڵی ئێمە، تا بەیانیش خوا کەریمە و بزانین چ دەبێ.

ئافرەتەکە خۆی بە عاتیفە ناساندو لەو خولق گەرمی‌یەی ئاغای بینام زۆر سپاسی کرد. دوای چەند کیلۆمەترێك شۆفێری کردنو لە چەندین چوار ڕێیانەوە کە تێپەڕین، بینام لە شەقامێکی لاوەکی‌یەوە فەرمانی وەرسووڕاندو چەند سەت مەترێك لەولاترەوە ماشینە ئۆپێڵەکەی لەبەردەم دەرگای ماڵێكدا ڕاگرتو هەردووکیان دابەزین. ژنەکەی بینام لەسەر بانیژەکەوە بوو و لەوەی کە مێردەکەی بۆ چاو لێکردنی تۆپێن زووتر هاتۆتەوە لای سەیر نەبوو، بەڵام لەوەی کە ئافرەتێکی نەناسراو دەگەڵی‌دا لە ماشینەکە دابەزی، سەری سووڕماو خێرا لە پلیکانی ماڵە دوو قاتە چووکەکەیان کە قاتی خوارەوەی هێوەره جحێڵۆ سەڵتەکەی تێدا بوو، هاتە خوار. دیارە براکەی بینامیش کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی‌یەوە مەئمووریەتیان دابوویە لە ماڵەوە نەبوو، دەرگای ماڵەکەی داخستبوو.

بینام دوای ئەوەی کە دەرگای ماشینەکەی داخستن، وەپێش کەوتو ڕێگای بە عاتیفە خانم نیشان‌داو گوتی:

ــ فەرموو!

لەم کاتەدا شۆهرەی خێزانی بینام دەرگای حەوشەی بۆ مێردەکەی کردەوەو بینام میوانە لەنەکاوەکەی بە خێزانەکەی ناساندو گوتی:

ــ عاتیفە خان تاز هاتۆتە ئەم شارە، غەریبە و ئەمشەو میوانی ئێمەیە.

شۆهرە دوای بەجێ هێنانی ئەو دابونەریتی میوانداریەتییانە، ڕێنمایی کرد بۆ ژوورەوەو هەر سێکیان لە پلیکانەکان وەسەر کەوتن. شۆهرە دوای ئەوەی کە فەرمووی دانیشتنی کرد، گوتی:

ــ "بێگومان چاییش دەخۆیەوەو ئیشتیات لێیەتی"، دەست بەجێ چووە ئاشپەزخانەکە، سەماوەرەکەی داگیرساندو دەستی بە سازکردنی شێوان کرد، بەڵام تا کوڵینی سەماوەرو سازبوونی چایی، کەشەفەیەکی پڕ لە میوەی هێناو فەرمووی میوانەکەی کرد. بینام کە لەم کاتەدا لەسەر پێشاو گەڕابۆوە، تەلەڤیزیۆنەکەی کردەوەو لە خێزانەکەی پرسی:

ــ کام کەناڵە کێبەرکێی تۆپێنی پارێزگاکان نیشان دەدا؟!

شۆهرە لە وەڵامدا گوتی:

ــ مەگەر نازانی کاناڵی دووە! شۆهرە دیسان سەرێکی لە ئاشپەزخانەکەی دا و دەگەڵ ئەوەی کە چاوێکی لە برینجو چێشتی سەر چراکە کردو گڕەکەی کز کرد، بە کەشەفێك کە سێ چاییو قەندانەیەك قەندی لەسەر بوو، گەڕاوە. چایەکەی لەسەر مێزەکە دانانو لە کاتێکدا کە مێردەکەی تەواو چووبووە ناخی یاری تۆپێنەکەوە،

ویستی میوانەکە بە قسەکردنەوە بخافڵێنێ. عاتیفە بەهۆی نیشاندانی ناڕەحەتییەکەی، زۆری حەز لە قسە کردن نەبوو و بۆ پشتگیری قسەکانی شۆهرەش تەنیا سەری دەلەقاندو هێندێك لە پرسیارەکانیشی بە بەڵێ یان نەخێر وەڵام دەدایەوە.

لەم نێوەدا کێبەرکێی تۆپێنەکە دوو بە یەك بە قازانجی ئەو تیمەی کە بینام لایەنگری بوو، کۆتایی پێهات و نانی شێوانیش ئامادە کرابوو کە دەگەڵ دوو منداڵە تەمەن حەوتو پێنج ساڵانەکەیان خواردیان. شۆهرە منداڵەکانی بردنە دیوێكو ژووری کوڕە چووکەکەشی بۆ میوانەکە تەرخان کردو جێوبانی خەویشی بۆ لەسەر تەختە دانا. ئەوان بە دوای دیتنی هەواڵەکانی تەلەڤزیۆنو وەبیرهێنانەوەی کاری بەیانییانو قسەو باسێکی ئاساییو ...هتد، چونکە هەر دووکیشیان فەرمانبەر بوونو دەبوو بەیانییەکەی زوو بچنە سەر کار، ژووری خەوەکەیان نیشانی میوانەکە دا و عاتیفەش دوای سوپاسێکی زۆر دەگەڵ ئەو هەموو ڕێزو حورمەتەی ئەو ژنو پیاوە لەویان گرتوە، شەو خۆشی پێگوتن و چووە ژووری خەوەکەی. بەیانی زوو شۆهرە بەر لە هەموویان لەخەو هەستاو سەرێکی لە ژووری منداڵەکانیشی دا. نە منداڵەکانی و نە میوانەکەشیان ئێستا لەخەو هەڵ نەستابوون. لەم ماوەدا نانو چای بەیانی ساز کردو بەر لە هەموویان مێردەکەیو دوایە منداڵەکانی لەخەو هەستاند. لەم نێوەدا میوانەکەشیان لەخەو هەستا و وەك دابونەریتی میوانداریەتی، شۆهرە خاولی و فلّچە و هەویری ددانی پێدا و حەمامەکەشی نیشان دا کە ئاوێك بەخۆی داکا، بۆ خۆشی سفرەکەی ڕاخستو هەموو شتێکی لەسەر دانا و منداڵەکانیشی بۆ قوتابخانە و

باخچەی ساوایان حازر کرد. دوای خواردنی نانو چایی بەیانی بینام چاوێکی لە عاتیفە کردو گوتی:

ــ هیوادارم کە دوێ شەو تەڵخت لێ نەگوزەرابێ. بەداخەوە ئێمە هەردووکمان کار دەکەینو منداڵەکانیش دەبێ بچنە قوتابخانە و باخچەی ساوایان. کەوابوو پێنج سەت تمەنت دەدەمێ بۆ پێداویستییەکانی ئەمڕۆتو ئەگەر لەم شارە مایتەوەو توانیت ڕۆژێك بمدەرەوە دەنا ئەگەر نەمایتەوە ئەوە نۆشی گیانتو گەرنت ئازا بێ. بەرهەحاڵ هیوادارم بە خێرو سلامەت هەم کارێكو هەمیش جێو ڕێیەك بۆ خۆت وەدۆزی.

عاتیفە چاوێکی لە بینام کردو زۆر بە جیددییەوە گوتی:

ــ بۆ کوێ بڕۆم؟! هەر لێرە دەمێنمەوە! بینام و ژنەکەی هەر دووك چڵەکەیەکیان کردو تف لە زاریاندا وشك بوو. سەرەنجام بینام بە سەر سووڕمانەوە گوتی:

ــ ببوورە، ئێمە ناتوانین لە ماڵەوە بمێنینەوە، دەگەڵ ئەوەشدا بۆ خۆت بینیت کە ئێمە ژووری زیادیمان نیە کە بڵێین، قەی ناکا، دەتوانیت چەند ڕۆژێکی دیکە بمێنیتەوە. بەڵام ئەم وتەیەی بینام کە ڕاستو ڕەوان پێی گوت، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر دانەنا و گوتی:

ــ دەبێ من لێرە وەمێنم. وەختێك بینام ئەو ژنەی دیی کە زۆر جیددییە، بە دەنگێکی بەرزتر گوتی:

ــ یانی چی خانم، مەگەر تاوانم کرد بەزەییم پێت دا هات و شەوێك هەم خۆم و هەمیش خێزانم حورمەتمان گرتیو میوانداریمان کردی؟! ئەم نمەك بەحەرامیو بێ حورمەتییەت لەچی!

عاتیفە زۆر بە لەسەرخۆییەوە گوتی:

ــ چۆن بیر دەکەنەوەو بە چ مەبەستێك میوانداریتان لە من کرد، کێشەی خۆتانەو هیچ پێوەندییەکی بە منەوە نیە. من کە لێرە ناڕۆم و حەقی خۆمە وەمێنم. بینام ئیتر خەریك بوو دەهری بێو بە تووڕەییەوە گوتی:

ــ هەر ئێستا زەنگ بۆ پۆلیس لێدەدەم و بەرەو تەلەفوونەکە چوو.

عاتیفە گوتی:

ــ من قسەیەکم نیە، زەنگ بۆ پۆلیس لێدە.

کاتێك شۆهرە ئەم دیمەنەی بینی، نەیویست شتەکە بکێشێتە شوێنێکی هەستیارتر و بە قیافەیەکی هێدیو لەسەرخۆو پاڕانەوەوە گوتی:

ــ ئاخر ئێمە چ خراپەیەکمان دەرحەق تۆدا کردوە؟!

عاتیفە لە وەڵامدا گوتی:

ــ ئێوە جگە لە موحیبەت و حورمەت گرتن هیچ خراپەیەکتان دەرحەق بە من نەکردوە، بەڵام مێردەکەت زگی پڕ کردووم.

بینام بە بیستنی ئەم قسەیە ئیمانی لای خۆی نەما و خوێن بەر چاوی گرت، چونکە لەوە دڵنیا بوو کە هیچ پێوەندییەکی ناشەرعی دەگەڵ ئەم ژنەدا نەبووە، گوتی:

ــ باوەڕ کە من بۆ یەکەم جار ئەم ئافرەتەم سەعات چوارو نیوی پاش نیوەڕۆ لە بەردەم ئەو فرووشگایەی کە کەلو پەلی ماڵ دەفرۆشێ، بینیوە. بۆ خۆشت شاهێدی کە من سەعات پێنجی پاش نیوەڕۆ هاتوومەوە. کەواتە ناکرێ لە ماوەی نیو سەعاتدا شوێنێکی چۆڵم پەیدا کردبێ‌و دەگەڵ ئەم ئافرەتەدا کاری ناشەرعیم ئەنجام دابێ. ناشکرێ لە نێو شەقامی قەرەباڵغیشدا تەنیا لە پەنا ژنێکەوە دانیشتن سکی پڕ کەی!

بەرهەحاڵ ئەوان ناچار بوون ئەو ڕۆژە نەچنە سەرکار و کارەکەیان کێشایە پۆلیس‌و دادگا. دوای ئەوەی کە بینام پۆلیسی ئاگادار کردو ڕووداوەکەی بە نووسراوە ڕاگەیاند، پۆلیس بە بینامی گوت:

ــ دەبێ ئێوە تاکوو بڕیاری دادگا لەمەڕ ئەو مەسەلەیە، بۆ ماوەیەکی کاتی جێ و ڕێ بۆ ئەو ئافرەتە دابین بکەن‌و چاوەڕوان بمێننەوە. دوای چەند ڕۆژێك قازی دەستووری دا کە بینام و عاتیفە بچنە دوکتورو خوێنەکەیان تاقی بکرێتەوە یەکەم: ئایا داخۆ ئەم ئافرەتە زگی پڕە یان نا و دووهەم: ئەگەر زگی پڕە، ئایا ئاکامی تاقیکارییەکە دەری دەخا کە ئەو منداڵە هی بینامە یان لە کەسێکی دیکەیە!

چونکە بینام لە خۆی دڵنیا بوو، دەست بەجێ بۆ تاقیکاری خوێنەکە نۆبەی گرت. بینام ناچار بوو دە ڕۆژی تەواو خەرج و مەخاریج و کرێی هوتێل بۆ عاتیفە دابین بکا. دوای دە ڕۆژەکە تاقیکارییەکە دەریخست کە ئەم ئافرەتە سێ مانگە سکی پڕەو بە دوو هۆ ئەو منداڵە هی بینام نیە: چونکە یەکەم جۆری خوێنەکەیان یەك نیە و دووهەم

ئـەوە کـە بینـام لـە بنـەڕەتڕا بـەهۆی لاوازبـوونی سـپێرم و تۆوەکـەی نـاتوانێ ببێتـە خاوەنی منداڵ. ئەم مەسەلەیە لـە لایـەك پێـی خۆشـحاڵ بـوو کـە لـە بوختـانی ژنێکـی بێشەرم و چەقاوەسوو ڕزگاری بووەو لە لایەکیترەوە کەوتە فکرەوەو لەبـەر خۆیـەوە گوتی:

ــ ئەگەر من ناتوانم ببمە خاوەنی منداڵ، کەواتە ئەم دوو منداڵەی ئێمە، هی کـێیـە؟! لەم پێوەندییەدا ژنەکەی هێنایە ژێر لێپرسینەوە.

کاتێك شۆهرە ئەم ڕووداوەی بینی، ناچار بوو دان بەوە دابنێ کە ئـەو منداڵانـە هـی ئەو نین‌و لە براکەنی، گوتی:

ــ وەختێك زانیم کە تۆ توانای منداڵ خستنەوەت نیە و ناتوانم لـەتۆ ببمـە خـاوەنی منداڵ، دەگەڵ براکەتدا پێوەندییم گـرتو ئێسـتا چـەندین سـاڵە کـە یـەکترمان خـۆش دەوێ‌و ئەوینداری ئەوم. هەربۆیە ئەویش بە پێویستی نەزانیوە ژن بێنێ.

« لەم چیرۆکەدا ناوەکان ڕاستەقینە نین، بەڵام چیرۆکەکە ڕاستییەکی تاڵە!! »

هەر کەس ئەم چیرۆکە وەخوێنێ، وێ دەچێ دەرەنجامی جۆراوجۆری لێ هـەڵێنجێ، واتە بە شێوەی جۆراوجۆر لێکی بداتەوە. بەڵام نووسەر بۆ خۆی بە شتێکی دواکەوتوو و کۆنەپەرستانە و دژ بە ئافرەتی دادەنێ‌و بـە قـەولی ئـورووپییـەکان ورووژێنـەر، لـە کۆمـەڵگای ڕاسـتەقینەی ئـەمڕۆی ئێرانـی وەرگرتـوەو هێناوییەتـە سـەر کاغـەز تـاکوو هاونیشتمانە بـەڕێزەکان بـزانن ئەمـە بەشـێکە لـە کـاری ڕۆژانـەی دادگاکانو قـازییە مەندیل بەسەر(معمم) و غەیرە مەندیل بەسەرەکانی ئێرانـی‌و کۆمـاریی ئیسـلامی لـەنێو

سەدان‌و بگرە هەزاران پەروەندەی جینایی‌و بنەماڵەیی‌دا، ئەوانەی کە بـە تـەواوی وەك دادستانی باڵا دژی ژنان بن، ئاشکرا و بڵاوی دەکاتەوە. هەرچەندیش بڵاوبوونەوەکـەی بە شێوەی زارەکی‌و دەم بە دەم بێ. دیارە ئەوەش ناشارمەوە کە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم چیرۆکە لە ڕۆژنامەکان‌و ناڕەزایـەتی خوێنـەرێك سـەبارەت بـەوە کـە ئـەم چـیرۆکە لەپێش‌دا ئاغای "بن جلود"ی بە ڕەچەڵەك عەرەب نووسیوویەتی‌و خاتوونێکی ئێرانیش کردوویـەتی بـە فارسـی‌و لـە گۆڤـاری "ئـارش"ی چـاپی پاریسـیش‌دا بڵاوبۆتـەوە، هاوڕێیەکی نووسەرم کە باشـم دەناسـێ، بـۆی نووسـیم کـە هاوشـێوەی ئـەم چـیرۆکە چەند سـاڵ پـاش شـۆڕش ڕووی داوەو بەسەرهاتەکەشـیان لـە یـەکێك لـە ڕۆژنامـەکانی ئێرانی‌دا چاپ کردوە. ئەو دۆستە نووسیبووی کـە بـێ‌گومـان "بـن جلـود"یش هـەر لـە ڕووی ئەم ڕووداوەی ئێرانەوە، چیرۆکێکی بە زمانی فەڕانسە نووسی‌بوو و ئەم ئافرەتـە ئێرانی‌یەش سـەرلەنوێ وەری گێڕاوەتـە سـەر فارسـی‌و لـە گۆڤـاری "ئـارش"دا چـاپی کردوە. بەم شێوەیە من تەواوی ئەم زانیاریانەم بەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم چیرۆکە لـە ڕۆژنامەکان‌دا بەدەسـت هێنـا. بـەڵام ئـەوەی کـە ئاشـکرایە مـن ئـەم چـیرۆکەم لەسـەر تاریفێکی زارەکی لە یەکێك لە خزمەکانم کە بۆ سەردان چووبۆوە بۆ ئێران‌و کاتێك کـە گەڕایـەوە شـەوێك میـوانم بـوو و بـۆی گێڕامـەوە، نووسـیوومە. ئەگـەر جـوان لێـی ورد بینەوە، جەرەیانی ڕووداوەکە لەم چیرۆکانەدا، ئاغای بینام‌و وەکـی ئـەو بـەبێ تـاوان‌و گوناهیان دەناسێنی‌و زۆر بە جیددی هەوڵ دراوە عاتیفە و شۆهرە وەك "ئافرەتـانێکی خراپـەکار، چەقاوەسـوو، هـاڵۆزو دووڕوو و دووزمانـە" بـە کۆمـەڵگایان بناسـێنێ کـە دەیانەوێ هەموو جـۆرە فـرتو فێـڵو بوختانێـك لـە پیـاوە بـێ‌تـاوان‌و مەزڵوومـەکانیان بدەن. نامەوێ لێرەدا جۆرە بەرگرییەك لـە عاتیفـە و شـۆهرە بکـەم و، وێ دەچـێ لـە

وێنەی عاتیفە و شۆهرەکانیش هەبن، حەتمەن کە هەشن، ئەویش دەتوانێ هۆکاری تایبەت بە خۆی هەبێ. بەڵام لە بەرامبەر جینایەتەکانی وەك، محەممەدەکان، مەحموودەکان، عەبباسەکان، نەقییەکانو حەسەنەکان کە تەنانەت دەستدرێژی دەکەنە سەر کچ و خوشکو باوەژنی خۆشیان، کردەوەی عاتیفەکانو شۆهرەکان دڵۆپگەلێکن لە بەرامبەر دەریادا. تازە ئەگەر شکایەتێك لە لایەن ئەو ژنو کچانەوە بە دژی ئەم پیاوە دەست درێژیکەرانە پێشکەش بە دادگا بکرێ، نەك ئەوەی تەمبێ ناکرێن، بەڵکوو ئازادیش دەکرێن. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە دەزگای سانسۆڕو پیاوسالاریی کۆماریی ئیسلامی ئێران جیاواز لە دەست درێژی کردنە سەر کچان، لە بنکەکانی "عفاف"دا ئەویش بەهۆی لەقاودانی ئەو کچە بوێرو نەترسانەوە خۆیان، بە کەمی ئیزن دەدەن یەکێك لەم کردەوە نامرۆڤانەیە بە زەرەری ئافرەتان دزە بکاتە دەرەوە. بەڵام ئەگەر ئافرەتێك بەهۆی بەرگری لە شەرەفو نامووسی خۆی پیاوێکی دەست درێژیکەر بکوژێ، دەست بەجێ مەحکووم بە مەرگە، یان بۆ بێبەری بوونو بێتاوان نیشاندانی بینامەکان لەبەر چاوی بیرورای گشتیی، عاتیفەکانو شۆهرەکان وەك "خراپەکارو بێشەرم و چەقاوەسوو" دەناسێنن. بێگومان ئەگەر هاتو چۆی ئێرانێ بکەن، ڕۆژ نیە لە زمان خزمو کەسو کارتانەوە لەم چیرۆکانەی سەرەوە بە تام و چێژێکی تایبەتییەوە نەبیستن. ئەگەر هەلم بۆ ڕەخسا هێندێکی دیکە لەوانەتان بە دوورودرێژی بۆ دێنمە سەر کاغەز، بەشکم ئاشنایەتی دەگەڵ وەها چیرۆکگەلێکدا کاریگەری ئەرێنیو لە ئاکامدا پێداچوونەوەیەك لەسەر بیروباوەڕو کردەوەو هەڵسو کەوتمان دابنێ.

# ڕاستییەکی چەندە تاڵ!

**چیرۆکی دووهەم:**

قەت پێکەنینە جوانو شیرینەکەی لە ڕووخساری ڕووگەشو لەبەردڵاناوییەکەیدا بزر نەدەبوو. گەردنێکی بەرز، چاوگەلێکی گەورەو شین، بژۆڵێکی درێژ، برۆیەکی کەوانی، پرچێکی ڕەشو پڕو بریقاوی‌و، دەم و چاوێکی سافو بێ پەڵاوی، لێوێکی قەیتانی‌و هەست بزوێنی بوو کە لە یەکەم ڕوانیندا مرۆڤ وای بیر دەکردەوە لە کچە جوانە ئەرمەنییەکانە، بەڵام ئەرمەنی نەبوو.

لە کاتی پێکەنیندا، ئەو ددانە سپی‌و جوانانەی کە ددانێکی چەپی لای سەرەوەی ڕووکەشێك لە ئاڵتوونی زەردی بەسەردا کردبوو و تەقریبەن ئەو کات لە شارو ویلایەتەکاندا مۆد بوو، ئەوەندەی دیکەش گەشو شلکی گۆنا و ڕووخسارو پێکەنینە شیرینەکەی جوانتر کردبوو.

ئەفسانە، ئەو کچە جوانو ڕووخۆشە لە یەکێك لە شارە سەر سنوورییەکانی وڵاتدا لە دایكو گەورە ببوو. ئەو تاقانە کچی بنەماڵەیەکی تا ڕادەیەك دەوڵەمەندی شاری بوو کە تەنیا تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی دەرسی خوێندبوو. بەڵام ئەو خەتو ئینشایەکی گەلێك جوانی بوو و بە نامەنووسین یان ئەو جۆرەی کە لە ساڵەکانی پەنجای زایینیدا

تازە لەو ویلایەتانەی دوور لە ناوەندو شارەکاندا واتە، نامەنووسین بۆ یەکتریو دۆست گرتن کە لە "دیل کارنگی"، ڕۆمان نووسو لە داهێنەرانی دۆست گرتن، بە ڕەچەڵەك ئەمریکایی وەرگرتبوو، لەنێو گەنجەکاندا ببووە باو، هۆگرییەکی لە ڕادەبەدەری پێ بوو.

ئەو ڕۆژانە گۆڤاری گەنج و لاوەکان لاپەڕەگەلێکیان بۆ تۆمارکردنی ناوەکانو ناو و نیشانەکان(ئەدرێس) بۆ نامەنووسین تەرخان کردبوون کە ئەوەش بۆ خۆی دوو تایبەتمەندی بوون: یەکێك ئەوە کە گۆڤارەکان زیاتر دەفرۆشرانو گەنجان دوایین قڕانی پووڵ باغەڵییەکەیان دەدا بەو گۆڤارانە و دووهەمیش ئەوە کە توێژی گەنجانی کۆمەڵگا زیاتر خوویان دەدایە سەر فێربوونو خوێندنەوەو بردنەسەری زانیارییان. لەو شارانەی نە سینەما بوو، نە شانۆو نە سەرقاڵییەکیتر، گەنجان لە پەنا کارو یارمەتیدانی دایكو باوکیان چ لەماڵەوەو چ لە دووکان، بە خوێندنەوەو لە ڕێگای ئەو نامەنووسینو پەیداکردنی هاوڕێی نامەیی لە نێوان هاوتەمەنەکانی خۆیان لەنێو خۆو دەرەوەی وڵاتدا، یەکێکی دیکە لە ڕێگاکانی بەسەربردنی کات بوو بە تایبەت بۆ ئەو کچانەی کە کەمتر لە ماڵ دەهاتنە دەرەوە، دەیتوانی بە قازانج بێ.

ئەفسانە دوای ئەوەی کە پۆلی شەشەمی تەواو کردو فێری بەرگدروویی بوو، کارێکی دیکەی نەبوو، قوتابخانەیەکی کردەوەو دەرسی بەو منداڵانەی کە ئیمکانی چوونیان بۆ قوتابخانە نەبوو، دەوتەوەو کاتی بێکاریشی بە چاو لێکردنی لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی باوکیو ئەو گۆڤارانەی کە جاروبار دەی کڕین، خۆی پێوە خەریك دەکردن. ڕۆژێکیان لە گۆڤارێکی لاوان، خەریکی چاو لێکردنی ئەو لاپەڕانەی کە

تایبەتی هاوڕێ گرتن بوو، دەکرد کە چاوی بە ئەدرێسو ناوی چەند کەسێك لە هاوتەمەنەکانی خۆی کەوت کە حەزو ئارەزووی نامەنووسینی کەوتە کەللەوە.

سەرەتا بۆ ئەم کارە پێویستی بە ناو و نیشانی سەندووقێکی پۆستی لە بەڕێوەبەری پوستدا بوو. چونکە ناونیشانی ماڵ بۆ نامەنووسین دەگەڵ نەناسیاوەکاندا، زۆر باش نەبوو و سەرەڕای ئەوەش لەم شارە گچکەدا هەموو یەکتریان دەناسیو ناو و نیشانی ئاغای شادمانیش بۆ قوتابییە هاوتەمەنو هاوپۆلەکانی ئەفسانە ناو و نیشانێکی ئاشنا بوو، چونکە زۆربەی گەنجانی ئەم شارە، کوڕو کچ ئەم گۆڤارانەیان دەخوێندنەوە، کەوابوو بۆ ئەوەی نەناسرێ، نەدەبوو ناونیشانی ماڵەوە بدا. بۆیە ئیزنی لە باوکی خواستو داوای لێکرد کە سەندووقێکی پۆستی بە کرێ بگرێ. باوکی ئەفسانە کە پیاوێکی هۆگری خوێندنەوەو ڕۆشنبیر بوو و کچە جوانە تاقانەکەشی خۆش دەویست، پێشی خۆش بوو کە کچەکەی زیاتر لە ماڵەوە بێو هەوای چوونەدەرەوەش لەم تەمەنە لاوەتییەی هەڤدەو هەژدە ساڵییە لە کەللەی نەدا. هەربۆیە بەڕوویەکی خۆشو دڵاوایییەوە پێشوازی لە هۆگری کچەکەی بە نامەنووسین کرد، بە تایبەت ئەگەر لە دەرەوەی وڵات لە ڕێگای نامەنووسینەوە هاوڕێیەکی کچ پەیدا بکا، زیاتر دایكو باوکی خۆشحاڵ دەکرد. باوکی لە ڕێگای گەڕانەوەی لە بەڕێوەبەرایەتی سەردانێکی بەڕێوەبەری پۆستیشی کردو بەدانی نرخێکی زۆر کەم کلیلی سەندووقێکی گچکەی پۆستی، بۆ کەڵك وەرگرتنی تایبەتی کە مەودایەکی ئەوتۆی دەگەڵ ماڵەکەیاندا نەبوو، وەرگرتو هێنایەوە بۆ ماڵەوەو دای بە کچەکەی کە بەم کارەی کچەکەی زۆر خۆشحاڵ کرد. ئەفسانە زۆری پێ خۆش بوو درێژە بە خوێندن بدا، بەڵام هێشتاکوو لەو شارەدا قوتابخانەی دواناوەندی کچانی لێ

نەبوو و باوکیشی ئیزنی پێ نـەدەدا بـۆ درێـژەی خوێندنەکـەی بچـێتە شـارێکی دیکـە، بۆیە بە ناچاری دەستی کرد بە فێربوونی زمانی ئینگلیزی. ئەفسانە بۆ خۆی لە ماڵەوە دەگەڵ پیتەکانی ئەلفـو بێی لاتین ئاشنا ببـوو و، سـەرەڕای ئـەوەش خـۆی بـە کـاری بەرگدروو و وانەگوتنەوە بە منداڵان سەرقاڵ کردبوو. کاتێك ئاغـای شـادمان کچـەکەی دیی کە زۆر حەزی لە فێربوونی زمـانی ئینگلیـزی‌یـە، داوای لـە ئاغـای گویـا کـە تـەنیا مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانەی دواناوەندی کوڕان لەو شارەدا بوو و کچێك‌و دوو کوڕیشی بـوون، کـرد، لانـی کـەم لـە حـەوتوودا دوو سـەعات زمـانی ئینگلیـزی بـە کچەکەی بلێتـەوە. ئاغـای گویـا، دەسـتی ڕەدی پێـوە نـەنا و ئـەو مەسـەلەی دەگـەڵ خێزانی کە لە قوتابخانەی سەرەتاییش مامۆستا بوو، باس کرد. چونکە خێزانی ئاغـای گویـا لـە دەورانـی قوتابخانـەوە ئەفسـانەی دەناسـی. وەك کچـێکی وریـا و بەئـەدەبو زیرەکـی نـاوبردو پێشـنیاری بـە پیاوەکـەی کـرد، حەتمـەن زمـانی ئینگلیـزی فێـر کـا. کەوابوو، وا ساغ بوونەوە هەموو پێنج شەممەیەك دوای تەواوبوونی کار لە سەعات سێ تا پێنجی دوانیوەڕۆ ئاغای گویا بۆ وانەگوتنەوەی زمانی ئینگلیزی بە ئەفسانە، بچێتە ماڵی ئاغای شادمان. ئەفسانە بە هۆگری‌یەکی تەواوەوە دەستی بە فێربوونی ئینگلیزی کردو هەموو ڕاهێنانـەکانی بـە وردبینـی‌یـەوە ئـەنجام دەدانو مامۆسـتاکەش زۆری لـێ ڕازی بـوو. فێربـوونی زمـانی ئینگلیـزی، ئەفسـانەگەلێکی لـە زەینـی ئەفسـانەدا پێـك هێنابوو کە ڕۆژێك بچێتە ئورووپـا و زمانەکـە بـاش فێـر بـێ‌و دوایـەش بگەڕێتـەوەو لـە وڵاتەکەی خۆی‌دا ببێتە وەرگێڕ. هەربۆیە بۆ ماوەیەك بیری شووکردنو بە قەولی دایکان چوونە ماڵە مێردی لەبیر خۆی بردەوە. لە ئاکامدا هەر خوازبێنی‌کەرێکیش کە دەهـاتن چـونکە ئەفسـانە لـە ڕادەبـەدەر جـوان بـوو، ژمارەیـان هـەر لـە ئەفسـەر، ئەنـدازیارو

فەرمانبەرەوە بگرە تا دەگەیشتە مامۆستا و کوڕە دەوڵەمەند(متمولین) و هتد، کەم نەبوون، زۆر بە ڕێزەوە جوابی دەکردن، هەرچەند دایکی زۆری پێ خۆش بوو کە کچە زۆر جوانو ڕووخۆشەکەی ببێتە ژنی فلانە مامۆستا یان فەرمانبەرێکی کە دەهاتنە خوازبێنی، بەڵام ئەفسانە بە پێچەوانەی کچە هاوتەمەنەکانی خۆی، نەی دەویست هەنووکە شوو بکا.

ڕۆژێك کە ئەفسانە لە وانەگوتنەوە بە قوتابی‌یەکانیو ڕاهێنانەکانی زمانی ئینگلیزی تەواوبوو، گۆڤارێکی حەوتووانە کە تازەی کڕی بوو، لاپەڕەکانی هەڵ دەدانەوە کە لە لاپەڕەی نامەکاندا چاوی بە ناونیشانو ناوێکی دەرەوە لە ئەڵمان کە گۆیا لە لایەن کارگێڕانی گۆڤارەکەوە کەمێکیان بە فارسی شیو دەقەکەیان وەرگێڕابۆوە، کەوت، کە کچێك بە ناوی ئاریانا پێی خۆشە دەگەڵ کچە ئێرانی‌یەکانی تەمەن شازدە تا نۆزدە ساڵە بە زمانی ئینگلیزی ڕەد و بەدەڵی نامە بکەن. ئاریانا بۆ خۆی شازدە ساڵی تەمەنو چەند مانگی‌تر پێ دەنێتە هەڤدە ساڵیو قوتابخانەی دواناوەندی پۆلی ۱۰ ی تەواو کردوەو پێی خۆشە دەگەڵ ئەم کچەدا بە زمانی ئینگلیزی‌یەکی کە سەرو پا شکاو فێری بووە، نامە بگۆڕنەوە، هەر زوو پێنووسەکەی بە دەستەوە گرتو سەرینێکی هێنا و لە نێوەڕاستی میوانخانەکەدا لەسەر زگ خۆی درێژ کردو ئەنیشکەکانی خستنە سەر سەرینەکە و نامەیەکی زۆر کورت کە ڕەستەکەی بە بکەر[5]،

[5]: فاعل: بکەر.

کردار[6]، کراو[7] و هەندێك جار ئاوەڵناوێك[8] زیاتر نەبوو، وەك: "ناوم ئەفسانەیە ( My name is afsana). هەڤدە ساڵم تەمەنە (I am 17 years old). لە شارێك دەژیم کە حەشیمەتەکەی چل هەزار کەسە( I live in one city wid 40 thousand people). دەمەوێ لە ئوروپا هاوڕێیەکی باشی کچ بگرم ( I want to find one good girl freand in Europe)..." و لە وێنەی ئەم ڕستە ساکارانە و هێندێك جار بە وشەگەلێکی هەڵەش. بۆوێنە بە جێگای " وان " aی ئینگلیزی دروستترەو بە جێگای " آن" لە فارسیدا دەبێ " ا " دانێن یان بە جێگای پەیپڵ(People) وشەی ئین هابیتانت(Inhabitant) واتە دانیشتووان دروستترە. بەهەرحاڵ وەك مەشق و ڕاهێنانی ماڵەوە پیشانی مامۆستاکەیدا کە بۆی هەڵەگیری بکا. هەرچەند مامۆستاکەشی لە هەڵەبوونی هێندێك لە ڕستەکان گومانی بوو، بەڵام لە ئاستی توانایی خۆیدا بۆی هەڵەگیری کرد.

ئەفسانە نامەکەی لە ژێر ناوی ئاریانا هوفمەندا پاك نووسی کردو لە پاکەتێکی پۆستی هەوایی هاویشتو لەسەرەکەشی بە ئینگلیزی نووسی: From iran to germany, by air mail ( لە ئێرانەوە بۆ ئەڵمان بەهۆی پۆستی هەواییەوە) و ڕۆژی شەممە چووە بەڕێوەبەری پۆست، چونکە ڕۆژانی شەممە دەکراوە، تەمر(پوول)ێکی پۆستی هەوایی وەرگرتو لەسەر پاکەتەکەی دا. دوای سێ حەوتوو،

---

[6] : فعل: کردار.

[7] : مفعول: کراو.

[8] : صفت: ئاوەڵناو.

ڕۆژێکیان چاوی بە نامەیەك کە دەگەڵ نامەکانی دیکەی نێوخۆی وڵاتەوە گەیشتبوو، کەوت کە لە دەرەوە هاتوەو هی ئاریانا هوفمەن بوو. هەر لە بەڕێوەبەرایەتی پۆست ئەفسانە نامەکەی کردەوە کە ئاریانا وێنەیەکی ڕەنگی خۆشی دەگەڵ ناردبوو. کچێکی بەژنو باڵا ڕێكو جوان بوو. بە پێچەوانەی بیرو زەینی ئێمە ڕۆژهەڵاتییەکان کە پێمان وایە هەموو ئورووپییەکان پرچیان بۆرە، هەروەك لە وێنەکەشدا دەبیندرا ئاریانا پرچگەلێکی قاوەییو چاوێکی کاڵی هەبوو. کەمێك خوێندنەوەی نامەکەی بۆ دژوار بوو، چونکە خەتەکەی بۆ ئەفسانەیەك کە تازە دەگەڵ ئەلفو بێی ئینگلیزی ئاشنا دەبوو، زۆر ئاسان نەبوو. سەرەڕای ئەوەش لە وشەگەلێك کەڵکی وەرگرتبوو کە پێویست بوو لە فەرهەنگ کەڵك وەرگریٚ. ئەفسانە هەر زۆر زوو هاتەوە بۆ ماڵیٚو فەرهەنگۆکە ئینگلیزی ـ فارسییەکەی لەسەر تاقەکە هێنایە خوارێو لە پێشدا ئەو وشانەی کە بۆی نائاشنا بوون لەسەر لاپەڕەیەك یادداشتو لە فەرهەنگۆکەکەدا ماناکەی پەیداکردن، دوایە هەوڵیدا زۆر بە لەسەرخۆییەوە نامەکە وەخوێنیٚ، بەڵام دیسان جوان لە نێوەڕۆکی نامەکە نەگەیشت. ئاریانا زۆر لەوە خۆشحاڵ بوو کە بۆ یەکەم جار لە لایەن کچێکی ئێرانیو ئەویش شارستانییەوە نامەیەکی پیٚدەگەیشت. ئاریانا سەری لەوە سووڕمابوو، بەو جۆرەی کە لە هاوڕێکانی باوکی کاتێك کە فەرمانبەری باڵوێزخانەی ئەڵمان بوون، بیستبوو کە تەنیا کچە تارانییە بە قەول پێشکەوتووەکان هاوڕیٚیان هەیەو زۆربەی شارەکانی دیکە لەم جۆرە کارانە(وەك نامەنووسین و...) بیٚبەرین. ئاریانا دەگەڵ ناساندنی تەواوی خۆی لە نامەکەدا، بۆی نووسیبوو کە برایەكو خوشکێکی لە خۆی چووکەتری هەیە و باوکیشی لە کۆمپانیایەکی پیشەسازیو گەورەی ئەڵمان کە لە ئێراندا سەرمایەگوزاری زۆری کردوە، کار دەکا. دایکیشی

کابانی ماڵ‌ یە و زۆریشی پێ‌خۆشە وێنەیەکی خۆی بۆ بنێری‌ و ئەگەر دەشکرێ‌ مانای وشەی ئەفسانەی بۆ بنووسێ. گۆیا بەوجۆرەی کە باوکی پێی گوتبوو: ئاریانا لە وشەی ئارییایی‌یەکانەوە هاتوە کە ئاریا ناوی پیاوێك‌و ئاریانا ناوی ئافرەتێك بووەو چونکە بەناو، ئێرانی‌و ئەڵمانی‌یەکان لە وەچەی ئارییایین، زۆر هۆگری ئێرانی‌یەکانەو پێشی خۆشە ڕۆژێك لە ڕۆژان سەردانێکی ئێران بکا. چونکە ئەوکات لە شارەکان فیلمی ڕەنگی‌و تەکنیکی زاهیرکردنەوە نەبوو، ئەفسانە بە کامێرا کۆداکەکەی باوکی کە تەنیا جێگای هەشت وێنەی ڕەش‌و سپی دەبۆوە، لە ڕۆژێکی هەینی‌دا وەك هەمیشە کە هەموو دەچوونە دەرەوەی شارو نانی نیوەڕۆیان لەبن سێبەری دار بی‌یەکان‌و لە قەراغی جۆگە ئاوەکاندا دەخواردو بۆنی خۆشی دارە لیمۆو نارنج و پرتەقاڵی باغەکانیان هەڵدەمژی، چەند وێنەی گرت‌و دای بە تەنیا وێنەگرێك کە لەو شارەدا بوو تا بۆی بشواتەوە. یەکێك لە جوانترین وێنەکانی خۆی جیاکردەوە کە بۆ ئاریانای بنێرێ.

نامەنووسین لە نێوان ئەفسانە و ئاریانادا زیاتر لە ساڵێك بەردەوام بوو و چەندین نامەیان پێکەوە گۆڕییەوە. ئەفسانە دەگەڵ ئەوەی کە لە نامەی دووهەمدا مانای وشەی ئەفسانەی واتە، "چیرۆك‌و بەسەرهاتی ناڕاستەقینە"ی بۆ ئاریانا نووسی بۆوە، لە بارەی خۆشیەوە کە منداڵی تاقانەی ماڵ‌یە و کەش‌و هەوای شارەکەی‌و چۆنیەتی ژیان کردن لەم شارەدا و ... هتد، لە ئاستی توانایی ئینگلیزی نووسینەکەی‌دا هێنایە سەر کاغەز. لە ماوەی پێوەندی نێوان ئەم دوانەدا، ئەفسانە دەیتوانی بەبێ‌ کێشە نامەکانی ئاریانا بە باشی وەخوێنی‌و وەڵامیان بداتەوە. هەرچەند وەڵامدانەوەکان لە چوارچێوەی ژمارەیەك وشەی ئاسایی زیاتر نەبوون.

ئاریانا لە دوایین نامەکەیدا نووسی بووی هاوڕێیەکی لەخۆی بە تەمەنتری هەیە، واتە نزیك بە شەش ساڵ لە خۆی گەورەترەو دەیەوێ دەگەڵ ئەم کوڕەدا کە لە قووڵایی دڵەوە خۆشی دەوێو سێ مانگە زگی لێی پڕە واتە زگی پڕ کردوە، ژیانی هاوبەش پێك بێنێ. واتە ئاریانا کە چەند حەوتوو پێش تازە پێی نابووە هەژدە ساڵیو وێنەیەکیشی لە جێژنی ساڵڕۆژی لەدایك بوونەکەی بۆ ئەفسانە ناردبوو، بێ ئەوەی کە شوو بکا، لە هاوڕێ کوڕەکەی زگی پڕەو هەروا بە ئاسانیش لە نامەکەیدا نووسی بووی! مەگەر دەکرێ بەر لە شووکردن زگی هەبێ ؟! وای ئیتر ئەمە چ جۆرە پێوەندیو ژیانێکە؟! (ئەفسانە لە بەرخۆیەوە هەر ورتەی دەهات). لەڕاستیدا مەسەلەی حەز لێکردوویيو سك پڕبوونی بەر لە شووکردن بۆ ئەفسانەیەکی شارستانیو ئێرانی کە لە نێوان خەڵکێکی بە زۆری موسوڵماندا پێگەیشتبوو، شۆکەیەك بوو! ئەم ڕاچڵەکانە بووە هۆی پچڕانی پێوەندییەکەیانو تەنانەت نامەکەشی پیشانی مامۆستاکەی نەدا. لەو کۆمەڵگاو پێوەندییە فەرهەنگیانەی کە ئەفسانە تێیدا دەژیا، حەز لێکردوویی بە ئاشکرا، حەیاچوونی بۆ خۆیو بنەماڵەکەشی بەدواوە بوو و تەنانەت بنەماڵەکان پێیان خۆش نەبوو لەو بارەوە قسەش بکرێو سك پڕبوونی بەبێ شووکردنی یاسایی کارەساتبارو مەحاڵە. بەڵام ئەم مەسەلە تەقریبەن لە ئورووپادا ئاسایی بۆتەوەو جیاواز لە کوڕە ئایینییەکانی کاتۆلیكو بیر کورتە مەسیحیکاندا، زۆر جێگای سەرسووڕمان نیە.

بەهەرحاڵ کاتێك ئاریانا زگی بوو بە شەش مانگو لە زەماوەندەکەیاندا بە تەواوی هەستی پێدەکرا، شووی کردو چونکە سەرقاڵی ژیانی نوێی بوو، زۆر لە بیری ئەوەدا نەبوو کە ئەفسانە وەڵامی نامەکەی نەداوەتەوە. دوای چەند مانگ کە هەنووکە نۆبووك

بوو، کوڕێکی بوو و ناوی نا فریدریك. ئاریانا بۆ لەدایك بوونی منداڵەکەی زۆر خۆشحاڵ بوو. کاتێك کە کوڕەکەی دەخەوت، دەکەوتەوە بیری هاوڕێکانیو ڕۆژێکیش، کەوتەوە بیری ئەفسانەی هاوڕێیو نامەیەکی بۆ نووسیو وێنەیەکی زەماوەندەکەیو وێنەیەك لە خۆیو مێردەکەیو کوڕەکەشی بۆ هاوڕێ ئێرانییەکەی نارد. دەست بەجێ ئەفسانە وێنەکانی بە دایکی نیشانداو بەم کارەی، دڵی دایکی نەرمو وای بیر کردەوە، بەشکێکم ئەفسانە بە بینینی ئەم وێنانە دڵی نەرم بێو مل بۆ شووکردن ڕاکێشێ. بەڵام وا نەبوو، بەڵکوو ئەو خەوی بە بەرنامەگەلێکی دیکەوە دەبینی. لەوەودوا ئەفسانە زیاتر بیری لە ڕاهێنانی قوتابیەکانیو وەرگرتنی قوتابییەکی زیاتر، لە پۆلی یەکەمڕا تا پۆلی سێهەمو بەرینترکردنەوەی قوتابخانەکەی وەك سەرچاوەیەکی داهات دەکردەوەو هەموو هێزو توانای بۆ ئەم مەسەلانە تەرخان کردبوو.

ئاریانا شەش مانگێك دوای لەدایك بوونی فریدریك دەگەڵ مێردەکەیدا کە تازە دەهاتو ئەزموونی پەیدا دەکردو بۆ خۆی دەبووە شتێك، کێشەیان لێ پەیدابوو. ئێستا منداڵەکەیان نەبووە یەك ساڵی تەواو کە مێردەکەی، ئاریانای بە منداڵێکەوە جێهێشتو بێ ناونیشان دەگەڵ ئافرەتێکیتر لێیدا و ڕۆییشت. ئاریانا کچێکی لاوی پێ نەگەیشتووی بیست ساڵە و بێ هیچ پسپۆڕییەك لە کارێك یان شەهادەیەکی قوتابخانە دەگەڵ منداڵێکی یەك ساڵەدا تەنیا ماوەو نەشی دەویست بچێتەوە لای دایكو باوکی، چونکە بێ ئەوەی ئەوان ڕازی بن شووی بەو کوڕە کردو منداڵیان بوو. لە ئەڵمان یاسایەك هەیە بە ناوی ("اونترهالت فورشوس" واتە، پێشەکی بۆ خەرجی ژیان) کە ئەگەر پیاوێك بەبێ هیچ هۆیەك ژنو منداڵەکەی وێڵ کا، ون بێ یان بیشمێنێ، بەڵام نەتوانێ خەرجییان بکێشێ، ئیدارەی کاروباری کۆمەڵایەتیو پشتیوانی لە

منداڵان ئەم ئەرکە وەئەستۆ دەگرێو تا تەمەنی دوازدە ساڵی ئەم منداڵە، پشتیوانی لەو دایكو منداڵە دەكا. ئاریانا لەم قازانجە بەهرەمەند بوو، بەڵام بەو تەمەنە لاوەتی‌یەوە هیچ كات بواری ئەوەی بۆ نەدەڕەخسا كە بچێتە دەرەوەو دەگەڵ پیاوێكی دیكەدا ئاشنا ببێ، چونكە منداڵەكەی زۆر ساوا و دەستو پێ گیرو پێویست بوو شەو و ڕۆژ ئاگای لێ بێ، سەرەڕای ئەوەش ئاریانا بەهۆی شكستی لەو ئەوینەی كە باوەڕێكی قووڵی پێ پەیدا كردبوو، هەموو پیاوێكی وەك مێردەكەی بەبێ وەفا سەیر دەكردو لە هەموویان بێزار بوو، بۆیە بە گشتی دووریی لە پیاوان دەكرد. ئاریانا هەموو خۆشی‌و ناخۆشی‌یەكی فریدریك بوو، و دەگەڵ ئەودا ژیانەكەی دەبردە سەرو ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ، هۆگری بە تاقانە منداڵەكەی زیاتر دەبوو. هەر كە فریدریك پێی نایە باخچەی ساوایان، دایكیشی لە ڕۆژدا بۆ چەند سەعاتێك دەستی بە تاڵ بوو، دەست بەجێ ڕۆژێكیان تا نیوەڕۆیە بە شوێن كاردا گەڕا تا كارێكی پەیدا كردو هەموو ڕۆژێك تا سەعات یەكی پاش نیوەڕۆ لە فرووشگایەك كاری دەكرد. دوای كارەكەی فریدریكی هەڵ دەگرتو پێكەوە نانی نیوەڕۆیان دەخوارد. ئاریانا جیاواز لەو كاتانەی كە منداڵەكەی لە باخچەی ساوایانو دواتر لە قوتابخانە بوو تەنیا سەعاتێكیش بێ فریدریك هەڵی نەدەكرد. لە تەمەنێكی لەسەرتریش‌دا ئەگەر فریدریك تەنیا سەعاتێك درەنگتر لە كاتی قوتابخانە دەهاتەوە بۆ ماڵێ، بە توندی لێی دەپرسیەوە كە لە كوێ بووی؟ چت كرد؟ دەگەڵ كێ بووی‌و لە وێنەی ئەم پرسیارانە، بە تایبەت كاتێك كە فریدریك لە تەمەنی خۆناسیندا بوو، زیاتر كۆنترۆڵی دەكرد. ئەگەر فریدریك كچێكی لە هاوپۆلەكانی خۆی دێناوە بۆ ماڵێ، ئاریانا نێوچاوانی لێ گرژ دەكردو ڕوویەكی خۆشی بە كچەكە نەدەدا. شەوی شازدە ساڵەی لەدایك بوونی فریدریك، دایكیشی جێژنێكی

باشـی بـۆ ڕێـك خسـتو داوای لـی‌ٚكـرد لـە هاوپۆلـەكانی بگێڕێتـەوە. فریـدریكیش بـە خۆشحاڵی‌یەوە ئەم كارەی كردو هەر ئەو شەوە لە تەواوی پۆلەكەی واتە، هەر بیسـتو چوار هاوپۆلـەكانی پـۆلی دەیـەم(دوازدە كـچ و دوازدە كـوڕ) كـە بـە خۆیـەوە دەبوونـە بیستو پێـنج كـەس، گێـڕاوە. دوای نـان خـواردنی شـێوانو كردنـەوەی دیـاری‌یـەكان، بەرنامەی سەما و مۆسیقا دەستی پی‌ٚكرد. ئاریانا دەگەڵ هەموو هەڵاواردنێكی، تەواوی ئەو شەوە دەگەڵ فریدریكی كوڕی‌دا سەمای كرد. ئاریانا وەك دایكێكی جحێڵ كە هـەر سی‌و چوار ساڵی تەمەن بوو، هەم جـوانو هـەمیش هەسـتی جحێڵایـەتی بـزوا بـوو، لـە جووڵە و سەماكردنیش‌دا دەستە كەمێكی لەو كچە شازدەو هەڤدە ساڵانە نەبوو.

دوای ڕۆیشتنی میوانو چۆڵ بوونی ماڵەكەیان، فریدریك چاوێكی تـەماحاوی بـڕی‌یـە دایكی‌و لە دڵی خۆی‌دا گوتی:

ــ ئاخ چ باش دەبوو كە سارا، یەكێك لەو كچە هاوپۆلانەی خۆی كە خۆشی دەویسـت، ئەمشەو لە لای ماباوە.

دایكیشی وەڵامی چاو لی‌ٚ كردنەكەی دایـەوە، نێوچـاوانی فریـدریكی خوێنـدەوەو بـە چاو لی‌ٚكـردن لـە فریـدریكی لـە دڵانـەوە نێزیـك دا، لـە ئـامێزی گـرتو بـۆ یەكـەم جـار، ماچێكی سافـو ئەویندارانەی لە لێوە چلێساوی‌یەكانی كرد. تا ئێسـتا فریـدریك ئیزنـی نەبوو دەگەڵ هیچ كچێك‌دا دۆستایەتی بكا و ئەمـە یەكـەم جـار بـوو كـە ئافرەتێـك بـە ئەوینداری‌یـەكی بەتینـەوە ماچـی بكـا. ئـەم ماچـە هەسـتێكی دیكـەی پـی‌ٚ دا، چـونكە دەگەڵ شێوەی ماچ كردنـەكانی پێشـووتری دایكـی زۆر جیـاواز بـوو. كـەوابوو ئـەویش غیرەتی كردو بە توندی دایكی لە ئامێز گرتەوەو ماچێكی ئەویندارانەی كـرد. هـەر ئـەو

شەوە ئاریانا بە تـەواوی دەسـتی بـە سـەر فریـدریكدا گـرتو لـە گـەڵی ڕای بـوارد. لـە وەڵامی پرسیارەکانی فریدریكدا پاساوەکەی ئەوە بوو کە تۆ بە هەموو شـتێکەوە لـەم جەستەیە داکەوتووی، ئێستا جیاوازی لەچی دایە ئەگـەر ئەنـدامێکی چـووکە هـەر لـەو جەســتەیەی تــۆ ســەرلەنوێ بچــێتەوە یەکــەم شــوێنی خــۆی! هەڵبەتــە ئــەم پاساوهێنانەوەیە جگە لە بۆ خۆ ڕازی کردنو سـەرپۆش دانـان لەسـەر ڕەحـەت بـوونی ئارەزووی سێکسی یان قەرەبووکردنەوەی ئەو کەمو کووڕی‌یە شـەهەوانی‌یـەی خـۆی‌و، پێشێل کردنی عورفی دایكو کوڕی‌و گەڕانەوە بۆ ژیانی یەکەمی مرۆڤەکان یان بە قەولی چیرۆکە ئایینی‌یەکان گەڕانەوە بۆ سەردەمی هابیلو قابیل، شتێکی دیکە نەبوو.

باشە، لە ئافرەتێکی جحێڵ کە مێردە نابەرپرسو بیٚوەفاکەی لـە ترۆپکـی جحێڵـی‌و لە دەورانی گەشەکردنی ئەوینو ئەویندارییەتی‌دا بە منداڵێکـەوە بـەجێی دێڵـێ‌و دەگـەڵ ئافرەتێکی نەناسیاودا لێی دەداو دەڕواو ئەم ئافرەتـە جحێڵـە کـە هـیچ دەرفـەتێك بـۆ دامرکاندنەوەی غەریزەی سێکسی خۆی دەگەڵ پیاوێکی دیکەش‌دا نابینێ، جگە لـەوە دەکرێ چ چاوەڕوانی‌یەکی دیکەت لێی هەبێ؟! دەگەڵ ئەوەی‌دا هەر ئـەو ئافرەتـە لـە دەورانـی تـەنیایی‌دا، تـەنیا بـە لـە ئـامێزگرتن یـان یـاری کـردن دەگـەڵ کـوڕە سـاوا و مێرمنداڵەکەی‌دا، غەریزە سێکسی‌یەکەی دادەمرکاند.

فریدریك لـە قوتابخانـەش دەگـەڵ هاوپۆلـەکانی جگـە لـە سـارا کـە پێوەنـدی‌یـەکی دۆستانەی لە ئاستی قسەکردن‌دا هەبوو، کەمتر هاودەنگ و بە پێچەوانەی کوڕە جحێڵە هاوتەمەنەکانی دیکەی خۆی کە بۆ ماچ کردنی کچێك سەرو گوێلاکی خۆیان دەشـکاندو سەریان بە هەموو کـونێکی‌دا دەکـردو ئەگـەر کچێك ڕوویـەکی خۆشـی دەدانـێ، هـەوڵ

دەبوون، كەچی ئەو هیچ هۆگری‌یەك یان ڕوویـەكی خۆشـی بـە كچـان نـەدەدا. تـا ئـەو جێیەی كە كچەكان پیٚیان دەگوت:

ــ "موتر زونشن" واتە، بیٚ بوخارو ترسەنۆك. هەروەها لە نێو خۆیاندا دەیان گوت:

ــ مەگەر نەتانبینی شەوی جێژنی لەدایك بوونەكەی دەگەڵ دایكیدا سـەمای دەكـرد! زۆر جار بە تەوسەوە دەیی بیستەوە كە: ڕەنگە پیاو نەبیٚ یان دەیان گـوت: هـاوجنس خوازە! چونكە هیچ هۆگری‌یەكی بە كوڕانیش نەبوو، سـەرەنجام ئـەم لاتاوانەشـی ڕەد دەكردنەوە. بەڵام تا فریدریك لە قوتابخانە بوو، لـە تـەوس‌و پـلارو سـەركۆنەی كچـانی بەدفەڕو شۆخ پارێزراو نەبوو.

منداڵەكان هەموو سەردەمی قوتابخانەی دواناوەندی‌یان كۆتایی پـیٚهێنـا و هـەركام بە لایەكدا ڕۆیشتن. یەكێك بە تیٚپەڕكردنی خـولی بانكـداری، بـووە فەرمانبـەری بانـك، ئەوی دیكە پەرستاری نەخۆشخانە و یەكیان ژیـانی هاوبەشـی پێـك هێنـاوەو وەشـوێن كاری خۆی كەوتووەو تاقمێكیشیان لە زانكـۆدا لـەو بوارانـەی كـە عەلاقـەیان پێیـەتی، ناونووسیان كردوە. بۆوێنە فریدریك دەیویست ببێتە مافـناس‌و لـە كۆلێـژی(دانشـكدە) قانوونی زانكۆی ئەو شارەی كە لێی نیشـتەجیٚیـە، دەسـت بـە خوێنـدن بكـا. ئەمـەش ویستی دایكی بوو، چونكە هاتنەوە بۆ ماڵەوەش لە خەرجی زانكـۆی لـە چـاو شـارێكی دیكـە كـەم دەكـردەوەو هـەمیش دایكـی پێـی خـۆش نـەبوو كـە فریـدریكی لیٚ دوور بكەوێتەوەو بە هۆگەلێكیتریش ..... .

چوونە زانكۆ دونیایەكیتر بوو. لەڕاستیدا زانكۆ دەگەڵ قوتابخانەدا جیـاوازی‌یـەكی ئێجگار زۆری بـوو. خوێنـدكارەكان لـە كـاتی خڕبوونـەوە لـە كافتریـای زانكۆكـەدا، بـە

پێچەوانەی قوتابیانی قوتابخانەكان كە هەموویان باسی جوانو ناحەزی فلانە كچ و كوڕ بوو كە كام كوڕ ماچی چاك دەكا یان لێوی كام كچ بۆ مژین باشە و یان فلانە مامۆستا ئینسانێكی عەوەزیو بەد ڕەفتارە، باسیان لە مەسەلە گرینگە كۆمەلایەتی‌یەكان دەكرد.

زۆر جاری وابوو، دەگەڵ باس كردنی مەسەلە دەرسی‌یەكانو وتووێژ لەسەر بوارەكانی خوێندنو خووە كۆمەلایەتی‌یەكانو پێشنیار بۆ باشتركردنی ڕەوشی پۆلە دەرسی‌یەكانو پێوەندی مامۆستاكان دەگەڵ خوێندكارەكاندا، مەیلو هاوڕێیەتی لە نێوان كوڕانو كچانی نزیكتر دەكردەوەو ئەوە بۆ خۆی هێندێك جار دەبووە ئەوینو هۆگریو خۆشەویستی‌یەكی زۆر نزیك. بۆوێنە تاقمێك لە كوڕەكان هەوڵیان دەدا سەرنجی جوانترین كچی هاوپۆلەكەیان بۆ لای خۆیان ڕاكێشنو بە پێچەوانەش هێندێك لە كچەكان پێیان خۆش بوو بچنە ناخی دونیای ئەو گرووپە جحێڵە هاوپۆلانەیان كە سەركزەلۆكەی بەدفەڕو كەم دوێن بوون، بۆوێنە فریدریك، كە ئەمەیان ئیتر زۆر ئاسایی نەبوو. چونكە فریدریك ئێستاش ئەو هەڵسو كەوتو خووەی قوتابخانە و پێوەندی دەگەڵ دایكی بە تەواوی نەپچڕاندبوو و دەگەڵ خۆیدا بردبوویە زانكۆش. بۆیە بۆ ئەوانی‌تر كەمێك ساردوسڕ دەهاتە بەرچاو و زۆر گوێشی بە كچان نەدەدا.

ڕۆژێكیان لە سەفرەیەكی زانستی(اكسكورسیون)دا كە لە لایەن زانكۆوە بۆ خوێندكارەكانی كۆرسی(تێرم) یەك و دوو داندرابوو، یانی لە ڕێپێوانێكی دوورودرێژ لەنێو دارستانەكانی دەوروبەری شاردا كە خوێندكارەكانی كۆلێژی قانوونیش تێیدا بەشدار بوون، كچێكی زۆر جوانو لەسەرخۆ لە هاوپۆلەكانی فریدریك پێكەوە بە دەم

قسەکردنەوە دەڕۆیشتن. وتەکانی، ڕووخسارو هەڵس‌و کەوتی ئەم کچە کە ناوی یاسەمین بوو، بە ڕادەیەك دڵگرو سەرنج ڕاکێش بوو کە فریدریکی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو، تا ئەو جێیەی کە هەر دووکیان لە چێشتخانەی نێو ڕێگا لە لێرەوارەکەدا بۆ پشوودانی نیوەڕۆیە، لە پەنا یەکەوە دانیشتن‌و زیاتر گەرمە قسە بوون. هەر لە سەرەتای ئەو ساڵەوە خۆشەویستی‌یەکەیان نە تەنیا لەبەر چاوی دایکی، بەڵکوو تەنانەت لەبەر چاوی هاوپۆلەکانیشی‌دا شاراوە بوو. ئەوان بەبێ ئەوەی لەسەر مەسەلە تایبەتەکان قسەیەك بکەن، زیاتری قسەکانیان تایبەت بە وانە یان مەسەلە کۆمەڵایەتی‌یەکان بوو. بەڵام بەدەم ئەم باسانەوە خەریك بوو متمانەی یەکتری ڕاکێشن. ڕۆژێك هەردووکیان کە لە پۆلەکە دەهاتنەدەرەوەو بەرەو شوێنی نان خواردنەکە دەچوون، لەنەکاو یاسەمین دەستی فریدریکی گرت‌و هەر دووکیان بە چاوێکی ئەویندارانەوە چاویان لە یەکتری کرد. لە کاتی ڕێگا ڕۆیشتن‌دا هەستی گەرمایی‌و ڕفانیان لە ڕێگای گووشینی قامکەکانەوە بۆ یەکتری دەگواستەوە. هەر ئان، و دووبارە پڕیشکی ئاگری خۆشەویستی لە چاوی هەر دووکیان‌دا بڵێسەی دەسەندو خەریك بوو لێوەکانیان گڕی تێبەر بێ. ڕاست لە ڕیزی چاوەڕوانی چوون بۆ شوێنی نان خواردن‌دا بوو کە یەکەم ماچ، نزیك بوونەوەی هاوڕێیەتی‌یەکەی سەلماند. نانەکەی نیوەڕۆیان بە چاوبڕکێیەکی گەرم، ئەوین‌و خۆشەویستی‌یەوە نۆشی گیان کرد. دوای نان خواردن، چوونە کافتریاکە و سەرو پەرداخێك قاوەیان خواردەوەو دوایە هەردووکیان چوونەوە پۆلەکەیان کە سەعات دووی پاش نیوەڕۆیە دەستی پێدەکردەوەو تا چواری عەسر بەردەوام بوو. ئەم دووانە نەیان دەزانی بۆچی ئەم دوو سەعاتە ئەوەندەی خایاند ! دەت گوت وەختەکە هەروەك کیسەڵ یان حەلەزوون دەڕوا

بۆیە ئەو دوو سەعاتەیان بە ساڵێك لێڕۆیشت. ئەوان لە تەواوی ماوەی وانەکەدا هەر چاویان لە یەکتری دەکرد کە نەك هەر مامۆستاکەیان بەڵکوو ژمارەیەك لە هاوپۆلەکانیشیان لەم جۆرە چاوبڕکێ ئەویندارانەیە گەیشتن. دوای تەواوبوونی وانەکەیان یاسەمین دەست پێشخەری کردو گوتی:

ـ ئێستا دەتەوێ بچی بۆ کوێ؟!

فریدریك لە وەڵام گوتی:

ـ دەمەوێ بچمەوە بۆ ماڵێ، دایکم چاوەڕوانمە.

یاسەمین گوتی:

ـ ژیان کردن دەگەڵ بنەماڵەدا ئەوەشی بەدواوەیە. بۆوێنە ئەگەر ئەمڕۆکە درەنگتر بچیەوە، مەسەلەیەك دێتە پێش؟! فریدریك هەڵوێستەیەکی کردو گوتی:

ـ نا، نا، هیچ مەسەلەیەك نیە.

یاسەمین گوتی:

ـ دەتەوێ دەگەڵ ئەو شوێنەی من تێیدا دەژیم ئاشنا بی؟! کەواتە، وەرە بۆلام و پێکەوە چایەکیش وەخۆین، من لە خەوگەی زانکۆ(قسمی داخلی)م.

فریدریك بەبێ پێشەکیو شڵەژاویەوە گوتی:

ـ بۆچی نا! بە خۆشحالیەوە دێم. هەردووك دەست لەنێو دەستی یەکتریدا، سواری پاسێك بوونو چەند وێستگە دواتر لە بەردەم خەوگەی زانکۆدا دابەزینو یەکسەرە

چوونە ژوورەکەی یاسەمین کە لە قاتی یەکەمدا بوو. هەردووک جانتا دەستی‌یەکانیان لەو ژوورە چواردە مەتری چوارگۆشەیەدا، کە تەختێکی خەو، مێزێکی نووسینو کورسی‌یەکی دانیشتنی لێ بوو، دانا و فریدریك خێرا لەسەر لێواری تەختە یەك نەفەری‌یەکەدا دانیشت و یاسەمینیش کە هەر بە پێوە بوو، گوتی:

ــ حەزت لە چ جۆرە خواردنەوەیەکە؟ من سەرەڕای ئەوە کە ئێستا چای ساز دەکەم، ئاوی پرتەقاڵو ساردیشم لە سەلاجەکەدا هەیە.

فریدریك گوتی:

ــ ئێستا قاوەیەکی گەرممان خوارد، ئەگەر ئاوەخۆری‌یەك ئاوی فێنکم بۆ بێنی، سپاست دەکەم. یاسەمین ئاوەخۆری‌یەکی لە زەنبیلەی هەوڕوهۆڵەکان دەرێنا و بەرەو سەلاجە چووکەکەی کە لە سووچێکی ماڵەکەیدا بوو، چوو و دەرگاکەی کردەوەو شووشەیەك ئاوی ساردی دەرێنا و پەرداخەکەی نیوە کردو دەگەڵ پەرداخەکەی دایە دەستی فریدریك، هەستی بە گەرمایی قامکەکانی دەستی کە بە ئاوەخۆرە ساردەکەوە بوو، کردو بە چاو دەستیان کرد بە قسەکردنو وەك مۆقناتیسێك لە یەکی نزیك کردنەوە. لەم کاتەدا فریدریك ئاوەخۆرە ئاوەکەی دەگەڵ دەستی یاسەمیندا بەرەو لای چەپ بردو کەمێك دەستی یاسەمینی گووشیو هێواش هێواش بەرەو لای خۆی هێنا. چونکە یاسەمینیش زۆری خۆش دەویست، بەبێ هیچ خۆڕاگری‌یەك لێی نزیك بۆوەو لێوە گەرمەکانی خۆی خستە سەر لێوە بەتەماحەکانی فریدریکەوە، دەست لەملان بوونو وەك مار لێك ئاڵانو لەسەر تەختەکەدا یەکتریان تلاندەوە. ئەوان بۆخۆشیان نەیاندەزانی کە چەند خولەکە بە چاوی قونجاو و دەم لەنێو دەم،

یەکتریان ماچ دەکرد. بەڵام هەر کە چاویان کردنەوەو لێوەکان لە یەکتری جوێ بوونەوە، فریدریك هەستێکی تازەی بوو و لەو کاتە بەدواوە نەی دەویست بە هیچ جۆرێك لە یاسەمین جیا بێتەوە. بۆیە خەیاڵ بردیەوە.

یاسەمین لێی پرسی، بیر لە چی دەکەیەوە؟! دەزگیرانێکیتر هەیە کە چاوەڕوانتە؟!

ـ وەڵامی داوە نا. بەڵام دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم لەڕووم نایە.

یاسەمین گوتی:

ـ بڵێ بۆچی لەڕووت نایە؟!

ـ ئایا خۆشت لە من نایە؟

ـ فریدریك چاوێکی لە یاسەمین کردو گوتی:

ـ تۆ دەڵێی چی! من تۆم لەڕادەبەدەر خۆش دەوێ، بەڵام!

بەڵام چی؟

کێشەی سەرەکی دایکمە.

یاسەمین گوتی:

ـ بۆچی؟ بیر لەوە دەکەیەوە خۆشی لەمن نەیا!

فریدریك گوتی:

ـ ئەو خۆشی لە هیچ کچێك نایە و ئیزنیش نادا، من تەنانەت دەگەڵ هیچ کچێکیش‌دا حەز لیٚکردوویی بکەم.

یاسەمین گوتی:

ـ جێی سەرسووڕمانە، چونکە دایکان زۆریان پیٚخۆشە کە کوڕەکەیان هاوڕیٚیەکی کچی هەبیٚ.

فریدرك گوتی:

ـ بە پێچەوانە ئەو دەیەویٚ کە من تەنیا هەر ئی ئەو بم.

یاسەمین گوتی:

ـ سروشتی‌یە، دایکان لە ڕادەبەدەر عەولادەکانیان خۆش دەوێن‌و بۆشیان زۆر ناخۆش‌و دژوارە کە لیٚیان جویٚ بنەوەو یەکێکی‌تر منداڵەکانیان لیٚ دوور بخاتەوە.

فریدریك گوتی:

ـ مەسەلە تەنیا پێوەندی عەولاد و دایکایەتی نیە، بەڵکوو زۆر لەوە قووڵترە.

یاسەمین بیری بۆ هیچ شتێك نەدەچوو. سەرەنجام گوتی:

ـ بیٚ پێچ و پەنا پێتی بڵێم: دایکم زیاتر لە پێنج ساڵە کە منی وەك ئەویندارى خۆی حەپس کردوەو ئیزنیش نادا دەگەڵ هیچ کچێك‌دا نە پێوەندی سێکسی‌و نە خۆشەویستیم هەبیٚ. دیوارێکی بە چوار دەوری هەستەکانم‌دا کێشاوە کە تۆ ئێستا ئەم

دیوارەت بۆ هەمیشە خاپوور کردو هەست بە ئازادی دەکەم و لەمەودوا، ناتوانم ئیتر ئەوینداری دایکم بم، بەڵام لە هەمان کاتدا ناشم هەوێ دڵی بێشێنم.

یاسەمین بە بیستنی ئەم قسانە شۆکە بوو و واقی وڕما ! ئەو بیست بووی کە تاقمێك باوکی شێتو زڕ باوکی نەفام دەگەڵ کچ و زڕ کچە کەم تەمەنەکانی خۆیان، بە زۆری کاری سێکسییان دەگەڵ دەکەن، بەڵام دەگەڵ ئاشکرابوونیان، دادگایی دەکرانو سزای خۆشیان وەردەگرت، ئەمە یەکەم جار بوو کە دەی بیست دایکێك دەگەڵ کوڕەکەی خۆیدا پێوەندی خۆشەویستی هەبێ.

فریدریك گوتی:

ـ ئەو سەگە خوێرییو نابەرپرسەی باوکم، لە تەمەنی گەنجیدا دایکمی بەجێهێشتووەو گەڵ کچێکی بەڕەڵڵا کەتووەو هیچ هەواڵێکیشی لە خۆی نەداوەو دایکم تەواوی تەمەنی تەنیا دەگەڵ مندا بووە.

یاسەمین گوتی:

ــ ئێستا دەتەوێ چ بکەی؟

فریدریك گوتی:

ـــ من تۆم خۆش دەوێو تۆ دەروازەی جیهانێکیترت بە ڕووی مندا کردەوە، بەڵام نامەوێ ئێستا دایکم لێم بێزارو قەڵس بێ. نازانم چ بکەم.

یاسەمین گوتی:

ــ دایکت تەمەنی چەندە؟

فریدریك لە وەڵامدا گوتی:

ــ نزیك بە چل ساڵیەتیو تازە وا من دەبمە بیست و دوو ساڵ.

یاسەمین گوتی:

ــ باشترە کە ڕاست و ڕەوان بە دایکت بڵێی کە تۆ وەك دایك خۆشت دەوێو بە گوێی هەڵێنە کە لە بیری داهاتووتدا بێ.

فریدریك و یاسەمین پاش باس کردنی ئەم قسانە و چەند ماچێك لە یەکتر جوێ بوونەوەو فریدریك دوای چەند سەعات وەدرەنگ کەوتن گەیشتەوە ماڵێ. ئەمڕۆ سەرەڕای ڕۆژەکانی دیکە دەگەڵ دایکیدا ساردو سڕو ئەو تینو تاوەی جارانی نەمابوو و وەك پێشوو لە ئامێزیشی نەگرتو ماچی نەکرد. نانی شێوان خوراو و وەختی خەوتن هاتو هۆگرییەکی وای نیشان نەدا دەگەڵ دایکیدا بخەوێ. دایکی هەستی کرد کە کوڕەکەی گۆڕاوەو لێی پرسی.

لە کوێ بووی؟! بۆچی وا درەنگ هاتیەوەو بۆ بێمەیلی؟! چ ڕووی داوە؟!

فریدریك گوتی:

ــ دایە! ئیتر نامەوێ، سەرجێیت دەگەڵدا بکەم. ئاریانا بە بیستنی ئەم قسەیە دەستی کرد بە فیچق و هۆڕێو هۆڕە هۆڕە دەگریاو گوتی:

ــ ئاخر بۆچی ناتەوێ؟

فریدریك گوتی:

ـــ یەکەم، زۆر هەستێکی ناشیرین لە مندا پێك هاتوەو شەرم لەخۆ دەکەم و خۆم بە زەبوونو بێ عاتیفە دەزانم. تاکوو ئێستا زۆر بیرم لەم مەسەلەیە نەکردبۆوە، بەڵام ئەمڕۆکە بە تەواوی هەستی پێدەکەم و لەو خەوی نەزانییە ڕاست بوومەوە. دووهەم، تۆ دایکمیو من تا ئێستا کارێکی زۆر گەوج و نەفامانەم کردوە. من زۆرم پێ خۆش بوو پیاوێکی دڵخوازی خۆت بۆ ژیان وەدۆزی، بەڵام ترسەنۆك بووم و نەم دەوێرا پێتی بڵێم. ئێستاکە دەگەڵ کچێکی دلۆڤانو هاوپۆلیمدا کە لە من عاقڵو ژیرترە، بووینە هاوڕێ. ئەو ڕێگای دروستی ژیانی نیشان دام. نزیك بە ساڵێکە دەی ناسم، بەڵام لەمڕۆوە لێی نزیك بوومەوە. ئاریانای نارەحەتو ئۆقرە لێبڕاو، دەی قیژاندو نەفرەتی لە هەرچی کچێکی جحێڵە دەکرد. فریدریك هەوڵیدا هێواشی بکاتەوە، بەڵام هێواش نەدەبۆوە، تا ئەوەی کە مەسەلەکە ئاڵۆزو خەڵکیان لێ تێگەیشت، فریدریك پەنای بۆ ڕاوێژکاری بنەماڵەو دەروونناس بردو تەنانەت کار کێشایە بەردەم وتووێژی تەلەڤزیۆن و ئاشکرا بوو. لە پانەوە دایکی ددانی پێدانا کە ئەویندارانە کوڕەکەی خۆش دەوێ، بەڵام ئێستا چونکە کچێکی دیکەی بۆتە دۆست و نایهەوێ دەگەڵ مندا سەرجێی بکا. بەهەرحاڵ هیچ ڕاوێژکردنو وتووێژێکیش دادی نەداو کاریگەری لەسەر ئاریانا دانەنا.

دوای ئەوەی کە فریدریك لە هەڵوێستەکەی خۆی پاشگەز نەبۆوەو بڕیاریدا کە تەنانەت لە ژێر میچێکیش دەگەڵ دایکیدا نەژی، لە خەوگەی زانکۆی یاسەمین لە قاتی خوارەوەدا ژوورێکیان بۆ چۆڵ کردو ماڵی گواستەوە بۆ وێ. بەداخەوە کۆتایی ئەم بەسەرهاتە خەماوییەی عاشق بوونی دایك بە کوڕەکەی زۆر کارەساتبار بوو، چونکە

لە یەکێك لەو شەوانەی کە ئاریانا بە تەنێ بوو، خەو و ئارامی نەما، بە خواردنی بەستەیەك حەبی خەوهێنەر کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. فریدریك لەعنەتی لە هەرچی باوکی سەرەڕۆ و نابەرپرس کردو هۆکاری ئەم کارەساتە بێدایکییەی لە باوکی نەفامی دەزانی. بەڵێنی بە یاسەمیندا کە ئەگەر ڕۆژێك منداڵیان بوو، ئەم چیرۆکە خەماوییە بۆ کوڕەکەی وەگێڕێ.

**********

هیچ کات ئەم هەواڵە کارەساتاوییە بە گوێی ئەفسانە نەگەیشتەوە. ئەو تاکوو چەندین ساڵ (نزیکەی بیستو شەش ساڵی) لە دونیای خۆیدا دەگەڵ وانە گوتنەوە بە منداڵەکانی پۆلی یەکەم تا سێهەمی بردە سەرو هیچ کات ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخسا کە بۆ درێژەی زمانی ئینگلیزیو دیلمانج بوون لە وڵاتەکەیدا کە لە خەیاڵیدا بوو، وەدەست بێنێ. لەو ساڵانەدا ڕۆژێکیان بە پێی نەریتی کۆن یەکێك لە خزمەکانی ئەفسانە کە دە ساڵێکیش لەو بەتەمەنتر بوو دەگەڵ چەند ڕیش سپی خزمدا هاتنە خوازبێنی ئەفسانە و لە نیهایەتدا قەناعەتیان پێهێنا کە دەبێ شوو بکاو بچێتە ماڵە خۆی. چونکە ئەفسانەش پێی خۆش بوو بەر لە تەمەنی سی ساڵی ببێتە خاوەنی منداڵ، ملی بۆ شووکردن دەگەڵ ئەم خزمەی ڕاکێشاو شاییەکی ڕێكو پێك و خنجیلانەیان بە شێوەیەکی شارستانیانە بۆ ڕێك خست. بەر لە هەموو کەس دایکی لە خۆشیان خەریك بوو باڵی دەگرت، چونکە هەرچەند کچەکەی تەمەنی لە سەرەوە بوو، بەڵام سەرەنجام چووە ماڵی خۆشبەختیو هیواشی دەخواست هەرچی زووترە منداڵی بیّو بە قەول ببێتە دایك. بەڵام بەداخەوە پاش شەش ساڵ لە پێك هێنانی ژیانی

هاوبەش‌و سەردانی دوکتورو خێرو خێرات و هانابردنە بەر شێخ و مشایەخ و...، بەو حاڵەش منداڵیان نەدەبوو. بەهەرحاڵ بە پێشنیاری پیرێژنە دراوسێکانی هیچ شەخسێك نەمابوو کە مەڕێکی بۆ نەکاتە قوربانی‌و هیچ نووشتەنووسێکیش نەمابوو کە نووشتەی بۆ نەنووسی بن، بەڵام بە هیچ جۆر هەواڵێك لە منداڵ بوون نەبوو! کە نەبوو. هەر چەند ئەو ژن‌و مێردە لە ڕوانگەی فیزیکی‌یەوە ساغ و سڵامەت‌و چەندین جار هێلکەدان‌و تۆوەکانیان تاقی کردبوونەوە، هیچ جۆرە عەیب‌و عارو کەم‌و کووڕی‌یەکیان تێدا نەبیندرا. بۆیە خۆشیان نەیان دەزانی بۆچی؟ ئایا پێوەندی بە ئاو و هەواوە بوو؟ ئایا بژیوی‌یەکەیان کاریگەری تێدا دادەنا؟ ئایا یاسا و ڕێسای جووت بوونیان لە کاتی ئامادەبوونی هێلکەدانەکان بۆ وەرگرتنی تۆو بەڕێوە نەدەبرد؟ ئەمانە پرسیارگەلێك بوون کە ئەفسانە و مێردە دلۆڤانەکەی هەوڵیان دەدا، سەرنجی زیاتریان بدەنێ‌و وەڵامی بۆ بدۆزنەوە. ئەفسانە هەروا عاشق بە منداڵان‌و قوتابخانەکەی، دوای شووکردنیش هەر هەڵی دەسووڕاند. سەرەنجام ڕۆژێك چووە لای دوکتورێکی بنەماڵەیی کە دەستوورێکی غەزایی بۆ بنووسێ‌و منداڵدانیشی بۆ بپشکنێ. دوکتورەکە دوای پشکنین‌و گرتنی خوێن‌و میز بە مەبەستی تاقی کردنەوەو دواتریش چاوێکی لە منداڵدان‌و بارودۆخی جەستەیی ئەفسانە و لە کۆتایی‌دا ئاکامی تاقیکاری‌یەکانی کردو گوتی:

ــ ئەفسانە خان، لەمڕۆ بەولاوە لێو لە مەشرووب نادەی‌و ئەگەر دەشکرێ جگەرە ناکێشی‌و ئاگاشتان لەخۆ بێ.

ئەفسانە گوتی:

ــ ئاغای دوکتور، له تەواوی تەمەنمدا لێوم له مەشرووب نەداوەو جگەرەش ناکێشم. ئاخر بۆچی ئەمانە دەفەرمووی؟! دوکتورەکه به بزەیەکەوه گوتی:

ــ تۆ زگت دوو مانگه. ئەفسانه به بیستنی ئەم قسانەی دوکتور، نەی‌دەزانی لە خۆشیان چ بکاو دوای سپاسێکی زۆر لە دوکتورەکە، خێرا هاتەوە بۆ ماڵێو ڕووداوەکەی بۆ مێردەکەشی گێڕاوه. ئەوان ئەم هەواڵەیان بە گەورەترین ئەمانەتێك دەزانی که پی‌یان بەخشراوەو ئەم دیاریەش بۆ ئەوان بە قەولی پێشینانو هەقایەت گێڕەوەکان، له ئاکامی ئەو هەموو نزاو پاڕانەوەو خێرو خێراتەوە دەزانی. بەهەرحاڵ حەوت مانگ به شادی‌و دڵەڕاوکێەوە تی‌پەڕی‌و سەرەنجام ئەفسانە کوڕێکی بوو و ناوی نا "عەبد عەلی" واته، بەندەی عەلی. ئەم عەبد عەلی‌یه که چووه قوتابخانه هەر به ناوی عەبد بانگیان دەکرد تا تەمەنی چوارده ساڵی به نازی دایكو باوکی گەوره بوو. هەر له سەردەمی باڵغ بوونی‌دا باوکی بەهۆی نەخۆشینێکەوه مردو عەبدی تاقانە منداڵیانو به قەلی کورد گوتەنی: وەجاغ کوێرکەرەوەی دایكو باوکی دەگەڵ دایکی‌دا دەژیا. ئەفسانه له ڕادەبەدەر کوڕەکەی خۆش دەویست و هەر شتێکی کە بیویستایە بۆی وەدەست دێنا که نەکا تەنیا کوڕەکەیان لەنێو منداڵەکانی دیکەدا بەخۆدا بشکێتەوە. بە پێچەوانەی دڵچەڕاندنو خۆش ڕابواردنی ئاریانا، ئەوینو هۆگری ئەفسانە بە کوڕەکەی لە ڕووی غەریزەی سێکسی‌یەوە نەبوو، بەڵکوو لە ڕووی خۆشەویستی دایکایەتی‌یەوە بوو. بۆیە دەیەویست کوڕەکەی لە ژیانی کۆمەڵایەتی‌و تایبەتی‌دا خۆشبەخت و بەختەوەرترین بی، هەربۆیە بۆ داواکاری‌یەکانی سنوورێکی دانەدەنا و له ڕادەبەدەر پێی ڕادەگەیشت. بەداخەوه عەبدی دوای تەواوکردنی قۆناغی دواناوەندی، دەگەڵ هاوڕێگەلێکی نالەبار دۆستایەتی کردو نە تەنیا جگەرەکێشان، بەڵکوو

خستیانە قۆناغی ماددە سڕكەرەكانیشەوە كە كەوتە ڕیزی مۆعتادەكانی وڵاتو هەر لەخۆوە بێهۆش دەبوو. دووبارە دایكی هەوڵیدا لەو گێژاوە لەنێوچوونەدا ڕزگاری بكا، بەڵام سەركەوتنێكی كەمی وەدەست هێنا. سەرەنجام بە هەوڵو هیممەت و لەخۆبوردوویی دایكیو خەرجێكی زۆر، ئاكامی كارەكە تا ئەو جێیە چوو كە تەنیا تریاك بكێشێو وەشوێن ماددە سڕكەرەكانی دیكە نەكەوێ. عەبد بێكار دەخولاوە. خەرجی ژیان، كێشانی تریاكو پووڵ باغەڵیەكەشی لە دایكی دەستاند. بەم پێیەش دەیەویست دەگەڵ كچێكی مۆعتاددا ژیانی هاوبەش پێك بێنێ. بۆ خۆی سەرباری ماڵێ بوو، دەشی ویست مۆعتادێكی دیكەش بێنێتەوە بۆ ماڵێ، كورد گوتەنی: "ڕێوی لە كونێوە نەدەچوو، هەژگەڵێكیشی بە كلكییەوە دەبەست". هەرچەند كرێنشین بوونو ئەفسانە كار كەناری باوكی عەبدی وەردەگرتو هێندێك جار بۆ خۆشی كاری دەكردو گیروگرفتێكی ئەوتۆی ماددییان نەبوو، بەڵام دایكی تاقەتی ئەم وەزعەی نەبوو، هەربۆیە ئەفسانە بەهۆی ئەو هەموو ناڕەحەتیو نیگەرانییانەی كە بۆ داهاتووی كوڕەكەی بوونی، شەوانە خەوی نەبوو و بە پێی ئیزنی دوكتور هەموو شەوێك بەر لە خەوتن دەبوو لەتێك یان حەبێكی خەوێ بخوا. چونكە ئەفسانە و عەبدی كوڕی لە ماڵێكو لە ژێر میچێكدا دەژیان، ئەركی كوڕەكەی بوو هەموو شەوێك حەبێكی خەو لە پەرداخێك ئاودا بتوێنێتەوەو بیدا بە دایكی. بەهەرحاڵ، پاڕانەوەو كڕووزانەوەی عەبدی بۆ زەماوەند كردن دەگەڵ ئەو كچە مۆعتادە كە بە دڵی دایكی نەبوو، دادی نەدا و هیچی لێ شین نەبوو، هەروەها چونكە عەبدی نەی دەتوانی دەگەڵ ئەو كچە ئورووپچیەتییەدا بە دڵ و ئارەزووی خۆی هەڵسو كەوتی دەگەڵدا بكا و سەرەڕای ئەوەش هیچ دەرفەتی ئەوەشی بۆ نەدەڕەخسا كە پێكەوە بن، بۆیە ئەم مەسەلەیە

بـوو بـە گـریێـیـەك لەسـەر دڵـی‌و نەخۆشـی‌یـەكی دەروونـی‌و وەك خۆركـە هـەناوی دەخواردەوەو دەیەویست تۆڵەی ئەم بێبەشی سێكسی‌یە لـە دایكـی وەكـا. كـەوابوو شەوانە بە جێگای لەتێك یان حەبێك دوو حەبی بۆ دەتواندەوەو دەیدا بـە دایكـی تـا خەوەكەی قورستر بێ واتە ئاگای لە هیچ شتێك نەبێ. بۆیە هەموو شەوێك كە ئەفسانە خـەوی لـێدەكـەوت، عەبدی كوڕی دەچووە گیانی‌و ئارەزووی سێكسـی خـۆی پـێ دادەمركاند. چەندین جار ئەم كارە لە لایـەن كوڕەكەیـەوە ئـەنجام درا بـێ ئـەوەی كـە دایكی بەخت ڕەشی قووڕ بەسەر ئاگای لێ بێ. بەیانی‌یەكی كە ئەفسانە لەخەو هەڵسا، هەستی كرد كە شۆرت و داوێن كراسەكەی تەڕن. كاتێك لەسەر پێشاو چاوی لێ كرد، دیتی شاوەتی پیاوانەی پێوەیە، ترسی لێنیشت و سام دایگرت، چونكە دەگـەڵ هـیچ پیاوێكدا پێوەندی سێكسی نەبوو. كەواتە ئەمە ئی كێیە! دوای كەمێك بیركردنەوە لە كوڕەكەی وەگومان كەوت. كاتێك عەبدی وەك شـەوانی پێشـوو پەرداخـە ئـاو و حەبـە تواوەكەی بۆ دایكی هێنا، ئەفسانە لەسەر كۆمێدی بـەردەم تـەختی خەوەكـەی دانـا و درێژەی بە خوێندنەوەی پەرتووكە ڕۆمانەكەی دا. دوای ئەوەی كە عەبدی لە ژوورەكـە چووە دەرێ، دایكـی پەرداخـە ئاوەكـەی لـە دەلاقەكـەوە ڕشـت و خـۆی بـە خـەو لێ خەوتوویی خست. دوو سەعات لای نەدابوو كە هەستی كـرد یـەكێك دەرگـا دەكاتـەوەو دێتە ژووری خەوەكەی. لەو كاتەدا كە عەبدی لیباسەكانی خۆی داكەندن‌و دەسـتی بـە هەڵدانەوەی ئاوەڵ كراسـەكەی دایكـی كـرد، ئەفسـانە چـاوەكانی هـەڵێنان‌و دیـی كـە كوڕەكەی دەیەوێ دەست درێژی پێ بكا! تەنیا ئاخێكی هەڵكێشا و گوتی:

ـــ ئەی بێ ئابڕوو، شیری مەمكەكانمت پێ حەرام بێ، بۆچی تا ئەو ڕادەیـە بـێ شـەرم بووی؟!

عەبدی بە پڕڕوویییەوە گوتی:

ــ تۆ بۆ خۆت تاوانباری، بۆچی نەت هێشت دەگەڵ ئەو كچەی كە خۆشم دەویست، زەماوەند بكەم.

دایكی گوتی:

ــ من بە خاتری بەختەوەریو داهاتووەكەت نەم هێشت ئەم كارە بكەی، چونكە هەر وەك ئەو كچە مۆعتادە بەدبەختتر دەبی. حەیف بۆ ئەو هەموو نزا و پاڕانەوەو خێرو خێراتەی كە بە خاتری بوونی تۆ كردم. لەمە بەدواوە ئەسڵەن ئاواتی ئەوە هەڵ ناخوازم دایكێك كە منداڵی نیە، خوا كوڕێكی وەك تۆی بداتێ. ئاخ! چەندە پەشیمانم. بەداخەوە ئەفسانەی مەزن بە خاتری ئەم كارە نەخوازراوە لە لایەن خۆیو ناشایست و شەرم هێنەری لە لایەن كوڕەكەیەوە، خۆی هەڵواسیو كۆتایی بە ژیانی خۆی هێناو كەم كەسێك لەم ڕووداوە ناڕەحەتاوییە ئاگادار بوو. لەمەودوا عەبدی تەنیا بە تریاك ڕازی نەدەبوو، بەڵكوو سەرلەنوێ پەنای بۆ ماددە سڕكەرە قورسەكانی دیكەش بردو چۆوە لای ئەو كچە مۆعتادەو پێكەوە لەو شارە ڕایان كرد. دەڵێن، هێندێك جار ئەوینو خۆشەویستی جێگای خۆی دەگۆڕیٚو كارەسات دەخوڵقێنێ.

ئەم چیرۆكە خەماوییە لەڕاستییە تاڵەكانی دوو كۆمەڵگای مۆدێڕنو شارستانیەتی ئورووپاییو بەرەودواوە بردنەوەی كۆمەڵگای ئاسیایی، وەرگیراوە. من بە گۆڕانكارییەكی شێوە نووسینی خۆم هێناومەتە سەر تێنووس كە ڕەنگە ئامۆژگارییو نەسیحەتێك بێ بۆ وەچەكانی داهاتوو. هەموو ناوەكان ناڕاستن. هیوادارم تا ئێستا كەسێك بەر لە من وەك ئەوەی نەنووسی بێ. بە دڵنیاییەوە تا ئێستا بۆ خۆم لە هیچ

شـوێنێك لـە یەكـەم تـا دوایـین بڕگـەییم نـەدیوەو نەشـم خوێندۆتـەوە. چـونكە ئەمـە ڕاسـتی‌یەكـە كـە دزەی نەكردۆتـە هـیچ شـوێنێك بـە خـاتری ئـەوەی كـە تـەنیا هەواڵـە گۆڵمـەزاوی‌یـەكانی نێوخـۆ بـێ. بـەڵام گۆشـەیەكی چـەند خولـەكی لـە نێوئـاخنی ئـەم چیرۆكە لە باسێكی كولتووری لە بەرنامەی سێهەمی تەلەڤزیۆنی لـە ئـەڵمان كـە ئەگـەر وەبیرم مابێ لە ساڵەكانی ١٩٧٦ یان ١٩٧٨ی زایینی‌دا دیومە. بۆیە ئەمـەم نووسـی كـە لـە بوختـانی بـێ جـێ بـە دوور بم. چـونكە تاقـەت و حەوسـەلەی بیسـتنی لاتـاو و بوختانی ئەو ئاغایانەی كە بەناو پـەیجۆرو ڕەخنـەگرانی وێـژەییو ...م، نیـە كـە بڵـێن ئەوەی لە كوێ كۆپی كردوە.

# ڕاستییەكی چەندە تاڵ!

## چیرۆكی سێهەم:

ڕۆژگاری پاییز بوو، لەم شارەشدا كە یەكێك لـە شـارە جـوانو كۆنـەكانی ئەڵمانـە، هـەروەك شـوێنەكانی دیكـە، وەرزی گـەڵاڕێزان شـوێنەواری خـۆی لەسـەر ڕووخسـاری جوانی دانابوو. ئەم گەڵاڕێزانی پاییزە بە لای هێندێكەوە دیمەنی شـارەكەی جـوانتـرو لە ڕوانگەی هێندێكی دیكەشەوە حاڵەتێكی خـەماوی پێـدا بـوو. بەهـەرحاڵ قوتابیـانو مامۆستایانی قوتابخانەكانیش لە كاتی بەسەربردنی پشووی هـاویندا بـوون. بـەڵام زۆر كەسیتر لە مەرەخەسی ساڵانە گەڕا بوونەوەو چووبوونەوە سـەر كارەكانیـان. كـەیوان قوتابی پۆلی شەشەمی دواناوەندیو لە بنەماڵەیەكی هەژارو زەحمەت كـێش بـوو، پێـی نابووە بیست ساڵی، چونكە زۆری حەز لە قوتابخانە و درێژەپێـدانی خوێنـدن نـەبوو و لە پۆلی چوارەمی دواناوەندیش ساڵێك مابۆوەو، نزیك بە حـەوت مانگێـك زیاتریشـی بـۆ تاقیكارییەكانی كۆتایی ساڵ نەمابوو، بەڵام پێی خۆش نـەبوو بگەڕێتـەوە قوتابخانـە. بەم جۆرە كەیوان سوور بوو لەسەر ئەوەی كە بۆ هەمیشە مـاڵاوایی لـە پـۆلو وانـەكان بكا. كەواتە پشووەكانی قوتابخانەشی كۆتاییيان نـەبوو. لەڕاسـتیدا هـەروەك بەشـێك لە لاوە ئەڵمانییەكان لە ئورووپای ناوەندیدا، بیری لە داهاتوو نەدەكردەوەو زۆری بـۆ گرینگ نەبوو واتە بەرامبەر بە داهاتوو ڕەش بین بوو. هەر لەو كاتەشدا زۆر بایەخی بە

ژیان نەدەدا. بەڵام تامەزرۆی وێنەکێشانو ئەو کارە هونەریانە بوو کە ڕابردوویان وەبیر دێنایەوە. ئەو لەسەردەمی داخستنی قوتابخانەدا زۆربەی کاتی ڕۆژەکانی پاییزی لەسەر کورسییەك کە لەسەر تەپۆڵکەیەك و قەراخی شەقام یان ڕێڕەوی فیلسووفەکانو زاڵ بەسەر بەشێکی کۆنی شاردا بوو، دادەنیشت و خۆی بە نیگارکێشی دیمەنی شارەکەیەوە خەریك دەکرد. بەتایبەت وەرزی گەڵاڕێزانی پاییزی شارەکەی زۆر خۆش دەویست و پێی جوان بوو. هەربۆیەوە لە هەموو سووچێکەوە وێنەی لەم وەرزە کێشابۆوەو ئەمڕۆکەش یەکێك لەو ڕۆژانە بوو کە چوار پایەی نیگارکێشانەکەی دانا و لاپەڕەیەکی پێوە هەڵواسیوو و خەریکی کارەکەی بوو. ئەم جارەیان نۆرەی کۆنترین پردی سەر ئاوەکە بوو کە دوو بەشی دەوڵەمەندنشینو ناوەندی شارەکەی پێکەوە دەلکاند.

ناوە ناوە کەسانێکیش لەوێوە ڕەد دەبوون یان ئەوەتا پاسکیل سوارانو وەرزشوانانی ڕاکردن بۆ مەشق کردنی نیوە ماڕاتۆنو ... کە بە گشتی زۆر بەبێ دەنگی لە هاتو چۆدا بوون. هێندێك لەو پیاسەکەرو وەرزشوانە غەیرە پیشەییانە، لە پشتەوەڕا چاویان لە نیگارکێشیو قەڵەم مووەکانی کەیوان دەکرد. بەهەرحاڵ خەریکی کاری خۆیو زۆر گوێی بە کەس نەدەدا. کەیوان جحێڵێکی هێورو لەسەرەخۆ، قەڵەویچکە و دەم و چاوێکی سوورو چاوگەلێکی خومارو خوێن شیرین، هەڵسو کەوت جوانو ئێسك سووکی لەبەردڵان بوو. بەتایبەت ئەو سەرنج نەدانو کونجکۆڵ نەبوونەی بە نیسبەت کەسانیترەوە، تاقمێك لە کچەکانی بە پێچەوانەی خۆی، کونجکۆڵ دەکرد پەی بە بیرو بۆچوونو ناخی بەرن.

ئەلیزابێت كە هاوڕێكانی بە لیزا بانگیـان دەكـرد، یـەكێك لـەو كچـانەی كـە تەمـەنی لەسەروو نۆزدە ساڵەوەو تازە خولی "مونشی‌گەریی"[9] تەواو كردبوو و لە كۆمپانیایەكی گەورەدا كارئامووزی‌یەكەی تێ‌پەڕ دەكرد. چونكە ناوبراو هاوڕێی كوڕی نەبوو و دەگەڵ ئـەوەش‌دا زۆری خـۆ پـێ‌جـوان نـەبوو، لـە حـەوتوودا سـێ ڕۆژ دوای تـەواوبوونی كـار دەچووە شەقامی ڕێڕەوی فیلسووفەكان‌و سێ تا چـوار كیلۆمـەتر ڕای دەكـرد. نـاوبراو هەركات ڕێی لەو شوێنە دەكەوت، كەیوانی دەدیـی كـە لـە قـەراغی شـەقامەكە لەسـەر كورسی‌یەك زاڵ بەسـەر شـاردا دانیشـتووەو خـەریكی نیگاركێشـانە. ئـەو ڕۆژە لیـزاش كونجكۆڵانە كەمێك زیاتر لەوانی‌تـر لـە پشـت سـەری كەیوانـەوە هەڵوێسـتەیەكی كـردو چاوی لە دەستی لە كاتی نیگاركێشانی كۆنترین پردی سەر ئاو و دارەكانی دەوروبەری كرد. كـەیوان پردەكـەی كێشـابۆوەو خـەریك بـوو منـارەی كلیسـای نزیـك بـە پردەكـە دەگەڵ دوو داری كاج كە لـە تـەواوی وەرزەكـان‌دا سـەوزن، دەكێشـاوەو گـەڵای زەردو سووری دارەكان كە لـە قـەراغ شـەقام و لەسـەر كـابووتی ماشـینەكان‌دا خونـوێنی‌یـان دەكرد، بە نیگاركێشانەكەیەوە زیاد دەكرد. لیـزا كـە چـەند خولـەكێك لـە ڕاكردنەكـەی وێستابوو و تەواو چاوی بڕیبووە كەیوان، گوتی:

ــ تۆ نیگاركێشێكی ڕیالیستی‌و زۆریش بە جوانی ڕاستی‌یەكان دێنیتە سەر كاغەز!

كەیوان سەری وەرگێڕاوەو بە چاوە خوماراوی‌یەكانی چاوێكی لە لیزا كردو بێ پێشەكی گوتی:

---

[9] : منشی گری: باش كاتب، مونشی گەری، سكرتێرە، سكرتێر، كاتب،

ـــ ئیزنم هەیە خۆت و ڕووخسارە جوانەکەشت بکێشمەوە، هەڵبەتە ئەگەر کەمێك کاتت هەبێو بتوانی لام ڕاوەستی.

ئەلیزابێت ئەو پێشنیارەی پێ خراپ نەبوو و دەست بەجێ گوتی:

ـــ زۆر بە خۆشحاڵییەوە هەر شتێکم پێ بڵێی ئەنجامی دەدەم و ڕەق ڕادەوەستم و نابزووم.

کەیوان زۆر بە لەسەرەخۆییەوە لاپەڕەی نیگارکێشانەکەی هەڵداوەو چاوێکی تری لە ئەلیزابێت کردو قەڵەمە گرافیکە ڕەشەکەی دەست دایە و کەوانێکی لەسەر کێشاوەو هێمای دوو چاوی ڕەشو برۆگەلێکی قەیتانیو لووتێکی جوان دەگەڵ لێوگەلێکی لەبەردڵانی کێشانەوە. دوایە چەنەگەیەکی بە کەمێك چاڵایی کێشاوەو فۆڕمی بە دەم و چاوی دا. ئەلیزابێت بە بینینی ئەو وێنەیە، سەرنجی دایە شێوەی زۆری نێوان خۆیو وێنەکە و زیاتر خۆی ڕێكو پێك کردو بە حەزێکی زیاترەوە ڕووخساری ڕووگەشتر نیشان دا و بەبێ هیچ گۆڕانکارییەك لە شێوەی وێستانەکەی، ئارام ماوە. هەمووی ئەو بەسەرهاتە زیاتر لە بیست خولەکی نەخایاند کە کەیوان بە قەڵەمێکی ڕەش وێنەیەکی لە ڕووخساری جوانی لیزای دەگەڵ پرچگەلێکی درێژی کێشایەوەو بە قەڵەمێکی قاوەیی مەیلەو زەردی تەلایی فۆڕمی بە چاوەکانی دا و ژێرەکەی بە ناوی کەیوانەوە واژۆ کردو نیشانی دا.

ئەلیزابێت لەبەرخۆیەوە گوتی:

ـــ عەجەب هونەرمەندێکە! زۆر سپاس‌و دەستەکانت خۆش بن. هەر لەو چەند خولەکەدا شەیدای دەست‌و پەنجەی ڕەنگینی بوو. ناوبراو سەرلەنوێ چاوێکی‌تری لە وێنەکە کردو دەگەڵ سپاس کردنێکی زۆر، گوتی:

ـــ دەتوانم هەڵی بگرم؟

کەیوان بێ ماتڵ بوون گوتی:

ـــ بۆ تۆم کێشاوەتەوە، نەك کەسێکی‌تر!

ئەلیزابێت گوتی:

ـــ ئاخر ناکرێ هەروا بە خۆڕایی هەڵی گرم، لانی کەم دەبێ شتێکت لەبری ماندووبوونەکە بدەمێ.

کەیوان بە سیلەچاوێکی زۆر ساکارو خۆمانیانە دەستی ڕاتەکاندو گوتی:

ـــ نەخێر! من ئەوەم تەنیا بە خاتری جوانی‌یەکەت کێشاوەتەوەو ئەگەر دڵیشم تۆی نەگرتایە، ئەم کارەم نەدەکرد.

چونکە لیزاش نەی دەویست بەبێ هیچ بەرامبەرێك هەڵی بگرێ، گوتی:

ـــ لانی کەم ژمارە تەلەفوونەکەت لە پشتی وێنەکە بنووسە کە بۆ نیوەڕۆ یان شەوێك دەعوەتت بکەم، چونکە بۆ خۆم ئاشپەزی دەکەم‌و چێشت لێ دەنێم.

کەیوان لە دەعوەت کردنەکەی زۆر خۆشحاڵ بوو و پێشوازی لێ کردو گوتی:

ـــ بە چاوان، دەعوەتەکەتم قەبووڵە، ئەمەش ژمارە تەلەفوونی ماڵەکەمە.

زیاتر لە مانگو نیوێکی پێ‌چوو، ئەلیزابێت کەمتر بۆی دەکرا بچێ بۆ ڕاکردنی نیوە ماڕاتۆن، چونکە کاتی کارەکەی گۆڕابوو و هەواش بەرەو ساردی دەچوو و مرۆڤیش نەی‌دەتوانی زۆر لەو هەوای ئازادەدا دانیشێ. هەربۆیەوە، هەرکاتێکیش دەچوو بۆ ڕاکردنی نیوە ماڕاتۆن، کەویوانی نەدەدی. بەڵام هەرکات چاوی لە وێنەکەی خۆی دەکرد، دەکەوتەوە بیری شەقام یان ڕێڕەوی فیلسووفەکانو دیمەنی جوانی شارو ڕاکردنی نیوە ماڕاتۆنەکەی‌و بینینی کەیوان لە حاڵی نیگارکێشانی دیمەنو ئاسەوارە کۆنەکان. ڕۆژێکیان گوشی تەلەفوونەکەی هەڵگرت و تەلەفوونێکی بۆ کرد. دەنگێکی هێورو ئارام گوتی:

ـــ سڵاو، جەنابت کێی؟

لیزا گوتی:

ـــ سڵاو، وەبیرت دێ کە وێنەمت کێشاوە؟!

کەیوان گوتی:

ـــ بەڵێ، بەڵێ لەبیرمە. حاڵت چۆنە؟! چۆن بوو کەوتی‌یەوە بیری فەقیرو هەژاری ئەو بەر سنوور؟

لیزا گوتی:

ـــ هەرکات چاو لە وێنەکەم دەکەم، دەکەومەوە بیری تۆ. کەوابوو لە بیرم نەکردووی. ئێستا چ دەکەی؟

لە وەڵامدا گوتی:

ـــ خەریکی نووسینی بابەتێکم لەسەر ژیانی ئەو هونەرمەندانەی لە هەژاریدا دەژین.

ئەلیزابێت لە پشتگیری قسەکانیدا گوتی:

ـــ ئەگەر پێت خۆشە بۆم وەخوێنە؟

کەیوان گوتی:

ـــ بۆچی نا، کەییت پێ باشە ناوەخت نەبێو کاتت نەگرم؟

لیزا گوتی:

ـــ تۆ بە هیچ جۆر موزاحیم نی، هەر کاتێکی کە پێت باش بوو. بەڵام ئەگەر سووری لەسەر کاتێکی دیاری کراو، سەعات حەوتی ئێوارە زۆر باشە.

ناوبراو گوتی:

ـــ زۆر باشە، و بە تەئکیدکردنەوەی لەسەر، تاکوو دوایی، تەلەفوونەکەی دانا.

کەیوان کەمێکیتر لە بابەتەکەی کە چارەنووسی یەکێك لە نیگارکێشە گەورەکانی ئورووپاییو لە تەمەنی هەرزەکاریدا فەوتی کردبوو و جیا لە وێنەکانیشی زۆر نەدارو هەژارو گۆیا شارەداری بەخاکیان سپاردبوو، درێژەی دا، بەڵام تەواوی نەکردو بە خاتری ناتەواوبوونی بەسەرهاتەکەش وا ساغ بۆوە دەگەڵ خۆی نەبا. کەوابوو پێنووسو بابەتەکەی لەسەر مێزەکە دانان، ئاوێکی بە خۆیدا کردو دەگەڵ ئەوەی کە کەمتر ڕیشی دەتاشی، ئەم جارەیان ڕیشی سافو لووس کردو بەرەو شەقام چوو

تاكوو چەپكە گوڵێكیش بكڕێ. لە كاتێكدا لە پشتی جامخانەیەكەوە چاوی لەنێو دووكانێك دەكرد، چاوی بە قاپێكی وێنە كەوتو لەبەرخۆیەوە گوتی:

ـــ ئەمە بۆ وێنەكەی لیزا دەكڕم. قاپەكە $50 \times 40$ و زۆریش بۆ وێنەكە گەورە نەبوو. قاپە لە دار دروست كراوەكە بە ڕەنگی سروشتیو شووشەوە كە تەنیا یازدە یۆرۆ و نەود سێنت نرخی بوو، كڕی. داوای لە دووكاندارەكە كرد كە نرخە نووسراوەكەی لەسەر لابا و بۆشی كادۆ بكا. سەرەڕای ئەوە چەپكە گوڵێكی سووری جوانیشی دەگەڵ كڕیو سەعات حەوت بۆ ئەو ناونیشانەی كە لیزا بە تەلەفوون پێی‌دا بوو، وەڕێ كەوت. كەیوان نە ئیجازەی شۆفیڕی بوو نە ماشین. كەواتە دەبوو لە ئامرازە گوازەرەوە گشتی‌یەكان كەڵك وەرگرێ كە هەر لە شەقامی نزیك ماڵەكەی خۆیڕا تاكوو ماڵی لیزا نزیك پێنج وێستگەی پاس یان شەمەندەفەر بوو.

ئەلیزابێت لە نهۆمی دووی باڵەخانەیەك دەژیا. خانووەكەی پەنجا و پێنج مەتری چوار گۆشەی دوو دیوو لە لایەن كۆمپانیاوە خاوەن كارەكەی بە كرێیەكی لەبار پێ‌یان دابوو. ناوبراو لە كارو شوێنی ژیانەكەی كە مەودایەكی ئەوتۆیان نەبوو، زۆر ڕازی بوو. كەیوان كە لە پاسەكە دابەزی، دەرگا كراوەو لە پلیكانەكان كە وەسەر دەكەوت، بۆنی برینجی بۆن‌دارو چێشتی لە حاڵی دەم كێشان‌دا بەر لووتی گرتبوو و لەبەر خۆیەوە هەر ورتەی دەهات، چ بۆنێكی خۆش، بمگرەو هاتم. لیزا بە بیستنی دەنگی لاقەكانی كەیوانو بەهبە كردنی بۆنی چێشتەكەی، سەرێكی كێشایە دەرەوەو چاوی بە پرچە درێژەكانی كەیوان كە تا سەر شانەكانی هاتبوونو لە پێچی پلیكانەكان دەهاتە سەرێ، كەوتو گوتی:

ــــ باشــە، ئاخرەکــەی توانیــت ناونیشــانەکە بدۆزیتــەوە، وەرەوە ژووریٚ، دەرگــا کراوەتەوە.

کەیوان دوای سلاو و ئەحوالٚ پرسین، چەپکە گولٚو کادۆکەی بەرەو لای ئەلیزابیٚت دریٚژ کردو گوتی:

ــ هیوادارم بە دلٚت بیٚ.

ئـەلیزابیٚت زۆر سپاسـت دەکـەم، پیٚویسـت بـەو زەحمـەتو ماندووبوونـە نـەدەکرد، فەرموو دانیشە. لقە گولٚەکـەی خسـتە نیٚـو گولٚـدانیٚکی بلوورینـەوە کـە تـەنیا جیٚگـای لقیٚکی تیٚـدا دەبـۆوەو لەسـەر میٚـزی نـان خـواردن لـە سووچـیٚکی میوانخانەکـە دانـاو خۆشی لەسەر قەنەفە لە نزیـك کەیوانـەوە دانیشـت و کادۆکـەی کـردەوەو چـاویٚکی لـە ویٚنەکەی خۆی کە کەیوان بۆی کیٚشابۆوەو بە دیواری میوانخانەکـەوە هـەلٚی واسـیبوو، کردو گوتی:

ــــ بیٚگومان بەقەد خۆیەتی، ئەی بژی! زوو ویٚنەکەی بە ئەسپایی لیٚ کردەوەو هیٚنایە خـواریٚو خسـتیە قاپەکـەوە، لـە هـەموو لایەکـەوە، چـەپو ڕاسـت دوو سـەنتی مـەترو لەسەرەوە بۆ خواریٚ سیٚ سەنتی مەتری بەتالٚ بوو کە ئەوەش بـۆ خـۆی ویٚنەکـەی لـە نیٚو قاپەکەدا زەقـتر نیشـان دەدا. دووبـارە سپاسـیٚکی دیکـەی کـردەوەو ماچـیٚکی لـە کولٚمەی کردو گوتی:

ــــ حەزت لە چ خواردنەوەیەکە؟

کەیوان گوتی:

ـــ ئەگەر چای سەوز هەیە خراپ نیە، دەنا پەرداخێك ئاو میوە(شەربەت)، ئی هەر میوەیەك بێ.

ئەلیزابێت گوتی:

ـــ هەر دووکیان هەنە. سەرەتا شەربەت دێنم و دوایەش چای ساز دەکەم.

کەیوان گوتی:

ـــ زۆر خۆت ماندوو مەکە، شەربەتەکە تەواوە.

ئەلیزابێت دوای هێنانی پەرداخێك شەربەت، گوتی:

ـــ منیش بۆ خۆم حەزم لە چای سەوزەو هیچیش زەحمەت نیە، ئاوی کوڵیو و دوو دانە نێپتۆن.

ئارام و لەسەرەخۆبوونی کەیوانو ڕۆمانتیك نواندنەکەشی جار دەگەڵ جار لیزای زیاتر شەیدا دەکرد. لیزا دوای قسەکردنێکی نزیك دە خولەکی، سەرێکی لە چێشتخانەکە دا و کتریەکەی خستە سەر ئاگرەکە و چاوێکی لە چێشتەکە کردو گەڕاوە. لەڕاستیدا ناوبراو چاوەڕوانی ئەوە بوو لە نێوان قسەکانیدا کەیوان لێی بپرسێ: بۆوێنە دۆستی کوڕی هەیە یان ئەوەتا بە تەنێ دەژی؟ یان ڕات سەبارەت بە داهاتوو چۆنە و لەو جۆرە قسانە؟ بەڵام تەنیا شتێکی کە کەیوان بە زمانیدا نەدەهات، ئەو قسانە بوون. سەرەنجام لیزا غیرەتی وەبەر خۆی نا و گوتی:

ـــ خۆزگە دەزگیرانەکەشت دەگەڵ خۆت دێنا!

کەیوان بێماتڵ بوون گوتی:

ـــ من دەزگیرانم نیە! چۆن بوو ئەوەت بە مێشکی داهات؟ و درێژەیدا، مەگەر، کەسێك حازرە دەگەڵ منی بێکارەدا پێوەندی خۆشەویستی بگرێ؟

لیزا بە بیستنی ئەو قسانە دەستێکی خستە سەر شانی کەیوانو گوتی:

ـــ ئەوە چ قسەیەکە! هەر کچێك ئاواتە خوازە هاوڕێیەکی کوڕی لەسەرەخۆو مێهرەبانی وەك تۆیان هەبێو دەستەکەی دیکەشی بە پرچەکانی داهێنا.

لە حاڵێكدا کەیوان دەستەکەی خستبووە سەر دەستی لیزا کە لەسەر شانی خۆیدا بوو، گوتی:

ـــ تۆ چی؟! دەزگیرانەکەت لە کوێیە؟

لیزا گوتی:

ـــ منیش دەزگیرانم نیە. یانی تا ئێستا پیاو یان گەنجێکی ئایدیالو باشی بە دڵی خۆمم نەدیوەتەوە.

کەیوان چاوێکی لە ڕووخساری نیوە ناڕەحەت و نیوە خۆشحاڵی لیزا کردو گوتی:

ـــ تۆ کە کارو ژیانێکی بێکەمو کووڕیت هەیە. ئایا کەسێکی بوێنە وەك تۆ حازرە هاوڕێیەتی بێکارەیەکی وەك من بکا؟ من کە باوەڕ ناکەم!

ئەلیزابێت گوتی:

ـــ ئـەو قسـانە مەكـە، كـار ئەوەنـدە گـرینگ نیـە، دیـارە خۆشـحاڵ دەبم ئەگـەر دەزگیرانێكـی هێـدیو لەسـەرەخۆی وەك تـۆم هـەبێ، داهاتـەوەو ماچـێكیتـری سـەر كوڵمەكانی كرد. دەستێكی خستە سەر ملیو گوتی:

ـــ تۆ هونەرمەندێكیو ئاغای خۆت، چ كارێك لەوە باشتر وەگیر دەكەوێ؟

لەو قسانەدا بوون كە كترییەكە دەستی بە قوڵتەقوڵتێ كردو زڵقـی ڕشـتن. لیـزا بـۆ سازكردنی چای دووبارە چۆوە چێشتخانەكە و چاوێكیتری لە چێشتەكە كـردو چـونكە برینجەكـەش دەمـی كێشـابوو تەباغەكـەی كوژانـدەوە. لەڕاسـتیدا گۆشـتەكەی سـوور كردبۆوەو كردبوویە نێو جۆرە سۆسێكی كە خۆی سازی كردبوو و دوای كوژاندنـەوەی تەباغەكـە ئـاو لیمۆشـی بەسـەردا كردبـوو. لیـزا برینجەكـەی بـە پێـی ڕێنمـایی كچـە هێندییەكی هاوڕێی سازو ئـەوی دیكەشـی بـە سـەلیقەی خـۆی كردبـووی. دوای چـەند خولەكێك ئەلیزابێت هەر لە چێشتخانەكەوە بە دەنگێكی بەرز گوتی:

ـــ شێو حازرە، ئەگەر برسیتە، دەتوانین نانەكەمان بخۆین دەنا چای ساز دەكەم.

كەیوان لە وەڵامدا گوتی:

ـــ منـیش برسـیمە، هـەم ئامـادەم مێزەكـە بڕازێنمـەوەو هـەمیش حـازرم بـە خزمـەت خواردنەكە بگەم. چاكە دادەنێین بۆ دوای نان خواردن، لەجێی خـۆی هەسـتا و بـەرەو مێزی نان خواردنەكە چوو.

ئەلیزابێت لە چێشتخانەکە دوو دەوری و دوو دەست کەوچكو چنگاڵو کارتی دەگەڵ خۆی هێنانو لەسەر مێزەکە دانانو چوو کە چێشتەکە بێنێ. کەیوان دوای ڕازاندنەوەی مێزەکە هەموو دەوریو شتەکانی لەسەر دانانو گوتی:

ــ ئەگەر کلینێکست هەیە، دەگەڵ خۆتی بێنە. سەرەتا لیزا دوو تەختەی بۆ ژێر مەنجەڵەکان دەگەڵ کلینێکسێکی هێنانو لەکاتی گەڕانەوەدا، کەیوانیش دەگەڵی چوو و هەر کەسە و مەنجەڵێکیان هێنا. لەم کاتەدا کە هەر دووکیان شان بە شانی یەکتری بەرەو مێزەکە دەهاتنو مەنجەڵەکانیان لەسەر تەختەکان دانانو چاوێکیان لە یەکتری کرد، بڵێسەیەك لە چاوی هەر دووکیان تروسکانەوە. دەگەڵ ئەوەی کەیوان کورێکی شەرمێون بوو بەخۆی نەوێستا و لیزای لەئامێز گرتو لەکاتێكدا توند بە خۆیەوە گوشی بوو، گوتی:

ــ بەڕاستی خوێن شیرینو لەبەردڵانی.

لیزا چاوێکی لێ کردو گوتی:

ــ سپاس، تۆش هەروا. هەردووك بەرەو لای مێزەکە چوونو بە چاو لێ کردنێکی تامەزرۆیانەوە، نانەکەیان بە تەواوی بە دڵەوە نووساو و ئەوەندەی دیکەش بۆیان بە تامتر بوو.

دوای نان خواردن پێکەوە دەوریو مەوری‌یەکانیان خڕ کردنەوەو ئەلیزابێت گوتی:

ــ حەزت لە چایە یان شەرابێکی ئەرخەوانی؟ هەرچەند کەیوان زۆری حەز لە شەرابی سوور و، لە چاکەشی پێ باشتر بوو، گوتی:

ــــ بە خۆشی خاوەن ماڵ، شەرابی سوور باشترەو چاكە دادەنێین بۆ دوایە، ئەگەر ئیزنی مانەوەی زیاترم هەبێ.

ئەلیزابێت گوتی:

ــــ هەڵبەتە كە ئیزن هەیە، شووشەیەك شەرابی فەڕانسەوی‌و دوو پەرداخی هێناو هەر دووكیان بە ڕاحەتی لەسەر قەنەفەی میوانخانەكە بۆی دانیشتن. ماوەیەك دواتر لیزا "سی دی"یەك لە گۆرانییە كۆن‌و خۆشەكانی "جون بایز"ی ئەمریكایی سەرهاویشت‌و لە حاڵێكدا كە "جون بایز" گۆرانی خۆش‌و ئارامی مەم كوژەی دەخوێند، هەر دووكیان پەرداخەكانیان بە خۆشی یەكتری هەڵ دا. ئەم بانگهێشتن‌و دەعوەت كردنەی لیزا، هیوا و دڵ گەرمییەكی تایبەتی دابوو بە كەیوان‌و ئەوەی وا بیری لێ دەكردەوە، خەریك بوو لەڕاستی نزیك وەبێ. بە قەولی مەنووچێهری، شاعێری بەناوبانگو هەڵكەوتەی ئێرانی:

"ما مرد شرابیم و کبابیم و ربابیم

خوشا كه شرابست و کبابست و ربابست"

بەم شێوەیە و دەگەڵ ئەوەدا كە نە ئاشنایەتی دەگەڵ فارسی‌دا هەبوو و نە ئەم شێعرەشی بیستبوو، بەڵام هەروا بە مێشكی‌دا هات، بۆیە شەراب‌و كەباب‌و ڕوباب‌و یار لەو شەوەدا بەرەوپیری هاتبوون. بە قەولی كورد گوتەنیش: "خەڵك ڕێوی بەرەوپیری دێ ئەو بازی بە سەرەوە نیشتبوو".

ماوەیەك لە شەو لای‌دا بوو، بەڵام چونکە بەیانی‌یەکەی عوتلە بوو ئەلیزابێت هیچ نیگەرانی‌یەکی نەبوو. شووشە شەرابە ئەرخەوانی‌یەکەیان بەتاڵ کرد، ئەلیزابێت ویستی شووشەی دووهەم بێنێ، بەڵام کەیوان گوتی:

ـــ چاکەت لەبیر نەچێ، ئێستا چایەکی سەوز دەچەسپێو حاڵ دەیا. لیزا سەرلەنوێ ئاوەکەی گەرم کردەوەو دوو دانە نێپتۆنی خستنە نێو دوو پەرداخی دەسك دار و ئاوی گەرمی بەسەردا کردنو لەسەر چوار پایەکە داینان. لەوکاتدا کەیوان ئامێزی بۆ گرتەوەو لیزاش کە چاوەڕوانی وەها کاتێك بوو، خۆی هاویشتە باوەشیو دەستیان کرد بە راموسانو ماچ کردن. شەرابە ئەرخەوانی‌یەکە کاری خۆی کردبوو. دوای چایی خواردنەوەکەیان بە هێواشیو لەسەرەخۆیی لە هەموو بارێکەوە قسەیان کردو سەعاتە دیواری‌یەکە بیست خولەك دوای نیوە شەوی نیشان دەداو کەیوانیش چاوێکی لە سەعاتەکەی خۆی کردو گوتی:

ـــ دوایین پاسێك کە بەرەو ماڵی ئێمە دەڕوا سەعات 12:40 خولەك دەچێ. لیزا چاوێکی لێ‌کردو گوتی:

ـــ حەتمەن دەبێ بچیەوە؟ کەسێك چاوەڕوانتە؟

کەیوان پەڕیە نێو قسەکانیو گوتی:

ـــ نا، نا، کەسێکم نیە کە چاوەڕوانم بێ، لیزا درێژەی‌دا، بەیانی کە عوتلەیە و جێگاشمان هەیە، ئەگەر پێت خۆش بێ دەکرێ لێرە بمێنیتەوە! کەیوان دڵی نەرم بوو و گۆیا چاوەڕوانی ئەو خولق کردنەشی دەکردو گوتی:

ـــ ئەگەر موزاحیم نیم، تەنیا جێگەیەکی یەك مەتری بۆ خەوەکەم هەبێ، زۆر باشە و خۆشحاڵ دەبم.

لیزا بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

ـــ دیارە کە هەیە، لە دڵمدا جێت بۆ دەکەمەوە.

کەیوان دەگەڵ ئەوەی کە سپاسێکی کرد، لە جێگاکەی هەستا و لیزا کە دەیویست "سی دی"یەکە بگۆڕێ، لە پشتەوەڕا لە ئامێزی گرتو پرچەکانی لادانو ماچێکی لە پەنا ملی کرد. لیزا سەری وەرگێڕاوەو هەر دووك یەکتریان لەئامێز گرتو نەیانزانی چەندەی خایاند کە لەئامێزی یەکتریدا بوون. لەوکاتدا لیزا ژووری خەوەکەی بە کەیوان نیشانداو گوتی:

ـــ زیاتر لە مەترێك جێگام بۆت هەیە کە بەڕاحەتی لێی بخەوی، خاولییەکی خاوێنو فلچەیەکی نوێی پێداو گوتی:

ـــ مەستەراو و حەمامەکەش لەو سووچەوەن.

کەیوان گوتی:

ـــ بەرلەوەی بێم بۆ ئێرە، ئاوێکم بەخۆ داکرد، بەڵام فلچەی ددانم نەهێناوەو زۆریش پێویستە.

سەعات دەوروبەری دووی دوانیوە شەوێ بوو کە هەر دووکیان چوونە نێو جێگاوەو گۆیا شەرابی سوورو خۆشەویستییە نوێیەکەیان کاسو وڕی کردبوون، بۆیە هەر زۆر زوو خەویان لێکەوت. کاتێك کەیوان چاوی کردەوە، هەوا ڕووناکو هەتاو و بانیش

گەرم بوون، کەسی لا نەمابوو. لیزا کە دەنگی جمو جۆڵو باوێشکو هەستانی کەیوانی بیست، هەر لە چێشتخانەکەوە گوتی:

ـــ خەوی چاکت کرد؟!

کەیوان گوتی:

ـــ بەڵێ، سپاس، خەوەکەم زۆر خۆشو چاکتر لەوەش نابێ. لیزا درێژەی دا، نانو چای بەیانیش خەریکە ساز دەبێ، حەزت لە هێلکەیە؟

کەیوان گوتی:

ـ نەوەڵڵا زۆر سپاس، ئەگەر هەیە قاوەو کەرەو مرەبا یان پەنیر تەواوە.

لیزا گوتی:

ـ لە بەو شانسی تۆ، ڕۆنە کەرەمان نیە، بەڵام مرەبا و پەنیر هەیە و منیش بۆ خۆم هێلکە ناخۆم، بەڵام بە ڕێکەوت دوو دانە هێلکە لەنێو سەلاجەکەدا بوون، هەربۆیە پێم گوتی.

کەیوان گوتی:

ـــ ئەو نانو پەنیرو مرەبایە دەگەڵ قاوەیەکی بەبێ شیرو شەکر تەواوە بەزیاد بێو لە سەرو پێستمان زیادین.

ئەم نانو چای بەیانییە یان لەڕاستیدا چونکە نزیك بە نیوەڕۆ بوو، دەکرێ بڵێین نیوڕۆژە، سەرەتا و بەردی بناخەی داڕشتنی هاوڕێیەتی سێ ساڵەیان بوو.

لیزا زۆری پێ خۆش بوو شوو بکا و ببێتە خاوەنیماڵو منداڵ، بەڵام کەیوان ئەو قسانەی پێخۆش نەبوون. ناوبراو خۆی بە زیادیو سەرباری کۆمەڵگا دەزانی. بۆیە نەیدەویست بەرپرسایەتی ژنو بە تایبەت منداڵیش بگرێتە ئەستۆ. بە پشت بەستن بە قسەکانی دەی گوت:

ــ من لیاقەتو شیاوی باوکایەتیم نیە و ناتوانم هەروا بە سانایی بەرپرسایەتی منداڵ وەئەستۆ بگرم. بەڵام چونکە لیزا خۆشی لە هەڵسو کەوت و ڕاست بێژییەکەی دەهات، سێ ساڵی تەواو درێژەی بە هاوڕێیەتی ڕاستەقینە و ئەویندارانەی دا. هەرچەند لە دوایین ساڵی خۆشەویستییەکەی دەگەڵ کەیواندا چەندین جار دەگەڵ پاتریک، کوڕێکی خوێندەواری بیست و پێنج ساڵەی خاوەن کارەکەی کە تازە خوێندنی تەواو و لە کۆمپانیاکەی باوکیدا خەریکی کار بوو، دەچووە دەرەوەو دەگەڵ ئەوەشدا هەر کات کە دەعوەتیشی کردبایە بۆ شام یان سەما و هتد، ڕەدی نەدەکردەوەو زۆریش هاوڕێیانە هەڵسو کەوتی دەگەڵدا دەکرد، بەڵام لە دڵەوە هەر بە کەیوان وەفادار بوو. دەگەڵ ئەوەیدا کە پاتریک نەیدەزانی لیزا دۆستی کوڕی هەیە، بەڵام قەت لە ئاستی هاوڕێیەکی ئاسایی چاوەڕوانی زیاتری لێی نەبوو. هەرچەند لە دڵەوە پێی خۆش بوو زیاتر لێی نزیك وەبێ، بەڵام نەیدەویست هەڵسو کەوتێکی وا لە خۆی نیشان بدا کە لیزا لێی دوور بکەوێتەوە. بۆیە بە شێوەی هەڵسو کەوتەکەی ڕێزی لێدەگرت و قەتیش لێی نەپرسی کە داخوا خۆشەویستی کوڕی هەیە یان نا. چونکە پاتریك کوڕی بەرپرسی کۆمپانیا و سەرەڕای ئەوەش جحێڵێکی زۆر بەئەدەبو لە هیچ شەوێکیش کە دەگەڵ لیزا پێکەوە بوون، هیچ جۆرە مەیلێکی ئەویندارانە و ماچ و مووچ و پێکەوە خەوتن و ... پێ نیشان نەدابوو یانی تەنانەت

داوای ماچێکیشی لێ نەکردبوو، بۆیە هەمیشە دەگەڵ پاتریکدا ڕووخۆش‌و دلۆڤان بوو و زۆریش خۆمانیانە هەڵس‌و کەوتی دەگەڵدا دەکرد. دەگەڵ ئەو هەموو تاریف‌و وەسف کردنەدا پاتریک درێژەی بە دۆستایەتی ئاسایی خۆی دەگەڵ لیزایە دا و حەزیشی لێ نەبوو لەوە زیاتر بیناسێ، بەو هیوایە کە ئەگەر ڕۆژێك هۆگری نیشان دا، پێوەندی‌یەکەیان پتەوتر بکەن‌و تەنانەت ببنە ئەویندارو خۆشەویستی یەکتری. هەر لەو ڕۆژانەدا بوو کە ئەلیزابێت لە سەرجێیی کردنی دەگەڵ کەیواندا لە بیری چوو حەبی بەرگری‌یەکەی بخوا، بۆیە تا کاتی سووڕی مانگانەکەی، کە نزیك ڕێکەوتی شەشی هەموو مانگێکە، لە دڵەڕاوکێدا بوو. لە بەوشانسی یان شانسی ئەلیزا، سووڕی مانگانەکەی چەند ڕۆژێك وەدوا کەوت و حوزری نەشۆرد.

ناوبراو لەبەر خۆیەوە دەی گوت:

ــ ڕەنگە ئەم زگەم لە کەیوان بێ! ئەگەر وابێ، کارەساتبارە، چونکە کەیوان حەزی لە منداڵ بوون نیە. بۆیە بە ترسەوە هەر لە یەکەم ڕۆژی حەوتووی دووهەمی مانگدا سەردانی پزیشکی ژنانەی کردو داوای پشکنین‌و سۆناری[10] کرد. دەیویست بزانێ، ئایا زگی هەیە؟ پزیشکەکە دوای پشکنینێکی تەواو گوتی:

ــ بە خۆشی‌یەوە زگت هەیە، لیزا لە لایەکەوە خۆشحاڵ بوو، چونکە هەمیشە ئاواتی ئەوە بوو منداڵێکی ببێ‌و لە لایەکی دیکەشەوە ناڕەحەت‌و نیگەرانی داهاتووی

[10] : US = Ultra Sound: سۆنار، ئۆڵترا سۆند، سۆنۆگرافی، شەپۆلەکانی سەروو دەنگ، لاپرۆسکۆپ،

منداڵەکەی بوو، بەڵام وەسەر خۆی نەدێنا. هەربۆیە هیچ بیری لە لەبارچوونیش نەدەکردەوەو بە هیچ جۆر نییەتیشی ئەوە نەبوو. دوای ئەوەی لە عیادەی دوکتورەکە هاتە دەرێ، بیری لەوە دەکردەوە کە دەبێ چ بکا. کەیوان گوتبووی، شیاو و لێهاتوویی باوکایەتی نیە، کەواتە نەیدەتوانی پێی بڵێ کە دووگیانە. هەموو ڕۆژێك بەو نیگەرانییەوە دەچۆوە سەرکارو زۆربەی کاتەکان لە بیری ئەوەدا بوو. بەڵام نەی دەهێشت و پێشی خۆش نەبوو کەسێك بەو نیگەرانییەی بزانێ.

ئەلیزابێت بەهۆی کارو ئاشنایەتی دەگەڵ پەروەندەکاندا ناونیشانی تەواوی هاوکارەکانیو بۆوێنە پاتریك کوڕی بەرپرسەکەی دەدییو دەی خوێندنەوە، بۆیە دەیزانی پاتریك چەند ڕۆژێکیتر پێ دەنێتە بیست و شەشەمینساڵڕۆژی لەدایك بوونەکەیو جێژن دەگرێ.

هەر لەو ڕۆژانەدا بوو پاتریك پەروەندەی کرێکارێکی بەدەستەوە گرتو چووە ژوورەکەی لیزا و داوای لێکرد کە پێشینەی کاری ئەو کرێکارەی بداتێ، ئەلیزابێت چاوی لە یەکەم لاپەڕەی پەروەندەکە کردو گوتی:

ـ تۆش دوو سبەی ڕۆژی لەدایك بوونتە، مەگەر نا؟

پاتریك بە سەر سووڕمانەوە گوتی:

ـــ تۆ لە کوێ دەزانی؟

لیزا گوتی:

ـــ دیارە کە ڕۆژی لەدایك بوونی ئەم کرێکارەش وەك تۆ ڕۆژی دوازدەی مانگە.

پاتریك گوتی:

ـــ ئەریٚ! بەڕاستی سەروکارت دەگەڵ پەروەندەکاندا هەیە، من لە هۆشم چووبۆوەو ئەم مەسەلەم نەدەزانیو درێژەی دا، من کارتی دەعوەتیم بۆ چەند کەس لە هاوڕێکانم ناردوەو بۆ خۆشت دەعوەتی. دەمەویٚ جێژنێکی گچکۆکە بگرم.

لیزا بە پێکەنینەوە گوتی:

ــ من تا ئێستا هیچ کارتێکی دەعوەتیم بۆ نەهاتوە.

پاتریك گوتی:

ــ هەڵبەتە تۆ لێرە کار دەکەیو پێویستیت بە کارت نیە، بەڵام وا بە فەڕمی لە ئەلیزابێتی دلۆڤان دەگێڕمەوە کە شانازی ئەوەمان پیٚ ببەخشی لە جێژنی بیستو شەشەمین ساڵڕۆژی لەدایکم بوونم دا بەشداری بفەرمووێ.

لیزا بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

ــ ئەم شانازییە بە من بڕاوە کە ئیزنی بەشداریم لە جێژنی لەدایك بوونی کوڕی بەرپرسەکەم پێدراوەو هەر دووکیان لە قاقای پێکەنینیان دا. لیزا درێژەیداو گوتی:

ــ لە ماڵەوە جێژنەکە دەگری یان لە ڕێستوران؟

پاتریك گوتی:

ــ لە ماڵەوەو ویستم تەلەفوون بکەم چەند دانە پیتزامان بۆ ئەو شەوە بۆ بێنن.

لیزا گوتی:

ـــ بۆچی بە ڕەژی کەباب ساز ناکەن؟! مەگەر بەرهەیوانو مەقەڵیتان نیە؟!

پاتریك گوتی:

ـــ بیرۆکەیەکی خراپ نیە، بانیژەمان نیە، بەڵام لەنێو باخەکەدا بەرهەیوانو شوێنی سازکردنی کەبابمان هەیە، دیارە تەنیام و یارمەتیم دەوێ. بەڕاستی بۆت دەکرێ دوو سبەی لانی کەم بۆ کڕینی خواردەمەنی‌یەکان یارمەتی‌یەکم بدەی؟

لیزا گوتی:

ـ بە چاوان، نە تەنیا بۆ کڕین، بەڵکوو لە کەباب سازکردنو کارەکانی دیکەشدا ئەگەر پێویست بێ، حەتمەن یارمەتیت دەدەم.

پێکەوە ساغ بوونەوەو ڕۆژی شەممە سەر لە بەیانی‌یەکەی چوونە فرووشگایەکی خواردەمەنی‌و لیزا هەروەك کابانێك سەرۆکایەتی کڕینەکەی وەئەستۆ گرتو هێندێك گۆشتی گوێرەکە و چەند دانە سینگو ڕانی مریشكو چەند بەستە سوسیسی نۆڕنبێرگ و عەلاگەیەکی پێنج کیلۆیی ڕەژی‌و هێندێك نانو چەند دانە شەرابی سوورو سپی‌و دوو سندووق( دوازدە دانەیی) بیرەی شووشەیی‌و دوو کارتۆن ساردی‌و چەند بەستە بەستەنی‌و هێندێك تەماتە و بیبارو خەیار شۆرو زەیتوونو کەمێك پەنیری یوونانی‌و ... هتدی، کڕینو ڕاست بردیانەوە بۆ ماڵی پاتریك. بۆ یەکەم جار بوو ئەو ڕۆژە لیزا بچێتە ماڵی پاتریك. باڵەخانەیەك کە ژێر بیناکەی زیاتر لە سەت مەتری چوار گۆشە بوو، نهۆمی خوارەوەی بەرهەیوانو باخو حەسارو شوێنی سازکردنی کەباب، ژووری خەوتن، ژووری کارو میوانو هالێکی گەورەی نزیك چل مەتری چوار گۆشەی هەبوو کە مێزی نان خواردنیشی لە لایەکەوە لێ داندرابوو، چێشتخانەیەکی گەورە دەگەڵ سەلاجە و

فریزێر و کەلو پەلی دیکەی ئاشپەزخانە و هەوڕوهۆڵەیەکی زۆرو حەمام و مەستەراوی تایبەتی میوانو شوێنی دەستو پەل شۆردنیشی بوو. ئەم باڵەخانە پۆشتەوپەرداخە لە خانوویەکی چەند نهۆمی‌دا ئی باوکی‌یەتی‌و قاتی خوارەوەی داوە بە کوڕەکەی. پاتریك بەر لە هەموو شتێك، بە خاتری ئەو شڕوشپڕێوی‌یەی ماڵەکەی، داوای لێ بووردنی لێ کردو گوتی:

ـــ ئەمڕۆ قەرەواشەکەم نەهاتوە. پێشتر ئاگاداری کردبوومەوە کە میوانی هەیە و بۆی ناکرێو ئیجازەی گرت. بۆ خۆشم بۆم نەکرا ئەو هەوڕوهۆڵانە بشۆم.

ئەلیزابێت گوتی:

ـــ قەی ناکا، ماڵی سەڵت لەوە باشتر نابێ، منیش هێندێك جار کاتم نیە هەوڕوهۆڵەکان بشۆم و قەرەواشیشم نیە تاکوو یارمەتی‌یەکم بدا، بەڵکوو هەر دەبێ بۆ خۆم هەموو کارەکان بکەم.

سەعات نزیك دوازدەو نیوی نیوەڕۆ بوو، پاتریك گوتی:

ـــ کەمێکم برسیە و ئەگەر تۆش نان دەخۆی، دەچم دوو دانە پیتزایان دێنم.

لیزا گوتی:

ـــ باشە، منیش تۆزێکم برسیە. بەڵام با پیتزاکەی من چووکەتر بێ.

پاتریك گوتی:

ـــ پێت خۆشە پیتزاکەت چ شتێکی لەسەر بێ؟

لە وەڵامدا گوتی:

ــ بۆ خۆت حەزت لە چییە، با ئی منیش وابێ.

تا پاتریك هاتەوە، ئاشپەزخانەکەی ڕێكو پێك کردو خواردەمەنییەکانی خستە نێو سەلاجەکەوەو سەرێکیشی لە فریزێرەکە دا کە پڕ بوو لە خواردەمەنی بەستەبەندی کراوی تاکە کەسی. گۆیا دایکی پاتریك هەموو جارێك بۆ کوڕەکەی چێشتی بۆ سازکردوەو بۆی خستۆتە نێو فریزێرەکەوەو هەرکات هاتەوە ماڵێ یەکیانی گەرم بکاتەوەو بیخوا و ئیتر بیر لە سازکردنی چێشتو چوون بۆ ڕێستووران نەکاتەوە. لیزا دوای ئەم پشکنینانە، ماڵو میوانخانەکەشی ڕێكو پێك کرد. لەوکاتدا بیری لەوە دەکردەوە کە چ بکا؟ لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

ــ کەیوان منداڵی ناوێو ئەگەر منداڵەکەم ببێ، دەبێ واز لە کارەکەم بێنم و کەیوانیش نە کاری هەیە و نە پارەش کە خەرجی منداڵەکەی لێ بستێنم. لەولاشەوە کەیوان جحێڵێکی زۆر دلۆڤانو باشە و خۆشیشم دەوێ، بەڵام لە لایەکیتریشەوە نامەوێ بە خاتری حەزو ئارەزووی دڵی خۆم، داهاتووی منداڵەکەم بکەوێتە مەترسیو بارودۆخێکی نادیارەوە. بەڵام زۆر دەمێکە پاتریك بەهیوامە و زۆریشی پێ خۆشە کە ببمە هاوڕێی. ئایا لەوەها حاڵەتێكدا ڕەوایە کە ڕاستییەکەی پێ بڵێم و بزانێ کە دووگیانم؟! ئەم بیرۆکە کەمێك ئازاری دەدا، بەڵام لەهەرحاڵدا ترسێك بەری بەو ڕاستییە دەگرتو خۆشی وای بە باش زانی کە جارێ باسی نەکا. کەوابوو وا ساغ بۆوە هیچ شتێك نەڵێ. بەڵام بە گشتی لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە پاتریك جحێڵێکی زۆر دلۆڤانە و زۆریش حەزی لە ژیانو بنەماڵە و کارەکەیەتیو درەنگ یان زووش جێگای باوکی لە

کۆمپانیاکەدا دەگرێتەوەو تا ئێستاشی دەگەڵ بێ ئاکارو کردەوەیەکی ناشیرینم لێ نەدیوەو قەت لەو پێگەیەی کە لە کۆمپانیاکەدا هەیەتی‌و زۆر بە ئاسانی دەی‌توانی دەگەڵ هەر کچێك لە هاوکارەکانی کە پێی خۆش بوویایە بچێتە دەرەوەو ڕایی بواردایە، بەڵام بەخراپە کەڵکی وەرنەگرتوە.

لیزا لەبەر خۆیەوە دەی گوت:

ــ تاکوو ئێستا کە زانیومە، تەنیا جاروبارە دەگەڵ مندا هاتۆتە دەری‌و قەتیش چاوەڕوانی لەڕادەبەدەری لێم نەبووە. بەڵام وا هەست دەکەم، دەی‌هەوێ کە من مەیلی هاوڕێ‌یەتی پێ نیشان بدەم. سەرەڕای ئەوەش، گریمان ئەگەر ببمە خێزانی، سەداسەد داهاتووی خۆم و منداڵەکەم دابین دەبێ. بەهەرحاڵ بە هاتنەوەی پاتریك هەودای خەیاڵی پچڕاو دەگەڵ هاتە نێو ئاشپەزخانەکە و ئەو گۆڕانکاری‌یانەی دین واقی وڕما و بە دەنگێکی دۆستانەوە گوتی:

ــ زۆر سپاس، ڕازی بەو هەموو زەحمەتت نەبووم، لووتفێکی بێ نیهایەتت کردوە. بەڕاستی ژیانی ڕەبەنی ناخۆشە و درێژەی دا، ئێستا دوای ئەو هەموو کارە، وەرە نانێکی چاك بخۆین.

لیزا گوتی:

ــ هاوکاری کردن شتێکی تەواو سروشتی‌یە و هیچ زەحمەتێکیشی نیە، هاوکات دوو دەوری پانی لە ئاشپەزخانەکە هێنان‌و پیتزاکانی خستنە سەری‌و نیوەڕۆیەکیان پێکەوە خوارد.

لەوکاتدا پاتریك وەبیری هاتەوە کە نە نەوتی کڕیوەو نە شقارتە[11].

لیزا گوتی:

ــ نیگەران مەبە، لە ماڵەوە نەوتو شقارتەمان هەیە. هەر دەبێ بۆ ئاودانی گوڵەکانم بچمەوە ماڵێ، لە کاتی گەڕانەوەدا ئەوانە دەگەڵ خۆم دێنم.

پاتریك گوتی:

ــ پێت وا نیە درەنگ بێ؟!

لیزا گوتی:

ــ نەخێر، زووتر دەگەڕێمەوە. پێم گوتی یارمەتیت دەدەم، ئەمە تەنیا لە کڕینی خواردەمەنیو پیتزا خواردندا نەبوو، بەڵکوو لە کەباب سازکردنو ئاگرکردنەوەو ... هتدیش دایە! پێم وایە ئەگەر لە سەعات شەشەوە دەست پێبکەین خراپ نیەو منیش بە دڵنیاییەوە سەعات پێنج لێرەم. باشە؟!

پاتریك گوتی:

ــ زۆر مەمنوون، لەوە باشتر نابێ.

لیزا سەرێکی لەماڵەوە دا، گوڵەکانی ئاودانو، چونکە تا سەعات چوارو نیو و پێنج وەختی مابوو، چووە پشت مێزەکەیو نامەیەکی زۆر دۆستانەی بۆ کەیوان نووسی.

---

11 : کبریت: شقارتە، شەمچە، گۆرد.

دوودڵ بوو لەوەی کە بۆی بنووسێ زگی هەیە یان نا؟! ئایا پێی بڵێ کە دەیهەوێ دەگەڵ پاتریكدا پێوەندی بگرێ؟ و چەندین پرسیاری دیکەی لەوبابەتە. نامەکەی هەروا بە نیوەچڵی خستەوە نێو کەشێوی مێزەکەی. خەریك بوو سەعات لە پێنجی دوانیوەڕۆیە نزیك وەبێ. هەستا شەڵوارەکەی لە پێ کردو کۆتەکەی کردەبەریو کەمێك نەوتو چەند دانە شقارتەی هەڵ گرتنو سوار ماشینەکەی بوو و وەڕێ کەوت. وەختێك گەیشتە بەردەرگایماڵی پاتریك، لە دەرەوەڕا دیتی کە خەریکە مەقەڵیو دەم و دەزگای کەباب سازکردنەکە حازر دەکاو بەڕیز کورسییەکانی لەبەر هەیوانەکەدا دانابوون. هەوای نە زۆر گەرم بوو نە زۆریش سارد، دەکرا بەڕاحەتی لەبەر هەیوانەکەدا دانیشی. لیزا هەر کە چووە ژوورێ، دەست بەکار بوو، سەرەتا سەوزیو سالادێکی باشی سازکردو دوایەش گۆشتەکەی بۆ کەبابەکە حازر کرد.

دەگەڵ ئەوەی کە پاتریك تەنیا دە کەس لە هاوڕێو هاوکارە نزیکەکانی خۆی دەعوەت کردبوو، بەڵام چەند کەس لە هاوپۆلە دواناوەندییەکانیشی کە ڕۆژی لەدایك بوونی پاتریکیان لە بیر مابوو، ویستییان بە شێوەیەکی کتوپڕو چاوەڕوان نەکراو بە چەپکێك گوڵو چەند شووشە شەرابەوە بێن بۆ ماڵەکەی. ئەوان لە بەرخۆیانەوە وایان دانابوو کە: "ئێمە دەچین، ئەگەر لە ماڵەوە بوو چ باشتر، ئەگەریش نەبوو ئەوە ئەم دیارییانەی بۆ لەبەردەم ماڵەکەی دادەنێینو دەگەڕێینەوە". بە خۆشییەوە هەر کە لە زەنگییان دا، دەرگاکە کراوە. قرمو قاڵو هەراوهوریایەکی کە لە نهۆمی خوارەوە دەهات، وای نیشان دەدا نە تەنیا پاتریك لە ماڵەوە بوو، بەڵکوو جێژنێکی چووکە و خۆماڵیشیان ڕێك خستبوو. بۆیە بە پێکەنینو خۆشحاڵییەوە چوونە ژوورێ. لە لایەکەوە بۆ پاتریك جێی خۆشحاڵی بوو کە ئەو دۆستانەی دەورانی دواناوەندی لە

بیریـان نـەکردوە، بـەڵام لـە لایـەکی دیکەشـەوە نـاخۆش بـوو، چـونکە پاتریـك كـارتی دەعـوەتی بـۆ نـەناردبوون. هەرچـەند ناحەقیشـی نـەبوو، چـونکە ناونیشـانەکانیانی نەدەزانی، بەڵام دەگـەڵ ئـەوەش‌دا هەسـتی بـە شـەرمەزاری دەکـرد. بەهـەرحاڵ دوای داوای لێ بووردنێکی زۆر، حورمەتێکی زۆری گرتن. بەم شێوەیە بە هاتنی ئەوان، کۆی میوانەکان دەگەڵ لیزا و خۆشی‌دا گەیشتنە شازدە کەس.

لە سەعات حەوتی ئێوارەوە دەستیان بە سازکردنی کـەباب کـرد. کۆتـایی حـەوتوو بوو و هیچ ترس‌و نیگەرانی‌یەك لە کاردا نەبوو. چـونکە بـەیانی‌یەکـەی تـەعتیل بـوو تـا درەنگانێکی بـە شـایی‌و خۆشـی گوزەرانـدیان. هـەموو هاوڕێکـانی خۆیـان بـە یـەکتری ناساندو پاتریکیش لیـزای وەك هاوکـارو هـاوڕێی نزیکـی خـۆی بـە وان ناسـاند. دیـارە پێوەنـدی پاتریـك‌و لیـزا نـزیکتر لـە دوو هاوکـاری نیشـان دەدا، تـا ئـەو جێیـەی کـە میوانەکان وا تێ‌گەیشتبوون پاتریك لیزای زۆر خۆش دەوێ. ئەم بیرۆکەیـە بـە هـەڵس‌و کـەوتی دۆسـتانە و خۆماڵیانـەی لیـزا بـە نیسـبەت پاتریـك‌و میـوان گـەرمی‌یەکـەی بـە نیسـبەت هـەموو هاوڕێکـانی‌یـەوە، بـە جـوانی هەسـتی پـێ‌دەکـرا. هـەموو وایـان بـیر دەکردەوە کە ئەو دووانە زۆر لێـك نـزیکن یـان ئـەوەتا لـە داهاتوویـەکی نـە زۆر دووردا دەبنە ئەویندار.

کوڕەکـان دوای کـەباب‌و مەشـرووب خواردنەوەیـەکی زۆر تـا درەنگـانێکی لـە هـۆڵی میوانخانەکەدا سەرقاڵی شایی‌و هەڵپەڕین‌و سەماکردن بـوون. هەرچـەند پاتریـك پێشـتر بە دراوسێکانی گوتبوو کە ئەم شەو بە بۆنەی جێژنی لەدایك بوونی‌یەوە تـا درەنگانێـك شایی دەگرن‌و دەیکەنە قرم‌و قاڵ و ئیزنی لێ خواسـت بـوون‌و گوتبـووی کـە لـە سـاڵ‌دا

تــەنیا شــەوێكی وایــە و دەبــێ بم بــوورن، بــەڵام دەگــەڵ ئــەوەشدا بــۆ ڕێزدانــانو لەبەرچاوگرتنی خەوی تاقمێك لە دراوسێكانی، سەعات نزیك بە یەكی شەوێ زەفتی‌یان كوژاندەوە، بــەڵام تــا ســەعات ســێ و نیــوی بــەیانی دەســتیان لــە قســە و پێكــەنینو فیشقیات هەڵنەگرت. دوای ئەوەی هەموو میوانەكان ڕۆیشتن، لیزاش لـە كۆكردنـەوەی كـەلو پــەلو مێـزو كورســی‌یــەكاندا یارمــەتی پــاتریكی كـرد. بـەڵام شـۆردنی كـەلو پەلەكانیان دانان بۆ بەیانی كە گۆیا پاتریك پێشتر بە تەلەفوون كارەكەرەكەی ئاگـادار كردبۆوەو داوای لێكردبوو ئێستا كە شەممە نەی‌توانیوە بێ، كەواتە زەحمەت بكێشـێ و یەك شەممە سەعات یازدە كارەكان ئەنجام بدا. بـەم شـێوەیە، دوای ئـەوەی لیـزاش ویستی بڕوا، بەڵام پاتریك چاوێكی لێكردو بە دەنگێكی هێدی‌و دۆستانەوە گوتی:

ــ دەكرێ ئەمشەو بە تەنیا جێم نەهێڵی؟!

هەڵبەتە جێگە و بانو نوێنی بە جیاشم بۆ میوان هەیە و بە هێواشەكی گوتی:

ــ هەرچەند تۆ میوان نی.

لیزا كە پێی ناخۆش نەبوو و ئەوەی لە خودا دەویست، گوتی:

ــ لـە بـیری ئـەوەدا بـووم كـە بـەیانی بـێم بـۆ یارمــەتیت و بیریشـم كـردەوە ڕەنگـە كارەكەرەكە هەروەك ئەمڕۆ بە سەهووت بەرێ‌و نەیەت.

ئەوەی ڕاستی بێ ئێستا حەوسەلەی شۆفێری كردنیشـم نیـە و ئـەو شـەرابە كـەمێك سەری گەرم كردووم، لەو كاتدا چاوێكی لە پاتریك كردو گوتی:

ــ مادام كە دەڵێی میوان نیم، باشە، دەمێنمەوە.

پاتریك بە بیستنی ئەو قسەیە لە ڕادەبەدەر خۆشحاڵ بوو و دەستی لە ملی لیزا کردو چاویان لەسەر یەکتری هەڵ نەگرتو زیاتر هۆگری یەکتری بوونو ئاخرەکەی لیزا سەری بە سینگی پاتریکەوە نا.

پاتریك دەستێکی خستە سەر کوڵمەکانیو لاواندییەوەو لە پشتەوەڕا هێواش پەنجەی بردە نێو پرچەکانیو لە ژێر چەنەگەیەوە هێنایەوەو بە هێواشەکی سەری پێ بەرز کردەوەو لێوی بە لێوییەوە نا. لیزاش بەبێ هیچ خۆڕاگرییەك خۆی بۆ شل کردو چوونە نێو دونیای خۆیانەوە. هەرچەند قاپو قاچاغ و شووشە و پەرداخەکانیان لە ئاشپەزخانەکە بۆ شتن داندرابوون، بەڵام بێ ماتڵ بوون هەر دووکیان بەرەو ژووری خەوتن ڕۆیشتن. لەوکاتدا پاتریك بە لیزای گوت:

ــ ئەگەر تۆ پێت خۆشە هەر لێرە لەسەر ئەو تەختە بخەوەو منیش دەچمە ژووری کارو میوانخانەکە دەخەوم.

لیزا کە هەر دەستی لەنێو دەستی پاتریکدا بوو، چاوێکی پڕ لە خۆشەویستی ڕووخساری پاتریکی کردو سەرلەنوێ لێوی بە لێوییەوە نا و یەکتریان لەسەر تەختەکە تلاندەوەو لەو کاتە هەستیارەدا بوو کە بڕیاری جیدیو یەکجارەکییان بۆ پێوەندی ئەوینو خۆشەویستی داڕشت. بۆ بەیانی دوای نانو چایی خواردن لیزا هاتەوە بۆ ماڵی خۆیو چووە پشتی مێزە گچکەکەیو ویستی ئەو نامە نێوەچڵەی کە بۆ کەیوانی نووسیبوو تەواوی بکا و بۆی بنێرێ. بەڵام لەنەکاو گوتی:

ــ نا، دەبێ چاوم پێی بکەویو بۆی شی بکەمەوەو نامەکەی دڕاند. ڕۆژێك دواتر چوو بۆ لای کەیوانو زۆر دۆستانە کۆتایی بە پێوەندی خۆشەویستییەکەیانی هێنا و گوتی:

ــ لەمڕۆ بەولاوە تەنیا دوو هاوڕێی یەكترین. لەو ڕێكەوتە بەولاوە لیزا و كـەیوان بوونـە دوو هـاوڕێی لێـك نزیـكو پێشـی گـوت كـە لـە دوێنەكـەوە دەگـەڵ پاتریـكدا پێوەنـدی خۆشەویستی‌یان دامەزراندوە.

چوار حەوتوو دواتر ڕۆژێكیان لیزا بە پاتریكی گوت:

ــ بۆ پشكنین چۆتە لای دوكتورێكی ژنانـە و تاقیكـاریو سـۆنارەكەی دەری خسـتووە كە زگی پڕە، بەڵام نەی‌گوت، لە چ ڕێكەوتێكەوە سەردانی دوكتوری كردوەو زگی چەند مانگە. پاتریك بە بیسـتنی ئـەم هەواڵـە زۆر خۆشـحاڵ بـوو و لـەو كاتـدا بـیری لـە هـیچ شتێكی‌تر نەكردەوە، جیا لە دارشتنی پلانێك بۆ ژیانێكی هاوبەش. هەرگیز بیری لـەوە نەكردەوە لانی كەم بڵێ:

ــ بۆوێنە چەند حەوتووە زگت هەیە؟ یان ئێمە تازە دەگەڵ یـەكتری‌دا ئاشـنا بـووینو سەرەتای ئەوینو خۆشەویستی‌یەكەمانە! و بە هیچ جۆر بە مێشكیشی‌دا نـەدەهات كـە لێـی بپرسـێ، ئایـا ئـەو منداڵـە ئـی منـە یـان ئـی كەسـێكی‌تـرە؟ دەسـت بـەجێو بـە خۆشحاڵی‌یەوە گوتی:

ــ ئایا دەتەوێ پێكەوە بژین؟

لیزا چاوێكی سۆزدارانەی لە پاتریك كردو بە سەر لەقاندنەوە گوتی، بەڵێ.

پاتریك گوتی:

ــ كەواتە ماتڵی چی؟ كەی دەتەوێ بێی بۆ لام كە پێكەوە دەست بە ژیانێكی دروست و حەساوی بكەین؟ خانووبەرەكەم زۆر گەورەیە و بەشی سێ كەس دەكا، مەگەر نا؟!

لیزا لەنەکاو لە ئامێزی گرتو گوتی:

خۆشم دەوێی، بەڵام بە پێی قەباڵەکە دەبێ سێ مانگیتر لەو خانووەدا بمێنمەوە یان ئەوەتا دەبێ کرێی ئەو سێ مانگە بۆ خۆم بیدەم.

پاتریک گوتی:

ــ خانووەکەت ئی کۆمپانیایە و بۆ خۆم جێبەجێی دەکەم. چاو لە لیستی ئەو کەسانەی تازە هاتوونەتە کۆمپانیاکە بکە و بزانە کێ سەڵتە و پێویستی بە خانوو هەیە. ڕازیت هەر لەمڕۆوە ئەو کەلو پەلانەی کە پێویستن‌و ئەو شتانەی کە پێت خۆشن، یەواش یەواش بیان گوازینەوە بۆ ئێرە؟

لیزا سەرلەنوێ لە ئامێزی گرتەوەو ماچێکی کردو گوتی:

ــ باشە لەمڕۆوە کەلو پەلە پێویستییەکان کۆ دەکەینەوە. ناوبراو بۆ بەیانییەکەی کە چۆوە سەرکار، دیتی، یەکێك لە هاوکارەکانی پێویستی بە خانوویەکی دوو دیوی هەیە. ئەو هاوکارەی تاکوو ئێستاکە لە خانوویەکی سێ مەتری چوار گۆشەدا ژیاوەو ئێستا خاوەن ماڵەکەی جوابی کردوەو بۆ کچەکەی خۆی دەوێ. دەگەڵ ئەو هاوکارە قسەیان کردو حازر بوو لە مانگی داهاتووەوە خانووەکەی لیزا وەربگرێ‌و بۆ خۆشی ڕەنگی بکاتەوە.

هەر لەو ڕۆژانەدا پاتریك بە دایك‌و باوکی ڕاگەیاند کە دەگەڵ لیزادا دەژی‌و بە فەڕمی لە دەعوەت کردنێکی بۆ شێوان وەك دەزگیرانی خۆی بە دایك‌و باوکی ناساند. لیزا لەوەودوا بەردەوام مانگی جارێك بۆ پشکنین سەردانی دوکتوری ژنانەی دەکرد. هەر

لەو مانگەشدا ئاکامی پشکنینەکانی نیشانی پاتریک دا کە بۆ خۆیو منداڵەکەشی ساغن. پاتریک باسی زگپڕبوونی لیزای کەمێك درەنگتر بە دایكو باوکی گوتو ئەوانیش زۆریان پێخۆش بوو. بە تایبەت خەزووری نەیدەویست زۆر خۆی ماندوو بکا. حەوتوویەك دواتر جێگرو سکرتێرەیەکی دیکەی ڕاگرت. کاتێك کە لیزا زگی بوو بە شەش مانگ، پێکەوە زەماوەندیان کردو جێژنێکی خنجیلانەیان لەنێو خۆدا ساز کرد.

نۆ مانگ تێپەڕیو لیزا کچێکی ناز نازیو جوانکیلەی بوو کە بە پێشنیاری خەسووی، ناویان نا "سابینە". لەدایك بوونی سابینە ژیانی ژنو مێردایەتییەکەیانی گەرم و گوڕو پتەوتر کرد. تەنیا کەسێك کە ئاگاداری ئەوە بوو کە ئەو زگەی لە کەیوانە، خۆی بوو و زۆر جار نیگەرانیو ئاسەواری شاردنەوەی ئەو نهێنییە نەگوتراوە بە ڕووخساری لیزاوە بەرچاو بوو، بەڵام ڕێگای پاساوی بۆ داپۆشینی ئاسەواری ئەو نیگەرانییەی دەدۆزیەوە.

لیزا دەگەڵ تەواوی ئەو وەسفانەدا، هێندێك جار کە کەیوانی دەدیی بە گەرم و گوڕی ئەحواڵی دەپرسی، بەبێ ئەوەی بڵێ: لە ڕوانگەی بیۆلۆژییەوە تۆی باوکی ڕاستەقینەی سابینە. لە هەر چاوپێکەتنێکدا بە کەیوانی دەگوت:

ــ ئەگەر پێویستیت بە یارمەتی ماددی هەیە حەتمەن بیڵێ. کەیوان لەو سەرەتایانەوە بە هیچ جۆر پێی خۆش نەبوو یارمەتی ماڵی لە لیزا وەربگرێ. سەرەنجام نیگارخانەو کارگایەکی گچکەی نیگارکێشانی بە هەقدەستێکی لەبار دییەوەو گرتی. لیزاش کەمێکی یارمەتی دا.

کەیوان زیاتری کاتەکان لەو نیگارخانەیەدا خەریکی وێنەکێشانەوە بوو و زۆربەی ڕۆژەکانیش ئەگەر کاری زۆر بوایە یان بیویستایە کە دەبێ حەتمەن ئەو وێنە تەواو بکا، شەوانە تا درەنگانێك کاری دەکردو هەر لەوێش دەخەوت. ناوبراو گەلێ جار وێنە ڕیکلاماوییەکانی بۆ کۆمپانیا گچکەکان دەکێشاوە، بەڵام ژمارەیان زۆر نەبوون. بەو پێیە کەیوان هەمیشە خەریکی کار بوو، چونکە وێنەی زۆری بۆ خۆی دەکێشانەوەو بە کەمیش پێشانگای دادەنا. بەو پێیە ئەگەر پێشانگایەکیشی داناباوە، کەم کەس ڕوویان تێدەکردو فرۆشیشی زۆر نەبوون.

پاتریك تا کچەکەی گەیشتە تەمەنی شازدە ساڵی لە چاوپێکەوتنی لیزا دەگەڵ کەیوان هیچ ئاگادارییەکی نەبوو و ئەگەر بۆ ماوەی چەند سەعات یان تەنانەت نیوە ڕۆژێکیش دیار نەبووایە، هەرگیز نەی دەپرسی لە کوێ بووی؟!

ناوبراو خافڵ لە هەر شتێك، تەواوی بیرو زەینی لەسەر کارو ژنو منداڵەکەی چڕ ببۆوەو کاتە بێکارییەکانیشی دەگەڵ بنەماڵەکەیو ئەگەر لیزاش نەبوایە دەگەڵ سابینەدا بەسەر دەبرد. دایكو باوکی پاتریکیش زۆریان ئاگا لە سابینە بوو. سابینە کچێکی خوێن شیرینو لەبەردڵانو هەمووش خۆشیان دەویست. زوو گەورە بوو، سەرەتا باخچەی ساوایانو قوتابخانەی سەرەتایی تێپەڕ کردو دوایەش چونکە کچێکی زۆر وریا و زیرەك بوو، چووە قۆناغی دواناوەندی. سابینە نە تەنیا خۆشەویستی دایكو باوکی بوو، بەڵکوو هەر دووك نەنكو باپیرە گەورەکەشی پێی ڕادەگەیشتنو هەرچی بیویستایە بۆیان دەکڕی. ئەوان بێخەبەر لەوەی کە پاتریك باوکی ڕاستەقینەی سابینە نیە. بە تایبەت کاتێك کە دەچۆوە ماڵی باپیرەی، زوو هەڵ دەهاتە باوەشی

باپیرەیەوەو ئەویش لەڕادەبەدەر خۆشی دەویست، تا ئەو جێیەی کە لە وەسیەت نامەکەیدا یەك لە چواری کۆمپانیاکەی بە ناوی سابینەوە کردبوو و سێ لە چوارەکەی دیکەشی بە ناوی تەنیا کوڕەکەیەوە واتە پاتریك.

سابینە تەمەنی گەیشتە شازدەساڵیو پۆلی دەی دواناوەندیشی بە سەرکەوتوویی‌یەوە بڕی. ماوەیەك بوو هەستی کردبوو کە دایکی لە باری ڕۆحی‌یەوە ئاڵۆ گۆڕی بەسەردا هاتووە. هەرکات لە قوتابخانە دەگەڕاوە، بە پێچەوانەی پێشوو، دایکی لە ماڵ نەبوو. زۆر جار تەنانەت پاتریك کە کاریشی دەکرد، زووتر دەهاتەوە. دیارە لیزا بە دوای لەدایك بوونی سابینەدا ئیتر نەچۆوە سەرکارو بووە کەبانووی ماڵێ. هەربۆیە پاتریك و سابینەش وایان عادەت گرتبوو وەختێك کە دەگەڕانەوە، دەبوو لیزا لە ماڵەوە بووایە. گەلێ جار سابینە گلەیی‌ئاسا بە دایکی دەگوت:

ـ دایە هەموو ڕۆژێك بۆ کوێ دەچی کەوا کارەکەت تەنانەت تا هاتنەوەی منیش دەخایەنێو هەر وەخت من لە قوتابخانە دەگەڕێمەوە تۆ لە ماڵەوە نی؟ ڕۆژێك پاتریك بۆ یەکەم جار پشتگیری لە قسەی کچەکەی کردو گوتی:

ـ ڕاست دەکا، گیانەکەم، هەر وەخت منیش زووتر لە کاتی خۆم هاتوومەوە، تۆ نەبووی. ئێستا من بە جەهەندەم، بەڵام ئەم کچەمان پێویستی بە تۆیە و دەیەوێ وەختێك دێتەوە بۆ ماڵێ، تۆ یەکەم کەس بیی کە لە ئامێزی دەگریو دوای ئەو قسانە ژنەکەی لە ئامێز گرتو ماچێکی کردو بە کچەکەی گوت:

ـ ڕەنگە دایکت خەریکی ئەنجامدانی کارێکی گرینگ بێو پێمان نەڵێ.

لیزا بە ڕۆژ دەچووە نیگارخانەکەی کەیوانو لە کاتی وێنەکێشاندا چاوی لێدەکرد. دەگەڵ ئەوەیدا کە دەی گوت:

ـــ نا، نا، من هیچ شتێکم نیە کە بیشارمەوە، بەڵام دەگەڵ ئەوەشدا چەندین ساڵ بوو کە لە دڵەوە خۆی دەخواردەوەو مەسەلەی نهێنی ئاووس بوونەکەی لە کەیوان، نە بە کچەکەی گوتو نە بە پاتریك و نە بە کەیوان خۆشی. لەم دواییانەدا ئەو بیرکردنەوانە ئازاری دەدانو تەنانەت شەوانەش خەوی لێ زڕاندبوو و دەیویست بە جۆرێك لە چنگی ئەو بیرۆکە ئازاردەرانە کە هەم کچەکەیو هەمیش مێردەکەی لێی وەگومان کەوتبوونو بیریان دەکردەوە کە دڵی بە کەسێکی دیکەوە بێ کە لە ڕاستیشدا وانەبوو، خۆی ڕزگار بکا.

ڕۆژێکیان لیزا سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ئەو نهێنییە دەگەڵ مێردەکەیدا، بە حزووری کچەکەیو کەیوان دەزگیرانە کۆنەکەی باس بکا و چاوەڕوانی ئاکامی کارەکەشی هەرچییەك بێ، بکا. لە دەرفەتێکدا بە پاتریکی گوت:

ـــ تۆ دەزانی کە خۆشم دەوێیو لە ماوەی ئەو شازدە ساڵەی ژیانماندا، جار دەگەڵ جار زیاتر لام خۆشەویستتر بوویو قەتم غەیانەت لێنەکردووی. بەڵام نهێنییەك لە دڵم دایە و لە ڕادەبەدەر ئازارم دەدا، دەمەوێ ئەو نهێنییە بە تۆ و کچە خۆشەویستەکەم و کەسێکیتریش هەیە بڵێم.

پاتریك بە بێئارامی گوتی:

ــ ئەو کەسەی دیکە کێیە؟! شکم بۆ شتێك دەچێ، بەڵام چونکە زۆرم خۆش دەوێی ئەو شكو گومانەشم زۆر بە لاوە گرینگ نینو قەتیش بە جیددیم نەگرتوونو نەشم ویستووە لەو بارەوە هیچت لێ پرسم.

لیزا گوتی:

ــ کەواتە ئیزن دەدەی، کەیوان دەعوەت بکەم و پێکەوە قسە بکەین؟

پاتریك بە سەرسووڕمانەوە گوتی:

ــ کەیوان ئیتر کێیە؟!

لیزا بە هێمنییەوە گوتی:

ــ دەزگیرانە کۆنەکەم. ئەو نیگارکێشە و من بە تایبەت لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا حەوتووی چەند جار چوومەتە سەردانیو دەچم و چاو لە وێنەکانی دەکەم و هێندێك جاریش یارمەتی ماڵیم داوە. بەڵام ئەوەش بزانە کە هیچ پێوەندییەکی خۆشەویستیم دەگەڵی نەبوو.

پاتریك گوتی:

ــ کەواتە من دەبێ کار بکەم و تۆش بیدەی بە دەزگیرانە کۆنەکەت!

لیزا گوتی:

ــ بیری خراپ نەکەیەوە، دڵنیا بە لە ماوەی ئەو شازدە ساڵەی ڕابردوو تاکوو ئێستا هیچ جۆرە پێوەندییەکی سێکسیم دەگەڵی نەبووە.

پاتریك باوەڕی کرد.

ئەوان کەیوانیان بانگ کرد. دوانیوەڕۆیەکی کەیوان نیگارخانەکەی داخستو بەو ناونیشانەی کە لیزا پێی دابوو، هات. کەیوان چەپکە گوڵێکی جوانیشی بۆ لیزا هێنابوو.

لیزا کەیوانی بە مێردەکەی ناساندو گوتی:

ــ ئەوەش کەیوانی کۆنە دەزگیرام، دیارە دەزگیرانی بەر لە ئاشنایەتی دەگەڵ تۆ! ئەو وێنەیەی من کە ئێستا لە ماڵی باوکمە، ئەو کێشاویەتییەوە.

پاتریك گوتی:

ــ ئا! تۆ هەر ئەو کەیوانەی کە ژێر وێنەکەت واژۆ کردوە؟

کەیوان بە سەر لەقاندنێکەوە تەئیدی کردو گوتی:

ــ لە چاوپێکەوتنو ئاشنایەتیتان خۆشحاڵم.

دیارە لیزاش پێشتر بە کەیوانی گوتبوو کە مێردەکەی ناوی پاتریکە.

ئەوان دوای ئەو ئاشنایەتییە پێکەوە دانیشتن. لیزا خەریکی دروست کردنی قاوە بوو و پاتریكو کەیوانیش باسی کاری زۆرو خەرج و مەخاریجی ژیانیان دەکردو پاتریك ویستی داوا لە کەیوان بکا کە چەند نموونە وێنەی بۆ تەبلیغی کۆمپانیاکەی بکێشێتەوە کە سابینەش لە قوتابخانە هاتەوەو پاتریك کەیوانی بە کچەکەی ناساندو گوتی:

ـــ كـەیوان دۆسـتە كۆنەكـەی دایكـت بـەر لـە ئاشـنایەتی دەگـەڵ مـندا. لیـزا هـەر لـە چێشتخانەكەوە سڵاوێكی كـردو بـە قـاوەو كەشـەفەیەك كـەیك كـە بـۆ خـۆی دروسـتی كردبوو، هاتە میوانخانەكە. هەموو لە دەوری مێزەكـە خـڕ بوونـەوە. لیـزا چـاوێكی لـە چاوە پڕ لە چاوەڕوانییەكانی پاتریكو بێدەنگی سابینە و كەیوان كردو چیرۆكی سكپڕ بوونەكەی دەگەڵ كەیوانو ئەو بیرۆكانەی كە لە مێشكیدا بوونو زیاتر لە شازدە سـاڵ بوو كە ئازاری پێوە دەچێشتن، دەگەڵ وانی باس كردو بە كچەكەی گوت:

ـــ بە قوربانت بم، كەیوان لـە ڕوانگـەی بیۆلـۆژییـەوە باوكتـە. بـەڵام سـابینە هـەر لـە سەرەتاوە گوتی:

ـــ من هیچ كارێكم پێی نیە و پاتریك باوكمە.

كەیوان لە بەرامبەر ئەو دژكردەوە جیدییەی كچەكەیدا، گوتی:

ـــ گیانەكەم، من هەڤدە ساڵ بەر لە ئێستا بە دایكـتم گوتـووە كـە بەڕاسـتی خـۆم بـە شـیاو و لیاقـەتی ئـەوە نـابینم كـە ببمـە بـاوكو، بەڕاسـتیش نـەمزانیـوە كـە بـاوكی ڕاستەقینەتم. ئێستا لەسەر ئەو باوەڕەم، هەروەك لە ڕابردوودا پاتریـك بـاوكێكی بـاش بووە بۆت، دەتوانێ لە داهاتووشدا باوكێكی چـاك بـێو هیـوای بەختـەوەریتان بـۆ بـە ئاوات دەخوازم.

پاتریك گوتی:

ـــ هەر لە سەرەتاوە دەمزانی كە سابینە لە من نیە، چونكە ئێمە تەنیا مانگێك بوو كـە زەماوەنـدمان كردبـوو، بـەڵام لیـزا زگـی مـانگو نیوێـك بـوو. بـەڵام چـونكە لیـزام لـە

ڕادەبەدەر خۆش دەویستو ئێستاش خۆشم دەوێ، ئەو مەسەلەم زۆر بەلاوە گرینگ نەبوو. هەرچەند ئێستا ئەوە ڕاستی‌یەکی تاڵە، بەڵام ئەلیزابێت خۆشەویستی منو سابینەش کچە نازدارەکەمە.

لە نێوان خەڵکانی گۆی زەوی‌دا گوڵو شالوور باوەو دەم بە دەم دەگێڕدرێتەوە کە بەهار وەرزی ئەوینو خۆشەویستی‌یە و پێوەندی‌یە ئەوینداری‌یەکان زیاتر لە وەرزی گوڵو گوڵزاردا چرۆ دەردەکەنو دەپشکوون. ڕەنگە ئەوە لەو وڵاتانەی کە سنووردارێتی‌یەکەیان لە ڕادەبەدەرە، ڕاست بێ، چونکە لە زۆربەی وڵاتەکان یان قووڕنەکان‌دا تەنیا سەرەتای وەرزی بەهار، بە جێژنو شادی هەمووان دەژمێردرێ. لە ئاکام‌دا مرۆڤەکانی ئەو وڵاتانەش هەروەك سروشت لەو وەرزەدا گەشە دەکەنو ئەم قسەیە زیاتر وەڕاست دەگەڕێ. بەڵام لە قووڕنەکانی دیکە و بە تایبەت ئورووپا کە سنووردارێتی‌یەکە کەمترە، هەموو وەرزێك، وەرزی ئەوینو خۆشەویستی‌یە، وەرزی هیوا بوونە یان بە پێچەوانەی ئەو وەرزە ناهومێدی‌و داهاتوو بە ڕەش دەبینن واتە بوونیان نیە.

بەهەرحاڵ لێرەدا پێوەندی ئەوینو خۆشەویستی‌و ناهومێدی‌و خەمۆکی سنوورێکی نیە و وەرزێکی تایبەتی ناناسێ. کەواتە نە بەهار بە تەنیا وەرزی ئەوینو خۆشەویستی‌یە و نە پاییزیش بە تەنیا وەرزی خەمۆکی.[12] :

---

12 : سووژەی ئەم چیرۆکە کورتە لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیونی ئەڵمان، کە تایبەتی دەروون شیکاری بنەماڵەیە، وەرگێراوە کە ژیانی ڕاستەقینەی تاقمێك لە ئێمە مرۆڤەکان دەردەخا. ناوەکان لەم چیرۆکەدا گۆڕدراون.

# ڕاستییەكی چەندە تاڵ كە كۆتاییەكی شیرینی دەبێ!

**چیرۆكی چوارەم:**

مەسەلەی ئازادی سێكسیو پێوەندی ئەم جۆرە شتانە لەنێو گەنجانی ئورووپادا بۆتە كارێكی ئاساییو سروشتیو هیچ كەسیش بە خاتری خۆشەویستیو پێوەندی سێكسی واتە پێوەندی سێكسی بەر لە ژن هێنانو سیغەكردن( لە نێو شیعەكاندا)، نە دەیان سووتێننو نە بەردبارانیشیان دەكەن. هەرچەند كچانو كوڕان، بە پێی یاسا لە تەمەنی شازدە یان هەژدەساڵ بەرەوژوورتر دەتوانن پێكەوە كاری سێكسی بكەن، بەڵام زۆربەی جحێڵەكان لەم بوارەدا، ملكەچ و پەیڕەوی غەریزەو سروشتی خۆیانن نەك ئی یاسا. چونكە هەر لە سەرەتای تەمەنی خۆناسینەوە سوود لەم ئازادییە وەردەگرنو زۆر جار وەك خۆراكی ڕۆژانە بە پێویستی دەزانن. بۆیە مامۆستایانی بارهێنانو ڕاهێنەرەكانیان بە وشیارییەكی تەواو لەم بوارەداو بە پێی بەرنامەیەكی وریاكەرەوەی كە لەبەردەستیان دایە بۆ شی كردنەوەی زیاتری پێشگیری لە مەترسیو

شیمانەکان، لە تەواوی قوتابخانەکانی ئەو وڵاتانەدا، بە ئەرکی خۆیانی دەزانن، هەر لە پۆلی شەشەم یان حەوتەمڕا کە منداڵەکان لە تەمەنی خۆناسین نزیك دەبنەوە، چەندین سەعاتیان لە وانەی زیندەوەرزانی بۆ شرۆڤەکردنی ئەندامەکانی مرۆڤ و شێوەی پەیوەندی نێوان کچ و کوڕو تەنانەت زاووزێ و شێوەی پێشگیرییەکەیو بە شێوەیەکی گشتیی ڕوون کردنەوەی تازە لاوەکان لە بواری پێوەندی سێکسیدا، تەرخان دەکەن. ئەم هەوڵانە لە هێندێك لە قوتابخانەکاندا لە ساڵەکانی پەنجا و شەستی زایینییەوە دەستی پێکردوە، بەڵام دەگەڵ بەرەنگاریو بەربەرەکانی جیدی کلیسا و تاقمێك لە بنەماڵە بە ڕواڵەت ئایینی یان مەزهەبییە توندڕەوەکان بەرەوڕوو بۆوە کە سەرەنجام لە ساڵەکانی هەفتا بۆوێنە لە ئەڵمان لە ساڵی ١٩٧٨ی زایینی بە یاسایی بوونی وتنەوەی مەسەلەی سێکسی لە قوتابخانەکاندا لە لایەن دادگای باڵاوە پەسند کرا کە بەربەرەکانی کلیسا و هەمیش بەربەرەکانی دایك و باوکە توندڕەوەکانی پووچەڵ کردەوە. کەواتە کچانو کوڕان لە بواری مەسەلەکانی پێوەندیدار بە خۆیانەوە هەر لە تەمەنی دوازدە ساڵ بەرەوژوورتر بە تەواوی تێدەگەیەندرێن کە لە سەرەتادا چ ئەرکێکیان هەیە و چ ڕووداوگەلێکی وەك منداڵ بوونی ناوەختو مەترسییەکانی ئایدزو نەخۆشییە گوازراوە سێکسییەکانی دیکە چاوەڕوانییان دەکا کە ئەگەر ئاگایان لەخۆ نەبێ، چ بارێکی گران دەخەنە سەرشانی خۆیانو بنەماڵە و هەروەها سەرشانی کۆمەڵگە.

گەلێ جار بەهۆی گوێ نەدانو یارمەتی نەکردنی مامۆستایان لە لایەن دایكو باوکەکانەوە پێش هاتووە کە کوڕو کچەکانیان، هەر لەو تەمەنی دوازدە یان سێزدە ساڵییەوە ئەو پەیوەندییە سێکسییەیان دامەزراندوە کە زۆرجار ئەزموونەکان دەریان

خستووە كە كوڕێكی پازدە یان شازدە ساڵە زگی كچێكی سێزدە ساڵەی پڕ كردووە بەم شێوەیە كێشەگەلێكی زۆری بۆ خۆیو دایكو باوك و بەڕێوەبەری كاروباری پشتیوانی لە تازە لاوەكان پێك هێناوە.

## گەلۆ ئەوە پێشەكییەكی كورت بوو بۆ ئەو چیرۆكەی خوارەوە:

پیترا كچێكی زۆر جوانی بەژن ڕێكو پێك، مەمكگەلێكی قوتو پرچێكی درێژو بریقەدار، چاوگەلێكی گەورەو لەبەردڵان، دەگەڵ ئەوەی تەمەنی كەم بوو، بەلام لە هاوتەمەكانی خۆی ئاقڵو ژیرتر بوو. ناوبراو تەنیا عەولادی بنەماڵەیەكی مام ناوەندی ئەڵمانی بوو كە دایكو باوكی هەردووكیان فەرمانبەری حكوومەتی بوون. پیترا لە بواری ماددییەوە هیچ كەمو كووڕییەكی نەبوو و هەموو ئیمكاناتێكی ژیانیشی لەبەردەستدا بوو. بەلام دایكو باوكی بەهۆی كاری زۆرەوە، كەمتر سەر دەپرژان كە كەمێك زیاتر، ئەو كاتانەی لە قوتابخانە نیە بەو تاقانە عەولادە خۆشەویستو ئازیزەیان ڕابگەن. بۆیە زیاتری كاتە بەتاڵەكانی دەرەوەی قوتابخانەی دەگەڵ هاوڕێو هاوپۆلەكانیدا دەبردە سەر. ناوبراو لە تەمەنێكدا بوو كە هەموو ڕۆژێك بەشداری باسو وتووێژە تیۆریكە بیۆلۆژییەكانو پێوەندی كچانو كوڕانی دەكردو لەم حەدو سەدەشدا تەنیا باسی گەنجە هاوتەمەنەكان هەر ئەوە بوو كە كام كوڕ زۆر جوانەو كامیش لووت بەرزەو لووس بارهاتووەو هەروەها كام كچ جوانتر یان ناشیرینترە، بەلام قەشمەرو خۆنوێنترو سەرنج ڕاكێشترە !

پیترا كە تازە پازدە ساڵی تەواو كردبوو، هەر لە شەوی جێژنی لەدایك بوونەكەیدا دەگەڵ پیتێری هاوپۆلی كە زیاتر پێكەوەو هاوڕێی زۆر نزیك بوون، لەسەر شتێكی زۆر

ساکار کە لەنێو جحێڵەکاندا ئاسایی‌یە، قسەیان لێك هەڵبەزی‌یەوەو تۆران. پیتێر بەر لە هەموویان جێژنەکەی بەجێ هێشت و بەبێ خواحافیزی ڕۆیشت. بەهۆی قەرەباڵغی خۆیانەوە ئاگایان لە ڕۆیشتنەکەی نەبوو. پیترا بۆ بەیانی‌یەکەشی لە قوتابخانە دەگەڵ پیتێردا هیچ قسەیەکی نەکردو گوێشی بۆ وانەکان ڕانەگرت واتە ئەو ڕۆژە بە نیسبەت وانەکانیشەوە کەمتەرخەم بوو، بەڵام تەواو جیددی دەهاتە بەرچاو و ئەسڵەن چاوی لە پیتێریش نەدەکرد، بە شێوەیەك کە هاوپۆلەکانی زیاتر لە ڕووداوەکەی دوێ شەو گەیشتن. پیتێر بە خاتری ئەو گوێ پێنەدانو خۆ تێنەگەیاندنەی پیترا، لەکاتی پشووی نێوان وانەکان(ئانتراکت)دا دەگەڵ یەکێك لە کچەکانی پۆلی بەرامبەریان کە پیترا بە ڕەقیبی خۆی دەزانیو لەو جوانترو بەخیلی پێدەبرد، بۆ تۆڵەکردنەوە دەستی کرد بە پیاسەکردنو گاڵتە و جەفەنگ دەگەڵیدا. ئەو کارە پیترای تووڕە کردو هەر لەو ئانتراکتە بەولاوە نەهاتەوە پۆلەکە و بۆ خواردنەوەی قاوەیەکو نیشتنەوەی ڕقەکەی چووە قاوەخانەیەك لە دەوروبەری قوتابخانەکەیان واتە وێستگەیەك خوارووتر. هەرچەند جگەرەکێشیش نەبوو، بەڵام پاکەتێك جگەرەی گێڵوازی کڕیو چووە قاوەخانەکە. چاوێکی بەم لاولادا گێڕاو کورسی‌یەکی بەتاڵی دییو لە گەنجێك کە لەو بەر مێزەکەوە دانیشتبوو، لێی پرسی ئەوە جێگای کێیە؟!

گەنجەکە زۆر بەئەدەبەوە وەڵامی داوە، جێگای کەس نیە و چۆڵە، ئەگەر حەزت لێیە فەرموو دانیشە. سپاسێکی کردو کورسی‌یەکەی کێشایە دواوەو دانیشت و بۆ لەبیر بردنەوەی ناڕەحەتی‌یەکەی، ویستی جگەرەیەك داگیرسێنێ، بەڵام کە دیتی نە شەمچەی پێیە و نە فەندەك. چاوێکی لە دەوروبەری کرد نەکا دۆستێك یان ئاشنایەکی لێ بێو جگەرەی پێوە ببینن، ویستی هەستێو لە قاوەچی‌یەکە شقارتە یان

فەندەکێکی لێوەربگرێ، بەڵام گەنجەکە تێگەیشت و خێرا فەندەکەکەی دەرێنا و بۆی پێکرد تا پیترا جگەرەکەی داگیرساند. پیترا سپاسێکی کردو مژێکی توندی لە جگەرەکە دا، بەڵام چونکە یەکەم جاری بوو کە جگەرەی دەکێشا، کۆخەیەکی توندی لێپژا. ڕووی لە گەنجەکە کردو گوتی:

ــ داوای لێ بووردنم هەیە دووکەڵ پەڕیە قووڕگمەوە. گەنجەکە بێماتڵ بوون گوتی:

ــ تکا دەکەم، مەسەلەیەکی نیە. یەکەم جاری جگەرەکێشان هەروایە. چونکە پیترا لە ڕووی نەدەهات بڵێ ئەوە یەکەم جارە جگەرە دەکێشێ، گوتی:

ــ ئەوە یەکەم جارە کە ئەو جگەرە توندە دەکڕم و نەشمزانی کە ئاوا توندەو درێژەی دا:

گۆیا جگەرەیەکی کە کڕیومە زۆر توندە.

گەنجی بە ڕواڵەت بەئەدەب چاوێکی لە ڕووخساری پیترا کردو گوتی:

ــ هێندێك لە جگەرەکان وەك جگەرەی گێڵوازی فەڕەنسی، تاڵو توندیشن. بەڵام قەی ناکا، منیش دوو ساڵ لەمەوبەر کە تازە دەستم بە جگەرەکێشان کرد، لە سەرەتاوە زۆری پێدەکۆخیم، تا ئەوەی دەگەڵی ڕاهاتم. پیترا تێگەیشت کە ناوبراو گەنجێکی بە ئەزموونە و زۆر باشیش دەزانێ کە تەنیا ئەو کەسانەی کە یەکەم جارە دەم بۆ جگەرە دەبەن پێی دەکۆخن. پیترا مژێکی دیکەی لە جگەرەکەدا و لە فکران ڕاچوو و لە دڵی خۆیدا گوتی:

ـــ ئەگەرکوو تەنانەت بۆ تۆڵەکردنەوە لە پیتێریش بووە، ڕوویەکی خۆش بەو گەنجە نیشان بدا. ڕووی لە گەنجەکە کردو گوتی:

ـــ ناوم پیترایە و لەو قوتابخانە دواناوەندییەی تەنیشتمانەوە دەخوێنم، تۆ چی؟

گەنجەکەش خۆی بە هانس ناساندو لە وەڵامدا گوتی:

ـــ من قوتابخانەم تەواو کردوەو خەریکم خولێکی دوو ساڵەی کار ئامووزی دەبڕم و ئەمساڵ هەر لەم مانگەدا تەواو دەبم.

چونکە هانس بە ڕواڵەت هەر شازدە یان هەڤدە ساڵ دیار بوو، کەمێك سەرنجی پیترای ڕاکێشاو گوتی:

ـــ مەگەر چەند ساڵتە کە قوتابخانەت تەواو کردوەو خەریکە خولی دوو ساڵەش دەبڕی؟

هانس گوتی:

ـــ ڕاست هەشت ڕۆژی دیکە دەبمە بیست ساڵ. مەگەر بە قیافەم دەخوا؟

پیترا گوتی:

ـــ نەخێر، بیرم دەکردەوە تۆ شازدە یان هەڤدە ساڵت بێ.

هانس گوتی:

ــــ هەموو پـێم دەڵـێن تـۆ لـە چـاو تەمەنەکـەت گـەنجتـر دیـاریو، "سـەر بارۆکـەی"!
بەهەرحاڵ من تەنیا تا سێی ناوەندیم دەرس خوێندوەو نەچوومەتە دواناوەنـدیو دوای تەواوبوونی ئەو خولەش دەستم دایە کارو کاسبی.

پیترا گوتی:

ــــ سەیرە، دوێکە من چوومە نێو شازدە ساڵییـەوەو پـازدەم تـەواو کـردو دوێ شـەو جێژنی شازدە ساڵیم گرت.

هانس گوتی:

ــــ پیرۆزباییت پێ دەڵێم، حەتمەن دوێ شـەو تـا درەنگـانێکیش نەخـەوتیو جێـژنێکی باشو خۆشیشتان بوو!

پیترا بە سەر لەقاندنێکەوە پشتگیری قسەکەی کردو درێژەی دا، ماڵەکەمان تا سەعات دوو قەرەباڵغ بوو.

هانس گوتی:

ــــ سەد مخابن زووتر تۆم نەناسی کە لە ئاهەنگی جێژنی لەدایك بوونەکەتدا بەشداریم کردبا و لانی کەم دیارییەکیشم بۆ دێنای.

پیترا کە ناڕەحەتی تۆرانەکەی دوێ شەوی دەگەڵ پیتێرو بوغزەکەی ئەمرۆشی هەر زۆر زوو لە بیر چووبۆوە، لە قاقای پێکەنینی داو گوتی:

ــــ ئێستاش کە درەنگ نەبووە!

هانس گوتی:

ـــ زۆر باشــە، کەواتــە قاوەیــەك میــوانی منــی، بــانگی گارسـۆنەکەی کـردو پەرداخـە بەتاڵەکەی پێدا و داوای لێکرد کە دوو قاوەیان بۆ بێنێ.

پیترا کە تا ئێستاش هەمیشە کاکائۆی بە شیرەوە خواردوە، ئەمجارەیان بۆ ئەوەی نیشان بدا، کە کچێکی جحێڵە، دەستی ڕەد نەکردەوەو قاوەکەی قەبووڵ کرد.

هانس‌و پیترا بە دەم خواردنەوەی قاوەوە درێژەیان بە قسەکردن دا و بەم شـێوەیە زیاتر لێك نزیك بوونەوە تا ئەو جێیەی کە ناونیشان‌و ژمارە تەلەفوونیان بە یەکتری دا. لـەو نێـوەدا هـانس دەعـوەتی کـرد بـۆ جێـژنی لـەدایك بوونەکـەی. دیـارە هـانس بـە پێچەوانەی پیترا جێژنی لەدایك بوونەکەی لە هۆڵ گرت، نەك لە ماڵـەوە. چـونکە تـەنیا ژوورێکـی گچـکەی بـوو و جێگـای هـەموو هـاوڕێ‌و هاوپۆلـەکانی نـەدەبۆوە. هـانس هاوڕێکانی لە شازدە ساڵەوە کە پیترا و کچێکی‌تر بوون بگرە تا بیست‌و پێنج ساڵە لـە هاودەورەکـانی گێـڕاوە بـۆ خواردنەوەیـەك‌و قاشـە کـەیکێك. دیـارە ئەگـەر یـەکێك لـە میوانەکان پێی خۆش بوایە زیاتر لـەوە بخـوا و بخواتـەوە، دەبـوو بـۆ خـۆی حەسـاوی کردبایە یانی لەوە زیاتر لەسەر حیسابی خۆیان بوو. ئەمڕۆکە ئەوە لەنێو گەنجـەکان‌دا شتێکی زۆر ئاسایی‌یە. تەنانەت تاقمێك لە گەورەساڵەکانیش کە جێژنی لەدایك بوونیان دەگرن‌و هۆڵێك بەکرێ دەگرن، لە پەڕاویزی کارتی دەعوەتی‌یەکەدا داوا لـە میوانـەکان دەکەن هەر کەسێك بە پێی حـەزو ئـارەزووی خـۆی دەتـوانێ شـتی خواردەمـەنی وەك سالاد و کەیك و چێشتی کولاو و ... هتدیش دەگەڵ خۆیان بێنن. بەڵام خواردنـەوە لـە هەر جۆرێکی کە بێ، میوانگرەکە ئامادەی دەکا.

پیترا دوای خواردنەوەی قاوەکە و جیابوونـەوەی لـە هـانس، بـەرەو لای وێسـتگەی پاسەکان کە کەمێك لە خوار قاوەخانەکەوە بوو، چوو و کاتێك کە گەیشتیَ پاسـەکەش ڕاوەستابوو. بەر لە پێوەدانی دەرگاکـانو ڕۆیشـتنی پاسـەکە کـە بـەرەو لای شـەقامی ئەوانەوە دەچوو، خۆی هەڵدا نێوەوە، گەچـی لـەنێو پاسـەکەدا چـاوی بـە "سـیمونە" یـەکێك لـە هاوپۆلـەکانی خـۆی کـەوت کـە لـە قوتابخانـە دەگـەڕاوەو لـە وێسـتگەی پێشووەوە سوار ببوو. پیترا لە پەنایدا دانیشتو لێی پرسی:

ــ زەنگەکانی دیکە چۆن بوون؟

سیمونە کە کچێکی هێدیو لەسەرەخۆو پیتراشی خۆش دەویست و لـە پۆلەکـەشدا ڕیزێك لە پشت ئەو و پیتێرەوە دادەنیشت، گوتی:

ــ زۆر باش نەبوونو کە نەبووشی شتێکی ئەوتۆت لەدەست نەداوە. لە درێژەدا گوتی:

ــ هیوادارم ئەو مەسەلەیەی دویَ شەو زۆری ناڕەحەت نەکردبی. لەڕاستیدا منیش بەم دواییانە کە پیتێر ئاوا خۆی سووکو جلَف کردوە، خۆشـم لێـی نایـە. کـارێکی باشـت کرد کە دەگەڵی تێکچوویو جوابت کـرد. لـەنێو پۆلەکـەشدا غـروری شـکا، هەمیشـە خۆی پێوە هەڵدەناییو بە چاوی کچەکانی دیکەی دادەداوەو وای بـیر دەکـردەوە کـە دەبیَ هەموو کچەکان خۆی بۆ فیدا بکەن. ئێستا کە تۆ لێی جیـا بوویـەوە، جیـاواز لـە ئانجێللای پۆلەکەی تەنیشتمانەوە کە ئەویش تەنیا ناوەکەی کەمێك جوانـە، کەسـێکی وا ئاوڕی لیَ ناداتەوە.

پیترا گوتی:

ـــ تۆ ڕاست دەکەی، ئەو هەروایە و دوێ شەویش، بۆ خۆت بوویی‌و دیتت کە خۆی چ لێکردبوو. وای نیشان دەدا کە لە دەمی فیل بەربۆتەوە یانی هێندەی خۆ پێزل بوو، هەربۆیە پێوەندی خۆشەویستیم دەگەڵیدا پساند. بە دەم ئەو قسانەوە بوون کە پاسەکە نزیك ماڵەکەیان بۆوەو پیترا بە گوتنی تاکوو بەیانی بای، لە هاوڕێکەی جیابۆوەو لە پاسەکە دابەزی‌و یەکەو ڕاست هاتەوە بۆ ماڵێ. سڵاوێکی لە دایکی کە تازە لەسەر کار هاتبۆوەو لە ئاشپەزخانەکەدا خەریکی شۆردنی هەوڕوهۆڵەکان‌و دوایە سازکردنی نان‌و چای شێوان بوو، کردو جانتاکەی لە قەراغ قەنەفەی میوانخانەکە دانا و چووە ژوورەکەی خۆی. یەکەم کارێکی کە کردی، تەواوی وێنەکانی خۆی دەگەڵ پیتێر کە کێشابوونی‌و هەڵی‌واسی‌بوون لە دیواری کردنەوەو لەسەر مێزەکەش لای بردن‌و خستنیە نێو چەکمەجەکەوە. دوایە "سی دی"یەك لەو گۆرانی‌یە کۆنانە بە ناوی خۆشەویستی تەنیا نۆ پیتە، خستی‌یە نێو دەزگای "سی دی"یەکەوەو گوشی‌یەکەی لە گوێچکەی کردو چیرۆکێکی خۆشەویستی کە سیمونەی هاورێی بۆ جێژنی لەدایك بوونەکەی بە دیاری بۆی هێنابوو، بە دەستی‌یەوە گرت‌و دەستی کرد بە خوێندنەوەی. بە جۆرێك چووبووە نێو قووڵایی چیرۆکەکە و گوێی بۆ ئەو "سی دی"یە دوازدە گۆرانی‌یە کە سەعاتێکی دەخایاند، ڕاگرتبوو، بیری لە تۆران دەگەڵ پیتێرو ئاشنایەتی دەگەڵ هانس‌دا نەکردەوە. هەنووکە شازدە لاپەڕەی لە چیرۆکەکە خوێندبۆوەو گەیشتبووە ئەو شوێنەی کە گەنجێك ویستی بۆ ماوەیەك خۆشەویستەکەی کە تا ئاستی پەرستن خۆشی دەویست‌و دایك‌و باوکەی بەجێ بێڵێ‌و بە نییەتی مانەوەی هەمیشەیی، سەرەتا بە مەبەستی شوناسایی شوێنەکە بچێتە ئوستوڕالیا و خەریك بوو خۆی بۆ ئەو سەفەرە بۆ قووڕنەیەکی دیکە و خواحافیزی دەگەڵ کەس و کاریدا حازر

دەکرد کە لەنەکاو هەستی کرد یەکێك لە دەرگای دا. گوشیەکەی لە گوێچکەی دەرێنا و فەرمووی کرد، وەرە ژوورێ. دایکی بوو کە لێی پرسی بۆ شێوان چی ساز بکا. دایکی، لەوکاتدا کە دەهاتە ژوورێ گوتی:

ـــ دایك لەبەرت مرێ، بۆ شێوان ئیشتیات لە چیە؟!

باوکیشت ماوەیەك لەمەوبەر زەنگی لێدا و دەوروبەری سەعاتێکی دیکە دێتەوە.

پیترا گوتی:

ـــ دایکە گیان، هەرچی بۆ خۆتان پێتان خۆشە، منیش دەیخۆم، دایکی پێی سەیر بوو! چونکە ئەوە هەر ئەو بوو کە جۆری خواردنی بۆ شێوان دیاری دەکرد. ئێستا دەڵێ هەرچی بۆ خۆتان پێتان خۆشە! دووبارە دایکی پرسیەوەو پێشنیاری دوو جۆرە خواردنی کرد، ماکاڕۆنی بە ئاوی تەماتەوە یان شامی کەباب. پیترا بێ ماتڵ بوون گوتی:

ـــ دایکە گیان ماکاڕۆنی.

دایکی گوتی:

ـــ کەواتە وەرە پیوازەکەم بۆ وردوپرد کە، چونکە حەساسیەتیم بە پیواز هەیە.

پیترا نەخوازراوانە لە جێگاکەی هەستا و بەرەو لای ئاشپەزخانەکە چوو و چوار دانە پیوازی پاکو لەسەر تەختەکەدا وردوپردی کردنو بۆ دایکی بەجێ هێشتن کە لەنێو ڕۆنەکەدا سووریان بکاتەوەو بە دایکی کە لە حاڵی هەنجنینی تەماتەکاندا بوو، گوتی:

ــــ دایکە گیان دەتەوێ ماکاڕۆنییەکەشت بۆ بخەمە نێو ئاوە کوڵاتەکەوە؟

دایکی گوتی:

ــــ بەڵێ، کارێکی باشە، دیارە ئاوەکەشی کوڵاوە!

پیترا گوتی:

ــــ خەریکە دەکوڵێ، بەڵام نازانم داخوا خوێی تەواوت کردۆتە نێو ئاوەکەوە؟

دایکی گوتی:

ــــ بەڵێ، بەڵێ تێم کردوە، بەڵام دەکرێ بە کەوچکێك تامی بکەی، ئەگەر بەپێویستیشت زانی کەمێکیکەشی تێکە.

پیترا بەبێ ئەوەی تامی بکا کە سوێرە یان بێ خوێ، کەوچکێکی دیکەشی خوێ کردە نێو ئاوە کوڵاتووەکەوە کە لە ئاکامی کاردانەوەی خوێ لەنێو ئاوە گەرمەکەدا کەفێکی چاکی کرد. لەوکاتدا ماکاڕۆنییەکەشی کردە نێو ئاوە کوڵاتووەکەوە. هەر کە ماکاڕۆنییەکە لەنێو ئاوەکەدا وردە وردە نەرم بۆوە بە کەوچکێك کەمێك لە ئاوەکەی تام کرد زۆر سوێر بوو. سەری وەرگێڕاوەو گوتی:

ــــ دایکە گیان زۆر سوێرە.

دایکی گوتی:

ــــ قەی ناکا کچم، هەر کە ماکاڕۆنییەکە دوو قوولْتی دان، دای دەڕێژینو ئاوێکی پێدا دەکەین ئیتر سوێرییەکەی دەڕوا. ئێستا تەماتە و پیوازەکەش ئامادەی

سوورکردنەوەن. پیترا خەریك بوو چاوی لە قوڵتەقوڵتی ماکارۆنی‌یەکە دەکرد کە دایکی بە تاوێکو تەختەی پیواز وردکەرەکەوە هاتو گوتی:

ـــ ئەم چاوە لە تەباغەکە بۆ من کە داغە تاکوو تەماتە و پێوازەکەی لەسەر سوور بکەمەوەو تۆش ئێستا ماکاڕۆنی‌یەکە داڕێژەو کەمێك ڕۆن بکەرە مەنجەڵەکەوەو، چاوەکەی دیکەشی پێ‌کردو گوتی:

ـ ئەوەشیان بۆ تۆ مەنجەڵەکەی بخەسەر. هەر کە کەمێك داغ بوو، ماکاڕۆنی‌یەکەی کە دات ڕشتووە، بکەرە نێو مەنجەڵەکەوەو لێی گەڕێ بە گەرمایی‌یەکی کەم وەك برینج دەم بکێشێ. لەوکاتەدا کە ئەوانەی بە کچەکەی دەگوت، بۆ خۆشی پیوازە هەنجراوەکەی سوور دەکردەوەو تەماتەکەشی کردە نێوی، کەمێك بیبارو ئاڵەتو زەردەچێوەو خوێو سەوزی ویشکیشی بەسەردا کردو کیسەیەك سوپی ئامادەکراویشی تێ‌کردو ئاوی ساردیشی کرد بەسەرا و سەری تاوەکەی ناوە. پیترا کە یەکەم جار بوو لە ئاشپەزخانە یارمەتی دایکی بدا، زووتر کارەکەی تەواو کردو لە دەستی دایکی ورد ببۆوە. بەڵام لە بیری چوو کە گڕی گازەکە کز کاتەوە. بۆیە دەنگی قرچەقرچی ڕۆنەکە لە بنکی مەنجەڵەکەدا دەهات کە دایکی بە بیستنی ئەو قرچەقرچە گوتی:

ـــ گڕی گازەکە کز کە و بیخە سەر ژمارەی یەك، بۆ خۆشی کەمێك ئاوی کردە نێو مەنجەڵەکەوە کە ماکاڕۆنی‌یەکەی پێدا نەسووتێو دوایەش بخورێ.

کاری ئاشپەزخانە تەواو بوو، پیترا خۆی لەسەر قەنەفەی میوانخانەکەدا درێژ کردو تەلەڤزیۆنەکەی ڕۆشن کرد. دایکیشی خەریکی سفرە ڕاخستن بوو کە چاوێکی لە سەعاتەکە کردو گوتی:

ــــ هەر ئێستا باوکیشت دەبێ بگاتەوە.

پیترا گوتی:

ــــ دایکە ئەمڕۆ پێنج شەممەیە و تەلەڤزیۆن سریاڵی "ڕووداوی پەروەندەیەك بۆ دوو پۆلیس"ی هەیە، ئەو سریاڵەی کە "ماتولا" ڕۆڵی پۆلیسی نهێنی تێدا دەگێڕێ، تازە دەستی پێکردوە، ناتەوێ چاوی لێ بکەی؟ من کە تا ئەو فیلمە تەواو نەبێ، نان ناخۆم.

دایکی گوتی:

ــــ باوکت تا ئێستا نەگەیشتۆتەوە، منیش تا ئەو نەیەتەوە نان ناخۆم. کەواتە دەتوانین پێکەوە چاوی لێبکەین، باشە!

پیترا گوتی:

ــــ کەواتە زووکە وەرە، یەکێکیان کوشتوەو تەرمەکەیان خستە نێو ئاوەوە. ئێستا پۆلیسی غەواسی خەریکە لە ڕووبارەکە دەری دێنێتەوە. کەمێك دەنگی تەلەڤزیۆنەکەی زیاد کردو دایکیشی هاتو لە کن کچەکەی دانیشت. سەعات لە شەشو نیوی ئێوارە لای‌دا بوو کە دەنگی لاق هات، باوکی پیترا بوو، هاتە ژووریو سڵاوێکی کردو باڵتاوەکەی داکەندو هەڵیواسیو ماچێکی لە کچەکەیو ژنەکەی کردو گوتی:

ــــ ئای! چ ڕۆژێکی درێژ بوو. هەم ماندووم و هەمیش برسی.

پیترا گوتی:

ــــ باوکە گیان داوات لیٚدەکەم هێواش بە تاکوو ئەو فیلمە تەواو دەبیٚ، زۆر خۆشە، ئەگەر دەتەویٚ کورتەیەکیت بۆ وەگێڕم، باشە!

باوکی گوتی:

ــــ باشە کچم پێم خۆشە، کەواتە ئیزنم بدە دەست بە ئاوێکی بگەیەنم، ئەوکات زۆریشم پیٚخۆشە کە بۆم وەگێڕی. چەند خولەکێك زیاتری بۆ کۆتایی فیلمەکە نەمابوو کە باوکی هاتو بە تام و چێژێکەوە چیرۆکی فیلمەکەی بۆ دەگێڕاوە کە فیلمەکە بە شوناسایی شوێنو حەشارگەی پیاو کوژەکە لە لایەن ماتۆلا و دەستگیرکردنی کۆتایی پیٚهات. لەو نێوەدا دایکی پیترا گازەکەی کوژاندبۆوەو نانەکەش حازرو دەگەڵ چاو لیٚکردن لە هەواڵەکانی سەعات حەوتی شەو، دەستیان کرد بە نان خواردن.

نزیك حەوتوویەك لە ئاشنایەتی پیترا و هانس تیٚپەڕی بوو، بەڵام چونکە تا ئەوکات هانس هیچ هەواڵێکی لە خۆی نەدابوو، پیتراش لەو بارەوە هیچ شتێکی دەگەڵ دایك و باوکی باس نەکردبوو، نە لەبارەی جیابوونەوەی دەگەڵ پیتێرو نە ئاشنایەتی دەگەڵ هانسدا. ئەو شەوە سەعات هەشتی تەواو بوو کە تەلەفوونەکەیان زەنگی لێدا. باوکی لە ماڵ نەبوو، بەڵام دایکی لە ماڵەوە بوو و گوشی‌یەکەی دەست دایە. دوای ماوەیەك گوتی:

ــــ کچم! هانسه، کاری به تۆیه. پێم وابێ یەکێك له هاوپۆلەکانته، نای‌ناسم. پـیترا لـه ژوورەکەی هاته دەرێو گوتی:

ــــ سپاس دایکه و گوشی‌یەکەی هەڵگرت.

سڵاو هانس، چۆنی؟ چەند ڕۆژێکه لێت بێ خەبەرم.

هانس گوتی:

ــــ ویستم ئەمڕۆ وەبیرت بێنمەوه که بـەیانیت لـەبیر نەچـێ. منداڵـەکان هـەموویان لـه "تی فانی" له شەقامی سەرەکی شاردا کۆ دەبنەوە. تۆش حەتمـەن کـه دێـی، مەگـەر نا؟

ئەگەر دەعوەت کرابێتم و ناوم له لیستەکەدا بێ بۆ نا!؟

هەڵبەته که تۆ له سەروو لیستەکەوەی.

سەعات چەند دەست پێ‌دەکا؟

سەعات هەشت، لەوکاتدا پیترا گوتی:

ــــ هانس! ببووره چەند چرکەیەك گوشی‌یەکەت پێ بێ، دەســـتی خســـته ســـەر گوشی‌یەکه و گوتی:

ــــ دایکه گیان ئەوە هانس هاوڕێ تازەکەمه و بـۆ سـبەی شـەو دەعـوەتی کـردووم بـۆ جێژنی بیستەمین ساڵڕۆژی لەدایك بوونەکەی، ئیزنم دەدەی بچم؟ ئایا باوکیشـم ئیـزنم دەدا؟

دایكی گوتی:

ــ قەی ناكا ڕۆڵەگیان، پێم وابێ باوكیشت ڕازی بێ. پیترا دەستی لەسەر گوشییەكە هەڵ گرتو گوتی:

ــ سڵاو هانس، لەسەر هێڵ ماوی؟

لە دەوروبەری تەلەفوونەكەوە بیستی: بەڵێ، فەرمووو!

پیترا گوتی: زۆر باشە! چیت دەوێ بۆت بێنم؟

هانس گوتی:

ــ لە خۆت زیاتر هیچ!!

كەواتە تاكوو بەیانی خواحافیزو گوشییەكەی دانا.

دوایە پیترا هەموو ڕووداوەكەی بۆ دایكی گێڕاوەو گوتی:

ــ چونكە هانس تاكوو ئێستا هیچ هەواڵێكی لە خۆی نەدابوو، هیچ شتێكیشم لە بارەیەوە بە ئێوە نەگوتوە. ئێستا وا باشترە بزانن كە هانس منی خۆش دەوێ. پیتێر ئینسانێكی خۆ بەزل زانو لەخۆباییی بوو و لە شەوی جێژنەكەوە كە هیچ شتێكیشم بە ئێوە نەگوتوە، شەڕمان بووەو ژمارەیەكیش لە هاوڕێكانم گوتیان كارێكی باشم كردوە كە لێی جیا بوومەوە. ئەوان دەڵێن، ئەو پیتێرە زۆر لووت بەرزە، هەرچەند من كەمێكیش بەسەر ئەودام.

دایكی گوتی:

ـــ هەستم بە شتێك كردبوو، چونكە زووتر لەوانی‌تر ڕۆیشت. ڕۆڵەگیان، ئینسان دەبێ لە هەڵبژاردنی دۆست و تەنانەت هاوبەشی ژیانیش بۆ داهاتوو، زیاتر ورد بێتەوە. خۆش تیپی‌و جوانی زۆر گرینگ نین، بەڵكوو ئەخلاق، مەتانەت، لەسەرەخۆیی‌و شعووری مرۆڤ گرینگن. تۆ دەبێ هانسیش تاقی بكەیتەوەو بزانی تا چ ڕادەیەك لە بەرامبەر ویستەكانی تۆو كاروباری كۆمەڵایەتی‌دا هەست بە بەرپرسایەتی دەكا. بەهەرحاڵ ئەزموون كردن بە وشیاری‌یەوە زۆر گرینگە. هەمیشە دایك‌و باوك هیوای سەركەوتن‌و خۆشحاڵی‌و ژیانێكی باش‌و بەختەوەر بۆ عەولادەكانیان بە ئاوات دەخوازن.

پیترا بۆ بەیانی‌یەكەی، لە قوتابخانە چۆنیەتی دەعوەت كردنی چەند ڕۆژ پێشتری بۆ سیمونە كە لە پەنا یەك‌دا دانیشتبوون، گێڕاوەو لەبارەی هانسیشەوە كەمێكی بۆ باس كردو گوتی:

ـــ پێم وابێ لە جحێڵێكی خراپ ناچێ، بەڵام دەبێ هەڵس‌و كەوتی زیاتر بخەمە ژێر چاوەدێری‌و تاقی كردنەوەوە.

دوانیوەڕۆ كە لە قوتابخانە هاتەوە، دەغیلەكەی شكاند، نزیك بە سەدو پەنجا یۆرۆی تێدابوو. هەموو پارەكەی هەڵگرت‌و چووە بازاڕ، شەڵوارێكی كابۆیی‌و كراسێكی پێ كڕی‌و هەر ئەو شەوە بۆ جێژنی لەدایك بوونی هانس لەبەری كردن. سەعات نزیك بە حەوت بوو كە گەیشتەوەو دایك‌و باوكیشی لە ماڵەوە بوون. دایكی پیترا ڕووی لە مێردەكەی كردو گوتی:

ـــ ڕاستی ئەم شەو پیترا بۆ جێژنی لەدایك بوونی هانس کە هاوڕێی تازەیەتی، دەعوەت کراوە.

باوکی گوتی:

ـــ قەی ناکا، بەڵام پیتێر چی لێهات؟!

پیترا گوتی:

ـــ باوکە گیان هەر باسی مەکە، دایکم دەزانێو بۆت دەگێڕێتەوە.

باوکی گوتی:

ـــ ئاگات لەخۆ بێو وابێیەوە فریای دوایین پاس بکەوی.

کاتێك پیترا گەیشتە بەردەرگای "تی فانی"یەکە سەعات هەشتو چارەك بوو و جیاواز لە هانسو چەند کچو کوڕی دیکە کەسیتر نەهات بوون. هانس بە بینینی پیترا زۆر خۆشحاڵو بە هاوڕێکانیتریشی ناساند. تەنیا پیترا و کچێکیتر تەمەنیان شازدە ساڵ بوو، تەمەنی کچەکانی دیکە لە حەڤدەو هەژدە زیاترو کوڕەکانیش لە نۆزدە ساڵ بەرەوژوورتر بوون. هەموو چوونە کلووبەکەوەو لە ڕیزێكو کورسیگەلێکی دیاری کراو کە پێشتر بۆ "هانس"یان گرتبوو، دانیشتن. سەعاتە دیوارییەکە هەشتو چل خولەکی پیشان دەدا کە هەموو میوانەکان هاتنو تاقمێکیان هەر لە چەپکە گوڵەوە بگرە تاکوو بەستەگەلێکی گچکەی شیرینیو نوقڵو ... هتد، وەك دیاری دەگەڵ خۆیان هێنابوو. لە سەرەتاوە یەکێك لە هاوڕێکانی هانس وەك بە تەمەنترین هاوڕێی ئەو کۆڕە کە بیستو پێنج ساڵی بوو، کۆپلە شێعرێکی بۆ هانس کە دەورانی تازە لاوەتی تێپەڕ کردبوو و

پێـی نـابۆوە نێـو جەرگـەی گەنجـە بیسـت سـاڵەكان بـەرەوڤوورو خـۆی دای نـابوو، خوێندەوەو پیرۆزبایی لێكرد، دوایە هەموو بە چەپڵەڕێزان پیرۆزبایییان پێگوت. دوای ئەو ئاهەنگە، دەستیان كرد بە سەما و هەڵپەڕینو خۆشیو شادیو هـیچ دەرفـەتێك بـۆ قسەكردن نەما.

سەعات نزیك یازدەو نیو بوو كە پیترا چاوێكی لە سەعـاتەكەی كردو گوتی:

ـــ دەبێ بڕۆم تا فریای دوایین پاسەكە بكەوم.

هانس گوتی:

ـــ ئەگەر پێت خۆش بێ بۆ خۆم دەت گەیەنمەوە ماڵێو دەگەڕێمەوە.

پیترا گوتی:

ـــ ئاخر باوكم گوتی دەبێ بەر لە دوازدە بگەڕێمەوە.

هانس گوتی:

ـــ باشە ! بەر لەو كات دەت گەیەنمەوە.

ناوبراو گوتی:

ـــ زۆر باشە، ئەگەر بۆ میوانەكانیتر مەسەلەیەك نەبێ، زۆریشت سپاست دەكەم.

دوای دە خولەكێك هانس ڕووی لە میوانەكان كردو گوتی:

ـــ لەسەر ئیزنتان پیترا دەگەیەنمەوەو دەگەڕێمەوە.

هەموو گوتیان:

ـــ مەسەلەیەك نیە.

پـیترا و هـانس هاتنـە دەرێو سـواری سـەیارەکە بـوون کـە لـە گـەراجی "تـی فانی"یەکەدا ڕای گرتبوو، کاتێك کە ویستیان قایشی خۆپاراستنەکە ببەستن، کەوتنە بەرامبەری یەکتریو لەنەکاو چاویان لە یەکتری بڕیو یەکتریان ماچ کرد. تـەواوی ئـەو ماوەی کە بەیەکەوە هەڵدەپەڕینو سەمایان کرد، وەها دەرفـەتێکیان بـۆ نەڕەخسابوو کە ئەویندارانە چاو لە یەکتری بکەن، بۆیە ئەوە هەلێکی باش بوو. هانس سـەیارەکەی هـەڵ کـردو پـیترای گەیانـدەوە مـاڵێ، هەنووکـە چـرای میوانخانەکـەیان نـەکوژابۆوەو ئەوەش بە نیشانەی ئەوە بوو کە دایكو باوکی نەخەوت بوون. سەرلەنوێ پـیترای مـاچ کردەوەو شەو باشیان بە یەکتری گوتو لە سەیارەکە هاتە خوارێو هـانس گـەڕاوە بـۆ لای میوانەکانی.

دوو مانگێك لەو خۆشەویستی‌یەیان تێدەپەڕی، بەڵام هیچ کات پیترا ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخسا کە هانس بە دایكو باوکی بناسێنێو لەم نێوەش‌دا هانس تاقیکاری‌یەکانی کۆتایی ساڵی تـێپـەڕ کردبـوو و لـە کـار دەگـەڕا و داوای لـە زۆربـەی کۆمپانیاکـان لـە سەرانسەری ئەڵمان کردبوو بۆ کارو نامەی بۆ نـاردبوون. لـەم نێـوەدا لانـی کـەم پـیترا حەوتووی جارێك دەچووە ماڵی هانسو تـا سـەعات یـازدەو دوازدەی شـەو دەمایـەوە. ئەوان لەو دەورانەدا وەکـوو زۆربـەی گەنجـەکان لـەو تەمەنـەدا، هـیچ قسـەیەکیان لـە داهاتوو نەکرد. بەڵام پیترا لە کاتی جووت بوون دەگەڵ هانس‌دا، هەوڵی دەدا بـە پێـی ئەوەی لە قوتابخانە فێری بووە ئاگای لە خۆی بێ. دیارە لەو تەمەنەدا نە هـانس پێـی

خۆش بوو منداڵی ببێ، چونکه هەم بێکار بوو و هەمیش پیترا کاتی منداڵ بوونی نەبوو، چونکه ئەویش قوتابخانەی تەواو نەکردبوو. جیا لەوەش دەیەویست درێژە بە خوێندن بداو لەوەش دڵنیا نەبوو کە ئایا دەگەڵ هانسدا تا سەر دەمێنێتەوە یان نا!
لەو ڕۆژانەدا هانس دەعوەت نامەیەکی لە لایەن کۆمپانیایەکی شارێکیتر کە مەودایەکی زۆری دەگەڵ ئەو شارەی ئەواندا بوو، بۆ هات. لەو نامەیەدا پێشنیاری کاری پێدرابوو. نامەکەی نیشانی پیترا دا. پیتراش زۆری پێ خۆش بوو کە هانس کاری دۆزیوەتەوە.

**پیترا بە ناوەخت زگی پڕ دەبێ:**

هەردووکیان هاتنەوە بۆ ماڵێ‌و لە خۆشیان یەکتریان لەباوەش گرتو بەبێ ئەوەی داخوا پیترا حەبی دژی سکپڕی خواردوە یان نا، چوونە دونیای جحێڵایەتی‌و خۆشی هەموو شتێکی لە بیر بردنەوە. هەر لەو جووت بوونەدا پیترا سکی پڕ دەبێ، بەبێ ئەوەی بۆ خۆشی بزانێ. ڕۆژێك دواتر هانس بۆ ناساندنی خۆی بەو کۆمپانیایە دەچێتە ئەو شارەو دەست بەجێ وەریشی دەگرن. دوای وەرگرتنی بەڵێننامەی کار، بە شوێن خانوودا دەگەڕێ‌و لە نووسینگەیەکی کڕینو فرۆشتنی ملّك، لە سەرەتای مانگەوە خانووبەرەیەك بەکرێ دەگرێ‌و ئیجارە نامەکەش دەبەستێ‌و هەر ئەو ڕۆژەش دەگەڕێتەوە. لەکاتی گەڕانەوەدا زەنگێك بۆ پیترا لێ دەداو پێی دەڵێ دوو حەوتووی دیکە ئەو شارە بەجێ دێڵێ‌و ئەگەر لەو ماوەیەدا زیاتر یەکتری ببینین خۆشحاڵ دەبم. پیتراش لانی کەم حەوتووی دوو جار دەچێتە سەردانی‌و ئێستاش نەیزانیوە کە زگی لە هانس هەیە. سەرەنجام ڕۆژی خواحافیزی دێ‌و هانس بەڵێنی دەداتێ هەر کە بە

تـەواوی جێـی گـرتو کەوتـە سـەر گـەڕو لـە کارەکـەی ڕازی بـوو، کۆتـایی زۆربـەی حەوتووەکان دەعوەتی بکا کە چاویان بە یەکتری بکەوێ.

سەرەتای مانگەکەی دیکە بوو، پیترا بینیی کە عادە نەبووە. دەست بەجێ دەگـەڵ دایکی بـاس دەکـاو پێکـەوە دەچـنە لای دوکتـور. دوای پشـکنینو تاقیکـاری، وەدیـار دەکەوێ کە سکی پڕە. هەرچەند کە دەیتوانی کورتـاژی بکـا، بـەڵام لـە لایەکـەوە بـە جیددی دژی لەبارچوون بوو و لە لایەکیتریشەوە نەیدەویست بەو زووانە منداڵی ببێ. بەڵام تازە کار لە کـار ترازابـوو و هیچیشـی دەگـەڵ نـەدەکرا. بڕیـاری دا، دوای منـداڵ بوونەکەی، منداڵەکەی بدا بەو بنەماڵانەی کە منداڵیان نابێو، لە داهاتووشدا، بـە هـیچ جۆر باسی ئەوە نەکا کە منداڵی بووە. بەداخەوە هانسیش هیچ هەواڵێکی لە خۆی نەدا و تەنانەت بۆشی نەنووسی کە کارو بارەکەی چۆن دەڕواتە پـێش؟! ئایـا لێـی ڕازییـە یان نا! بەم شێوەیە پیترا بە تەواوی لێی بێخەبەر بوو.

پیترا کە هەنووکە پێـی نـەنابووە هەڤـدە سـاڵییـەوە، کچۆڵەیەکی ژیکەڵانـەی وەك خۆی بوو، دایكو باوکیشـی زۆریـان پـێخـۆش بـوو کـە بـەخێوی بکـەن، بـەڵام چـونکە هەردووکیان فەرمانبەری حکوومەتی بوونو نەیاندەتوانی دەست لە کارەکەشیان هـەڵ گرن، کەواتە بە نابەدڵیو بەبێ ئەوەی کە پیترا کچەکەی ببینێ، دایان بە بنەماڵەیـەکی نەزۆك کە بە منداڵی خۆیانی قەبووڵو بـەخێوی بکـەن بـۆ خۆیـان. پـیترا دوای دوو ڕۆژ مانەوە لەو نەخۆشخانەیە بردیانەوە بۆ ماڵێ. دەگەڵ ئەوەی کە لـەو کـارەی پـەژیوانو بەردەوام بیری لە منداڵەکەی دەکردەوە، بەڵام بڕیای دا درێـژە بـە خوێندنەکـەی بـداو

ئەگەر ڕۆژێکیش ساغ بۆوە کە شوو بکا، پیاوێك هەڵبژێرێ کە قەت منداڵی نەوێ و ئەویش منداڵی نەبێ.

پیترا لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا قوتابخانەی تەواو کرد، خوێندنی زانکۆی بە سەرکەوتنەوە بڕی و هێندەشی پێنەچوو کە دەگەڵ مامۆستایەك بە ناوی "کلاوس" ئاشنا و دڵی لێی چوو و بوونە دۆست. دەگەڵ ئەوەی زۆر نەبوو پێکەوە ئاشنا ببوون، کلاوس پێی خۆش بوو کە پێکەوە زەماوەند بکەن. بەڵام پیترا بە مەرجێك حازر بوو ژیانی دەگەڵ پێك بێنێ کە نابێ منداڵیان ببێ.

کلاوس گوتی:

ـــ بە پێی دەست نیشان کردنی دوکتورەکان بە هیچ جۆر ناتوانم ببمە باوك.

کەواتە دوای ماوەیەکی کورت بە خۆشحاڵییەوە زەماوەندیان کرد. کلاوس و پیترا بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە نزیکەی هەشت ساڵیان ژیان بردە سەر کە پیترا ببووە سی و سێ ساڵ و کلاوسیش سی و شەش.

یانا کچێکی تەمەن شازدە ساڵ و یەکێك لە قوتابییەکانی کلاوس لە پۆلی دەیەمدا بوو. بەداخەوە ڕۆژێکیان کاتێك کە دایك و باوکی لە ماڵی ئاشنایەکیان دەگەڕانەوە و لە شەقامێکی قەڕەباڵغەوە بەرەو قوتابخانەی کچەکەیان دەچوون کە دەگەڵ خۆیانی بەرنەوە ماڵێ، دەگەڵ هەژدە تەگەرییەك کە دەکەوتە پێشیانەوە، بەیەکدا دەدەن و هەر دووکیان تێدا دەچن. یانا دوای نیو سەعات چاوەڕوانی، سەرەنجام زەنگ بۆ مۆبایلەکەی دایکی لێ دەدا و بە جێگای دایك و باوکی، پۆلیس لە شوێنی ڕووداوەکە گوێی لە زەنگی موبایلێك لەنێو سەیارەکەدا دەبێ و وەڵامی دەداتەوە. بەهەرحاڵ

پـۆلیس چـۆنیەتی ڕووداوەکـەی بـە یانـا نـاڵێ. بـەڵام دەسـت بـەجێ ئـەوان دەگـەڵ یاریـدەدەرێکی کۆمەڵایـەتی دەچـنە قوتابخانەکـەیو دەیبەنـەوە بـۆ مـاڵێو چۆنیەتی ڕووداوە دڵتەزێنەکەی بۆ دەگێڕنەوە.

یانای زۆر نیگەران بە دوای کـوژرانی دایـکو باوکـە ناسروشـتییەکـەی لـەم لێکدانی سـەیارەیەدا، لـە لایـەن بەڕێوەبـەری تۆمارکردنـەوە بـە شـوێن نـاوی دایکـە سروشـتییەکـەیدا دەگـەڕێو چـما ئـەو ئێسـتا خێزانـی مامۆسـتاکەیەتیو ناونیشـانی مامۆستاکەشی پێیـە. ڕۆژێـك زەنگـی دەرگـای کـلاوسو پـیترا لـێدەدرێ. کـلاوس لـە ماڵەوەیە و بۆ خۆی دەرگاکە دەکاتەوە. ناوبراو یانای تەمـەن شـازدە سـاڵ لـە دەمـی دەرگاکەدا دەبینێ. کلاوس دەیزانـی کـە دایـكو باوکـە ناسروشـتییەکـەی یانـا چـەند حەوتوو پێش بەهۆی ئەو لێکدانە سامناکەی سەیارەوە گیانیـان لەدەسـت داوە. بۆیـە سـەرلەنوێ سەرەخۆشـی لـێدەکاتـەوەو دەگـەڵ هـاودەردی کـردن دەگـەڵی، دەیباتـە ماڵەوەو دەڵێ:

ــ چم لەدەست دێ بۆتی بکەم؟

یانا داوا لە کلاوس کە بە مامۆستایەکی زۆر زۆر دڵۆڤانی دەزانێ، دەکـا، ئیزنـی پـێ بدا تـەنیا سێ مانگ دەگەڵ ئەواندا بـژی تـا بیرێـك بـۆ چارەنووسـی خـۆی دەکاتـەوە. کلاوس بە دڵو گیان قەبووڵی دەکا و بە ژنەکەشی دەڵێ:

ـــ بەداخەوە یانا ماوەیەك لەمەوبەر دایكو باوکە ناسروشتییەکەی بـەهۆی پێکدادانی سەیارەوە لەدەست داوەو تەنیا سێ مانگ میوانی ئێمە دەبێو دوایە بەڕێوەبەری کارو باری پێڕاگەیشتن بە تازەلاوان ڕێگا چارەیەکی بۆ دەدۆزێتەوە.

پیتراش بە نابەدڵی‌یەوە قەبووڵی کرد. جێی وەبیرهێنانەوەیە کە لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا، یانا و پیترا زۆر ئۆگری یەکتری بوونو باشیش پێکەوە هەڵیان کرد. لەم نێوەدا کلاوس بەهۆی بەڕێوەبەری کاروباری پێڕاگەیشتن بە تازەلاوانو ئەو پرسیارە لە خۆی کە ئایا یانا بەوەی زانیوە کە کچی پیترایە، هەرچەند پیترا قەت پێی نەگوتبوو کە لە کاتی قوتابی بوونیدا ئاووسو منداڵی بووەو داویەتی بە یەخەکێشیاگ. چونکە کلاوس خێزانەکەی خۆش دەویستو نەی دەویست بە ڕوویدا بداتەوە کە بۆچی بە منت نەگوتوە کە تۆ پێشتر کچێکت بووەو داوتە بە یەخەکێشیاگ، بڕیاریدا، یانا وەك کچی خۆیان لە بەڕێوەبەری کاروباری کۆمەڵایەتی وەربگرن. دوای سێ مانگ پیترا بە کلاوس دەڵێ:

ــ مەگەر قەرار نەبوو دوای سێ مانگ یانا بڕوا، وا سێ مانگ تەواو بوو؟

کلاوس دەڵێ:

ــ نا ! دەبێ یانا بمێنێتەوە. دەمەوێ وەك کچی خۆم قەبووڵی بکەم.

پیترا بە تووڕەیی‌یەوە دەڵێ:

ــ مەگەر قەرارمان نەبوو کە منداڵمان نەبێو سەرەڕای ئەوەش ناتوانم کچێکی شازدە ساڵە قەبووڵ بکەم. لە دڵی خۆیدا دەی گوت:

ــ من کچە نازدارەکەی خۆم داوە بە یەخەکێشیاگ، ئێستا چۆن دەتوانم کچێکی شازدە ساڵەی خەڵکی‌تر وەربگرم؟!

پیترا هەر دووك لاقی لە کەوشێك کردو گوتی:

ــ قەبوولّی ناکەم، حەتمەن دەبێ یانا بڕوا.

کلاوس پێدا دەگرێو یاناش دەیەوێ بمێنێتەوەو بە پیترا دەڵێ:

ــ مەگەر لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا چ خراپەیەکت لە من دیوە؟ بۆچی بە منداڵی خۆتم قەبووڵ ناکەی؟!

کلاوسیش هەر ئەوە بە تەئکیدەوە لە پیترا دەپرسێ. ئاخرەکەی پیترا دەست دەکا بە گریانو دەڵێ:

ــ ئاخر من کچە نازدارەکەی خۆم شازدە ساڵ بەر لە ئێستا کە بۆ خۆم نەگەیشتبوومە هەڤدە ساڵ، دام بە یەخەکێشیاگ و بۆیە مەرجیشم دەگەڵ تۆ کرد کە نامەوێ منداڵم ببێ، ئێستا چۆن دڵت بڕوا دێنێ داوا لە من بکەی کە منداڵی کەسێکی دیکە بە عەولادی خۆمی قەبووڵ بکەم، لەحاڵێکدا شازدە ساڵە نازانم چارەنووسی منداڵەکەی خۆم بە دەست کێوەیە؟

کلاوس چاوێك لە هەردووکیان دەکا و دەڵێ:

ــ یانا هەر ئەو کچەی خۆتە، بۆیە دەمەوێ بە عەولادی خۆی قەبووڵ بکەی.

پیترا بە حەبەساوی یانای لە باوەش گرت و دووبارە لە بانگی گریانی داوەو بە کلاوسی گوت:

ــ لەڕادەبەدەر خۆشم دەوێی. بە قوربانت بم.[سمتر] :

13 : سووژەی ئەم چیرۆکە لە جەرەیانی بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی دوانیوەڕۆیانە لە دەروون شیکاری بەناوبانگ خاتوو "ئانجلیکا کالواس" وەرگیراوە.

4.00 bis 15.00 Uhr 1, 1Zwei bei Kallwas Mittagsprogram Sat

# ڕاستییەکی چەندە تاڵ!

**چیرۆکی پێنجەم:**[14]

ای درونت برهنه از تقوی　　　　کز برون جامەی ریا داری

سعدی

باده فروشی که درو، روی و ریائی نبود　　　بهتر از زهد فروشی که، درو روی ریاست

حافظ

وڵات کەمێك جموجۆڵی تێکەوتبوو، خەڵك ئیتر نەیاندەویست وەك ڕابردوو دەستووریان بەسەردا لێ بدرێ یان پێڕەوێکی ڕەها بنو لە ژێر سێبەری زوڵم و زۆردا درێژە بەو ژیانە تاقەت پڕووکێنە بدەنو جیاوازییە چینایەتییەکان زیاتر لەوەی کە هەیە، قەبووڵ بکەن. لەڕاستیدا دوژمنایەتی لە نێوان توێژە باڵاکانو زۆربەی خەڵکی

[14]: دیارە ئەم چیرۆکەم بۆ گۆڤاری ژمارە 19ی ژنان( یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانی ـ ئێران) ناردو شێعرەکەم وەکوو خۆی نووسیوەتەوە، بەڵام ئەوان بەم جۆرە هێناویانە و منیش لێرەدا دەی نووسمەوە، چونکە تازە بڵاوبۆتەوە:

" ئەی ئەو کەسەی دەروونت تەقوای تێدا نیە　　　　که لە دەرەوەش بەرگی ڕیات لەبەر دایە.

سەعدی

مەی فرۆشێك کە ڕیا کار نیە　　　　باشترە لەو زووهر فرۆشەی کە ڕیاکارە.

حافز

زەحمەت کێشدا گەیشتبووە ئەو پەڕی خۆیو لەم دۆڵەدا ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ قووڵترو قووڵتر دەبۆوە. بۆیە خەڵکە ستەم لێکراو و بەشخوراوەکان لێبڕابوون بەهەر نرخێك کە بووە، ئەم سیستەمە بگۆڕن، بەو هیوایە کە دادپەروەریو بەختیاری بە چاوی خۆیان ببینن.

حوسێن لەو لاوە بەهەستو دڵپاکانە بوو کە دەیویست دادپەروەری لە هەموو شوێنێك جێگیر بێ. دەگەڵ ئەوەی کە لاو بوو و لە سیاسەتیش سەری دەرنەدەچوو، لەو بارودۆخە زۆر ڕازی نەبوو. هەرچەند لە قوتابخانەشدا تازەلاو و لەنێو لاوەکان لەو تەمەنەدا قسەی هەڵەقومەلەق شتێکی ئاسایی بوو، بەڵام قەت قسەیەکی ناحەزی لە دەم نەدەهاتەدەرو لاواز کوژیش نەبوو. لە سەردەمی ئەو گۆڕانکارییە گەورە کۆمەڵایەتییانەی وڵاتەکەیدا، کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی، تەمەنی نزیك بە شازدە ساڵ بوو و بە هاندانی مامۆستاکانی لە تەواوی خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران بە دژی ڕێژیمی پێشوو و دژی نادادپەروەرییەکان بەشداری دەکرد. دوای سەرکەوتنی شۆڕش، بەهۆی مەیلی ڕواڵەتی بنەماڵەکەی بە ئایین کە ئەم مەیلە بەر لەویش زۆر نەبوو و کاریگەری کەشو هەوای حاکم و کەوتنە ژێر کاریگەری بیروباوەڕە ئایدیالیستییەکانی خۆیەوە، بە تەواوی هێزەوە پشتیوانی لە شۆڕشو لقە مەزهەبییەکەی دەکرد. حوسێن لە ڕادەبەدەر پابەندی دروشمەکانی "بڵاوکردنەوەو پەرەسەندنی شۆڕش بە تەواوی جیهاندا"، "لە ڕێگای فلان شوێنەوە دەبێ بگەیینە فلانە شوێن"، "خوایا خوایا تا ئاخیر زەمان ڕێبەرمان بۆ بپارێزە"، "شەڕ، شەڕ تا سەرکەوتن" و لە دواییدا "شەڕ بۆ خەڵك بەرەکەتە"، بوو. لەوەها کەشو هەوایەکی دیکتاتۆری وڵاتی جیرانەکەمانو یەکێك لە نیشانە ناسیۆنالیستە

كوێرەكان لە جیهاندا، پەیمانی ئاشتی نێوان دوو وڵاتی شكاندو ناوی ڕووباری سەر سنووری وەرگێڕایە سەر زمانی خۆیو بە یارمەتی‌و هاندانی لایەنگرەكانی هێرشی كردە سەر نیشتمانەكەی حوسێن. ئەو ویستی بەم كارەی لەمپەرێك بخاتە بەردەم پەرەئەستاندنی شۆڕش. سەرەڕای ئەوانەش ڕێبەرانی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی وڵاتیش، تەنیا بۆ داپۆشینی بێ‌سەرەوبەرەیی‌یەكانی خەڵك دوای شۆڕش‌و چوونەدەر لەو قەولو بەڵێنی‌یانەی كە بەر لە شۆڕش دابوویانو لە ئاكامدا بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان، دەستیان بە داڕشتنی دروشمگەلێك كرد كە دوژمنیان هان دەدا. بەم شێوەیە، دوژمن هێرشی كردو بەشێك لە خاكی نیشتمانەكەی حوسێن كەوتە دەستی هێزە نیزامی‌یەكانی ئەم دوژمنە هاندراوە. ئەمە بووە پاڵنەرێك كە لاوە بەهەست و وڵات پارێزەكان كۆ بكاتەوە كە بەر بە پێشڕەوی ئەرتەشی بێگانە بگرنو لە وڵاتەكەی ڕاونێننو بەرگریی لە سنووری نیشتمانەكەیان بكەن. حوسێنی لاو، لەو یەكەم كەسانە بوو كە بەر لە تاقیكاری‌یەكانی كۆتایی ساڵ، قوتابخانەی دواناوەندی جێ‌هێشتو بۆ بەرەكانی شەڕ ناونووسی كرد. ئەو كە تازە پێی نابووە هەژدە ساڵی، دوای تێ‌پەڕكردنی خولێكی كورتی نیزامی، ڕەوانەی خەتی پێشەوەی شەڕگەیان كردو بەو جۆرەی كە دواتر ئاشكرا بوو، لە شەڕگەدا حەماسەی خولقاندوەو ناو و دەست پێشخەری‌یەكانی شەڕەكەی دەنگی دابۆوە. ئەو كە بە دوو ساڵ ئەزموونی خوێناوی تاكتیكی شەڕ، تاقی كرابۆوەو لە نیزامی‌دا پسپۆڕی وەدەست هێنابوو و دەگەڵ ئەو هەموو ڕیسكە زۆرانەی كە دەی‌كردن چونكە ئەجەلی نەهاتبوو، هەنووكە هەر مابوو. هەربۆیە بووە یەكێك لە فەرماندەرەكانی گرووپی مین هەڵگرەوەی سەر جاددەكان(یانی ئامادەكردنی لاوەكان بۆ چوونە سەر مینەكان) و دواتر گرووپی

خۆمپارە هاوێژ کە لە ئازادکردنی یەکێك لە شارە گرینگەکانی سەر سنوور هاوهەنگاو دەگەڵ یەکەکانی زرێهی ئەرتەشی بەجێماو لە ڕێژیمی پێشوو، ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی.

گرووپەکەی دەگەڵ گیان فیداکانی دیکەدا بۆ پێشگیری لە هێزەکانی دوژمن‌و هاتنیان بۆ شارە گرینگەکانی دیکەی سەر سنوور، مایەی تەواویان دانا. هەربۆیە شانازی وەرگرتنی مەدالیای یەکێك لە قارەمانەتی‌یەکانی شەڕی پێ‌بەخشرا. حوسێن‌و گرووپەکەی لە هەستیارترین‌و مەترسیدارترین بەرەکانی شەڕدا، وەك گرتنەوەی دوورگە سنووری‌یەکان‌و ... هتد، دایان نابوون. بۆ خۆی‌و گرووپەکەشی، ئەم مەئمووریەتانەیان بە دڵێکی ئاوەڵاوە وەردەگرت. تەمەنی مام ناوەندی ئەندامانی یەکەی هێرش‌بەرەکەیان نزیك بە هەڤدە ساڵ بوو، دوای سەرکەوتنێکی ڕێژەیی بەسەر دوژمن‌دا و گرتنەوەی یەکێك لە شارە سنووری‌یەکان، وەك هێزی یارمەتیدەر ڕەوانەی بەرەکانی دیکەی شەڕیان دەکردن. حوسێن کە تازە پێی نابووە تەمەنی بیست‌و دوو ساڵی‌و دوای چوار ساڵ شەڕی مان‌و نەمان، لە مەرەخەسی‌یەکی دوو حەوتوویی کاتی شەڕ کە بە پێداگرتن‌و زۆری دایك‌و باوکی‌و پارەی مەدالیاکەی، کە دوو ساڵ پێشتر لە ئازادکردنی ئەو شارە سنووری‌یەدا بە خەڵات پێ‌یان دابوو،ماڵێکی هەر لەو کۆڵانەی کە بنەماڵەکەیانی لێ‌بوو، کڕی‌و دەگەڵ مونیرەی تەمەن هەژدە ساڵەی دراوسێی دیوار بە دیواریان کە بە دڵی دایکیشی بوو، دیارە ئەویش لە بنەماڵەیەکی وشکە مەزهەبی‌دا پەروەردە کرابوو، ژیانی هاوبەشی پێك هێناو هەر زۆر زوو و بەبێ دەنگی زەماوەندێکی خنجیلانەی لە ژێرخانەکەی ماڵی باوکی‌و بەدوور لە بۆمبارانی هەوایی وەڕێ‌خست. حوسێن حەوتوویەك دوای زەماوەندەکەی سەرلەنوێ گەڕاوە بۆ بەرەی شەڕو خستیانە ڕیزی یەکەم. لە هەر کورتە دەرفەتێکی کە بۆی بڕەخسایە، نامەیەکی

بۆ مونیرەی خێزانی دەنووسیو لە حەماسەخووڵقێنی لاوە چواردەو پازدە ساڵەكان كە كلیلی بەهەشتیان لە ملیدا و بەبێ ترس دەچوونە سەر مینە دژەتانگەكانو لە هێندێك بواریشدا بەهۆی لەش سووكی‌یان، مینەكە نەدەتەقینەوە، بەڵام بۆ پووچەڵ كردنەوە، لە لایەن یەكە تایبەتو پسپۆڕەكانەوە، دەدۆزرانەوەو ڕێگایان بۆ تانكە خودی‌یەكان خۆش دەكرد، باسو تاریفێكی زۆری بۆ دەكرد. حوسێن لەو نامانەی كە لانی كەم حەوتووی دوو دانەی دەنووسین، بە درێژە باسی ئەو ژیانە بەختەوەرەی دوای كۆتایی هاتنی شەڕی بۆ دەكرد كە دەگەڵ هاوسەرە خۆشەویستەكەی بۆ درێژەپێدانی خوێندن هەردووكیان دەچنە دەرەوە. هەربۆیە ئاگایان لەوە بوو كە لەو چەند ڕۆژە مەرەخەسی‌یەی حوسێندا، خێزانی زگی پڕ نەبێ كە بە دەستی خۆیان بەربەستێك لەسەر ڕێی درێژەپێدانی خوێندنەكەیان پێك بێننو هەموو خەونو خەیاڵەكانیان ببێتەوە بڵقی سەر ئاو. دیارە مونیرە هەر جارێك بەدوای تەواوبوونی مەرەخەسی چەند ڕۆژەی حوسێندا، كاتە پڕ لە دڵەڕاوكێو چاوەڕوانی‌یەكانی ڕۆژانەی خۆی بەم بیرۆكە پڕ لە هیواو ئاواتانەوە تێپەڕ دەكرد كە دوای كۆتایی هاتنی شەڕ هەردووكیان بۆ درێژەپێدانی خوێندن دەچنە دەرەوە. شەوانە ئەو نامانەی كە لە لایەن حوسێنەوە بە دەستی گەیشتبوون، ئەوەندەی دەخوێندنەوە تا بە تەواوی هیلاكو خەو دەی بردەوە. مونیرە دەیدی كە حوسێن بەرنامەگەلێكی زۆر سەرسووڕهێنەرو سەرنج ڕاكێشی بۆ داهاتووەكەیان هەیە. بەم جۆرە، بیركردنەوە لەسەر ئەم بەرنامانە، كاتەكانی ڕۆژانەی بۆ پڕو كەمتر بیری لە شتی دیكە دەكردەوەو لەڕاستی‌دا، پێداچوونەوە بەم بابەتانەدا، وردە وردە لە دڵەڕاوكێ‌یەكەی كەم دەكردەوە.

سەرەنجام شەڕی بێئاكام كە بە میلیارد دۆلار خەساری ماڵی دابوو و بە میلیۆنان كەسی كردە قوربانی كە زیاتریان لاوەكان بوون، خەریك بوو كۆتایی پێدەهات. دیارە ئەم شەڕە دەیتوانی دوای گرتنەوەی ئەو شارە گرینگانەی سەر سنووری لاوازییەكی ڕێژەیی هێزەكانی دوژمن كە شێخەكانی ناوچەكەش حازر بە دانی زیاتر لە شەست میلیارد دۆلار وەك قەرەبووكردنەوەی زەرەرمەندییەكانی شەڕ بدەنە وڵاتەكەی حوسێن، كۆتایی باتایە، بەڵام بەرپرسانی ناشارەزا لە كاروباری نیزامی وڵات بە تایبەت ڕێبەری تۆڵەستێنو كەللەشەقی شۆڕشو زۆربەی دەمڕاستەكانی تینووی دەسەڵات، لایەنگری ئاشتی نەبوونو دەیانویست تاكوو ڕووخانی دیكتاتۆڕی دراوسێیانو گەیشتن بە مەبەستەكانی خۆیان واتە، پەرەپێدانو بڵاوكردنەوەی شۆڕش، درێژە بە شەڕ بدەن. لەڕاستیدا ئەوان ئەوكات بەردەوام بوونی ژیانەكەیان لە بڵێسەداربوونو گەشانەوەی شەڕەكەدا دەدیی. بەو جۆرەی كە ڕاگەیەنەكان هەواڵیاندا، ڕێبەری شۆڕش حەوتوویەك بەر لە دەركردنی بڕیارنامەی ٥٩٨ی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان لەسەر بەردەوام بوونی شەڕ پێی چەقاندو گوتی:

— *"تینو تاوی شەڕ لە وڵاتەكەماندا جیا لە ڕووخانی دوژمن بە هیچ شتێك دانابەزێو بە تەمای خوا تا گەیشتن بەم مەبەستە، مەودایەكی ئەوتۆ نەماوە........".*

بەم شێوەیە شەڕ درێژەی كێشا و سەدان هەزار لاو لەم ڕێگایەدا گیانیان بەخت كرد. حوسێن هەر لە یەكەم ڕۆژەكانی بەر لە كۆتایی هاتنی شەڕو بەر لە خواردنەوەی پیاڵەی ژەهر لە لایەن ڕێبەرو قەبووڵ كردنی واتای بڕیارنامەی ٥٩٨ی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكانو واژۆی پەیماننامەی ئاشتی، لە دەمەو ئێوارەیەكی ڕۆژئاوای

یەکێك لە ڕۆژەکانی شەڕ لە بەرەی شەڕدا، بۆ ڕزگارکردنی گیانی هاوسەنگەرێکی خۆی کە بریندار و لە کۆڵی کردبوو کە بیگەیەنێتە پشتی شەڕگەکەوە، لەنـەکاو گوللەیـەکی خومپارەی دوژمن ڕاست لە بەردەمی داو بەهۆی تەقینەوەکەی هەم حوسـێنو هـەمیش برینداره‌کەی بە کۆڵیەوە، پارچەپارچە بوون. نە تەنیا نـەیتـوانی بریندارەکـە ڕزگـار بکـا، بـەڵکوو خۆشـی بـووە قوربـانی ئـەو کـارە جوامێرانەیـەیو چـووە ڕیـزی هاوگرووپەکـەی. سـەرو چـاوی هـەردووکیان بـە جۆرێـك هەڵتـەکابوون کـە ناسـینو جیاکردنەوەی تەرمەکان زۆر دژوار بوو.

ڕۆژی دواتر هەواڵی شەهیدبوونی حوسـێن ڕاسـت چـەند ڕۆژ بـەر لـە کۆتـایی هـاتنی شەڕ و لە تەمەنی بیستو شەش ساڵیدا بـە بنەماڵـە و هاوسـەرە جحێڵـە بیسـتو دوو ساڵەکەیان دا کە چ شینو گریانو باوکەڕۆیەك ساز بوو. مونیرە ئیتر هیچ یادگارییـەکی لە حوسێن نەبوو، تەنانەت زگیشی لێی پڕ نەبوو، بەڵام تەرمە پارچە پارچە کراوەکەی حوسێنیان هێناوە بۆ زیارەتگای شوێنی لەدایك بوونو دایانـەوە بـە بنەماڵەکـەی. وەك هەمیشـە ئاخونـدی زیارەتگاکـە بـۆ شـین گێـڕیو تـاریفو پێداهـەڵگوتن لـە لاوە شەهیدەکان چووە مینبەرو یەك جـۆر وتـار کـە هەمیشـە بـۆ هـەموو لاوە شـەهیدەکان دەی خوێنـدەوەو خەڵکەکـەی وەگریـان دەخسـت، دووپـات دەکـردەوەو لـە ئـازاییو قارەمانەتی ئەم لاوانە و بە تایبەت حوسێن کە خاوەنی خـەڵاتی قارەمانـەتی شـەڕیش بوو، دەنگی هەڵبڕیو هەر لە یەکەم کاتەکانڕا، شەقامێکی بە ناوەوە کردو گوتی:

ـــ هیچ کات شەهیدان نامرن و نەمرن.

لەو ڕۆژە بەدواوە دروشمی شەهیدان نامرن بـە خـەتێكی سـپی لەسـەر پارچـەیەكی ڕەش دەوری گێراو یەكێكیان كردە مەئموور كە هەموو ڕۆژێك لە زیارەتگا و بە تایبـەت لە كاتی نوێژ كردنو پاڕانەوەی ڕۆژەكانی هـەینی ڕووبـەڕووی ئافرەتـەكان بەسـەر دوو دارەوە ڕاگیرێ. ئەم دروشمە لە بیرو زەینی مونیرە هاوسەرەكەی حوسێنی شەهید لـە بنەماڵەیەكی ویشكە مەزهەبی، جێی گرتو چەسپا. هەمیشە هیوای وابـوو كـە بـە پێـی ئەو تیـۆرییـەی كـە شـەهید نـەمرە، دەبـێ هاوسـەرە لاوە شـەهیدەكەی زینـدوو بـێو سەردانی بكا !

مونیرەی بێوەژن كەوتوو، هـەموو ڕۆژێـكو بـە تایبـەت ڕۆژەكـانی هـەینی، دەچـووە زیارەتگا كە وتە هیوابەخشەكانی ئاخوندەكەی بە گوێی خۆی ببیستێو دڵگەرمییەكی زیاتری پێبدا كە سەرەنجام حوسێنەكەی دێتەوە. هەركات ئاخوندەكە دەچـووە سـەر مینبـەرو ژنـەكان لـە پشـتی ئـەو پەردەیـەی كـە ئـافرەت و پیاوەكـانی جیـاكردبۆوە، گوێیان بۆ وتەكانی ڕادەگرت، وەك هەمیشە، ڕوقیە خانی ویشـكە مەزهـەبیو زەبـەلاح بـە سـەرو گـوێلاكێكی درشـتو نـاقۆڵاوە كـە بـە یـەكێك لـە دەمڕاسـتەكانی ئـەو نـاوە دەژمێردرا، ئەو پەردە ڕەشو گەورەیەی كە دروشمی "شەهیدان هەمیشە زینـدوون"ی لەسەر نووسراوبوو، دەكردەوەو ڕووبەڕووی ژنەكان كە زۆربەیان پیاو و منداڵەكانیان لە بەرەكانی شەڕدا لەدەست دابوون، بـە پێـوە ڕادەگـرت. ڕوقیـە خـان یـەكێك لـە بـاوەڕ پێكراوی ئاخوندی زیارەتگاكە بـوو كـە گۆیـا سـیغەی خوشـك و برایـەتی‌یـان پێكـەوە خوێندبوو. زۆر جار لەكاتی بوونی‌دا قسەی ئاخوندەكەی بـۆ ژنـەكان شـی دەكـردەوەو هۆباڵی زیندووبوونی ئەوانەی لە بەرەكانی شەڕدا شەهید دەبوون، دەكێشاو پشـتگیری

لـە قسـەکانی ئاخوندەکـە دەکـردو تەنانـەت کـەمێکیش خـۆی پـێ هـەڵ دەکێشـانو دەیگوت:

ــ بە چاوەکانی خۆم دیومە کە مێردی شەهیدی یەکێك لە هاوڕێکانم هاتۆتـەوە. بـەڵام قـەولم داوە کـە ئـەم نهێنـیـیـە بـە کـەس نـەڵێم. چـونکە ئەگـەر شـتێك بڵـێم، ئـیتر ناگەڕێتەوە ! ڕوقیە لە درێژەی قسەکانیدا گوتی:

ــ زۆر جار بە ئیمـانترینـی ئـەم شـەهیدانە لـە شـەوانی هـەینیدا دێنـەوە نێـو کـەسو کاریان. دیارە بەو مەرجەی کە کەسو کارو بنەماڵەکەی هەم لەخوا ترسو هـەمیش بـە ئیمان بن.

ڕۆژێك مونیرەی ساویلکە بە ڕوقیە خان دەڵێ:

ــ خوشکێ باوەڕ بکە تەواوی فەڕزو دەستووراتی دینی موو بە مـوو بـەجێ دێـنم و بـە دڵیش باوەڕەم هەیـە کـە شـەهیدان زینـدوونو هیـوادارم کـە مێـردە جوانـە مەرگەکـەم تەنانـەت بـۆ جـارێکیش بـێ، دووبـارە ببینمـەوە. ڕوقیـە خـان دەسـتێکی بـە سـەری مونیرەدا هێنا و گوتی:

ــ خوشکم دڵنیا بە کە، لە یەکێك لە هەینییەکانی داهاتوودا ڕۆحی پـاراو و گەشـاوەی پیاوە شەهیدەکەت دێتە خەوت، ڕەنگە ئێستا خودا ئیزنی چاوپێکەوتنی پێ نەدابێ.

چـەندین حـەوتوو تـێپـەڕین، وەك هەمیشـە زۆربـەی ڕۆژەکـانی هـەینی ڕوقیـەخانی ویشکە مەزهەبی، هەر جارەی بەو خوێندنە سەرەتاییـیـەی کـە بـووی چـەند پرسـیاری

ساکاری دەنووسی‌و بەر لەوەی ئاخوندەکە بچێتە مینبەر لێی دەپرسی‌و وەڵامی وەردەگرتەوە. بۆوێنە دەی‌گوت:

ــ ئەگەر لەو کاتەدا ئەو پارچەیەی "شەهیدان هەمیشە زیندوون"ی لەسەر نووسراوە، بەرزم کردۆتەوەو پیاوەکان لە کاتی چوونیان بۆنێو زیارەتگاکەوە، مەچەکی دەستم ببینن، گوناحە یان نا؟! ئایا پیاو زیاتر بە تاوانبار دەژمێردرێ یان ژن؟ و هێندێك پرسیاری دیکەی لەم ئاستەدا.

دوای تەواوبوونی وتاری مامۆستا، سەرلەنوێ ئەو باسانەی دەگەڵ دێنانەوە گۆڕێ. ڕوقیەخان لە هەینی‌یەکی دیکەدا خەیاڵو هیوا و پرسیارەکانی مونیرەی لە نێوان قسەکانی‌دا دەگەڵ ئاخوندەکە باس کرد. ئەو ئاخوندە کە لە کاتی بە خاکسپاری حوسێنی شەهیددا شەیدای جوانی‌یەکەی مونیرەی لاو ببوو، لە دڵی خۆی‌دا ئاواتی دەخواست کە ڕۆژێك بیخاتە داوەوە. هیچ کات باوەڕی نەدەکرد کە ئەم کچە گەنجە تا ئەو ڕادەیە ساویلکە، دڵ پاك و خۆش باوەڕ بێ. بەهەرحاڵ لەم بارەوە شتێکی دەگەڵ ڕوقیەدا باس نەکردو تەنیا گوتی:

ــ هیوادارم کە خودا ڕەحم بەم ئافرەتە گەنجە بکا و ئیزن بە حوسێنی شەهیدیش بدا کە بێت بۆ دیتنی هاوسەرەکەی.

بە دڵنیایی‌یەوە گوتی:

ــ پێی بڵێ، ناهومێد نەبێ، بێ‌گومان مونیرە بە ئاواتی خۆی دەگا، بەڵام تەنیا خوا وادەکەی دەزانێ. هەر ئەم هەینی‌یە یان هەینی‌یەکانی دیکە.

ڕوقیەی لە مونیرە ساویلکەتر، دەقی ئەو شتانەی بۆ گێڕاوەو دڵ خۆشی داوە. مونیرە هەموو شەوانی هەینی تا درەنگانێك لەسەر دەلاقەکە کە پەردەیەکی سپی پێدادابوو، دادەنیشتو لە قولینچکێکی پەردەکەوە هەموو کۆڵانەکەی لە ژێر چاوەدێری دەگرت، بەو هیوایە کە لە یەکێك لەم هەینییانەدا ڕووحی حوسێنە خۆشەویستەکەی بێتە بەرچاوی. دیارە مرۆڤ کاتێك لە بارەی هەر شتێکەوە بە قووڵی بیری لێ بکاتەوە یان بە خەیاڵییەوە بخەوێ، خەوی پێوە دەبینێو زۆربەی خەیاڵو بیرۆکەکانی بە شێوەیەکی ڕاستەقینە دێنە خەوی. یەکێك لەو شەوە هەینییانە کە مونیرە تازە لەسەر گڵکۆی مێردەکەی هاتبۆوەو وەك هەمیشە لەسەر دەلاقەکە و ڕووبەڕووی کۆڵانەکە دانیشتو چۆوە نێو قووڵایی ئەم بیرۆکانەوە، لەسەر کورسییەکەدا خەوی لێکەوتو لە خەویدا بینی کە تارماییەکی ڕەش نزیك دەلاقەکەیان لە کۆڵانەکەدا قووت بۆتەوەو بانگی کرد، مونیرە! حوسێنم، لەم کاتەدا مونیرە لە خەو ڕاپەڕیو لە دەلاقەکەوە چاوێکی لەنێو کۆڵانەکە کرد کەسی نەدیی. بەیانی کە بۆ نوێژی نیوەڕۆیە چوو بۆ زیارەتگا، ڕوقیەخانی دیی‌و بە گریانەوە گوتی:

ــ دوێ شەو حوسێن تا بەر دەرگای پشت دەلاقەکەمان هاتو تا لە خەو ڕاپەڕیم و ویستم بچمە خوارێ دەرگا بکەمەوە، لە بەرچاوم ون بوو.

ڕوقیە چەند جار قولو وەلّلای خوێندو پاڕاوە کە جارێکی دیکە بێتەوەو بە مونیرەی گوت:

ــ هیوادار بە، حەتمەن جارێکی دیکە دێتەوە. ڕوقیەش ساویلکانە ئەم مەسەلەی بە بێ‌دەنگی دەگەڵ ئاخوندەکە باس کرد کە ئاغا بە قوربانی خۆتو شاڵەکەت بم، تۆ ڕاستت کرد، بە ڕاستی شەهیدان زیندوون. ئاخوندەکە بە بزەیەکەوە گوتی:

ــ خوشکە ڕوقیە، مەگەر تۆ گومانت بوو؟

وەڵامی دایەوە:

ــ ئیتر ئێستا نا! چونکە حوسێنی شەهید گەڕاوەتەوەو زوو ون بووەو مونیرە بۆ خۆی دیویەتی!

ئاخوندەکە گوتی:

ــ خۆشحاڵم کە خوا ئاوڕ لە مرۆڤە ئیماندارەکانی دەداتەوەو هیوادارم کە مونیرە خان لەم جۆرە چاوپێکەوتنانەی دەگەڵ حوسێندا هەبێ. ئاخوندەکە خۆی لە گێلیدا و پرسی، مونیرە نەی‌گوت ئەو شەهیدە قارەمانە بە چ شێوەیەك خۆی نیشان داوە؟

ڕوقیە لە وەڵامدا گوتی:

ــ بۆچی بۆچی، ئەو گوتی:

ــ ڕەشایی‌یەك کە سەرو چاوی خۆی بە پارچەیەکی ڕەش داپۆشی بوو و بانگی کردوە مونیرە! ئەمنم حوسێنو دوایەش ون بووە.

ئاخوندەکە دوای بیستنی ئەم چیرۆکە گوتی:

ــ هیــوادارم كــه ســەرلەنوێ حوســێنی شــەهید بێتــەوەو چــاوی بــە هاوســەرە خۆشەویستەكەی بكەوێ، بەڵام وا باشترە نە تۆو نە مونیرەخانیش ئێستا هیچ شتێك لە بارەی ئەم چاوپێكەوتنەدا دەگەڵ كەس باس نەكەن.

مانگێك بەسەر ئـەم ڕووداوەدا تـێپـەڕیو بنەماڵـەی حوسـێن ویسـتیان سـاڵڕۆژی شەهیدبوونی كوڕەكەیان بگرن. بۆ ئەم كارە یارمەتییان لـە زیارەتگاكـەی نزیـك مـاڵی خۆیـان وەرگـرتو تـەواوی ئـەو شـەقامەی كـە بـە نـاوی حوسـێنەوە كرابـوو تـا سـەر كۆڵانەكە، بەوێنەی حوسێن ڕازاندبوویانـەوەو سەرانسـەری كۆڵانەكەشـیان فـەرش چـن كردو تەواوی وێنەكانی حوسێن هەر لە وێنەی زەماوەندەكەیەوە بگرە تا وێنەی بەرەی شـەڕو وەگرتنـی خـەڵات و...، بـە دیوارەكانـەوە هـەڵیان واسـینو لـە چـەند شـوێنی كۆڵانەكەشدا گوڵو گوڵاویان دانا و مـونیرەش مینبـەرێكی بـۆ ئاخوندەكـە لـە بـەردەم ماڵەكەی خۆیان كە بـە مەبەسـتی ڕەوزە خـوێنی لـە لایـەن بنەماڵەكەیـەوە بانگهێشـت كرابوو، حازر كرد. دایكو باوكی حوسێنی شەهید، تازیەبارو ڕەش پۆشو مونیرەش بـۆ خۆی بە دەستێك لیباسی ڕەشـەوە، بـەڵام ڕووخسـارێكی نـوورانیو خـەیاڵاویی، حـازر بوون.

لـەو كاتـەدا ئاخونـدە هـاتو چـووە سـەر مینبـەرو بـەر لـە هـەموویان بـە گریانـە ڕیاكارانەكەی خۆیو باس كـردن لـەو سـەر بـڕاو و شـەهیدە لێـو وشـك هەڵاتووانـە لـەو دەشـتە گـەرمو سـاباقەدا، هـەموو ژنـەكانی خسـتە گریـانو فلْقوهـۆڕیش لـە گـەرووی پیاوەكانەوە دەهاتـە دەرێ. دوای ئـەوە بـەبێ بـوونی ئاسـەواری هـیچ فرمێسـكێك لـە چاوەكانیدا و تازە بە دەنگێكی بـەرزیش باسـی ئازایـەتیو بـوێری شـەهیدە لاوەكـانی

دەکرد. بە پێداگرتن لەسەر ئەوە کە شەهیدەکان زیندوونو وان لای خودا و قەت نامرن، ڕووی لە ژنەکان لە پشت پەردەیەك لای ڕاستییەوە کە ژنو پیاوەکانی لە یەکتر جیا دەکردەوە، کردو مستێکی لە نێوچاوانی خۆیدا و گوتی:

ـــ ئەی خۆزگە بەو کەسانەی کە کوڕو پیاوەکانیان شەهید بوونە. ئەوانە هەم خۆیان بەهەشتینو هەمیش شەهیدەکانیان. ڕوقیەخانیش کە بە پێوە دروشمی "شەهیدان زیندوون"ی بە دەستەوە بوو، بەڵام ئێستا لێکی نەکردبۆوە. بە بیستنی ئەم قسەیەی ئاغا و دیتنی گریانە ڕواڵەتییەکەی لە سووچێکەوە، سەرەتا سەرێکی بە نیشانەی سەلماندنی قسەکانی بۆ لەقاندو دوایەش دروشمەکەی بەرز کردەوە. مونیرەو دایکیو خەسووشی لەنێو ئافرەتەکاندا دانیشتبوونو دەگەڵ ئەوەی کە چاویان لەو پەردە ڕەشو دروشمە سپییە تازە کراوەیە دەکرد، گوێشیان بۆ قسە بێوێنەکانی ئاغاش شل کردبوو و هەرکاتیش وشەی شەهیدان بە زاریدا دەهات، دەنگی گریانو هۆڕە هۆڕی ژنەکانو بە تایبەت ئەوانەی کە بنەماڵەی شەهیدبوون، بەرز دەبۆوە.

ئەو ڕۆژەش ئاخوندەکە دڵنیای کردنەوە کە شەهیدان بە زیندوویی دەمێننەوە. ڕوقیەخانی وشکە مەزهەبیش بە جێگای گریان بەردەوام لە ژێر لێوییەوە، "شەهیدان زیندوون"ی دەگوتەوە. ئەو هەینییە و ساڵڕۆژی شەهیدبوونی حوسێنیش کۆتایی پێ هاتو هەموو چوونەوە ماڵەکانیان. مونیرەی دڵ بریندارو ناڕەحەتیش دەگەڵ خەسوویو بنەماڵە شەهیدەکانی دیکەدا سەرێکیان لە گڵکۆی حوسێن دا و دوای گریانو شیوەنێکی زۆر هاتنەوە بۆ ماڵەوەو مونیرە بە تەنێ چۆوە ماڵە خۆیانو بێ ئەوەی ئیشتیای خواردنی شێوانی بێ، کەوتەوە بیری مێردەکەیو گوتی:

ــ تۆ بڵێی حوسێنەکەم لەم شەوی سەری ساڵەدا بێتەوە یان نا! لەو خەیاڵەدا بوو دایکی کە دیوار بە دیوار بوون هەودای خەیاڵی پساندو گوتی:

ــ کچم نانی شێوان دەخۆی بۆت بێنم؟

مونیرە بە ئەوینەوە وەڵامی دایەوە:

ــ نە دایکە گیان، زۆر سپاس! ئیشتیام لێ نیە، چەند خولەك پێشتریش خەسووم هات بە شوێنم دا، بەڵام من نەمتوانیو گوتم:

ــ دەمەوێ تەنیا بم و دەگەڵ ڕووحی حوسێندا کەمێك دەردی دڵ بکەم.

مونیرە ئەو شەوە تەواو لەو خەیاڵانەدا بوو کە ئایا حوسێن دێتەوە، تا درەنگانێك خەوی لێ نەکەوت. لە ئاکامدا ماندوو و هیلاك لەسەر قەنەفەکە خەوی لێکەوت، لە دەنگو هەرای کرێکارانی شارەوانی کە بازاڕو کۆڵانەکانیان خاوێن دەکردنەوە لە خەو ڕاپەڕیو دیتی کە هەر لەسەر قەنەفەی میوانخانەکە بە دانیشتنەوە خەوی لێکەوتوە. دوای ئەوە ئیتر خەوی لێنەکەوتەوەو نوێژی بەیانی خوێندو یەکسەر چووە ماڵی خەسووی، چونکە دەیزانی ئەویش بۆ نزا و پاڕانەوەو نوێژی بەیانی هەڵ دەستێ. وەختێك گەیشتە ماڵی خەسووی، دیتی لەسەر بەرماڵەکە دەست بە دوعاوە دانیشتووە. لەبەر ئەوەی باوکی حوسێن بە ناشتا نەچێتە سەر کار، زوو نانو چایەکی باشی بۆ ساز کرد. دایکو باوکی حوسێن دەگەڵ ئەوەی کە ساڵێك لە شەهیدبوونی کوڕەکەیان تێدەپەڕی، بەڵام هەر وەك کچ و بووکی خۆیان خۆشیان دەویست، چونکە بۆنی حوسێنی لێدەهاتو بە کچێکی وەفادارو جێی متمانەیان دەزانی.

مونیره که بەردەوام ڕۆژانی هەینی دەگەڵ خەسووی‌دا دەچووه سەر گڵکۆی حوسێن، ڕۆژێکی پێنج شەممە عەسرەکەی بە خەسووی گوت:

ــ ئەمڕۆ دڵم پێوەیە پێکەوە بچینە سەر گڵکۆی حوسێن. چونکە ئەمشەو، شەوی هەینی‌یە، ئێمە هەمیشە ڕۆژانی هەینی دەچین. خەسووی بە خۆشحاڵی‌یەوە قەبووڵی کردو پێکەوە چوونە سەر گۆڕستانی شەهیدان‌و چەندین سەعات دەردی دڵیان لە گەڵ‌دا کرد. دوای ئەوەی لە گریان وەڕەزو ماندوو بوون، هەستان‌و بەر لە ڕۆیشتنیان خەریکی خوێندنی فاتیحایەك بوون کە لەنەکاو ئاخوندەکەیان دیی کە بۆ فاتیحا خوێندن هاتۆتە سەر گڵکۆی شەهیدان. سڵاویان لێ‌کردو ئاخوندەکەش دوای ئەحواڵپرسی دەگەڵ مونیرەو خەسووی‌دا چوونە سەر قەبری حوسێن‌و فاتیحایەکی بۆ داداو دەستێکی بە ڕیشی داهێناو بە گوتنی خوا لێی خۆش بێ، لێیان جوێ بۆوە.

لە یەکێك لە پێنج شەممە شەوە ساردەکانی پاییزی چەند حەوتوو دواتر یانی شەوی هەینی بوو کە هاتو چۆش زۆر بە کەمی لە کۆڵانەکەیان‌و تەنانەت لە "شەقامی حوسێن"یش‌دا بەرچاو دەکەوت. وەك هەمیشە ئەم جارەیان مونیرە نەك تەنیا لە عەسری ڕۆژەکانی هەینی‌دا، بەڵکوو عەسرەکانی پێنج شەممەش کە بۆ بەیانی‌یەکەی ڕۆژی هەینی‌یە، لە پشت شووشەی دەربیجەکەوە هەموو کۆڵانەکەی دەخستە ژێر چاوەدێری. شەو لە نیوە لای نەدابوو کە لەنەکاو تارمایی‌یەکی ڕەش هەر بەو نیشانانەی کە لە خەوەکەی‌دا بینی بووی لەسەر کۆڵانەکەوە وەدەرکەوت و ڕاست بەرەو ماڵی ئەوان دەهات. مونیرە شڵەژاو و دەگەڵ ئەوەی کە هەوا سارد بوو دەلاقەکەی کەمێك لاخاڵ کردو زیاتر بە دەرێی‌دا ڕوانی. تارمایی‌یەکەی دیی کە

چاوێکی لە دەلاقەکەیان کردو زوو ڕووخسارە داپۆشراوەکەی وەرگێڕاوە. مونیرە لەبەر تاریکایی هەوا نەی توانی زۆر بە جوانی بیناسێ.

تارمایی‌یە ڕەشەکە ماوەیەك لە بەر دەلاقەکە وێستا و سڵاوێکی کردو گوتی:

ــ ئەمنم حوسێن، بەڵام ئیزنم پێ نیە لەوە زیاتر وەمێنم، تەنیا هاتووم کە بت بینم، پێشتر دوو جاری دیکە لە شەوی هەینی‌دا هاتووم، بەڵام تۆ لە ماڵ نەبووی! ئەگەر دەتەوێ دووبارە بێمەوە، ئەم نهێنی‌یە لە لای کەس نەدرکێنی‌و تەنیا لای خۆت بێ. دووبارە دێمەوە، تاکوو شەوی هەینی‌یەکی‌تر لە یەکێك لە حەوتووەکانی داهاتوودا، ئاگات لەخۆ بێ. مونیرە حەپەساو و لاڵ ببوو و زمانی گۆی نەدەکرد، بیری کردەوە خەو دەبینێ، بەڵام نا، بەخەبەر بوو و تەنانەت تا ئەو تارمایی‌یە ڕەشە لە کۆڵانەکەش ئاوا بوو، هەر چاوی لێکرد، حوسێن خۆی بوو. لە لایەکەوە زۆر خۆشحاڵ بوو لەوەی کە مێردەکەی زیندووەو لە لایەکی‌ترەوە زۆر ناڕەحەت بوو کە بۆچی لەوە زیاتر ئیزنی نەبوو وەمێنێ‌و بێتە ژوورەوە؟! لە خۆی تووڕە بوو کە بۆچی لە ئێستا زووتر، ڕۆژەکانی پێنج شەممە واتە شەوانی هەینی نەچۆتە سەر گڵکۆی حوسێن‌و بۆچی لەم شەوانەدا چاوەڕوانی هاتنی نەکردوە؟ لە بەرخۆیەوە گوتی:

ــ خوایە زۆر شوکور ئاخرەکەی هات. ڕۆژی دوایە بە ڕوویەکی خۆش‌و کراوەوە چووە زیارەتگا، بەڵام تەنانەت هیچ شتێکی لە بارەی ئەو ڕووداوەی دوێ شەوەوە بە ڕوقیە نەگوت. دەگەڵ ئەوەی ڕوقیە دەیویست لە هەموو نهێنی‌یەك سەر دەربێنێ، بەڵام لە خۆشحاڵی مونیرەشی نەکۆڵی‌یەوەو زۆر بە ئاسایی لێی تێپەڕی. بەو حاڵەش هەستی خۆشحاڵ بوونی مونیرەی بە ئاخوندەکە ڕاگەیاندو گوتی:

ــ ئاغا لە بەر شاڵەکەت مرم، ئەم ڕۆژانە مونیرە لە چاو ڕۆژەکانی پێشوو سەرحاڵ‌تـرو نوێژی زیاتر دەکا و دوعـای زیـاتریش دەخـوێنێ، کـەم کـەم خـەریکـە پڕوپاگەنـدە بـۆ دروشمی "شەهیدان هەمیشە زیندوون" دەکا.

ئاغاش گوتی:

ــ خودا مرۆڤەکان زیاتر بۆ ڕێگای ڕاست ڕێنمایی دەکا.

دوو هەینی تێوەرسووڕاوەو مونیرە بە ئاوات و هیوایەکی زیاترەوە چەندین سـەعات لە پشت دەلاقەکەوە دادەنیشت، بەڵام هەواڵێك نەبوو. پێنج شەممە شەو واتـە سـێهەم شەوی هەینی، سەرلەنوێ ئەو شتە ڕەشە سـەری هـەڵداوەو مـونیرەش مـاتڵی نـەکردو یەکسەر لە پلیکانەکان چووە خوارێو لەبەر دەرگا ڕاوەسـتا تـا لێـی نزیك بـۆوەو زوو دەرگای حەوشەی لێکردەوە. ئەم جارە ئەو(حوسێن!) بوو کـە هاتـە ماڵـەوە. مـونیرە بەبێ ئەحواڵ پرسی دەسـتی شـتە ڕەشـەکەی گـرتو هێـواش لـە پلیکانـەکان وەسـەر کەوتنو چوونە ژوورێ. بۆ پێشگیری لەهـەر جـۆرە گومـانو موزاحیمـەتی‌یـەك، مـونیرە تەواوی چراکانی کوژاندنەوە، بۆ ئەوەی وا بنوێنێ کە خەوتوون یـان کەسـیان لـە مـاڵ نیە. شتە ڕەشەکە مونیرەی لە باوەش گرتو گوتی:

ــ دەبێ زوو بڕۆم و حەوتووی داهاتوو دەگەڕێمەوە. مونیرە ویستی ماچی بکـا، بـەڵام ئەو نەی هێشت دەم و چاوی ئاشکرا بێو گوتی:

ــ دەم و چاوم هەروا شپرزەو خوێناوی‌یە، نامەوێ بە بینینی دەم و چـاوم ناڕەحـەتت کەم. من ئێستاش لە ژێر تاقی کردنەوەی خوادام، سـەرەڕای ئـەوەش خـوا دەیهـەوێ

بەندەکانی خۆی تاقی بکاتەوە کە تا چ ڕادەیەك توانـایی ئـێش‌و ئازاریـان هەیـە. دوای ئەم چاوپێکەوتنە کورتە زوو لێی دا ڕۆیشت و گوتی:

ــ تاکوو حەوتووی داهاتوو، دووبارە جەختی لەوە کردەوە کـە ئـەم چـاوپێکەوتنەمان بە نهێنی بمێنێتەوەو بە کەس نەڵێی کە خودا لێمان ناڕەحەت بێ.

مـونیرە لـە ترسـی ئـەوەی کـە نـەکا حوسـێنەکەی نەگەڕێتـەوە، ئـەم مەسـەلەی شاردەوەو تەنانەت بە قیافەش خۆی نیشانی ڕوقیەخانی وشکە مەزهـەبی نـەدا کـە لـە پرسـیارانی گـرێ. بەهــەرحاڵ مــونیرە لــە دڵــەوە زۆر خۆشــحاڵ‌و هــەر وەختــیش ئاخوندەکەی لە زیارەتگاکە بدیایە، سڵاوێکی خەست‌و خـۆڵی لێ‌دەکـردو چـەندین جـار خۆی بە قوربان‌و سەدەقەی شاڵەکەی دەکرد. بۆ ئەوەی کەس لێی وەگومان نەکـەوێ، بە ڕواڵەت خـۆی وەك بێـوەژنێکی جحێـڵ کـە مێردەکـەی شـەهیدو تازیـەبارە، نیشـان دەدا. لەوەودوا هەم ڕۆژەکانی پێنج شەممە و هـەمیش هـەینی دەچـووە سـەر گڵکـۆی مێردەکەی‌و چەندین سەعات دەردی دڵی دەگەڵ‌دا دەکردو دەی گوت:

ــ هیـوادارم ئـەم شـەو زووتـر بێـی‌و زیـاتریش وەمێنـی. دوای ئـەوە هـەر لـە عەسـردا دەگەڕاوە بۆ مـاڵێ‌و نـانی شـێوانی سـاز دەکـردو دەگـەڵ خەسـوو و خـەزووری‌دا نـانی شەوی دەخواردو زوو دەهاتەوە بۆ ماڵێ‌و لە پشت دەلاقەکەوە چاوەڕوان دەبوو.

لەوەودوا ئەم حوسێنە لـەوە دڵنیـا بـوو کـە مـونیرە ئـەو چـاوپێکەوتنەی بـە کـەس نەگوتوە، بۆیە هەموو حەوتوویەك کاتی خۆی دەهات و تـا درەنگانێـك لـە لای مـونیرە دەماوەو دوای ڕابواردنێکی باش زوو دەڕۆی. تاکوو ئـەوەی ڕۆژێـك مـونیرە نـەی‌توانی لەوە زیاتر ئەو خۆشـحاڵی‌یـەی وەشـارێ‌و بـە ڕوویـەکی کـراوەو لێـو بـە بـزەوە چـووە

زیارەتگاکە. ڕوقیەخان، بە دیتنی ئەم خۆشحاڵییەی مونیرە، دوای ئەحواڵ پرسی گوتی:

ــ زۆر بەوە خۆشحاڵم کە وا سەرحاڵت دەبینم، ئایا هەواڵێك هەیە؟

مونیرە لە وەڵامدا گوتی:

ــ بەڵێ، بەڵام کە ڕاستت دەوێ ناتوانم هیچ شتێك بڵێم، دەترسم کە نەیەتەوە.

ڕوقیەخان پێکەنیو بەڕوویەکی خۆشەوە گوتی:

ــ نەم گوت، خوا دلۆڤانە و شەهیدان نەمرن؟ ئاخرەکەی هات! مونیرە بەسەر لەقاندن بەڵام بە نابەدڵییەوە کە نەی دەویست شتێك بڵێ، تەئیدی کرد. بەڵام لێی پاڕاوە کە بە کەس نەڵێ. ئەویش دڵنیای کردەوە کە ئەم نهێنییە بە کەس نەڵێو لای خۆی وەمێنێ.

بەهەرحاڵ ڕوقیەخان بۆ سەلماندنی تیۆرییەکەی خۆیو پشتیوانی کردن لە قسەکانی ئاخوندەکە، نەیتوانی زمانی گرێ بدا، ئەم ڕووداوەی لە کۆڕە چووکەکانو بە تایبەت ئەو کۆڕانەی کە زیاتر گومانیان لەسەر دروشمی "شەهیدان نەمرن"، دێنایە گۆڕێ. ئەو بۆ سەلماندنی بانگەشەکەی بە ئافرەتێك کە باوەڕی بە نەمری شەهیدان نەبوو، گوتی:

ــ ئەگەر بەڵێنیم دەدەیەیو سوێندم بۆ دەخۆی کە بە کەس ناڵێی، ئەمن شاهیدی زیندووت بۆ دێنم کە لێی پرسی. ئەو ئافرەتە سوێندی بۆ خوارد بە کەس ناڵێ. ڕوقیەخان، هاتنەوەی حوسێنی لە هەموو شەوێکی هەینیدا بە نموونە هێناوەو گوتی:

ــ ئەگەر باوەڕ ناكەن ئەوەتا لە مونیرە بپرسن. ئێوە لەو هاوڕێیەی دیكەم كە مێردەكەی بەردەوام دێتەوەو منیش وەك نموونە بۆم هێنانەوە، دەستتان پێی ڕانەگەیشت كە لێی بپرسن چونكە لەم شارەدا نیە، بەڵام ئەمەیان خۆ لێرەیە. ئەم خاتوونە دونیادیتووە، ڕۆژێكیان خۆی لە مونیرە نزیك كردەوەو بێ ئەوەی پرسیاری لێ بكا یان لێی وەگومان بكەوێ، باسی دینو مەزهەبو خواپەرستیو مۆعجیزەی خواو لەو جۆرە شتانەی كرد. تا ئەو جێیەی كە مونیرە تەواو باوەڕی پێكرد. مونیرە دەیدی دەگەڵ ئەوەی كە ڕووداوەكەی بۆ ڕوقیەخان گێڕاوەتەوە، بەڵام حوسێن شەوانی هەینی هەر دێو پێوەندی‌یەكەی نەپچڕاندوە. بۆیە وای‌زانی ئەگەر زۆر بە نهێنی ئەم ڕووداوە موعجیزەئاسایەش بۆ فاتیمەخان كە ئافرەتێكی تێگەیشتوو و زۆر دڵۆڤان بوو، بگێڕێتەوەو بڵێ هەر كەسێك كە لە ڕێگای ئیسلامدا شەهید بكرێ، هەمیشە بە نەمری دەمێنێتەوە، مەسەلەیەك نەبێ. هەربۆیە چۆنیەتی هاتنی حوسێنی لە شەوانی هەینی‌دا بۆی گێڕاوە. فاتیمەخان زیرەكانە كەمێك لە شتەكە ڕاما و گوتی:

ـــ خۆشحاڵم لەوەی كە بە ئاواتت گەیشتی. كەواتە ڕاستە، ئاغا كە بەردەوام دەی‌گوت، شەهیدان نەمرن. مونیرە بە دڵپاكی‌یەوە گوتی:

ــ بەڵێ، بەڵام ڕووخساری پێ نیشان نەدام و دەی گوت، خوێناوی‌یە و لە ژێر تاقی كردنەوەی خوادام و دوای سەرجێی كردن دەگەڵمدا زووش دەڕۆی. هەڵبەت نامەوێ لە تاقی كردنەوەكەی خوا ڕەت بێتەوەو تا ئەو كاتەی تاقیكاری‌یەكەی نەدابێو دەم و چاوە لەتو پەت كراوەكەی لە لایەن خواوە نەگەڕێتەوە سەر دۆخی ئاسایی خۆی، بۆم ئاساییە كە دەمو چاوی نەبینم! فاتیمەخان قسە ڕاستو ساویلكانەكەی مونیرەی

بیست و چونکە بەم شتانە باوەڕێکی ئەوتۆی نەبوو، دوای ئەوەی تەواو دڵنیا بۆوە کە فرتو فێڵێکی تێدایەو ئەم ئافرەتە گەنج و جوانە، بەڵام ساویلکەیە بە داوەوە بووەو کەسێك هەیە لەم ساویلکەیی‌یەی ئەو کەڵکی خراپ وەردەگرێ. بۆیە ڕووداوەکەی بۆ حەسەنی مێردی کە نیوە مەزهەبی بوو، گێڕاوە. حەسەن ئاغاش دەیزانی کە هاتنەوەی حوسێن فڕی بەسەر ڕاستی‌یەوە نیەو حەتمەن ئەمە فێڵێکە بۆ وەچنگ خستنی ئەم ئافرەتە شۆخ و شەنگە. ئەوان بڕیاریان دا، بە شێوەیەکی نهێنی وەدوای ئەم مەسەلە بکەونو بنج و بناوانی مەسەلەکە دەربێنن.

حەسەن ئاغا کە لەنێو کاربەدەستانی دەوڵەتی‌دا دۆستو ئاشنایەکی نیوە مەزهەبی ئێجگار زۆری بوون کە پابەند بە وەها خوڕافاتێك نەبوونو بۆ دۆزینەوەو لەقاودانی وەها ڕووداوگەلێك سەریان دەخورا. ئەو مەسەلەکەی بۆ ئەو هاوڕێ نزیکانەی خۆی گێڕاوە. ئەوانەی دەگەڵ حەسەن ئاغا هاوبیروباوەڕ بوون، ساغ بوونەوە کە بە نهێنی وەشوێن ئەم مەسەلەیە بکەون. ئەوان بە بیستنی ئەم ڕووداوە چوار حەوتووی تەواو ئەم کابرا ڕەش پۆشەیان خستە ژێر کونترۆڵی خۆیانو سەرەئەنجام کە دڵنیابوون، لە شەوێکی هەینی‌دا نیو سەعات دوای ئەوەی کە ئەم کابرا ڕەشە چووە ماڵی مونیرە، ماڵەکەیان گەمارۆداو بۆی چوونە ژووریو بە دەم و چاو داپۆشراوی کە کراسێکی ئاودامێنی رەشی گەورەی بێ‌پانتۆڵی لەبەر دابوو، لە جێگا خەوەکەی مونیرە گرتیان. ئەوان بە بەر چاوی مونیرەوە، ئەو توورەکە ڕەشەیان کە لە ئاست چاوانی‌دا دوو کونی بۆ بینین تێ‌کردبوو، لە سەریان داماڵی، دیتیان کە ئەم ئاغایە مەلا شاقەل شۆڕەکەی لای ماڵی خۆیانە و خۆی کردۆتە حوسێنی شەهیدو هەموو حەوتوویەك دەگەڵ ئەو بێوەژنەدا ڕای‌دەبوێرێ. یەکێك لە کاربەدەستەکان کە لە دڵەوە قینی لە هەرچی

ئاخونده بوو، تفێکی لێ کردو ویستی زللەیەکیشی لێدا، بەڵام کاربەدەستێکی دیکـەیان دەستی گرت و گوتی:

ــ لێی گەڕێ، دەیدەین بە دادگا.

بە بۆڵەیەکەوە بیستی:

ــ کام دادگا؟!

سەرەنجام دەستبەندیان لە دەستی ئاخوندەکە کـردو هـەر بـەو کراسـە شـۆڕە بـێ پانتۆڵەوە بردیانە بەندیخانەو لەوێشەوە بۆ دادگای بنەماڵەیی. ئاخوندەکـە لـە دادگـادا بۆ بەرگریی لە خۆی گوتی:

ــ من بەر لە ئەنجامدانی کارەکە لە بەرخۆمەوە خوتبەی سیغەم خوێندوە!

دادگاش بە ڕواڵەت تەنیا بە خـاتری تەشـقەڵەبازییەکـەی بـەرگی مەلایـەتیان لەبـەر داکەندو بـە چـەند زەربـە شـەللاق مەسـەلەکەیان پـووش بەسـەر کـردو ئاخوندەکـەیان گواستەوە بۆ شارێکی دیکە. هەرچەند قازییەکان نـەیاندەویسـت لـەوە زیـاتر گەنـدی مەسەلەکە دەربـێو گـەورە بێتـەوە، بـەڵام لـەو ناوچـەیەدا حـەیاو ئابڕوویـان بـۆ دیـنو ئایینەکەیان نەهێشتەوەو ئەو بنەماڵە وشکە مەزهەبیانەی وەك دایكو باوکی حوسێنی شەهیدو دایكو باوکی مونیرەی گەنج لە هەموو دیـنو ئایینێـك بێـزار بـوونو لـە هـەموو شوێنێك ئەم کۆپلە شێعرەی حافزی شاعێریان دەوتەوە کە دەڵێ:

" واعظان کاین جلوه در محراب و منبر میکنند

چون به خلوت میروند آن کار دیگر میکنند ".

زیاتر له هەموویان ڕوقیەخانی وشكه مەزهەبی هێڵێكی به دەوری زیارەتگادا كێشا و ئەو دروشمه خەڵك بەكەر زانینـەی دڕانـدو بـاوەڕی بـه هـیچ شـتێك نـەماو سـەرەتا بـه مەبەستی چوون بۆ زیارەت داوای پاسپۆرتی كـردو دوای وەرگرتنـی پاسـپۆرت، چـووه یەكێك له وڵاته جیرانەكانو ئیتر نەگەڕایەوه. مونیرەش دوای فێربوونی زمانی خاریجی، توانی دەگەڵ یەكێك له زانكۆكانی ئورووپا پێوەنـدی بگـرێو وەری بگـرن، تـوانی بـەو بڕه شەهیدانەیەی كه دەیان دایه و یارمەتییەكی كەمی بنەماڵەكـەی خـۆی، درێـژه بـه خوێندنەكـەی بـداو هێڵێـك بـه دەوری نوێـژو دوعـاشدا بكێشـێو تـا كۆتـایی هـاتنی خوێندنەكەی شووی نەكردەوه.

ئەمه چیرۆكێكی ڕاستەقینەیه كه من تازه زارەكی بیستوومه و لـه وڵاتێكـی ئاخونـد لێدراودا، دوای كۆتایی هاتنی شەڕێكی دووروودرێژ ڕووی داوەو ئێستاش هەر ڕۆژەی به شێوەگەلێكی جۆراوجۆر له لایەن ئاخونده فره به دینو باوەڕدارەكان لـەم وڵاتـەدا ڕوو دەدا كـه هـەموویان دیـزه بـه دەرخۆنـه دەكـەن. ئەگـەر یـەك دوو دانەیـەكیانیش لـه ڕادەبەدەر ئاشكرا بن، ڕێژیمی دەسـەڵاتدار لـەم وڵاتـەدا، دژكردەوەیـەكی كـەم نیشـان دەداو به شێوەیەك یەكلای دەكاتەوەو دەیخاته ئەستۆی چەند ئاخوندی به ڕواڵەت لـه دین وەرگەڕاو، له حاڵێكا ئەم ئاغایانەش لەم وڵاتەدا بۆ خۆیان باش دەزانن كه وانیه.

دیاره جێگای لێ وردبوونەوەیه كه تەواوی ناوەكان لەم چیرۆكەدا بۆ خـۆم دام نـاون و ڕاستەقینه نین.

**به ئاواتی سەركەوتنی هەموو مرۆڤه زوڵم لێكراو و**

**لەنێوچوونو سڕینەوەی خۆڕافاتێك!**

# ڕاستییەكی چەندە تاڵ!

## چیرۆكی شەشەم: [15]

سەردەمی لاوەتی، دونیای وەسەریەك خستنی ئەزموونە باشو خراپەكان، سڕینەوەی شكو گومانەكان، گۆڕەپانی تاقی كردنەوەو هەڵبژاردنی ڕێگایەكی دروست یان هەڵەیە بۆ ژیان. ئەلێكساندری تەمەن نۆزدە ساڵ، تەواوی ئەو بەرنامە خەیاڵاویانەی دایكو باوكی كە هەر لە سەردەمی منداڵیدا بۆیان داڕشتو هیواداربوون كە كۆڕپە تاقانە خۆشەویستەكەشیان، ئەو ڕێگایە بگرێتە بەر، لێی تێك دان. دایكو باوكێك كە نە جگەرەكێشو نە مەشرووب خۆرێكی بەوشێوەیە بوون، نە لە سەردەمی لاوەتیدا سەربە هیچ حیزبو ڕێكخراوێك بوونو نە شەوانەش تا درەنگانێكی لە ڕابواردن وەماڵێ نەكەونەوە، نە هۆگرو خەریكی سیاسەتو ئەم جۆرە شتانەش بوون. ئەوان وا چاوەڕوانو هیواداریش بوون كە كوڕەكەشیان هەربە ڕێگای دایكو باوكیاندا بڕوا، دەرسەكەی تەواو بكا و پیشەیەك فێر بێ، ژیانی هاوبەش پێك بێنێو لە پەنا پیشەكەیدا ژیانەكەشی دابین كا و ئیتر كارێكی بە سیاسەتو چالاكییە كۆمەڵایەتیو … هتد، نەدابێ. بەڵام ئەلێكساندر كە تا تەمەنی هەژدە ساڵی لاوێكی گوێ ڕایەڵ لە

---

15 : دیارە ئەم چیرۆكە بە دوو بەش(ژمارەكانی 30 و 33) لە گۆڤاری یەكیەتیی لاوانی دیموكراتی ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا بڵاوبۆتەوە.

قسەی دایی‌و بابی دەرنەدەچوو، بەڵام لەنەکاو گۆڕا، لە وانەکان نمرەی کەمی وەردەگرت، بە ڕۆژ دوای قوتابخانە درەنگ دەهاتەوە بۆ ماڵ، شەوی وابوو تا درەنگانێکی نەدەهاتەوەو زۆربەی بەیانییەکانیش درەنگ لەخەو هەڵدەستا. هەمیشە دایکی پێوەی دەمرد تا لە خەوی هەڵدەستاند، کوڕم هەستە قوتابخانەکەت وەدرەنگ کەوت، نان‌و چا سازە. زۆر جار پێش دەهات بەهۆی درەنگ لە خەو هەستانی فریای نان‌و چاکەی نەدەکەوت‌و هەروا بە برسیایەتی وەدەردەکەوت. نیوەڕۆ و دوانیوەڕۆی زۆربەی ڕۆژەکان کە هەنووکە باوکی لە ئیدارە نەگەڕابۆوەو تەنیا دایکی لەماڵەوە بوو، هاوڕێگەلێکی نوێی دێنانەوە بۆ ماڵێ کە تازە دەگەڵیان ئاشنا و زۆربەیان سەرو پۆتەلاکێکی ئالۆز، ناقۆلاو نالەباریان بوو. ئەم بەشەیان زۆر بە دڵی دایکیشی نەبوو. بەلام دایکی بۆ تاقە جارێکیش بە چاوی دانەدەداوە، بە قەول نەی دەشکاندەوە. ئەگەرچی دایک‌و باوکی ئەلێکساندر بێخەبەر لە هەموو شتێك بوون، بەلام ئەو چووبووە نێو جەرگەی گرووپێك لە هەرزەکارە خۆشگوزەرانەکان، کە زیاتر لە بنەماڵەگەلێکی دەوڵەمەندی بێسەرەوبەرە بە ژیان‌و لە ڕاستیدا دەیانویست هەموو شتێك لە جگەرەو حەشیشەوە بگرە تا "ماریجوانا" و "ئێڵ ئێس دی" و هەر ژەهرە مارێکیتر کە لە بازاڕ دایە، تاقی بکەنەوە. زۆربەی هاوڕێکانی ئالێکس کە سەرو پۆتەلاکێکی باشیان نەبوو، هەر لەو هەرزەکارە مۆعتادانە بوون کە ئەزموونێکی زۆریان لەو بوارەدا بوو. چونکە ڕواڵەتێکی باشیان نەبوو، دایکی زۆری ڕوو نەدەدانێ. لە حالێکدا زۆربەیان لە بنەماڵەگەلێکی دەوڵەمەندو لە بواری ماددییەوە هیچ کەمایەسیان نەبوو.

قـەت دایکـی گـوێی بـە حـاڵو هـەوای ئـەوان نـەدەدا و نەشـی دەزانـی کـە ئەوانـە مۆعتادن. ڕەنگە وشەی مۆعتـادی هـەر نەبیسـتبێو ئەگـەریش بیسـتبێتی، وێ دەچـێ ماناکەی نەزانیبێ.

ئالێکس سەرەتا لە جگەرەوە دەستی پـێکرد، دوایـە نـاوە نـاوە "حەشیش"یشـی دەکێشـا و دواتـریش نـاوی مـاددە هۆشـبەرەکانو تایبەتمەنـدیـە کـاتیـەکانی هێندێکیشیان فێر بوو. بە کوردییەکەی چووە ڕیـزی موعتادەکانـەوە. لـەوەودوا زۆری عەلاقە بە قوتابخانە نەما، هەرچەند دوایین ساڵی دواناوەندیشی بوو، بەڵام حازر نەبوو لە دوایین تاقیکارییەکانیشدا بەشداری بکا تا وایی لێهـات وازی لـە قوتابخانـە هێنـا و زۆربەی کاتەکانی دەگەڵ هاوڕێ نوێیەکانیدا دەبردە سەر.

ڕۆژێکیـان لەبـەردەم پـارکێکی گشـتی لـە بەشـێك لـە دارسـتانی ڕووبەڕووی بەشـی پیشەسـازی شـار، بەرامبـەر قاوەخانەیـەکی بـەناوبانگی مۆعتادەکـان لەسـەر بـەردێك دانیشتبوو، چووبووە عالەمی خۆیـەوە. دیـارە مۆعتادەکـان بـە پێچـەوانەی "ئیسـکین هیدەکان"، پیاوی قڕەوهـەڵڵا و ئـەم جـۆرە شـتانە نـینو زۆر سـادەو سـاکار لـە ژیـان دەڕوانن. سەرەڕای ئەوەش کوڕو کچە مۆعتادەکان لە هەموو شتێکدا دەبنە هاوبـەشو شەریك، واتە هەموو شـتێکیان دەگـەڵ یـەکتریدا هاوبەشـە. "گـەرد"یش بـە قـەرز بـە یەکتری دەدەن، ئەویندارانە یەکتری ماچ دەکەنو تەنانـەت ئەگـەر کچێك هاوکـات دوو کوڕی خۆش بوێن، زۆر بە ئاسایی دەگـەڵ هـەر دووکیـان ڕادەبـوێرێو کـاری سێکسـی دەکا. لەم کارەدا، نە تەنیا بۆ خۆی بەڵکوو کوڕو کچی گرووپەکانی دیکەش زۆریان بـۆ گرینگ نیە. بە واتایەکیتر، بوغزو کینە و بەخیلی لە نێوانیاندا نیە. بەڵام ئەلێکسـاندر

کە تازە هاتبۆوە نێو گرووپەکەیانەوە، هەنووکە بەم شێوە ژیانە ڕانەهاتبوو کە ئەم دیمەنانە قەبووڵ بکا. بۆوێنە، ئەگەر کچێك کە چەند سەعات پێشتر دەگەڵ کوڕێکی‌تردا، بە قوربان‌و سەدەقەی یەکتری دەبوون، ئێستا دەیەوێ دەگەڵ ئەو ڕابوێری‌و هەر ئەو کارەشی دەگەڵدا بکا، نەك زۆری پێ‌باش نەبوو، بەڵکوو زۆریشی پێ‌ناخۆش بوو. بۆیە ناوە ناوە قەناعەتی بە مژێك حەشیش دێناو بە نیسبەت "ماریجوانا" و ماددە هۆشبەرەکانی[16] دیکەشەوە کەمێك سڵی دەکردو بە وریایی‌یەوە چاوی لێ‌دەکردن، چونکە هەنووکە تاقی نەکردبوونەوە.

ئانیت کچە جوان‌و بەنازی گرووپەکەش تەنیا جاروبار بێ بیرکردنەوەو بۆ خۆشی مژێکی لە جگەرەی حەشیشەکە دەداو بەردەوام سەرخۆش‌و باحاڵ و گاڵتەی دەگەڵ هەر کوڕێکیش‌دا دەکردو قاقا پێ‌دەکەنی. سەرەڕای ئەوەش چونکە زۆر جوان‌و مەشرەف خۆش‌و بەناز بوو، کوڕەکان هەموو بۆی شێت‌و هار ببوون. بەڵام بە پێچەوانەی شۆخ و قرتی‌یەکەی، زۆر درەنگ ساغ دەبۆوەو ئەگەر ماچی بە کوڕێکیش بدایە، هەروا بە ئاسانی سەرجێیی‌و کاری سێکسی دەگەڵ نەدەکرد. بەڵام ئەگەر خۆشی لە کەسێك باتایە کە بە کەمی ڕووی دەدا، بە هیچ شێوەیەك شەرمی نەدەکرد کە پێی بڵێ خۆشی دەوێ‌و حازرە هەر کارێکی کە لایەنەکەی دەیەوێ دەگەڵی‌دا بکا. ئەو ڕۆژە دڵی ئالێکسی گرت‌و باوەشی پێدا کردو دەستی کرد بە ماچ کردنی‌و داوای لێ

[16] : مواد مخدر: ماددە گێژکەرەکان، ماددە بێهۆش کەرەکان، ماددە سڕکەرەکان، ماددە حۆل کەرەکان، ماددە وڕکەرەکان، ماددە هۆشبەرەکان.

کرد کە ئەویندارانە دەم بخاتە نێو دەمی، بەڵام ئالێکس کە دەیدی ئەم کچە دەگەڵ هەر کوڕێکی کە دڵی بیگرتایە، ئەم کارەی دەگەڵدا دەکا، پاڵێکی پێوەنا و لە خۆی دوور خستەوەو ئانیتیش قسەیەکی ناخۆشی پێگوت و بە تۆراوی لە ئالێکس دوور کەوتەوە. هەربۆیە ئالێکس بە ناڕەحەتی‌یەوە لەسەر ئەو بەردە دانیشتبوو، سەری بەردابۆوەو بیری لە دونیای دەروونی خۆی دەکردەوە کە لەوکاتدا دەستێك پرچە قاوەیی‌یە ڕەنگەکانی گرتو سەری بەرز کردەوە.

سڵاو!

بیر لە چی دەکەیەوە؟! هاوکات دەستی تۆقەی بۆ درێژ کردو گوتی:

ــ ئەمن "مار"یم.

ئالێکس کەمێکی پێدا ڕوانی، کچێکی باڵابەرزو پرچ بۆری جوان کە تەقریبەن هاوتەمەنی خۆی بوو. لە وەڵامدا بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

ــ منیش ئالێکسم، مەبەستم ئەلێکساندرە.

ماری ئیزنی لێخواست و لەسەر بەردەکە لە پەنای دانیشت. دوای چەند خولەك کە ئالێکس هەر ناڕەحەت دیاربوو، ماری دەستێکی خستە سەرشانی‌و گوتی:

ــ بۆچی ناڕەحەتی؟ بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامەکەی بێ، درێژەیدا، زۆری بۆ دامەچۆ، دونیا تەنیا دوو ڕۆژە! دوایە دەستی بە کۆکردنەوەو فڕێدانی ئەو زیپکە بەردانەی بەرقاچی کرد. بێدەنگی‌یەکی تەواو باڵی بەسەردا کێشان. ئالێکسی خوێن شیرین، خۆش تیپی جوان چاك بە پرچێکی قاوەیی بریقەدار کە دیتی‌و کچێکی لە لا

دانیشتووە گەلێك خۆشحاڵ بوون. واتە جیاواز لە بەژنو بالای تا ئەو کات کەمترین کاریگەری دانابوو. بۆیە هەر کچێك ئاواتی دەخواست دەگەڵی دانیشیو هاوڕێیەکی نزیکی بێ. ئالێکس سەری هەڵێناو سیلە چاوێکی لە ماری کردو لە دڵی خۆیدا گوتی:

ــ ئەمەیان دەگەڵ ئانیتدا جیاوازەو دوای بێدەنگییەکی تا ڕادەیەك دووروودرێژ، لە وەڵامی ماریدا گوتی:

ــ من ئەو ژیانە ئەوەندە بە هێند ناگرم، بەڵام تاقمێك هەن ناتوانن کەسانێکی دیکە دەرك کەنو تێبگەن کە مرۆڤەکان یەکسان نین، پێت چۆنە پێکەوە قاوەیەك بخۆینەوە؟ ماری کە تا ئەوکات بێدەنگ و زیرەکانە گوێی بۆ قسەکانی ڕاگرتبوو، بێ ئەوەی بپرسێ ئینسان چی؟...... دەعوەتەکەی قەبووڵ کردو گوتی:

ــ بە دڵ و بە گیان، بچینە کوێ؟ لەو کاتدا ئالێکس هەستا سەر پێ و دەستی ماری گرت و چوونە ئەو بەر شەقامەکەوە کە بچنە قاوەخانەی "مۆعتادەکان". لەو قاوەخانەیەدا تەقریبەن هەموو مشتەرییەکان یەکتریان دەناسی. ماریو ئالێکس چوونە نێو قاوەخانەکە و هەر لە پەنای دەرگاکەوە شوێنێکیان دییەوە بۆ دانیشتن. دووکەڵێکی سەیر قاوەخانەکەی داگرتبوو و بۆنێکی تایبەتیشی لێدەهات. لە نێوەڕاستی هەر ئەو قاوەخانەدا "جان" هاوڕێی سەردەمی قوتابخانەی ئالێکس دەگەڵ هاوڕێ مۆعتادەکانی دیکەی دانیشتبوو، هەر کە چاوی بە ئالێکس کەوت دەگەڵ کچێکی تازە هاتوودا، هەستا سەرپێو هات بۆ لایان. "جان" جگەرەیەکی بە دەستەوە بوو و فەرمووی ئالێکسی کرد کە مژێکی لێدا. ئالێکس بە پارێزەوە

جگەرەکەی خستە نێوان قامکەکانی‌و مژێکی چاکی لێدا و هەموو دووکەڵەکەی هەڵمژت. ماری بە وشیاری‌یەکی تایبەتی‌یەوە چاوێکی لێ کردو گوتی:

ــ جگەرەش دەکێشی؟

ئالێکس گوتی:

ــ ئەمە دەگەڵ جگەرە ئاسایی‌یەکانی دیکەدا جیاوازەو تام و چێژێکی‌تری هەیە. دەتەوێ مژێکی لێدەی؟

ماری بۆ تاقی کردنەوە جگەرەکەی بە دەستەوە گرتو مژێکی لێدا پێی ناخۆش نەبوو. دووکەڵەکەی وەك جگەرە ئاسایی‌یەکانی دیکە توندو تاڵ نەبوو، بەڵکوو ئارام کەرەوەش بوو، دوایە جگەرەکەی داوە بە "جان" و پرسی، ئەمە چ جۆرە تووتنێکە؟

لە وەڵامدا گوتی:

ــ جۆرێکە لە گراس.

جان ڕووی لە ئالێکس کردو گوتی:

ــ ئەم ئێوارە دێیەوە!

ئالێکس گوتی:

ــ حەتمەن، حەتمەن دێمەوە.

جان گوتی:

ــ دەکرێ هاوڕێیەکەشت دەگەڵ خۆت بێنی.

ماری بە جێگای ئالێکس گوتی:

ـــ مەمنوون، ئەگەر بۆم کرا ڕەنگە بێم و ڕووی لە ئالێکس کردو درێژەیدا، بۆ دەبێ بچی؟ ئایا بۆنەیەکی تایبەتییە؟

ئالێکس گوتی:

ـــ نا نا، هەموو خڕ دەبنەوە، چونکە لە ماڵی کوڕەکان شەوئاهەنگە. ڕەنگە و مەنگە بنێ لاوەو دەگەڵ من وەرە.

ماری گوتی:

ـــ ئەگەر سەربار نیم، بە چاوان دێم.

ئالێکس گوتی:

ـــ هیچ ئەوە کە سەربار نی، بەڵکوو خۆشحاڵیشم دەکەی.

ئەو شەوە ماری چوو بۆ شەوئاهەنگی کوڕەکان کە لە ژێرخانی ماڵی ئەو گرووپەدا بوو، بە کۆی مۆعتادەکانەوە پەیوەست و دوای چەند سەعات دەگەڵ هەموویان ئاشنا بوو، بەڵام دەگەڵ ئالێکسدا هاوڕێیەتییەکەیان پتەوتر بۆوە. ئەو بە پێچەوانەی تاقمێك لە کچە مۆعتادەکان تا ئەو کاتەی لەو گرووپەدا بوو، جیا لە ئالێکس دەگەڵ هیچ کوڕێکیتردا جووت نەبوو. بە هەرحاڵ، دەگەڵ ئەوەیدا کە ماری لە هەڵبژاردنی هاوڕێی کوڕدا زۆر حولحولی، وازوازیو خۆی لێدەبوارد، شەیدای ئالێکس ببوو کە لە ڕاستیدا هێزێك لە دەروونەوە وەك مۆقناتیس بەرەو ئالێکسی ڕادەکێشا. واتە هەر کارێك کە ئالێکس بیکردایە، ئەویش ئەنجامی دەدا.

نهۆمی خوارەوەی ئەم بینایە کە دوو باڵەخانەی چوار نهۆمی بوو، لە نێوەوە پێکەوە پێوەند درابوونەوەو لە دەست ئەم گرووپە مۆعتادانەدا بوو. خاوەن ماڵەکە لە شارێکیتردا دەژیا. ئەم گەنجانە بەردەوام کرێ ماڵەکەیان بە پۆستدا بۆ حەواڵە دەکردو ئەویش کارێکی پێیانەوە نەبوو. ئەگەرچی هەر باڵەخانەیەکیان بە چوار کەس بەکرێ دابوو، بەڵام هەرکام لەوانیش کوڕ یان کچێکی هاوڕێیان دەگەڵ بوو. کەوابوو سەرجەم شازدە کەس بوونو هەر دوو کوڕو کچێك پێکەوە لە ژوورێكدا دەژیان کە ئاستی مام ناوەندی تەمەنی ئەوان نزیك بیست و دووساڵ، کە جۆرە نیشتەجێبوونو ژیانێکی هاوبەشیان پێکەوە بوو. هەروەکی باس دەکرا، هەموویان نەدار بوونو دەرگای ژوورەکانیشیان لەسەر یەکتریدا ئاوەڵا بوو، چونکە بە زۆری بێدەنگ بوون، کەس کاری پێیانەوە نەبوو. لەو شەوە ئاهەنگانەدا بە تایبەت هەرکامیان تەنانەت میوانانێکی وەك ئالێکسو ماریو ... هتد، کە کەمیش نەبوونو زیاتریان قوتابی خوێندنگا و لە ماڵی دایكو باوکیان دەژیانو هیچ شوێنێکیان بۆ ژوان شك نەدەبرد، ئەگەر پێیان خۆش بوایە بۆ چەند سەعاتێك دەگەڵ دۆستەکەیان ڕابوێرن، دەچوونە یەکێك لە ژوورەکانی قاتی خوارەوەو کەسیش کاری پێیانەوە نەبوو. لە ژێرخان یان هەر ئەو شوێنی شەوئاهەنگە، قەنەفەی کۆنە و کورسیگەلێکی لە دار دروست کراوی بە ڕادەی پێویست و مێزێکیشی لێبوو کە ژمارەیەکی زۆری شووشە شەرابی سووری ئیتالیایی کە لە شەرابی فەڕانسەوی هەرزانترن، پیپسی، فانتا، ئاو و ... لە سەریان داندرابوونو سەری زۆربەی شووشەکان کرابوونەوەو هەر کەسێك کە تینوو و بیویستایە، دەی توانی بەبێ پەرداخ و هەر بە شووشەوە، لێوێك تەڕ کا. مۆسیقاش

هەر ڕمبەی دەهات. لەوکاتەدا تاقمێك سەمایان دەکردو تاقمێکیش لە دەوری یەك خڕ ببوونەوەو دەورێك پێکەوە جگەرەو گڕاسیان دەکێشا.

ئالێکس و ماری بە خواردنەوەی کەمێك شەرابی سوورو قسەکردن دەگەڵ هێندێکیان، لە ئاکامدا بە کۆی جگەرەکێشەکان پەیوەست بوون کە "جان"یش لە نێو ئەواندا بوو، جان هات و سڵاوێکی لێ کردنو لە دەوریان دانیشت. سەرەیان کە هاتەوە، مژێکیشیان لە جگەرەکە دا. بەو شێوەیەی لەنێو ئەو کۆڕەدا دیارو بە ئەزموونەکان دەیان گێڕاوە، تایبەتمەندییەکانی حەشیش گەنجەکان بەرەو دونیایەکی خەیاڵی دەبا و سەرخۆشیان دەکا. ماری و ئالێکسیش دوای لێدانی چەند مژێك لە جگەرەکە، زەینییان لای خۆ نەماو دەگەڵ دەنگی مۆسیقایەکە دەستیان بە سەماکردن کرد. دوای سەعاتێك سەماکردن، جان هەرای لێکردن و بە قامکی ئاماژەی کردو گوتی:

— وەرن بۆ ئێرە.

"تام" یان توماس(هاوڕێی هەموو مۆعتادەکان کە لە هەموویان بە تەمەنتر بوو، واتە نزیك بیست و هەشت ساڵی تەمەن بوو)، دەیویست شتێکیان نیشان بدا. لەوکاتەدا کە "جان" لە پلیکانەکان وەسەر دەکەوت، هەر دووکیان وەشوێنی کەوتنو چوونە یەکەم ژوور لە یەکێك لە باڵەخانەکانی قاتی خوارەوە، چاویان بە تام کەوت کە لە لایەکی مێزەکە دانیشتبوو و سڵاوێکی لە تازە هاتووەکان کردو خولقی کردن کە لەسەر کورسی ئەو بەری مێزەکە دانیشن.

لەوکاتدا مۆمی سەر مێزەکەیان داگیرساندو "تام" بەستەیەکی پلاستیکی گچکەی پڕ لە تۆزێکی سپی لە گیرفانی دەرێناو کەوچکێکی گەورەیان لە چێشتخانەکە بۆ هێنا و لەسەر مۆمەکە ڕای گرتو تۆزەکەی کردە نیوی‌و دوای چەند چرکەیەك تۆزەکە تواوەو بە سۆڕەنگێك لە باسکی خۆی دا. یەکەم جار بوو کە ماری‌و ئالێکس ئەم دیمەنە ببینن. بەڵام گۆیا پێشتر جان ئەم شلە سرکەرەی لەخۆ دابوو. تا ئەوکاتە ئالێکس‌و ماری تەنانەت نەشیاندەزانی کە ناوی ئەو تۆزە چی‌یە و لەڕووشیان هەڵ نەدەهات بپرسن. دوایە زانیان ئەم ماددە سپی‌یە هێرۆئینە و تەنیا ئەوەندەیان دەزانی کە لێدانەکەی ئینسان وەنەشە دەخا. بەڵام لە ئاسەوارەکانی دواتری هیچ شتێکیان نەدەزانی‌و لە بنەڕەتڕا نەیاندەزانی کە ئەگەر کەسێك مۆعتاد بوو، خۆ ڕزگار کردنی زۆر دژوارە. دیارە مۆعتادە پیشەیی‌و کارکوشتەکان، لەو کەسانەی تازە دەهاتن و مەیلی خۆیان نیشان دەدا بۆ چەند کەڕەت تاقی بکەنەوە، هیچ پارەیەکیان وەرنەدەگرت و بە قەول خۆڕایی بوو، هەرچەند ئەو تازەهاتووانە بۆ خۆیان نەیاندەزانی کە ناڕاستەوخۆ میوانی فرۆشیاری فەرمی ئەم ماددەیەن. بەهەرحاڵ ماری و ئالێکس زیاتر ورد دەبوونەوە بە تایبەت لە بینینی ئەم دیمەنە کە زۆریان بۆ دێنان حەتمەن تاقی بکەنەوە. ئالێکس چاوێکی لە ماری کردو گوتی:

ـ پێت خۆشە پێکەوە تاقی بکەینەوە؟

ــ بە سەر لەقاندنێکەوە گوتی، بەڵێ.

"تام" بە لێدانی ئەو دەرزی‌یە تەواو سەرخۆش بوو. چونکە بۆ خۆی مۆعتادو ئەگەر هەموو حەوتوویەك چەند مشتەری نوێی بۆ بێنایە، گەردەکەی لە لایەن سەرۆکەکەیەوە

مەجانی بوو. لە هەر قۆناغێکیشدا لە لایەن سەرۆکی باندەکەوە ئیزنی پێدرابوو، پێنج تا شەش توورەکە لەو گەردە بە خۆڕایی بداتە تازە هاتووەکان. ئالێکسی لاو و کەم ئەزموون ڕووی لە تام کردو گوتی:

ــ ئەمە لە کوێ ساز بکەین؟

"تام" قامکی بۆ لای خۆی ڕاداشت و گوتی:

ــ لای من.

ئالێکس گوتی:

ــ ئێستا دوو دانەی دیکەت بۆ من و ماری پێیە؟ چونکە دەمانەوێ تاقی بکەینەوە.

"تام" چاوێکی لە هەر دووکیان کردو گوتی:

ــ بەڵێ، چەند دانەی دیکەم پێیە کە دوو دانەیان بە دیاری دەدەمە تۆ و هاوڕێکەت و میوانی منن، بەڵام بۆ خۆتان سۆڕەنگەکە پەیدا بکەن.

"جان" گوتی:

ــ خراپ نیە، من ئێستاش شەش دانە لەو سۆڕەنگە یەك جار بەکار براوانەم ماوە، هەستا و زوو چوو لە ژوورەکەی سێ دانەی هێنان، چونکە بۆ خۆشی دەیویست کەڵکی لێوەرگرێ. ئەوان دوو توورەکە لەو تۆزانەیان(گرد) پێکەوە کردە نێو کەوچکێك و خستیانە سەر مۆمەکە، بە جۆرێك بەسەر سێ دەرزیدا دابەشیان کرد کە بەشی ماری کەمێك لە هی ئالێکسو جان کەمتر بێ. ئەوان لەو شەوەدا بە لێدانی ئەو تۆزە

خـۆڕاییيانـە، خۆشـيان ڕابـواردو دوايـەش هاتنـە خـوارەوە. تـا درەنگانێـك پێكـەوە خـەريكی سـەماكردن بـوون. سـەرەنجام لـە يـەكێك لـە ژوورەكـانی باڵەخانەكـەدا كـە لەبەختی ئەوان ئەو شەوە خـاوەن ماڵەكـە بـۆ شەونشـينی چـووبوونە مـاڵی يـەكێك لـە خزمەكانيانو لە ماڵ نەبوون، خافڵ لەوەی كە بێنەوە يان نا، لێی خەوتن.

هاوڕێيەتی ماری و ئالێكس زياتر لە ساڵێكی خاياندو بەڕاسـتی ببوونـە مۆعتـادێكی تۆخ و بێ ئەو مادده سڕكەرانە كارو ژيانيان لێ حەرام و بەبێ كارو كاسبيش وەدەسـت هێنانيان دژوار بوو. ئەوان هەركاميان شەوانە لە چێشتخانەكاندا بـە كـاری گارسـۆنیو ڕۆژانيش بە فرۆشتن لە فرووشگاكاندا بژيوی ژيانو تا ڕادەيەك پارەی كڕينی مـاددەی سـڕكەری پێويسـتيان وەدەسـت دێنـا. دوای ئـەوەی كـە ئـالێكسو مـاری وەك دوو مۆعتادی گرووپەكە گواستيانەوە بۆ شارێكیتر، ژوورێكيان بـەكرێ گـرت و ژيانەكـەيان دەست پـێكرد. هێنـدێك جـار ئـالێكس يارمەتيشـی لـەدايك و بـاوكی بـۆ بـژيوی ژيـان وەردەگرت، بەڵام دايك و بـاوكی نـەياندەزانـی كـە بەڕاسـتی كوڕەكـەيان مۆعتـادەو وا لەنێو گرووپی مۆعتادەكاندا دەژی. جاروباريش كـە بـە سـەردان دەچۆوە، دايكـی بـە ئاخێكەوە دەی گوت:

ـــ ئەيەڕۆ دايكت مرێ، بۆچی وا كزەڵۆكە بووی؟ مەگەر نان ناخۆی؟

هاوكاتدا باوكيشی لە دووڕرا دەیگوت:

ـــ گۆيا ئەمڕۆكە لاوازبوون مۆدە يان ئەوە كە هاوڕێكەی وای دەویو ڕووی لە ئـالێكس كردو درێژەی دا: بەڵام كوڕم واباشترە هێندە جگەرە نەكێشـی. جگـەرە بـۆ سـلامەتی زۆر خراپە و شێرپەنجەی بەدواوەيە. لە ئەساسدا نـەياندەزانـی كوڕەكـەيان تـەنانـەت

حەشـــیش، ماریجوانـــا، هێـــرۆئین، ئێـــڵ ئـــێس دی و ...هتـــدی تـــاقی کردۆتـــەوەو جگەرەکێشانەکەشی تەنیا بۆ سوکنایییە. ئالێکس لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

ــ خۆزگە هەر جگەرەکە بوایە نەك شـتیتـریش! بەهـەرحاڵ دایـك و بـاوکی لـە بـواری ماددییـەوە بـەو تاقـە کوڕەیـان ڕادەگەیشـتنو ئەگـەر تووشـی بـێ پـارەییش باتایـە، بێگومان، یارمەتییان پێدەکردو ئەویش بە ماری ڕادەگەیشت.

ژیانێکی نیوە نهێنی لەبەر چاوی دایك و باوکیو درۆ مەسڵەحەتییەکانی ئەو دووانە، لەنێو گرووپی مۆعتادەکاندا تێدەپەڕی. ڕۆژێك ماری بێ ئەوەی کـە پێـی خـۆش بـێ، بینی کە زگی پڕە! ئـەو سـك پـڕییـە لـەو بارودۆخـەی کـە تێـیدا بـوو، بەڕاسـتی ڕای چڵەکاندو زۆری پێ ناخۆش بوو. چونکە هەستی بەوە کردبوو نە ئالێکس ئەو کەسـەیە کە بەرپرسایەتی منداڵ وەئەستۆ بگـرێو نـە بۆخۆشـی بـەو وەزعـەی کـە بـووی، دەی تـوانی دایکێکـی بـاش بـێو نـە لەباریشـی دەبـرد. بۆیـە تـێمـابوو کـە دەبـێ چ بکـا! لەڕاستیدا بە تەواوی دامابوو، لەوەش گرینگتر، نـەی دەویسـت هـیچ کـەس بـەم شـتە بزانـێو تەنانـەت لای ئالێکسـیش دەنگـی نـەکردو لێـی شـاردەوە. لـە تەمـەنی هـەژدە ساڵیدا زگپڕی و مۆعتادی بەڕاستی بۆی کارەسات بوو. بۆیە یەکەم کارێك بەر لەوەی کـە زگـی گـەورە بـێ، هـاوڕێیانـە لـە ئـالێکس جیـا بـۆوە، هەرچـەند ئـالێکس لـەو دەرفەتەشدا گوێی بەو جیابوونەوەیە نەدا. چونکە ئەو لە عالـەمی مۆعتـادیدا زۆر لـە ماری لەسەرترو تەنیا شتێکیش کە ئیتر بەلایەوە گرینگ نەبوو، هاوڕێیەتی کچ بوو.

ماری ژوورێکی بەتەنێ گرتو هـەر ئـەو سـێ ڕۆژە لـە حـەوتوودا گارسـۆنی دەکـرد. ئەگەر تریاك و مریاکەکەی زۆر گران نەدەبوون، داهاتەکەی بەشـی بـژیوی ژیـانو کـرێ

ماڵەکەی دەکرد. هەوڵی دەدا کێشانی ماددەکان کەم بکاتەوە، بەڵام نەیدەتوانی وازی لێ بێنێ. جار جارە بە کراسێکی قەسری گەورەوە دەچووە سەردانی مۆعتادەکانو مژێکیش حەشیشی بە خۆڕایی دەکێشا. بەڵام نەیدەویست کەس پێی بزانێ کە زگی هەیە. هەرچەند ماددە سڕکەرەکان زۆریش بۆ ئافرەتانی دووگیان باش نیە، بەڵام لە ڕووی ناچاری‌یەوە مژێکیشی لێدەدا و هێندێك جاریش ئەگەر پارەی بوایە دەرزی‌یەکیشی لێدەدا و چاوێکی بە ئالێکسی هاوڕێی دەکەوت و ئەحواڵێکیشی دەپرسی. بەڵام کاتێك کە زگی بوو بە شەش مانگ و تەواو لێی دیار بوو، بە یەکجاری دەگەڵ ئالێکس و گرووپەکەدا پێوەندی‌یەکەی پساند. بەڵام ئێستاش زۆری بۆ دژوار بوو کە واز لەو ماددە سڕکەرانە بێنێ. تا کاتی منداڵ بوونەکەی سێ جاری دیکە تاقیکاری ئەنجام دا کە لە ئاخرو ئۆخری سك پڕیەکەیدا بۆ جاری سێهەم کە چۆوە نەخۆشخانە، دوکتورەکان بە مۆعتادبوونەکەیان زانیو خەواندیان تاکوو منداڵەکەی دەبێ. زۆری نەخایاند ماری لەژێر چاودێری تایبەتی دوکتورەکاندا کچێکی ژیکەڵە، ساغ و بێعەیبی بوو کە هەردووکیان حاڵیان زۆر باش بوو. ماری لەو کاتەوە کە لە نەخۆشخانە خەواندبوویان واتە سێ حەوتوو بەر لە منداڵ بوونەکەیو حەوتوویەکیش دوای منداڵ بوونەکەی، نەیان هێشت لێو لە هیچ جۆرە ماددەیەك بدا و تەنانەت جگەرە کێشانیشی لێ قەدەغە کرا. تەقریبەن دەکرێ بڵێین وازی لێ هێنابوو. بەڵام بە وەزعێکی کە بووی، لەوە نیگەران بوو کە سەرلەنوێ مۆعتاد ببێتەوەو نەتوانێ منداڵەکەی بەخێو بکا. بۆیە هەر لە یەکەم ساتەکانی دوای لەدایك بوونی، ئیزنی دا منداڵەکەی بدرێتە بنەماڵەیەکی کە منداڵیان نابێ. تەنیا حەوتوویەك تێپەڕیبوو کە ژنو پیاوێکی گەنج ئەو کۆرپەیان بە منداڵی خۆیان قەبووڵ کردو ناویشیان لێنا "پیا".

ئەوان زۆر بەوە خۆشحاڵ بوون كە ئەو كۆرپەیە تەنیا بۆ ساتێكیش لە باوەشی دایكی ئەسڵی خۆیدا نەبووەو ئەگەر ئەوان ئەركی دایكو باوكایەتی بە باشی بەجێ بگەیەنن، هەروەك منداڵی سروشتیو جگەر گۆشەی خۆیانی لێ دێ.

ماری كە لە نەخۆشخانە دەركرا، ئیتر هیچ هەواڵێكی لە كۆرپە ساواكەی نەبوو و سەرلەنوێ چۆوە سەر كاری پێشوو و دەست بەكار بۆوە. چەندین مانگ بەبێ ماددە سڕكەرەكان خۆی ڕاگرت. ماوەیەك دوای ئەوە، هەوای چاوپێكەوتنی هاوڕێ مۆعتادەكانی كەوتەوە كەللە و بڕیاریدا سەرێك لەوان و بە تایبەت ئالێكس هەڵێنێ. چوو و چاویشی بە ئالێكس كەوت. حاڵی زۆر باش نەبوو، لە گێژاوی تووفانی موعتادبووندا گیرو پۆنگاوی خواردبۆوەو ڕزگاربوونیشی گەلێك دژوار بوو. ماری لە بارەی كۆرپەكەیانو پێدانی بە بنەماڵەیەكی بێ منداڵ، هیچی بۆ باس نەكرد. تەنیا گوتی:

ــ ماوەیەك نەخۆش بووم و نەمتوانی بەم دەوروبەرەدا بێم. ماری بە دیتنی وەزعی ئاڵۆزو شێواوی ئالێكس لە نێوەڕاستی ئاسمانو زەویدا گیری خواردبوو و لە قووڵایی دڵەوە دەیەویست واز لە مۆعتادی بێنێو نەشیدەویست وەك ئالێكس تا ئەو ڕادەیە بڕواتە پێشو وەختێكی كە بە قەت گیانی خۆی خۆش دەویست، لێ بەسەر بێ. بەڵام دەگەڵ ئەوەی كە چەند مانگێكە وازی لێ هێناوە، ئێستاش مەترسی ئەوەی لێدەكرا بە چراسوورێك سەرلەنوێ تێهەڵ چێتەوە. گەلێ جار بۆ لای ئالێكسو مۆعتادەكان كە دەچوو و ئەوانی بەو وەزعەوە دەبینی، هێزو تواناییەكی دیكەی بە بەردا دەهاتەوە كە تا لەوە درەنگتر نەبووە خۆی لەم شەڕە ڕزگار بكا و لە دڵەوە پێی خۆش بوو لێی

دوور کەوێتەوەو ڕێگا چارەیەك بۆ وەدەست هێنانەوەی سلامەتییەکەی وەدۆزێ. دوو ساڵ لە منداڵ بوونەکەی تێپەڕی بوو. ئالێکسی گەنج بەداخەوە لە ئاکامی زێدەڕۆیی لە ماددە سڕکەرەکانو لە حاڵێکدا کە کچە ژیکەڵانەکەی تەنیا دوو ساڵو نەیدەزانی ئەسڵەن کە منداڵیشیان هەیە، لە تەمەنی بیست و سێ ساڵیدا، گیانی لە دەست دا. مردنی ئالێکس داچڵەکانێك بوو بۆ ماری و هەر لەو کاتەدا زیاتر لەسەر ئەوە سوور بوو کە دوای نزیك بە چوار ساڵ مۆعتادبوون، دووبارە بچێتەوە نەخۆشخانە و بەهەر نرخێك کە بووە وازی لێ بێنێ. ماری بەو مەبەستەوە لە نەخۆشخانە خۆی خەواند کە جارێك بۆ هەمیشە بە خاوێنی بێتەدەرێو ئیتر لەوەودوا تخوونی ماددە سڕکەرەکان نەکەوێتەوە. ماری نزیك بە شەش حەوتوو لە نەخۆشخانەی مۆعتادەکان خەواندیانو لەژێر چاودێریدا بوو، سێ حەوتووش لەماڵەوە پشووی دا و خولێکی شەش مانگەی "تراپی"(Therapy)شی بۆ مۆعتادە پێشینەکان تێپەڕ کرد. لەو ماوەیەدا تەنانەت لێوی لە جگەرەش نەدا. هەندێ جار کۆرپەکەیو مردنی ئالێکسە گەنجەکەی بۆی ئازارهێنەرو تاڵترین دیمەنەکانی ژیانی بوون کە وەبیری دەهاتنەوە. بەڵام تەنیا بە کاری زۆرو سەرقاڵ بوونی بەردەوام، توانی بەسەر ئەم بیرۆکە کوشندانەدا زاڵ بێ. بە جێگای حەوتووی سێ ڕۆژ کار، کردیە شەش ڕۆژ کار، هەرچەند تەنیا پێنج ڕۆژ لە حەوتوودا حەقی بوو کار بکا، بەڵام زێدەکاریشی وەردەگرت و بە جێگای کەسانێکیتریش کاری دەکرد. ڕۆژێکیان لەو چێشتخانەی کە کاری لێدەکرد، دەگەڵ گەنجێکی ئارام و بەئەدەبی پێنج ساڵ لە خۆی بە تەمەنتر ئاشنا بوو، ئەم جحێڵە، زۆر بە حورمەتەوە لە ماری پرسی ئایا دەتوانێ دووبارە بیبینێتەوە؟ ماری هەڵوێستەیەکی کرد، چونکە دوای ئالێکس، ئەمە یەکەم گەنج بوو کە خواستی

هاوڕێیەتی پێ نیشان دەداو ماریش بەر دڵی کەوتبوو و پێشی ناخۆش نەبوو کە زیاتری دەگەڵ ئاشنا بێ، وەڵامی ئەرێنی داوەو ژمارە تەلەفوونەکەی بۆ نووسیو گەنجەکەش کارتێکی ویزیتی لە باغەڵی دەرێناو دای بە ماری کە ناوی "ویلیام واگنێر"ی لەسەر نووسرابوو.

ماری گوتی:

ــ پێنج ڕۆژ لە حەوتوودا و هەندێ جاریش شەوانی شەممەش لێرە کار دەکەم و درێژەی دا، ئەگەر گەرەکت بوو بم بینی، دەتوانی لە کاتە بێکاری‌یەکانم کە لە سەعات دوو نیو تا شەشی ئێوارە بێکارم، بێی بۆ چێشتخانە.

ماری بە قسەی خۆی پەروەندەی سەردەمی گەنجی بەستووەو لەو بارەیەوە نە تەنیا دەگەڵ ویلیام، بەڵکوو دەگەڵ هیچ کەسێکی دیکەدا قسەی نەکردوەو ناشی کا. دوای چەند جار چاوپێکەوتنی دۆستانە دەگەڵ ویلیامدا، دیتی کە ویلیام جحێڵێکی پابەند بە پێوەندیی ساغی نێوان کچ و کوڕو ژیانی ژنو مێردایەتی‌یە و زۆریشی پێ خۆشە کە ژیانی هاوبەش پێك بێنێ. ویلیام لە چوارەم چاوپێکەوتنی دەگەڵ ماری‌دا لێی پرسی، ئایا هیچ بە خەیاڵت دادێ کە ڕۆژێك ببیتە هاوسەری کەسێکی وەك من؟

ــ ماری لە یەك کات و بێ ماتڵ بوون وەڵامی داوە، بۆچی نا! بە ڕای من تۆ جحێڵێکی لەسەرەخۆو بەئەدەبی‌و منیش ئەگەر پێم خۆش نەبوایە هەر لە دووهەم چاوپێکەوتن‌دا کۆتاییم پێ دێنا. لەوکاتەدا ویلیام لە خۆشیانا نەی‌دەزانی چ بکا، بۆیە بەخۆی نەوەستا و لە باوەشی گرت و، ماچێکی سەر گۆنای کردو درێژەی‌دا و گوتی:

ــ زۆر لەوە دەترسام کە وەڵامی ڕەتم بدەیەوە، چونکە هەر لەو چەند چاوپێکەوتنەدا، لە ڕادەبەدەر ئاشقت بوومو لە بیرو زەینو خەیاڵمدا ئاواتەخواز بووم کە ببیە هاوسەرێکی نموونە بۆم. بۆیە ئێستاکە بەو وەڵامی شادیهێنەرەی تۆ، خەریکە خەیاڵەکانم لەڕاستییەوە نزیك دەبنەوە.

هەنووکە زیاتر لە چەند مانگێك لە ئاشنایەتییەکەیان تێپەڕ نەببوو کە ماری بە فەرمی بووە دەزگیرانی ویلیام و هەردووکیان بە فەرمی لە دەفتەری مارەبڕینی دەوڵەتیدا پەیمانی ژیانێکی هاوبەشیان گرێدا و پێکەوە زەماوەندێکی خنجیلانەیان ساز کرد. لە زەماوەندەکەیاندا لە خزمانی ماری تەنیا کەسێك هاتبوو، چونکە دایك و باوکی نەمابوونو دوو زڕ خوشكو برای لە ئەمریکا بوون کە ئاگای لێیان نەبوو. مام و خاڵیشی نەبوو، تەنیا پوورێکی پیری کە لە شارێکی دیکە دەژیا، هاتبوو و لە چەند کەس لە دۆست و هاوکارە نوێیەکانیشی گێڕابۆوە. زەماوەندەکەیان بە شادیو خۆشی لەو چێشتخانەی ماری کاری تێدا دەکرد، ساز کرد.

ئەوان دوای دوازدە ساڵ ژیانێکی ئارام و لەسەرەخۆی ژنو مێردایەتییان، بوونە خاوەنی سێ منداڵ(دوو کوڕو کچێك). لە ماوەی ئەم دوازدە ساڵەدا، هیچ کات ماری شتێکی لەسەر ڕابردووە ناخۆشو خەماوییەکەی بە ویلیام و منداڵە خۆشەویستەکانی نەگوت، بەڵام هەندێ جار دەکەوتەوە بیری یەکەم منداڵەکەی. بیری ئەوەی دەکردەوە کە چۆن یەکەم پیت فێر بووە، چۆن دەچێتە باخچەی ساوایانو چۆن قوتابخانەکەی دەست پێکردوەو ئێستا کە سەردەمی باڵغ بوونیەتی، چۆنی بەسەر دەبا؟!

"تورستن" و "سیلکە" کە کچە جوانو ژیکەلانەکەی "ماری"یان هەر لە یەکەم حەوتووەکانی لەدایك بوونییەوە بە منداڵی خۆیان قەبووڵ کردو هەروەکی پێشتر باسمان کرد، ناویان نابوو "پیا"، بە چ زەوق و شادییەکی کە بەڕاستی باسی ناکرێ، گەورەیان کردبوو. ئێستا ئیتر پیا لەنێو شازدە ساڵیدا بوو. کچێکی زۆر جوانو زیاتر سەر باوکی کە پرچێکی قاوەییو جوانی بوون، دابۆوە تاکوو دایکی کە پرچ بۆر بوو. لە تەمەنی پانزدە ساڵیدا دایك و باوکە ناسروشتییەکەی[17] بڕیاریان دا، ڕۆژێك بۆی بگێڕنەوە کە بە چ شێوەیەك بە منداڵی خۆیان وەرگرتوە. چونکە بە خۆیان دەگوت:
ـــ "پیا" حەقی خۆیەتی کە بزانێ دایك و باوکە ئەسڵییەکەی کێ بوون.

ڕۆژێکیان، "تورستن" کە تازە لەسەر کار هاتبۆوەو دەگەڵ کچەکەیدا، چاویان لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی کۆمەلایەتی دەکرد. باسەکە لەسەر یەخەکێشیاگ[18] و چاوپۆشی هێندێك لە دایك و باوکە ناسروشتییەکانو داپۆشینی هەندێ لەو گیروگرفت و نهێنییانەی کە دێنە پێش، بوو. لەو کاتدا باوکی دەستێکی بەسەر سەری کچەکەی داهێنا، ماچێکی کردو گوتی:

[17] والدین ناخوانده: دایك و باوکی ناسروشتی، دایك و باوکی نایاسایی، ئەو کەسانەی کە منداڵێك هەر بە کۆرپەیی بۆخۆیان بەخێوی دەکەن و دایك و باوکە ئەسڵییەکەی خۆی دەستیان لە گەورەبوونیدا نیە، کەواتە ئەم جۆرە دەگەڵ زڕ دایك و باوکدا جیاوازە.

[18] : فرزندخواندگی: بەمنداڵ وەرگیراو، وەك منداڵی خۆ وەرگیرا، مامۆستا هەژار لە هەمبانەبۆرینەدا، "یەخەکێشیاگ"ی هێناوە.

ــ کچی خۆم، دەزانی منو دایکت لەڕادەبەدەر تۆمان خۆش دەوێ. ئێستا کە تۆ گەورە بووی‌و کچێکی جوانو ژیری، دەمەوێ نهێنی‌یەکت پێ بڵێم و وەکی دەش‌بینی، مافی خۆتە لەم نهێنی‌یە ئاگادار بیی کە لە داهاتوودا ئێمە بە تاوانبار دانەنێی‌و تاوانبارمان نەکەی.

"پیا" چاوێکی لە باوکی کردو بە حەوسەلەوە گوتی:

ــ بڵێ ئەم نهێنی‌یە چی‌یە؟!

"تورستن" گوتی:

ــ وەختێك کە تۆ تازە لەدایك بووی‌و حەوت ڕۆژت بوو، چونکە ئێمە بۆ خۆمان منداڵمان نەبوو، بە خۆشحاڵی‌یەوە تۆمان بە منداڵی خۆمان قەبووڵ کرد.

دووبارە "پیا" چاوێکی لە باوکی کردەوەو گوتی:

ــ ئایا دایك و باوکە ئەسڵی‌یەکانم، خۆشیان نەویستم بۆیە داویانم بە کەسانێکی‌تر؟

"تورستن" گوتی:

ــ من شتێك لەم بارەوە نازانم و تەنیا ئەوەی لەبیرم مابێ هۆکاری دیکە بووە کە تۆیان داوە بە کەسانێکی‌تر نەك ئەوەی کە لە ناخۆشەویستی‌یانت بووبێ. چونکە لەم دونیایەدا هیچ دایك و باوکێك نابینی‌و نیە کە منداڵەکانیان خۆش نەوێنو تووڕیان هەڵدەن.

" پیا " گوتی:

ــ ئایا ئێستاش تۆو دایکم منتان خۆش دەوێ؟

"تورستن" بە ڕوویەکی خۆشو پێکەنینەوە وەڵامی داوە، ئەوە چ قسەیەکە! تۆمان لە گیانو دڵی خۆمان خۆشتر دەوێ.

"پیا" گوتی:

ــ ناوی ئەو نەخۆشخانەی کە لێی لەدایك بووم و ناوی دایکی ئەسڵییەکەم چیە؟

"تورستن" بە سۆزی باوکانەوە زانیاری تەواوی دا بە کچەکەی. پیا چووە ژوورەکەی خۆیو پرسیارگەلێکی زۆر لە مێشکیدا ڕیزەڵەیان بەست و دەهاتنو دەچوون. بۆوێنە، بۆچی دایك و باوکە ئەسڵییەکەم منیان بە کەسانێکیتر داوە؟ ئایا خۆشیان لە من نەهاتووە؟ یان ئەوەتا مردوون؟ دەنا لە کوێ دەژین؟ لانی کەم بۆچی تا ئێستا دایکە ئەسڵییەکەم هیچ هەواڵێکی لێ نەپرسیووم؟! و دەیان پرسیاری دیکەی لەو بابەتە.

"پیا" بە وریاییەوە دەویست دایكو باوکی ئەسڵی خۆی وەدۆزێو ئەم پرسیارانەیان لێ بکا. سەرەنجام دوای گەڕانێکی زۆر هەر لەو نەخۆشخانەی کە لێی لەدایك بوو بگرە تا بەڕێوەبەری کاروباری کۆمەڵایەتیو پشتگیری لە منداڵانو بەڕێوەبەری تۆمارکردنی ناونیشانی بنەماڵەکانو ...، ناونیشانیماڵی دایکە ئەسڵەکەی دۆزییەوە. ڕۆژێکیان بەبێ ئاگادارکردنەوە ڕاستەوخۆ چووە بەردەرگای ماڵی ماری واگنێرو لە دەرگای دا. دەیویست هەر ئەو پرسیار ئاساییانەی لێبکا تا بزانێ بۆچی دایکی هەر لە ڕۆژی لەدایك بوونیەوە، داوییە بە کەسانێکیتر؟ بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکەی دەگەڵ کرانەوەی دەرگای ماڵەکە و قوت بوونەوەی ئافرەتێکی سی

و پێنج ساڵە، "پیا" دەگەڵ سڵاوکردنەکەی خۆی وەك کچی ئەو ئافرەتەی لە بەردەم دەرگاکەدا بوو، ناساند، بەڵام ماری دەرگاکەی لەسەر داخستو وەری نەگرت. تەنانەت مەجالی ئەوەشی نەدا کە "پیا" پرسیارەکانی لێبکا. ماری نەیدەویست ڕابردووی وەبیربێتەوەو لە ترسی ئەوەش نەکا ئەو ژیانە نوێیەشی لێ تێك بچێ، نەیدەویست ئەوە قەبووڵ بکا کە "پیا" کچیەتی، بۆیە پێی خۆش نەبوو بیشی ناسێ. کاتێك کە چۆوە ژووریو مێردەکەی لێی پرسی، ئەوە کێ بوو وا بە توندی دەرگات لێ پێوەدا؟

ماری لە وەڵامدا پەنای بۆ درۆیەکی مەسڵەحەتی بردو گوتی:

ــ لەو دەست فرۆشانەن کە هاوار بۆ کەلوپەلەکانیان دەکەنو منیش پێم خۆش نەبوو گەسکی کارەبا و گۆڤارو... بکڕم و پارەیان پێبدەم، هەربۆیە بە توندی دەرگاکەم لێ پێوەدان.

"پیا" زۆر تووڕەو زۆریش نارەحەت بوو لەوەی بۆچی دایکە ئەسڵییەکەی تەنانەت نەشی دەویست بیبینێ! هیوابڕاوانە هاتەوە بۆ ماڵەوەو چۆنیەتی ڕووداوەکەی بۆ دایك و باوکە ناسروشتییەکەی گێڕاوە، بەڵام دوای ئەوەش وازی هەر نەهێنا. دایك و باوکی دڵخۆشییان داوەو هەوڵیان دا دەگەڵ دایکە ئەسڵییەکەی پیا بە تەلەفوون پێوەندی بگرن. بەڵام هەرکات ئەوان زەنگیان لێدەدا و خۆیان دەناساند، ماری دەیگوت:

ــ ژمارەکە هەو نیەو گوشییەکەی دادەخستەوە. تورستن و سیلکە و پیا چەندین نامەیان بۆ نووسیو لە نامەکاندا هێنابوویان کە هیچمان لە تۆ ناوێ، تەنیا ئەگەر دەکرێ وەڵامی ئەم چەند پرسیارانەمان بۆ بدەرەوەو ئیتر هیچی کە. بەڵام ماری بە هیچ شێوەیەك حازر نەبوو پێوەندییان دەگەڵ بگرێو دەیهەویست بەو شێوەیە

ڕابردووەكەی لەبیر خۆی وەبا. بۆیە پێی وابوو ئەگەر ئەم ڕووداوە ئاشكرا ببێ، ئەو ژیانە نوێ‌یەشی دەكەوێتە مەترسی‌یەوە. ناوبراو نەك ئەوەی كە وەڵامی تەلەفوونەكانی نەدەدانەوە، بەڵكوو هەموو نامەكانیشی بۆ دەناردنەوە. لەڕاستی‌دا ماری ترسی لە باس كردنی ڕاستی‌یەكانی بەشێك لە ژیانی سەردەمی گەنجێتی‌و ئاشكرابوونی ڕابردووەكەی بوو. بۆیە بە هیچ جۆر پێی خۆش نەبوو سەرلەنوێ پەروەندەی سەردەمی گەنجییەتی‌یەكەی هەڵداتەوە. لەو بارەوە ماری هیچ شتێكی دەگەڵ مێردەكەی باس نەكردبوو و لەوەش دەترسا كە ئەگەر ویلیام ئاگاداری منداڵێكی ناشەرعی(زۆڵ) و مۆعتادبوونەكەی بێ، ژیانی ژن‌و مێردایەتی‌یەكەی لێ تێك دەچێ‌و ئیتر لەوەودوا سیقەی لای مێردەكەی نامێنی‌و بە سێ منداڵەوە تەڵاقی دەدا!

بەو جۆرەی كە باس كرا، "پیا"ی تەمەن شازدە ساڵ‌و وریا و زیرەك، لە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەستی هەڵنەگرت و دەی‌هەویست بەهەر شێوەیەك بووە ئەم مەتەڵۆكە هەڵ بێنی‌و حەلی بكا. ڕۆژێكیان پیا چووە لای دەروون توێژێكی بنەماڵە[19]و ڕووداوەكەی بۆ شی كردەوەو زۆری پێ‌خۆش بوو كە یارمەتی بدەن. هەربۆیە دایكە ئەسڵی‌یەكەیان بانگ كرد كە لە ڕووی دایك‌و باوكە ناسروشتی‌یەكانی‌دا وەڵامی ئەو پرسیارانەیان بداتەوە. دەروون توێژە كۆمەڵایەتی‌یەكە، بەو زانیارانەی كە وەدەستی هێنابوون و لە ڕێگای ناونیشان‌و ئەو تەلەفوونانەی كە لەبەردەستی‌دا بوون، توانی لە ڕێگای نامە نووسین‌و تەلەفوون‌و دانانی پەیام لەسەر پەیامگیر، ڕێكی بخا ئەوانە لێك

---

[19] : روانكاوی خانوادە: دەروون شیكاری بنەماڵە، دەروون توێژی بنەماڵە، دەروون توێژی كۆمەڵایەتی.

نزیـك بکاتــەوە. دوای هــەوڵێکی زۆری دەروون توێژەکــە، بــە پێــی ئەرکــە یاســایی‌و ئەخلاقی‌یەکانی، توانی قەناعەتیش بە ماری بێنــێ، ئێستا کە نایەوێ دەگەڵ "پیا" ڕووبــەڕوو بێتــەوە، لانــی کــەم وەڵامــی ئــەو پرســیارانەی کــە لــە لایــەن دایکــە ناسروشتی‌یەکەیەوە لێی دەکرێن، بداتەوە. ماری بە دانانی ئــەو مەرجانــەی خــوارەوە، قەبووڵی کرد کە وەڵامی پرسیارەکانیان بداتەوە.

یەکەم: بە هیچ شێوەیەك دەگەڵ پیا ڕووبەڕوو نەکرێتەوە.

دووهەم: بەڵێنی پێ بدەن کە لەمەودوا بە هیچ شێوەیەك گیروگرفتی بۆ نەیەننە پــێش‌و کێشەی بۆ نەنێنــەوە، واتــە نــە نامــەی بــۆ بنووســن، نــە تەلەفوونیشــی بــۆ بکــەن‌و نــە لەملاولاش دەگەڵی بەرەوڕوو ببنەوە.

سێهەم: لە هیچ شوێنێك بە کەس نەڵێن‌و باسی لێوە نەکەن کە نــەکا ناڕاســتەوخۆ ئــەم ڕووداوە بە گوێی مێردەکەی بگاتەوە. بەردەوام دەی گوت:

ـــ نایەوێ سەرلەنوێ پەروەندەی ڕابردووی لێ هەڵدرێتەوە. چونکە ئەگەر ئەو مێردەی ئێستای بزانێ، ژیانەکەی لێ تێك دەچێ.

ڕۆژێکیان لە نۆڕینگەی دەروون توێژەکــەدا، مــاری‌و دایك و باوکــە نایاســایی‌یەکــەی "پیا"شیان ڕوودەڕوو کردنەوەو وەڵامی هەندێ لــەو پرســیارانەی کــە لــە لایــەن دایکــە ناسروشتی‌یەکەیەوە لێی دەکران، داوە، بەڵام هەر کە بــە خــاڵێکی هەســتیار گەیشــت، ماری تاقەتی بیستنی نەما و نەشی دەویست وەڵامی بداتەوە. لەم نێوەدا، پیــا کــە لــە ژوورێکی تەنیشتیان بوو، گۆدوگومبەز خــۆی بــە نۆڕینگەکــەدا کردو ویســتی لــە دایکــە ئەسڵی‌یەکەی بپرسێ، ئاخر بۆچی نایەوێ وەڵامی پرسیارەکانیان بداتەوە؟ مــاری هــەر

کە چاوی بە "پیا" کەوت، زوو لە نۆڕینگەکە هاتەدەرەوەو دەرگاکەی بە توندی پێوەدا و بە هەڵاتن تا نیوەی پێپلیکانەکان چوو، لەنەکاو هەستی کرد کە ئەژنۆکانی وەلەرزین کەوتنو سست بوون. دەستی بە میلەی پێپلیکانەکان گرت و هێواش لەسەر قادرمەکان دانیشتو لە بانگی گریانی دا. لەڕاستیدا ماری وەك دایکێك نەیدەویست ڕابردوو لەبیر بەرێتەوەو کچە ژیکەڵانەکەی بێوەڵام وەیەڵێ. دوای چەند خولەك لە جێی خۆی هەستا و دووبارە گەڕاوە بۆ ژووری دوکتورەکە. دیارە تەنیا کەسێك کە دڵنیا بوو ماری دەگەڕێتەوە، دەروون شیکارەکە بوو. وەختێك کە ماری چووە دەرێ، ناوبراو ئەمەی بە دانیشتووانەکان گوت کە ئێستا تاقەت ناگرێو دەگەڕێتەوە. دەگەڵ هاتنەوەی ماری بۆ عیادەکە، ڕووخساری "پیا" لە خۆشیان دەگەشایەوەو فرمێسك لە چاوەکانیدا قەتیس مابوون. ئەم جارەیان ماری هاتە سەر ئەو قەناعەتەی بۆ خۆی وەڵامی پرسیارەکانی "پیا" بداتەوە.

لەسەر ئەوەی کە بۆچی منت نەویستووە؟

ـــ وەڵامی داوە: تۆم ویست، بەڵام مۆعتاد بووم و نەمتوانی دایکێکی باش بم و نەشم دەویست بەدبەختت بکەم.

وەختێك زگت بەمنەوە بوو چ هەستێك بوو؟

ـــ تۆم خۆش دەویست و هەموو جم و جۆڵەکانتم لەنێو زگمدا هەست پێدەکردو دەم بژاردن.

ئایا لە ماوەی ئەم شازدە ساڵەدا هیچ لەبیرمدا بووی؟

ـــ سروشتی‌یە کە لەبیرتدا بووم، هەرچەند دەم ویست ڕابردوو لە بیر وەبەم، بەڵام هیچ کات لەبیرم نەدەچوویەوە.

باوکم لە کوێیە؟

ـــ ئەو کاتەی کە تۆ تەنیا دوو ساڵت بوو، لە تەمەنی بیست و سێ ساڵی‌دا بەهۆی زێدەڕۆیی مادده سڕکەرەکانەوە گیانی لەدەست دا.

ئایا وێنەیەکت لەو هەیە؟

ـــ بەڵێ ئەمە وێنەی باوکتە کە من هەمیشە لە جانتاکەمدا دەگەڵ خۆم هەڵم گرتوەو ئێستا دەیدەم بە تۆ.

ئایا باوکمت خۆش دەویست کە منتان هێنایە دونیا؟!

ـــ ئەو کات لەڕادەبەدەر باوکتم خۆش دەویستو بە خاتری ئەویش مۆعتاد بووم.

بەهەرحاڵ وەڵامی پرسیارگەلێکی لەو بابەتەی دیکەی زۆر دانەوە.

ماری بە کچەکەی گوت:

ـــ من ئێستا ژیانێکی نوێم هەیە و مێردو منداڵەکانم هیچ زانیاری‌یەکان لەسەر ڕابردووی خۆم و تۆ نیە و ناشم هەوێ ئەم ژیانەی لە خۆم تێك بدەم. هیوادارم کە لێم تێبگەی. ئەو دایك و باوکەی ئێستا سەت قات لە من باشترنو زۆریش بەوە خۆشحاڵم کە تورستن و سیلکە تۆیان گەورە کردوە. "پیا" دوای بیستنی ئەم پرسیارانەی دایکە ئەسڵەکەی و ڕوون کردنەوەکانی، قەناعەتی هێنا و بە تەواویش دەرکی کردبوو کە

بۆچی نایەوێ قسەیەك لەسەر ڕابردووی بکا. بەڵام دووراودوور زڕ خوشكو براکانی دەخستە ژێر چاودێری‌و دەیدین، بەڵام هیچ کات قسەیەکی دەگەڵ نەکردن.[20] :

[20] : لە بەرنامەیەکی دەروون شیکاری تەلەڤزیۆنی لە ئەڵمان وەرگیراوە.

# ڕاستییەکی چەندە تاڵ!

## چیرۆکی حەوتەم:

### ئایا لەش فرۆشی و دەڵاڵیش[21] بوونە پیشە؟!

کێشە و گیروگرفتەکانی نیشتمانە دیکتاتۆر لێدراوەکەمان بە ڕادەیەك زۆرو ئاڵۆزە کە ڕۆشنبیران‌و چالاکوانانی ڕامیاری ـــ کۆمەڵایەتی، پارت‌و ڕێکخراوە بەرهەڵستکارەکان و تەنانەت زۆربەی ڕاگەیەنەکانیشیان، بە تایبەت لە دەرەوەی وڵات، بەبێ زێدەڕۆیی هیچ وزەو شوێنێکیان بۆ ئەم پرسە گرینگەی سەرەوە لە کۆمەڵگادا، تەرخان ناکەن یان ئەوەتا ئەگەر جارێك ئاوڕێکی لێ وەدەن، لە ئاستێکی

21 : دلال محبت: ڕاست کەر، ڕاکەر، دەڵاڵی نێوان کوڕو کچ، کۆستەك، دەڵاڵ، دیارە بەو پیاوانەی کە ژن بۆ پیاوان دەبەن بۆ کاری سێکسی، بەو کەسانەش دەڵێن، دەڵاڵ بەڵام لە کوردەواری‌دا بەو جۆرە کەسانە دەڵێن "گەوواد". کە مەبەستی ئێمە لەم چیرۆکەدا "گەووادە"کەیە و بە "دەڵاڵ"مان ناوهێناون، کە لە زۆر لە ناوچەکانی کوردستان ئەو وشەیەش بۆ گەووادەکان بەکار دەبەن. بەڵام لەپەنا ئەوەش‌دا بۆ ژنانیش هەیە: دلالە: مێینەی" دلّال"، ژنێ کە بۆ پیاوان ژن تاو دەکا. یانی ئەو ئافرەتەی کە بۆ پیاو ئافرەت دێنێ، دەڵاڵی ژنان. (فەرهەنگی 2 بەرگی هەژیر: فارسی ـــ کوردی)

زۆر نزم دایە. لەحاڵێکدا هەر ئەم بابەتە لە درێژماوەدا گەورەترین کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنی(پێوەندی بە چۆنیەتی بارهێنان، ڕاهێنانو سەرنجی بەڕێوەبەرانی داهاتووی وڵاتەوەیە) بۆ وەچەکانی داهاتوو هەیە.

ئەزموونێك کە نووسەری ئەم دێڕانە وەدەستی هێناوە، ئەوەیە کە:

بۆوێنە، ئەگەر لە ڕابردوودا وتاری سیاسی ــ نەتەوەیی دەنووسیو ئێستاش کە دەنووسیێ، هاوکات لە زۆربەی ڕاگەیەنەکان(ڕۆژنامە، گۆڤارو ماڵپەڕە ئەنتەرنێتی‌یەکان و...) تۆمارو بڵاو دەکراوە، چونکە گۆیا سەرنووسەرە بەڕێزەکانی ئەم بڵاوکراوانە، وەك پێویستی‌یەکی ڕۆژانە چاویان لێ‌کردوونو دەکەن، بەڵام ئەگەر هێندێك جار بابەتێکی دیکەی کۆمەڵایەتی لەم جۆرە، کە ئەویش بە بڕوای نووسەر، بۆ کۆمەڵگا و وەچە گەشەکردووەکانی داهاتوو زۆر پێویستە، کەم نووسراوەو ئەگەریش نووسرابێ، ژمارەیەکی کەمیان لێ بڵاوکردوونەوەو بەو حاڵەش بە نابەدڵی‌یەوە وەریان گرتوون. لەحاڵێکدا ئەم بابەت و هەنگاوانەی کە لەم بوارەدا هەڵدەگیرێنەوە، نە ئەوەی کە بە ئەندازەی وتارە سیاسی‌یەکانی ڕۆژ، بەڵکوو لە درێژماوەدا دەتوانن تا ئاستێکی گەلێك زیاتریش لە کۆمەڵگادا کاریگەر بنو یارمەتی‌یەکی زیاتر بە وەچەکانی داهاتوو لە ئامادەکردن بۆ بێ‌هەڵوێست نەبوونو وەرگرتنی بەرپرسایەتی‌یە سیاسیو کۆمەڵایەتی‌یەکانو پێکەوە ژیانێکی بەختەوەرو سالم، بگەیەنێ.

بەهەرحاڵ، هەروەك ئاماژەی پێ‌کرا، نووسینی بابەتگەلێکی لەم جۆرە، وەك پیشەی لەش فرۆشی، دەڵاڵیو... بۆ کۆمەڵگا هەرەپێویستە. بۆیە هیوادارم لە داهاتوودا، ڕۆشنبیرانو پسپۆڕانی بواری زانستی کۆمەڵایەتی، سەرنجی زیاتر بدەنە

ئەم جۆرە وتارانە. هەرچەند وێ دەچێ لەش فرۆشی[22]، بەشێك لە پێویستی هەر کۆمەڵگایەك بێو ڕەنگە بوونەکەشی زۆر پێویست بێ، هەروەك ئیسلامییەکان لە ئێراندا دوای چارەگە سەدەیەك، سەرەنجام بەو ئاکامە گەیشتن کە بە بەرتەسك کردنەوەو پێشگیری لە فەحشا، دەردی کۆمەڵگایان بۆ چارەسەر ناکرێو ترسی ئەوەش هەیە کە بەو توندوتیژییە بێسەرەوبەرەییانە هەموو کۆمەڵگا بەرەو فەحشا بەرن.

هەنگاونان بۆ دامەزراندنی بنیاتەکانی "عفاف"، واتە جۆرە قەحبەخانەیەکی ئیسلامییان پێك هێنا، دانپیانانێکی خێراو ماقووڵانە بوو بەو هەموو گەلحۆکارییانەیان. لەگەڵ ئەو هەموو باس کردنو پێویستییەی کە قسەمان لێکرد، بە بڕوای نووسەر لەش فرۆشی وەك ناسینی پیشەیەك، یەکەم: سووکایەتی کردنە بە پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگادا و گۆڕینی بۆ کالایەکی کڕینو دووهەم: بەو شێوەیە کە لە هێندێك لە وڵاتە ئورووپاییەکاندا بە یاسایی کردنی لەش فرۆشیو خاوەنانی قەحبەخانەکانو لەش فرۆشەکان دەبێ ماڵیات بدەنە حکوومەت، سووکایەتی کردنە بە مەزنایەتی مرۆڤ و ناتوانێ کارێکی بەسوود بێ، چونکە لە درێژماوەدا زەربەیەك لە چۆنیەتی بارهێنانو ڕاهێنان دەدا کە بە هیچ نرخێك قەرەبوو ناکرێتەوە. هەرچەند هێنانی ئەم جۆرە بانگەشەیە خۆی لە خۆیدا باس هەڵگرە، بەڵام بێگومان لەم سەدەیەدا لەش فرۆشی وەك پیشە، زەرەرەکانی پترە لە قازانجەکانی. لەگەڵ

---

[22] : فاحشەگری( تن فروشی): فاحیشەگەری، لەش فرۆشی، قەحبە، ( دیارە بە شوێنەکەشیان دەڵێن، قەحبەخانە "فاحشە خانە" ).

گۆڕانکاری‌یە گەورەکانی شێوازی فێربوون‌و گەیاندنی زانیاری‌یەکان بە شێوەیەکی خێرا لە ڕێگای سیستمە ئەلیکترۆنەکانەوە لە سەدەی بیست و یەکەمدا، لە لایەکەوە تا ماوەیەکی دوورودرێژ، ناکرێ بە شێوەیەکی گشتی چاوپۆشی لە لەش فرۆشی بکەین‌و ڕێك و پێکی‌یەك پێك بێنین کە پێویستی بە لەش فرۆشی‌و لەش کڕین نەبێ‌و لە لایەکی‌ترەوە، دەیان ساڵە زانست سەلماندوویەتی، پێویستی سێکسی بۆ ژنان‌و پیاوان دوو لایەنەیە، واتە بەو ڕادەیە کە پیاوێك پێویستی بە کاری سێکسی‌یە، هەر بەو ڕادەیە بۆ ژنانیش پێویستە. ئەگەر تا ئێستا ئەم شتە جێ‌نەکەوتووەو لەم بوارەدا پیاوان زیاتر تەماحکار بوون‌و هەن، هیچ هۆیەکی زانستی نیە، بەڵکوو کۆمەڵگا و کولتووری باوك سالاری ئەم جۆرەی بارهێناوین‌و وەك ئایین بۆمان بۆتە خووخدە. نووسەر دەزانێ کە باسی وەها شتێك پرسیارهەڵگرە، بۆیە ئەگەر لەم بوارەدا پرسیارگەلێك بێنەپێش، دەکرێ دایان نێین بۆ باسێکی سالم و وەڵامگەلێکی لۆژیکی‌یانەشیان بۆ بدۆزینەوە.

دیسان وێ دەچێ هەندێ کەس لە خۆیان پرسن، بۆچی تاقمێك لەم مرۆڤانە پەنا دەبەنە بە لەش فرۆشی‌و دەڵاڵی؟! باشە، بە بڕوای من هەر ئەو خووە بووەو هەیە کە پیاوانیان تەماحکارو بە خاوەنی ژن بارهێناوەو تاقمێك لەو ئافرەتانەیان وا ڕاهێناوە کە خۆیان تا ئاستی شتێکی لۆکس بێننە خوارێ، ڕاست هەر ئەو مەسەلەیە کە هێندێك لە ئافرەتان وا بیر دەکەنەوە کە چێژی سێکسی تەنیا بۆ پیاوانە و ئەوان وەك کالایەك خۆیان دەدەنە بەردەم فرۆشتنەوە. هەرچەند ئەم خاڵەش بۆ خۆی باس هەڵگرە، بەڵام بە گشتی دەتوانین سێ هۆکاری گرینگ، بۆ پەنا بردنە بەر فەحشا یان دەڵاڵی‌و وەك ئەوانە ناوبەرین:

یەکەم: هەڵاتن لەبەر فێربوونی تەکنیك و پیشەکان، بە گشتی هەڵاتن لە دەست کاری فیزیکیو فیکری.

دووهەم: بەکاربردنی ئەو خووخدە باس کراوە بۆ ئاسان بەدەست هێنانی پارە !

سێیەم: پێویستی پتەوی ماڵیو بەجێهێنانی ئەو پێویستییانەی کە مرۆڤ نەتوانێ لە ڕێگای دیکەوە ئەو پێداویستییانە بە سانایی بەدەست بێنێ.

هەرچەند مرۆڤەکان لە ڕوانگەی بیۆلۆژیکییەوە جیاوازییان هەیە، بەڵام هەموویان خاوەنی توانا و بەهرەیەکی تا ڕادەیەك کەم و زۆرن. تەمبەڵیو تەوەزەلی، سەرکوتی بلیمەتیو توانایی لە مرۆڤدا و بە پێچەوانەوە پەروەردە کردنی توانا و بەهرەکان، هۆکاری بارهێنانو ڕاهێنانیان هەیە نەك هۆکاری بۆماوەیی. کەوابوو دەکرێ بە ڕاهێنانو بارهێنانێکی دروست و حەساوی، توانا و بەهرەکانی هەر مرۆڤێك لە بوارێکی تایبەتیدا کە حەزی لێیەتی، ڕابێنینو ئامادەی بکەین بۆ داهێنەری. بەم شێوەیە بەو ئاکامە دەگەین کە لە ئاکامی بارهێنانو ڕاهێنانێکی دروست یان کەمتەرخەمیو بێموبالاتیو کاریگەردانانی دەوروبەرێکی فاسید لەسەر گەشەکردنی مرۆڤەکان بە شێوەیەکی ئەرێنیو نەرێنی بەرەو ڕێگاگەلێکی جۆراوجۆر پاڵیان پێوە دەنێ. گومان لەوەدا نیە کە زۆربەی خەڵکی هەر کۆمەڵگایەك، پارە بە دۆزەرەوەو ڕێگا چارەی هەموو کێشەکان دەزانن، تا ئەو جێیەی تاقمێك لە مرۆڤەکان حازرن بۆ وەدەست هێنانی ئەم پارەیە نامووسو شەرەفیشیان دانێن. واتە دەست بدەنە کارگەلێکی وەك، دزی کردن، ڕیشوەخۆری، قاچاخی ماددەسڕکەرەکانو ئاخرەکەی گەووادیو لەش فرۆشی هەڵبژێرن. ئەم پارە لەعنەتییە بەڕادەیەك بۆ مرۆڤەکان گرینگو پڕ بایەخ بووە

کە نە تەنیا بەدرێـژایی مێـژوو، شـەڕو کێشـە خـوڵقێن بـووەو خـوێنی بـۆ ڕژاوەو حـەق کوشی تێدا کراوەو دەکرێ، بەڵکوو ئەدیبانو شـاعێرە گەورەکانیشـی بـەخۆوە خـەریك کردوە کە لە باس کردنی هەر تێر نەبوونو لە قازانجە باشو خراپەکانی چیها پـەڕتووك نووسراوەو شێعرییان بۆ هۆنیوەتەوە. لە پێوەندی دەگەڵ سـێحر گـیراوی پـارە( زر )، ویلیام شێکسپیری ئینگلیزی شێعرێکی هەیە کە بیرمەندو کۆمەڵناسی ناوداری سەدەی بیستەمی ئێران، نەمر ئێحسانی تەبەری وەری گێڕاوەتە سەر فارسیو چونکە پێوەندی بەم باسەوە هەیە، لێرەدا وەرگێڕدراوە فارسییەکە وەك خۆی دێنمەوە:

" ای فلز پر بها، ای جادوی رخشندە، ای زر

زشت از تو گشتە زیبا، تیرە گون از تو منور

پست والا، پیر برنا، کذب حق، ناکس دلاور

چیست گوئید ای خدایان! از چە رو این دیو اصغر

کاهنان و زاهدان را راند از معبد بە معبر

بالش ارامش بیمار برباید از بستر

گە بسازد دین و گاهی دین دهد بر باد یکسر

مایەی امرزش جرم است بی فرمان داور

از جذامی دور سازد زشتی آن رنج منکر

دزد را بر مسند اقبال سازد تاج بر سر

بخشد او را شهرت و جاه و جلال و قدرت و فر

وان عجوز شوم را سازد عروسی نیك منظر

دوور شو ای دیو ملعون! ای پلید تیره گوهر!"

هێندێك کەس هەن، نەك ئەوەی ئەم دێوەزمە نەعلەتییە لە خۆیان دوور ناخەنەوە، بەڵکوو بۆ وەدەست هێنانیشی بایەخی بەرزو کەرامەتی مرۆڤایەتیشی تا ئەو ئاستە پێ دێننە خوارێ کە مامەڵەی پێوە دەکەن. وێ دەچێ هێندێك کەس گلەیی بکەن کە نابێ مرۆڤ ببێتە پێشەنگ و مامۆستای ئەخلاقی بۆ کەسانیتر. دیارە ئەمە قسەیەکی ڕاستە، بەڵام دەبێ لێرەدا ئەوەش بڵێین کە ئەم مەسەلە بۆ هیچ کەس وانەی ئەخلاقی نیە، بەڵکوو مەسەلەیەکی گشتییە. لەڕاستیدا ئەگەر کەسێك پێی وایە بۆوێنە لەش فرۆشیو دەڵاڵی شتێکی خراپ نیە، بێگومان ڕیشوەخۆری، کڵاوبەرداری، دزی، قاچاخی ماددەسڕکەرەکانو...هتدیش، کە بە ئاسانی پارەیان لێوەدەست دێ، بۆی مەسەلەیەك نیە. واتە ناڕاستەوخۆ لە کۆمەڵگادا ڕەوایی بەم کردەوە ناحەزە دەدا. گرێ کوێرەی کارەکە لێرە دایە کە مرۆڤ نابێ ناڕاستەوخۆ زەربەیەکی وا قورس لە کۆمەڵگا بدا. نووسەر لەم پێوەندییەدا ئەم چیرۆکەی خوارەوەی لە بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتیو دەروون توێژی تەلەڤزیۆنی لە ئەڵمان وەرگرتوەو لە چوارچێوەی چیرۆکێکدا دایڕشتووەو هۆی هەرەپێویستی بە پارەی تێدا زەق کردۆتەوەو یاسایەك کە سیستمی وەدیهاتوو و دەسەڵاتدار بەسەر کۆمەڵگادا، بۆ ئەم مرۆڤانەی پێك هێناوە کە چۆن ئەم پێویست و یاسایە، تاقمێك لە مرۆڤەکان کە ئەگەر بۆخۆشیان ڕازیو پێیان خۆش نەبێ، ناچار بە لەش فرۆشی دەکا.

ماریانا کچێکی تەمەن بیست و پێنج ساڵو کەم ئەزموون لە ژیاندا کە لەمێژ نەبوو دایك و باوکی مرد بوون. بەم شێوەیە، سەرەڕای تەواوی ئەو تەنگو چەڵەمانەی کە لە بەردەمیدا بوون، دەبوو بەرپرسایەتی "کارۆلا"ی خوشکە گچکەکەشی وەئەستۆ بگرێ. لەوەها بارودۆخێکدا گەلێك پەرێشانو بێحاڵ بوو، نەیدەزانی دەبێ چ بکا؟

چونکە یەکەم: هەر لە کاتی بوونی دایك و باوکیدا بە هۆی نەزانین و بێ ئەزموونی-یەوە دووکانێکی کەل و پەلی ئاڕایشی بۆ تازە لاوەکان، کردەوەو بە پشت بەستن بەو دووکانە قەرزێکی لە بانك وەرگرت. لە ئاکامدا بە هۆی نەبوونی کار و کاسبییەوە، دووکانەکەی داخست و زۆر قەرزدار بوو و دایك و باوکیشی بەهۆی نەدارییەوە هیچیان لەپاش بەجێ نەمابوو کە بە میرات پێی بگا و لانی کەم بەو بەشە میراتە بتوانێ ئەو قەرز و قۆڵانەی پێ بداتەوە.

دووهەم: پیشەیەکی تایبەتیشی نەدەزانی کە بتوانێ کاری تێدا بکاو ژیانەکەی پێ هەڵسووڕێنێو خوشکە گچکەکەشی بخاتە ژێر باڵیو وردە وردە قەرزەکەش بداتەوە. لەو حاڵەتەدا تەنیا شتێکی کە بە مێشکی دەگەیشت ئەوە بوو کە خوشکە گچکەکەی ببا بۆ هەتیوخانە. بە بردنی خوشکەکەی بۆ هەتیوخانە و خۆشی بۆ دانەوەی قەرزو قۆڵەکانی ڕێگای لەش فرۆشی گرتەبەر. چونکە وای بیر دەکردەوە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا دەتوانێ لەم ڕێگایەوە قەرزەکانی بداتەوەو دوای ئەوە ئیتر وازی لێ بێنێو ژیانێکی ئاسایی بۆ خۆی دەست پێبکا. بەڵام ئەزموونێکی لەم پیشەیەدا نەبوو و سەرەڕای ئەوەش لەش فرۆشێکیشی نەدەناسی کە لێی بپرسێ: ئەگەر کەسێکی وەك خۆی کە تازە هاتبێتە نێو ئەو پیشەوە، دەبێ چ بکا؟ لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر

ئافرەتێکی لەش فرۆشیشی بدیایە یان دەگەڵی ئاشنا بوایە، مەگەر لەڕووی دەهات شێوازو چۆنیەتی کارەکەی لێ بپرسێ. چونکە بەو جۆرەی کە بیستبووی، لەش فرۆشەکانیش ڕەقیبی یەکترینو بە تایبەت بە تەمەنەکان بە هیچ جۆر خۆشیان لە ئافرەتی کەمێك لە خۆیان جوانترو گەنجتر نەدەهات. سەرەڕای ئەوەش دەبوو بۆ پێشگیری لە مەترسیگەلێکی ئێحتمالی، هەر لەش فرۆشێك لە لایەن دەلاڵێکەوە پارێزگاری لێ بکرێ. ماریانا کەسێکی لەوەها شوێنێکی کاری نەدەناسیو دەلاڵێکیشی لێ نەبوو. کەوابوو قۆڵی لێ هەڵماڵیو لە ئێوارەیەکی پاییزیدا کە هەوا کەمێك تاریك ببوو، دامەنێکی کورتو جووتێك گۆرەویو کراسێکی تەسکی لەبەر کردو چووە بەر ئاوێنە و بەخۆیدا ڕوانی، بەو شێوەیەی کە دەیدی، پێویست بەخۆ جوان کردنیشی نەدەکرد، چونکە گەلێك جوان بوو، تەنیا کەمێك پرچەکانی شانە کردو لەبەر دەرگای ماڵەکەیان سواری پاسێك تا دوایین وێستگە کە لەوبەری شاردا بوو، دانەبەزی. لە پاسەکە کە دابەزی، لە ڕووبەڕوویدا دارستانێك بوو کە کەمێك تاریك دەهاتە بەرچاو، بەڵام لەوبەر دارستانەکەوە گلۆپگەلێك زریوەیان دەهات، وەکی دیار بوو، شوێنێکی تازە دروست کراوی چەسپاو بەشارەوەیە. بەهەرحاڵ ماریانا بۆ ڕەوینەوەی ترسو خۆف لە تاریکایی ئەو دارستانە، چەند سەت مەترێك گەڕاوەو بە جوانی بەدەوروبەری خۆیدا ڕوانیو سەرەنجام لەسەر چوار ڕێیانێکی تا ڕادەیەك چۆڵ لە پیاسەڕۆکەدا وێستا. چرای سەیارەکان مرۆڤی بە شەوارە دەخستو زۆر بە دژواری موسافیرەکان دەناسرانەوەو هاتو چۆش لەو شەقامەی کە بۆ کاری لەش فرۆشی هەڵیبژاردبوو، زۆر قەرەباڵغ نەبوو. ماریانا کە ڕاوێستابوو، بەهەر سەیارەیەکی کە بیزانیایە کەسی پێ نیە و بەس شۆفیرەکەیەتی، یان هەر پیاوێکی کە بە تەنیا لەوێوە تێدەپەڕی، بزەیەکی

دەهاتیّو بە چاوداگرتن، برۆهەڵتـەکانو شـێوەی هـەڵسو کـەوتی وای نیشـان دەدا کـە ئەگەر تۆ پێت خۆش بیّو حەزت لـەو جـۆرە کارانەیـە، منـیش هـەوم. لەڕاسـتیدا ئـەو چوار ڕیّیانەی کە لێی ڕاوێستابوو، شەقامێکی ئاساییو شوێنێکی تایبەت نەبوو بۆ ئەم کارەو ئەگەریش کەسێکی دانیشتووی ئەو دەڤەرە گومانێکی وەهـای بکردایـە، دەسـت بەجیّ پۆلیسیان ئاگادار دەکردەوە کە فلاّن کەسێك وا لێرە نییـەتی خۆفرۆشـی هەیـە، بیّگومان پۆلیس دەهات و جەریمەشی دەکردو ئەگەری زۆریشی بوو بـۆ لیّپرسینەوە بیبەن بۆ بنکەی پۆلیس. بەهـەرحاڵ شانسـی هێنـا و کـەس لێـی وەگومـان نەکـەوت و پۆلیسیش بەو دەوروبەرەدا نەهاتو خەڵکی ئاساییو کەم ئەزموونیش زەینیان بۆ ئەوە نەدەچوو کە ئافرەتێك بۆ خۆفرۆشی لەویّ وێستاوە. بۆیە زیاتر لە دوو سەعات لەسـەر ئەو چوار ڕیّیانە وێستا، بەلاّم هەواڵێك نەبوو. لەحاڵێکدا هیوابڕاوانە ویستی سەرلەنویّ بچـێتەوە وێسـتگەی پاسـەکان لـەو بـەر شـەقامەکەوەو بگەڕێتـەوە مـاڵیّ کـە لەنـەکاو سەیارەیەکی بێنز لەبەردەمی ڕایگرت، پیاوێکی تەمەن چل و پێنج ساڵ کە تەنیا بـوو، شووشەکەی داداوەو گوتی:

ــ ئەگەر دەتەویّ بچی بۆ شـوێنێك، دەتـوانم بـتگەیـەنم. ماریانـا لـە پەشـۆکاویان بـە تەواوی لە قسەکانی شۆفێرەکە تیّنەگەیشت، بەلاّم دەست بەجیّ دەرگاکەی کـردەوەو چووە پێشەوە دانیشتو بەدەم پیاوەکەوە پێکەنیو گوتی:

ــ دەتەویّ بۆ کویّ بچین؟ لەم لێرەوارە لەنێو ماشین(سەیارە)ەکەدا، یان ماڵت هەیە؟ لەڕاستیدا ئەو پیاوە چـاوەڕوانی بیسـتنی ئـەم قسـانەی نـەدەکرد، هەرچـەند لـە دڵـی خۆیدا بەو مەبەستەوە بۆی ڕاگرت کە بیخاتە داوەوە. دوای کەمێك بیّدەنگی، گوتی:

ــ من هەر لەم نزیکانە دەژیم، لەوبەر ئەم دارستانەوە. لێت ناشارمەوە ژنو منداڵم هەیە، بەڵام ئەمشەو بەتەنێم. ژنەکەم تۆراوەو چۆتەوە ماڵی باوکیو ئەگەر ڕاستیشت دەوێ، هەر لەبەر ئەوە بۆم ڕاگرتی کە ڕەنگە بتوانم ڕازیت بکەم. باشە ئەگەر پێت خۆشە، دەچین بۆ ماڵی خۆمان. بەڵام دەبێ ئاگامان لەوە بێ کە دراوسێکان پێکەوەمان نەبینن!

ماریانا گوتی:

ــ ئەوە بۆ من گرینگ نیە کە تۆ ژنت هەیە یان نا، بەڵام منیش نامەوێ کەسێکی ئاشنا دەگەڵ پیاوێکی نەناسیاودا بمبینێ. ئاخر ئەمە یەکەم جارە کە دەمەوێ ئەو کارە بکەم، چونکە پێویستییەکی زۆرم بە پارەیە. پیاوەکە چاوێکی لە ڕووخساری جوانو بێئاڕایشتی ماریانا کردو دەستێکی بە دەم و چاوی داهێناو درێژەی بە شۆفیرییەکەی دا. دوای چەند خولەك لە شەقامی نێوەڕاستی لێڕەوارەکە تێپەڕینو لە یەکەم شەقامدا بە دەستی ڕاست وەرسووڕایەوەو ڕاست لەبەردەم گەراجی ماڵەکەیدا ڕایگرت و هەر لەنێو سەیارەکەدا، دوگمەی دەرگاکەرەوەکەی لێدا و دەرگا کرایەوەو سەیارەکەی بردە نێو گەراجەکە و دەرگاکەی لە ژوورەوە داخستو لە دەرگایەکی دیکەوە چوونە ژوورەوە، بەڵام بەهۆی چۆڵ بوونی شەقام و تاریکی هەوا، کەس پێی نەزانین. پێکەوە چوونە میوانخانەکە، خاوەن ماڵەکە فەرمووی ماریانای کرد کە دانیشێو گوتی:

ــ حەزت لە چ خواردنەوەیەکە؟

لە وەڵامدا گوتی:

ـــ هەرچی تۆ حەزت لێیە.

لە چێشتخانەکە شووشێك شەرابی سپیو دوو پەرداخی هێنانو لەسەر تەپڵەکێك دایناو بۆ خۆشی دانیشت. ماریانا هەر لە یەکەم ساتەکانی ئاشنایەتییان ڕاست و ڕەوان هەموو شتێکی بۆ باس کرد کە بۆچیو بە چ مەبەستێك دەستی داوەتە ئەم کارە. ئەو پیاوە کە خۆی خاوەنی ژنو منداڵ، بەڵام کەسێکی خۆش گوزەرانو لەهەر دەرفەتێکی کە بۆی ڕەخسابا کەڵکی وەردەگرت، ئەم جارەشیان تۆرانی ژنەکەی بیانوویەکی باشو لە ڕاستیشدا زۆری باوەڕ بە ئەوینو خۆشەویستی دەگەڵ ژنەکەیو ئەم جۆرە شتانە نەبوو، بەڵکوو ژن هێنانو بوونە خاوەنی منداڵ بە کارێکی سروشتی دەزانین. بۆیە تا درەنگانێکی شەو دەگەڵ ماریانادا ڕایبواردو سەعات دەوروبەری دوو نیوی دوانیوەشەوێ بوو کە دوو سەت یۆرۆی دایە و گوتی:

ـــ لێرەوە ئیتر سەیارە نیە و ناشم هەوێ تاکسی بێتە ئێرە، ئەگەر پێت خۆش بێ دەتگەیەنمەوە ماڵێ. ماریانا سپاسێکی کردو تا بەردەگای خۆیانی بردەوەو داوای ناونیشانو ژمارە تەلەفوونیشی لێنەکرد. بەهەرحاڵ دوو سەت یۆرۆ بۆ ماریانا لە شەوی یەکەمدا، پارەیەکی کەم نەبوو! شتێکیش کە لەو پیاوە فێربوو، ئەوە بوو کە دەگەڵ هیچ کەسدا بەبێ کەڵك وەرگرتن لە کەلو پەلی پێشگیریو کاندۆم، نزیکایەتی نەکا. ئەو پیاوە بۆ پاساوهێنانەوەو هەست بە بەرپرسایەتی نەکردنی خۆی سەبارەت بە نزیکایەتی کردنی دەگەڵ ماریاناو نەترسانی لە سك پڕیو ئاسەواری هەر کارێکی دیکەش، خۆی هەڵاواردو گوتی:

ــ چونکە تۆ جەختت لەوە کردەوە کە ئەمە یەکەم جارە کارێکی وەها دەکەی، منیش بە شێوەی تایبەتی دەگەڵ تۆدا بەبێ کەڵك وەرگرتن لە کاندۆم نزیکایەتیم کرد کە هیوادارم حەبی بەرگریت لەبیر نەچووبێ.

ماریانا گوتی:

ــ نا نا، هیچ نیگەران مەبە، لەبیرم نەچووە.

کاتێك ماریانا هاتەوە بۆ ماڵێ، سەرەتا خەوی لێ نەکەوت و کەمێك لەسەر کورسی نان خواردنەکە دانیشت و لەسەر یەکەم ئەزموونەکانی ئەو شەوەی کەمێك بیری کردەوە کە دەبێ بۆ داهاتوو پێشنیارەکانی ئەو کابرایەی لەبیر نەچێ و کەڵکی لێوەرگرێ. دیارە نە تەنیا بۆ پێشگیری لە سكپڕ بوون، بەڵکوو بۆ پێشگیری لە تووش بوون بە نەخۆشییەکانیش. هەرچەند نزیکایەتی دەگەڵ کەسێکی خاوەن ژن و منداڵ لە بارەی نەخۆشی لێگرتنەوە، مەترسی کەمتری بوو، بەڵام دەبێ لە داهاتوودا بە تەواوی ئاگای لەخۆ بێ. ڕۆژی دواتر کە ڕێی کەوتە دەرمانخانەیەك، یەکەم کارێك کە کردی لەو دوو سەت یۆرۆیە بەستەیەك کاندۆمی کڕین. هەمدیسان ئەو ڕۆژە بۆ شەوەکەی هاتەوە بۆ جێگاکەی پێشووی لە نزیك دوایین وێستگەی پاسەکان، بەو هیوایە کە ئەو کابرایەی دوێ شەو یان یەکێکی دیکەی وەك ئەو ببێ بە داوەوە. ئەم کەڕەتە زیاتر لە سێ سەعات چاوەڕوان بوو، بەڵام نە ئەو کابرایەی پێشوو پەیدای بۆوەو نە کەسێکی دیکەش سەرنجێکی ئەوتۆیان دایە. بەڵام سوور بوو لەسەر ئەوە کە تا سەعات دووی دوانیوەشەو لەوێ وەمێنێ. سەعات نزیك بە دوازدەی شەو بوو کە سەیارەیەك بە واگۆنێکەوە لەوێوە تێپەڕی، بەڵام چەند هەنگاوێك لێی دوور نەکەوتبۆوە کە لەنەکاو

لەو بەر چوار ڕێیانەکە ڕایی گرتو شووشەی سەیارەکەی داداوە، سەرێکی وەرگێڕاوەو بە قامك ئاماژەیەکی کرد وەرە بۆ ئێرە. ماریانا بە نابەدڵییەوە بەرەو سەیارەکە چوو، کە دیتی گەنجێکی بالآبەرزی بەخۆوە، زنجیرێکی تەڵای لە ملی دا و سەعاتێکی دەستبەند تەڵای لە دەستی دا. بێ هیچ پێشەکییەك گوتی:

ــ وەرە سەرکەوە.

ماریاناش لەبەردەم سەیارەکەوە تێپەڕیو دەرگای لای ڕاستی کردەوەو لای شۆفیرەکە بۆی دانیشت. ئەو کوڕە گەنجە ڕووی لە ماریانا کردو گوتی:

ــ وێ دەچێ تازە کار بیی؟!

ماریانا گوتی:

ــ تۆ لە کوێوە دەزانی کە تازە کارم؟

پیاوە گەنجە گوتی:

ــ ئاخر لە شوێنێکی نالەبار وێستاویو زووم زانی کە دەتەوێ لێرە کار بکەی؟!

ماریانا ڕاستو ڕەوان گوتی:

ــ وایە، بەڵام مەگەر شوێنێکی وا تایبەتیش هەیە کە ئینسان بتوانێ بێ ژانەسەر کاری لێ بکا؟!

گەنجەکە گوتی:

ــ دیارە کە هەیە، بەڵام ئێرە جێگای نیە، بەڵکوو لە شوێنێکیترەو تەواوی ئەو کەسانەی حەزیان لەم کارە بێ، ئەو شوێنە لە شار پێدەزانن‌و قەت نایەنە ئێرە. چونکە یەکەم ئەوەی کە ڕاوەستان بۆ ئەم کارە لێرە قەدەغەیە. ئەگەر کەسێکی ئەم گەڕەکە بزانێ‌و پۆلیس ئاگادار بکەنەوە، سزا و جەریمەی هەیە. سەرەڕای ئەوەش ئەگەر تۆ پێت خۆش بێ‌و بتهەوێ، دەتوانم ئەو شوێنەت پیشان بدەم کە لانی کەم شەوی هەزارت داهات دەبێ.

ماریانا لە دڵی خۆیدا گوتی:

ــ ئای چ پارەیەکی زۆرە!

کوڕەکە درێژەیدا:

ــ بەڵام ئەم کارە خەرجی دەوێ‌و بۆ ئەوەی کە بتوانی بەبێ ژانەسەر کارەکەت بکەی، دەبێ بڕێك لەم داهاتی شەوانەت سەرمایەگوزاری بکەی!

ماریانا گوتی:

ــ چۆن و لە چ ڕێگایەکەوە؟

کوڕە گەنجەکە گوتی:

ــ بۆوێنە، من دەتوانم ئەم واگۆنەت بدەمێ کە ئیتر لەنێو شەقامدا بە پێوە نەوێستی‌و بۆ خۆت بەڕاحەتی بۆی دانیشی‌و گوێش لە مۆسیقا بگری‌و دەگەڵ مشتەریگەلێکی تایبەتیشدا پێوەندیت هەبێ نەك دەگەڵ هەموو کەسێك! دەتوانی بۆ هەر شوێنێکیش کە پێت خۆش بوو، مشتەریەکانیش بەم سەیارە دەگەڵ خۆت بەری. بەڵام بەو

مەرجەی کە لانی کەم سی لەسەدی داهاتەکەت بۆ من بێ. لە جیاتی ئەوە من ئەم سەیارەت دەدەمێو پشتیوانیو پارێزگاریشت لێدەکەم. چونکە لەو شوێنانەی کە داهات زۆرە، ناتوانی بێ چاودێریکەرو پشتیوان بیی. چونکە چاودێریکەرانی ئافرەتانیتر دەتکوژن. ماریانا خەریك بوو کەم کەم دەهاتە نێو باغەکە و ئەوەی لە پێشتردا لەو بارەوە بیستبووی، وەڕاست دەگەڕا. خەریك بوو دەگەڵ نەزم و بارودۆخی کارەکەش ئاشنا دەبوو. چونکە بڕیاری دابوو درێژە بەم کارە بدا، مەرجەکانی کوڕە گەنجەکەی قەبووڵ کردنو هەر ئەو شەوە دەگەڵی ڕۆیشت. ئەو کوڕە کە پاروویەکی باشو چەوری وەگیر کەوتبوو، ئەو شەوە پارەی زۆری بۆ خەرج کردو لە ڕادەبەدەریش ڕێزی گرت. دەعوەتی کرد بۆ شێوانو مەی خواردنەوەو...، بەڵام تەنانەت دەستیشی بۆ نەبرد. سەعات دەوروبەری سێی دوانیوەشەوێ بوو کە ماریانای بردەوە بۆ ماڵی خۆیانو سەد و پەنجا یۆرۆشی دایە. ماریانا نەیدەویست ئەو پارەیە وەربگرێ، بەڵام کوڕەکە بە تکا و ڕەجا پارەکەی بۆ خستە نێو جانتاکەیو گوتی:

ــ تەنیا هاونشینی دەگەڵ تۆدا زیاتر لە هەزار یۆرۆ دەژی، ئەوە کە شتێك نیە. دوایە ژمارە تەلەفوونیان دا بەیەکتری. لەڕاستیدا ئەم واگۆنە شوێنی کاری ئەو کوڕە گەنجە بوو و، ئەگەریش پاروویەکی چەوری وەك ماریانای وەدەست کەوتبایە، هەر لەوێوەش بە مۆبایلەکەی زەنگێکی بۆ ئەو مشتەرییە کەللە گوندانەی کە لیستەی ناوەکانیانی بوون، لێدەدا و قەولو قەراری دادەنا کە ئافرەتێکی بە دڵی وانی هێناوە. ئەم گەنجە بەخۆوە یەکێك لە ئەندامانی تاقمی دەڵاڵەکان بوو کە ناوی زۆربەی بەرپرسو فەرمانبەرە بەرزەکانی حکوومەتی پێبوون. گۆیا کەسی یەکەمی سەر گرووپی ئەو تاقمە بوو، چونکە تەنیا ئەو لیستی ناوەکانی پێبوون. ئەگەر یەکێکیتر لەو تاقمە

کچێکی جوانی بەداو خستایە، بۆ وەرگرتن یان ناسینی بە مشتەری سەرەتا دەبوو بچنە لای ئەم گەنجە کە ئەو دەگەڵ مشتەری‌یەکەدا پێوەندی بگرێ.

ماریانا لەو پیشەدا ناوێکی بۆ خۆی دیاری کردو لەوەودوا دەلاڵەکە هەر بە ناوی "ژانت" بانگی دەکرد، هەر لە چەند مانگی یەکەمڕا دەگەڵ مشتەری‌گەلێکی دەوڵەمەند ئاشنا و چونکە زۆری ناز بۆ دەکردن، جیاواز لە پارەکەی خۆی، هێندێك جار سەد یۆرۆیەکیشیان بۆ دەخستە مەمك بەندەکەیەوەو ئیتر ئەم پارە زیادی‌یە کە وەك بەخشش دەیان دایە هەر بۆ خۆی بوو. بۆیە توانی دوای چەند مانگ هەموو قەرزەکانی بداتەوەو ئیتر نە ئەوەی کە قەرزی نەما، بەڵکوو پارەیەکیشی لە حیسابی بانگی‌یەکەی‌دا کۆ کردبۆوە. لەوەودوا ماریانا نەی‌دەویست ئیتر کار بکا، بەڵام کەوتبووە داوی دەلاڵەکەوەو بە قەولی کورد گوتەنی: دەمە چێشتە ببوو، دەیویست ژانت زیاتر لە سی لەسەدی داهاتەکەی بداتێ بە قەول بۆی زیاد بکا، کە زۆر جار دەگەڵی دەکەوتە کێشە و تەنانەت جاری واش بوو دەی کێشایە شەڕو کوتەك کاری، چەندین جاری لێی‌دا و هەر جارەیش بە داوای لێبووردنێك ئاشتی دەکردەوە. ماریانا نە خۆشی لەو دەلاڵە دەهات و نە لە مشتەری‌یە دووڕوو، ڕیاکارو خۆبەزل زانەکانی‌و نە لەو پیشەش کە هەڵی‌بژاردبوو. بۆیە دەیەویست هەرچی زووتر ڕێگا چارەیەك بدۆزێتەوەو لەم شوێنە مەترسیدارو وێرانە خۆی ڕزگار بکا. دەیبینی کە دەبوو کاتە بێکاری‌یەکانی دەگەڵ کۆمەڵە ئینسانێکی بەڕەڵڵا و خوێری، خاڵ کوتاو و چەقۆکێش، لات و ترسەنۆكو نەزان کە نێوەڕۆکی قسەکانیان لە هەڕەشەو گوڕەشە، دەستدرێژی و قاچاخی‌و کلاوبەرداری‌و خستنە داوەوەی کچان، شتێکی دیکە نەبوو، پڕ بکاتەوەو بەرێتە سەرو لەکاتی کاریش‌دا دەبوو دەگەڵ کۆمەڵە ئینسانێکی خۆبەزل زانو

ڕواڵـەتبـین و دووڕوو، ڕیاکـارو درۆزنو فێڵبـاز کـە لـە حاڵـەتی ئاسـایی‌دا لەسـەر چارەنووسی هـەموو ئینسـانەکانی ئـەو دەڤـەرە بـە گشـتی بڕیاریـان دەدا و زۆربـەیان خاوەنی ژنو منداڵو دەبوو سەرمەشقو نموونە بن بۆ کۆمـەڵگا، نزیکایـەتی بکـاو بـە دەمیانەوە پێبکەنیو خۆ بادا، کە ئەم دیمەنە پێکەنیناوی‌یانە لەهـەر دوو لاوە، زۆر بەدڵی نەبوونو بێزی لێ‌دەکردنـەوە. دوانیـوەڕۆی ڕۆژێك کـە بـێمشـتەری بـوو، لـەنێو واگۆنەکەدا لەسەر تەختێك ڕاکشابوو، لەنەکاو دەلاڵەکـە هـاتو داوای لـێکرد دەگـەڵی ڕابـوێرێ. ڕوویـەکی وای نەدایـە. بـەڵام دەلاڵەکـە دارکـاری کـردو ویسـتی بـە زۆر دەستدرێژی پێبکا. لەوکاتدا ماریانا بە تووڕەیی‌یەوە مۆم دانێکی بلوورین کە لەسەر تەپڵەکێك داندرابوو، هەڵی‌گرتو دانەیـەکی لـە پشتەسـەری ڕاکێشـا کـە دەسـت بـەجێ خوێن فیچقەی کردو بێهۆش کەوت. ترس سەرتاپای ماریانـای داگـرتو دەسـت بـەجێ پۆلیسو بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی ئاگادار کردنەوەو داوای یارمەتی کرد. چـەند خولەکێکی پێنەچوو یارمەتی‌دەرانی فریاکـەوتن گەیشـتنە جـێو دەلاڵەکـەیان بـرد بـۆ نەخۆشخانە. لێئۆ، یەکێك لە یارمەتیدرە گەنجەکان، لای ماریانا ماوە تا پۆلیس هـات. ناوبراو کە چـاوی لـە دەسـتە خوێنـاویو ناوچـاوانە گـرژو ترسـاویو هـەر لـەوکاتیش‌دا ڕووخساری جوانو نامۆی ماریانای دەکرد، هەر ئەوکات عاشقو شـەیدای بـوو. دەسـت بەجێ لێئۆ بە ماریانای گوت:

ـــ تا پۆلیس نەهاتوە لێرە بڕۆ و من هیچ ناڵێم و ڕاپۆرتت لێنادەم. ماریاناش خێرا کـە نەی‌دەزانی چ بکا، بە جێگای جانتاکەی خۆی بـە هەڵـە جانتـای گەووادەکـەی دەسـت دایە و ڕۆیشت. لێئۆ وەبیری هاتەوە کە هیچ ناونیشانو ژمارە تەلەفوونێکی لـە ماریانـا وەرنەگرتوە، کـەمێك پەشـیمان بـوو. بۆیـە هـەموو نێـو واگۆنەکـەی تێـك وەردا تـاکوو

ناونیشانێك لە ماریانای دەست بکەوێ. لەپڕ چاوی بە جانتاکەی کەوتو هەڵیگرتو شاردییەوە تا نەکەوێتە دەستی پۆلیس. دوای نیو سەعاتێك کە پۆلیس گەیشتێ، هێندێك پرسیاریان لە لیئۆ کردنو ڕاپۆڕتێکیان ئامادە کردو چوونە نەخۆشخانە کە ئەگەر ئەو گەنجە هۆش خۆی هاتۆتەوە، درێژە بە لێپرسینەوەکەیان بدەن. لیئۆ جانتاکەی ماریانای کردەوەو بە دوای ناونیشاندا گەڕا، بەڵام جیاواز لە وێنەیەکی خۆیو "کارۆلای" خوشکی کە لە بەردەم بینای هەتیوخانەکەدا گرتبوویانو تابلۆی ئەو بینایەش لە وێنەکەدا هاتبوو، هیچ ناونیشانو تەلەفوونێکی بۆ نەبیندراوە. سەرەتا هیوا بڕاو بوو، بەڵام سەرەنجام بە هەوڵو ماندووبوونێکی زۆر توانی ناونیشانی ئەو هەتیوخانەیە لە ڕووی تابلۆی سەر وێنەکە بدۆزێتەوەو بە بیانووی ئەوەی کە دەیەوێ جانتا دەستییەکە بداتەوە بە ماریانا، داوای لە بەرپرسی ئەو بنیاتە کرد کە چاوی بە کارۆلای خوشکی بکەوێ. لەو ڕێگایەوە ناونیشانە نوێیەکەی ماریانای دۆزییەوە. لێئۆ لە ڕۆژێکی پشوودا سەردانێکی ماریانای کردو ئەویش بە خۆشحاڵیو سەرسووڕمانەوە کە لێئۆ بە چ شێوەیەك ناونیشانەکەی دیوەتەوە، فەرمووی کرد بۆ ژوورەوەو قاوەیەکی بۆ ساز کردو دوای لێپرسینێکی باش لە لێئۆ سەبارەت بەو کوڕە کە ئایا ماوە یان مردووە؟ پاش ئەوەی کە لەوە دڵنیا بوو کە نەمردووە، هەموو ڕووداوی ڕابردووی جیاواز لە لیستی ئەو ناوانەی کە لە جانتای دەلاڵەکەدا بوون، بۆ لێئۆی گێڕایەوە.

لێئۆ گوتی:

ـــ زۆرت بۆ پەرۆش بووم و خۆشحاڵیشم لەوەی کە جانتاکەت لێ بەجێما و لانی کەم توانیم لەو ڕێگایەوەو بە بیانووی جانتاکەتەوە بت بینمەوە. لێئۆ دوای خواردنەوەی قاوەکەیو گۆڕینەوەی ناونیشانو تەلەفوون دەگەڵ ماریانادا، دەعوەتی کرد بۆ حەوتووی داهاتوو شامێك میوانی بێ، ماریاناش بە خۆشحاڵییەوە قەبووڵی کرد. لەو شەوە بەدواوە، هاوڕێیەتییەکەیان چوار مانگی خایاند. ڕۆژێکیان لێئۆ بە ڕێکەوت لە شەقامدا چاوی بەو دەلاڵەی کە لە نەخۆشخانە ئیزن درابوو دەگەڵ چەند کەس لە هاوڕێو هاوکارە هاوشێوەکانی خۆی کەوت، خۆی پێناساندنو گوتی:

ـــ من لە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانە کار دەکەم، زۆر خۆشحاڵم کە ئێستا دەتبینم چاك بوویتەوە. من یەکێك لەو یارمەتیدەرانە بووم کە چەند مانگ لەوەپێش بەهۆی زەربەیەك کە وەسەرت کەوتبوو بە بێهۆشی گەیاندتمانە نەخۆشخانە. دیسان زۆرم پێخۆشە کە چاك بوویتەوە. لە کۆتاییدا تۆقەی دەگەڵدا کردن و ڕۆیشت. ماریانا لە ترسا کاتێك دەهاتە بازاڕ، کلاوێکی دەکردە سەرێو چاویلکەیەکی ڕەشیشی لە چاوی دەکردن کە ئەگەر دەلاڵەکان بینیان نەیناسنەوە. لە بەدشانسی لێئۆ، ئەو ڕۆژە بۆ کڕین هاتبۆوە ئەو شەقامە و لێئۆی لە کاتی چاکو چۆنیو خواحافیزی دەگەڵ دەلاڵەکاندا بینی. چونکە ماریانا لیستەی ناوی ئەو کەللە گوندانەی پێبوو، ئەم لیستەش بۆ دەلاڵەکان زۆر گرینگو تەنانەت ماریانایان وەگیر بێنایە، بە خاتری وەدەست کەوتنی ئەو لیستەیە ئەگەری کوشتنی زۆر بوو، بە دیتنی ئەو دیمەنە لە لێئۆ وەگومان کەوت. گۆیا ئەم چاوپێکەوتنە کورتو ڕێکەوتەی لێئۆ دەگەڵ دەلاڵەکاندا، گومانی ئەوەی سازکردبوو کە ماریانا وا بیر بکاتەوە کە ڕەنگە ئەوان لێئۆیان ناچار بەم کارە کردوە کە دەگەڵی ببێتە هاوڕێ. واتە لێئۆ خۆشی ناوێ، بەڵکوو ئەندامێك لە

گرووپی دەلاڵەکانەو تەنیا دەیەوێ بەهەر جۆرێك بێ لیستی ناوی کەسایەتییە بە ناوبانگەکانی لێ بستێنێ یان لێی بدزێ.

دەلاڵەکان پێویستییان بەو لیستەیە بوو، چونکە ئەو لیستە بۆ ئەوان کارتێکی بەرەندە بوو لە بەرامبەر کەسایەتییەکاندا. بە کوردییەکەی لغاویان کردبوون کە هیچ نەڵێن دەنا ... . ماریانا نەیویست جارێکی دیکە ئەو لیستەیە بکەوێتەوە دەستی ئەوان، هەربۆیە ویستی هاوڕێیەتییەکەی دەگەڵ لیئۆدا بپسێنێ. پەندێکی بەناوبانگ هەیە کە دەڵێ: "ڕێوی تا قەباڵەی خۆی خوێندەوە، کەوڵیان کرد". تا لیئۆش ویستی ئەوە بسەلمێنێ هیچ پێوەندییەکی دەگەڵ ئەوانەدا نیە و خۆشەویستییەکەی لەگەڵ ماریانادا لە ڕووی ئەوینو هۆگرییەکی زۆرەوەیە کە بە ماریانای هەیە و تەنانەت ئامادەشە بۆ پاراستنی ئەم خۆشەویستییە هەموو کارێك بکا. ئەم قسانە بە گوێیدا نەچوونو لە ترسو خۆفی ئەو تاقمە هاوڕێیەتییەکەی دەگەڵ لیئۆدا پساند.

لەڕاستیدا ماریانا ناحەقی نەبوو، لە لایەکەوە دەترسا، چونکە تاقمی دەلاڵەکان کون بە کون بەدوایدا دەگەڕانو ئەگەر بشیان زانی بایە دەگەڵ لیئۆدا بۆتە هاوڕێ، ئەویان وەك بەدیل دەگرت یان ئەوەتا هەڕەشەی کوشتنیان لێدەکرد کە لەو ڕێگایەوە دەستیان بە ماریانا ڕابگا. لە لایەکی دیکەشەوە ماریانا لە خۆڕا لە لیئۆ جیاببۆوە، چونکە هیچ پێوەندییەکی دەگەڵ ئەوان نەبوو و پێشی نەگوتبوون کە ماریانا هاوڕێیەتی. کەواتە شكو گومانی ماریانا بە نیسبەت لیئۆوە لە خۆڕا بوو.

سەرەنجام لیئۆ بە هەوڵو هیممەتێکی زۆر، توانی بە ماریانا بسەلمێنێ کە هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ دەلاڵەکان نیە و ماریاناش لە خۆوە تۆمەتی هاوکاری کردنی

لـێداوەو لێـی جیابۆتـەوە. دوای چـەند مـانگ کـە بـۆ ماریانـا ڕوون بـۆوە لێئـۆ هـیچ پێوەنـدی‌یـەکی لەگـەڵ دەڵاڵـەکان نـەبووە، دووبـارە خۆشەویسـتی‌یەکـەیان دەسـتی پێکردەوەو داوای لێبووردنیشی لە لێئۆ کرد. لەو ماوەیەدا ماریانا بەو ئاکامە گەیشت کـە ئەگـەر لێئـۆ لەگـەڵ ئـەوان هاودەسـت بووایـە، هـەر لـە حـەوتووی یەکـەمی جیابوونەوەکەیان پێوەی دەکرد، کەوابوو شكو گومانەکەی بە نیسبەت لێئۆوە لـەخۆڕا بوو.

کاتێك لێئۆ زیاتر لەو تاقمەی کۆڵی‌یـەوە، بـۆی دەرکـەوت کـە چ کەسـانێکی پـیس و گڵاو و چ ژیانێکی قێزەونیشیان هەیە. ئەوان زیاتر لە ڕێگای قاچاخ، قومارو هەڕەشە و گوڕەشـە لـەو کەسـانەی کـە ناوەکانیـان ئاشـکرا بکـەن، بـەڵام لـە بنـەڕەتڕا لاواز، ڕواڵـەتبـین و خـۆشگـوزەرانو لـە ئاکـامدا بـە لاڕێدا بردنـی کچـانی کـەم ئـەزموونو پێویستی بە سەرەتایی‌ترین کـەلو پـەلی ژیـان، بـەم پـارە زەرقو بەرقـە گەیشـتوونو دەگەن.

لێئۆ هەستی بە غرورو بەختەوەری‌یەکی زۆر دەکرد لـەوەی کـە لـە دڵـەوە عاشـقی ماریانا بووەو توانیویەتی لەم ڕێگایەوە لە دەستی ئەم تاقمە ڕزگاری بکـا. لـە ڕۆژێکـی پشـوودا هـەر سـێکیان واتـە، لێئـۆ، ماریانـا و کـارۆلای خوشـکی پێکـەوە چـوونە دەم ڕووبارێك، لەوێ لێئۆ پێشنیاری بە ماریانا کرد کە شووی پێبکاو گوتی:

ــ ئەگەر ڕازی بی‌و پێت خۆش بێ دوای زەماوەندەکەشمان ئـەم شـارە بـەجێ دێڵـین‌و کارۆلاش دەگەڵ خۆمان دەبەین.

ماریانا چاوێکی لە لێئۆ کردو گوتی:

ــ لە قووڵایی دڵتەوە ئەم پێشنیارە دەکەی یان بەزەییت پێم دا دێ ؟!

لێئۆ گوتی:

ــــ نـەك ئـەوەی كـە لـە قـووڵایی دڵـەوە ئـەو پێشـنیارەت پـێ‌دەكـەم، بـەڵكوو بـە خاكەڕاییی‌یەوە داوا لە تۆی خۆشەویستم دەكەم، ئەم پێشنیارەم لێ‌قەبووڵ بكەی‌و ئـەو دەرفەتەشم بدەیە كە خۆشەویستی‌یەكەمت پێ‌بسەلمێنم.

لێئـۆ و ماریانـا زەماوەنـدێكی خنجیلانـەیان وەڕێ خسـت و هـەروەكی پێشـتریش خستبوویانە نێو بەرنامەی ژیانیانەوە، ئەم دەڤەرەیان جێ‌هێشـت و لێئـۆ لـەوێش هـەر درێژەی بە كاری نەخۆشخانە دا و ماریانـاش لـەو نەخۆشـخانەی كـە مێردەكـەی كـاری لێ‌دەكرد، دەستی كرد بە كاری ئاشپەزی‌و خوشكەكەشی ناردە قوتابخانـەی ناوەنـدی. كـارۆلای خوشـكی بـەهۆی زیرەكـی ناوەنـدی بـڕی‌و چـووە دواناوەنـدی‌و سـەرەنجام دیپلۆمی بە موعەدلێكی زۆر باشەوە وەرگرت‌و بە مەبەستی درێژەدانی خوێنـدن چـووە زانكۆ. كاتێك لێیان دەپرسی، دەتەوێ لە چ لقێكدا بخوێنی، لە وەڵامدا دەی‌گوت:

ــ دەمهەوێ یاسا بخوێنم و پسپۆڕی جینایی وەربگرم و ببمە دادوەر.

# ڕاستییەکی چەندە تاڵ!

**چیرۆکی هەشتەم:**

کـردەوە ناحـەزو ناپەسـندەکانی تاقمێـك لـە مرۆڤـەکان بـە درێـژایی مێـژوو و بـەبێ جیاوازی لە تەواوی وڵاتەکانی جیهاندا بـووەو دەبـێ کـە لـە ڕابـردوودا کـەمتر کەسـێك لێـیـان ئاگـادار بـووەو ئێسـتاش لەگـەڵ پێشـکەوتووترین ئیمکانـاتی هـەواڵنێری تـا ڕادەیـەکی زۆریـش ڕۆشـنبیری لـەم بـوارەدا، تەنانـەت لـە دێمۆکراسـیـترین وڵاتـەکانی جیهانیشدا، زانیارییەکی دروست و ئەوتۆیان نەداوەتە دەست هەموو کەس و خەڵك بـە گشتی لێی ئاگادار بن. دیارە ئەمە بۆ خۆی دەتوانێ هۆکارگەلێکی جۆراوجـۆری هـەبێ کە لە باسێکی ئاوا کورتدا ناکرێ هەموویان باس لێوە بکەین. هەرچەند بـە دەگمـەن، تاقمێك کچ و ژنی بوێر هەن کە چاو لە ڕواڵەتی مەسـەلەکە و پاراسـتنی ئـابڕوو و حـەیا ناکەن و ئازایانە ئەو پـەردە دەدڕێـنن و ئـەوەی بەسـەریان هـاتوە، ئاشـکرای دەکـەن و قەزیەکـە بـە ئۆرگانـە یاسـاییـیـەکانی دەسـپێرن، بـەڵام بەداخـەوە ئێسـتا ژمـارەی ئافرەتگەلێکی ئاوا بوێر لە کەمایەتی دان، یان بە قەول زۆر کەمن. بەهەرحاڵ لێـرەدا، بۆ تێگەیشتنی زیاتری بابەتەکە ئاماژە بە سێ خاڵ، کـە بۆچـی ئـەم کردەوانـە کـەمتر ئاشکرا دەبن، بە پێویست دەزانم.

یەکـەم: دەم کـوتی لـە لایـەن مرۆڤـە تاوانبارەکانـەوە کـە بـەردەوام هەڕەشـەیان لێدەکرێو بەم شێوەیە بەر بە ئاشکرابوونی کردەوەیەکی نایاسایی‌و بەدوور لە عورفـو عادەتێك کە ئەنجامیان داوە، دەگرن.

دووهەم: داپۆشینی ئەو کردەوانە لە لایەن تاقمێك لەو ئافرەتانـە خۆیانـەوە کـە بـەزۆر دەستدرێژی‌یان کراوەتە سەر. واتە بێدەنگی‌یـەکی تـەواو لـە بەرامبـەر کردەوەیـەکی ناحەزی کوتەك خواردن، دارکاری کردن‌و دەست درێژکردنە سەریان، تـەنیا بـە خـاتری پێشگیری لە ئابڕووچوون‌و حەیای بنەماڵەکەیان و ... .

سێیەم: دەستدرێژی کردن لـە لایـەن بـاوە پیـارە، مـام، خـاڵ و تەنانـەت تاقمێـك لـە باوکەکان بە کچ و زڕ کچەکانیان و ئەو ئافرەتانەی کە بۆخۆیان ڕازی نین‌و مێردەکانیان بە زۆر کاری سێکسی‌یـان دەگـەڵدا دەکـەن‌و هـەروەها کچـانێکی کـەم تەمـەن تـا ئـەو جێیەی کە لە هەوێڵدا بن.

لـە خـاڵی سـێیەمدا زۆربـەی ئـەو منداڵانـەی کـە دەسـتدرێـژی‌یـان دەکرێتـە سـەرو هەڕەشەیان لێدەکـەن، ئـەوانیش لـە ترسـان بـێدەنـگ دەبـن‌و ئاشـکرای ناکـەن، واتـە ناوێرن کارەکەیان‌و ناوی تاوانبارەکەش ئاشکرا بکەن. بۆیە چاوپۆشی لێدەکرێ.

بەداخـەوە ڕۆژ نیـە لـە ئورووپـا لـەم بـارەوە، دادگاکـانی کۆمەڵایەتی(بنەماڵـە) و پشتگیری لە تـازە لاوەکـان فـایلێکی جینـایی نەکەنـەوە کـە شـێتێك یـان نەخۆشـێکی سێکسی دەستدرێژی نەکاتە سەر کچێکی کـەم تەمـەنی خـزم و کـەس‌و کـارو هـاوڕێ نزیکەکانی یان ئافرەتێك بە زۆرو دارکاری کردن لـە لایـەن مێردەکەیـەوە کـە بـۆ خـۆی ڕەزایەتی نەبووە کاری سێکسی دەگەڵ بکا و لە ئاکـامدا بـە زۆر ئـەو کـارەی دەگـەڵ

كـردوە، ئـەو جـۆرە كەسـانە بـە خـاتری ئـەو كـردەوە ناحـەزەیان دەخرێنـە ژێـر لێكۆڵینەوەی یاسـاییـیەوە. مـن بـەهۆی پیشـەكەمەوە، وەك ڕاوێـژكاری كۆمەڵایـەتیو پارێزەری تازەلاوان لانی كەم هەر بە دوو مـانگ جارێك لەگـەڵ وەهـا مەسـەلەیەك لـە دادگـادا دەرگـیر دەبم. لـە سـەرەتای كارەكـەمدا وام بـیر دەكـردەوە، هـیچ كـات كردەوەگەلێكی وەهـا لـە كۆمـەڵگای ڕۆژهـەڵاتی نێوەڕاسـتو بـە تایبـەت ئیسـلام، ڕوو نادات! دوایە بۆم دەركەوت كە لەو بارەوە بە هەڵـەدا چووم و ڕاسـت كردەوەگـەلێكی وەها ناحەزو نابەجێ زیاتر لە وڵاتە ئیسلامییـەكانو بـە تایبـەت ئێـران ئـەنجام دراونو دەدرێـنو زۆربـەی ئـەو كەسـانەش كـە تووشـی ئـەم گێچـەڵە بوونـە، بـەهۆی تـرس لـە ئابڕووچوونیان، بە هیچ جۆرێك نەیانهێشتووە مەسەلەیەكی لەو جۆرە لە چوارچێوەی مـاڵیـانـدا بـترازێو درزە بكاتـە دەرەوەو ئاشـكرا بـێ. لێـرەدا چـیرۆكێكی كـورتی "**ڕاستییەكی چەندە تاڵی بەشی هەشتەم**"، تیشـك دانەوەیـەكی ڕاسـتییەكە كـە لـە ئەڵمانو ناوەندی ئورووپا ڕووی داوە، دێنمەوە كە ناوەكان داتاشراو و ڕاست نین.

"لانداو" شارێكی گچكە لە باشووری ڕۆژئاوای ئەڵمان لە ویلایەتی "فالْس" و لەگەڵ فەڕانسەدا هاوسنوورە كە بـە حەشـیمەتێكی چـلو یـەك هـەزار كەسـییـەوە، خـاوەنی قوتابخانـەی جۆراوجـۆری وەك، سـەرەتایی[23]، ناوەنـدی[24] و دواناوەنـدی[25] و

[23] : مدرسه ابتدایی: قوتابخانەی سەرەتایی.

[24] : مدرسه راهنمایی: قوتابخانەی ناوەندی.

[25] : دبیرستان/ نظری: قوتابخانەی دواناوەندی، ئامادەیی.

قوتابخانەیەکی تەکنیکیو زانکۆیەکیشی هەیە. ڕۆبێرت لەم شارەدا مامۆستا(معلم)ی ناوەندییانە. ناوبراو لە قوتابخانە و لەنێو هاوکارەکانیو شوێنی ژیانەکەشیدا بە ڕواڵەت ناوێکی خۆشو باشی هەیە، بە قەول خۆش ناوە، کە قەت هەڵسو کەوتێکی نائاسایی لە خۆی نەنواندوەو زۆریش بەئەدەب دیارە. بەهۆی ئەو هەڵسو کەوتەیەوە لەبەر چاوی گشتیدا بە گەنجێکی زۆر هێدیو لەسەرەخۆ، خۆش مەشرەفو بەشەرم و حەیا دیارە. هەروەها لە ڕادەبەدەریش منداڵەکانی خۆش دەوێن، بە گشتی هەموو خوێندکارەکان لێی ڕازین. لەو شارەشدا بە تەنیا دەژیو هاوڕێی کەمی هەنە. بۆوێنە لەنێو مامۆستاکاندا تەنیا ژنو مێردێکی گەنج لە هاوکارەکانی خۆی زۆری دەگەڵ تێکەڵاون. سۆزانە تاقانە منداڵی ئەو ژنو مێردە گەنجەیە. ڕوبێرت پێوەندییەکی زۆر نزیك و بەردەوام هاتو چۆیان دەکا. بەهۆی تێکەڵاوییەکی زۆری لەگەڵ ئەو بنەماڵەیەدا، بۆتە خێزانێکی ئەو بنەماڵەیە و سۆزانە هەر بە مامەی بانگ دەکا و لە کاتی "غسل تعمید"(ڕێوڕەسمێکی ئایینی مەسیحە)دا دایك و باوکی سۆزانە، ڕۆبێرتیان وەك زڕ مامی تاقانە کۆرپەکەیان ناساند. دیارە هەر دایك و باوکێك لە کاتی ڕێوڕەسمی ئایینی "غسل تعمید" و "کمینیون" لەنێو خزمانو هاوڕێ نزیکەکانیاندا کەسێك وەك زڕ مام یان زڕ پوور بۆ کورپەکەیان هەڵدەبژێرن. دایك و باوکی سۆزانە تەنیا ڕۆبێرتیان بۆ ئەم کارە هەڵنەبژاردبوو، بەڵکوو بەهۆی باوەڕێکی زۆری کە پێیان بوو، تەنانەت بە بێئاگاداری خۆشی وەسیەتیان کردبوو کە ئەگەر خوای نەکردە ڕۆژێك لەنەکاو بەهۆی ڕووداوێکەوە تیداچوون، ڕۆبێرت سەرپەرشتی کچەکەیانە و ئەو بەخێوی بکا. دیارە نە تەنیا بۆ خۆیان، بەڵکوو هیچ کەسێکی دیکەش باوەڕیان نەدەکرد کە بەو زووانە تێدا دەچن.

لە نەهامەتیو بەدبەختی سۆزانە لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا، بەهۆی ڕووداوێکی دڵتەزێنی سەیارەوە دایكو باوکی لەدەست دان. ئیتر دوای ئەوە سۆزانە جیاواز لە ڕۆبێرتی مامی کەسی دیکەی شك نەدەبرد. بەهەرحاڵ دوای شۆردنو کفنو دفن کردنی تەرمەکانو، بە خاك سپاردنیانو ڕێوڕەسمی سەرەخۆشییەکەیان، کە چاویان لە وەسیەت نامەکەی دایكو باوکی سۆزانە کرد، دیتیان کە هاوڕێ لەمێژینەکەی خۆیان واتە، ڕۆبێرتیان وەك سەرپەرشتی کچەکەیان دیاری کردوە. بۆیە دەبوو سۆزانە لەوەودوا، لە لای ڕۆبێرتی مامی بێ. ڕۆبێرت بە خۆشحاڵیو هۆگرییەکی زۆرەوە ئەم کارەی قەبووڵ کردو سەرپەرشتی سۆزانەی وەئەستۆ گرت. ناوبراو لە خانووە سێ ژوورەکەیدا، ژووری کارەکەی بۆ سۆزانە چۆڵ کردو بە قەنەفە و موبلی جوان بۆی ڕازاندەوەو هەموو کەلو پەلەکانی بۆ هێنانو خانووە بەکرێکەی ماڵە باوکیشی داوە بە خاوەنەکەی. دیارە لەوەها کاتێكدا بە پێی یاسا پارەیەك لە بیمەی خانەنشینی دایكو باوکی بەو منداڵە هەتیوە دەگەیشت کە ڕۆبێرت مانگانە دەچوو وەری دەگرت. پێوەندی سۆزانە و ڕۆبێرتی مامی تاکوو دوو ساڵێك بە ڕەواڵی ئاسایی دەچووە پێشو چووکەترین کێشەیەکیان بۆ نەهاتە پێش. بەڵام هەر کە سۆزانە گەیشتە تەمەنی چواردە ساڵیو خۆی ناسی، بە قەولی پێشینان، هەر کە چووە بەر ئاوێنە و بەخۆیدا ڕوانی، سەرنجی ڕۆبێرتی ڕاکێشا. بەم پێیە هیچ کەس لە دەروجیرانەکانی باوەڕیان نەدەکرد کە بە جۆرێکی دیکە چاو لە سۆزانە بکا و لێی بڕوانێ، چونکە لەڕاستیدا سۆزانە وەك کچی خۆی وابوو. بەڵام ڕۆبێرت بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان تا تەمەنی شازدە ساڵی دەستدرێژی سێکسی

پێدەکرد. چونکە سۆزانە نە خزم و کەس‌و کار و نە شوێنێکیشی شك دەبرد تا پەنای پێبەرێ، کەواتە دەبوو بەناچاریو نەویستراوانە دان بە جەرگی خۆی دابگرێ. خاڵێکی کە پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە، ئەویش ئەوە کە لە ئورووپادا، لاوەکانو بە تایبەتی کچان لە تەمەنی سێزدە ساڵ بەرەوژوور، حەزیان لێیە لە لایەن ڕەگەزی بەرامبەریانەوە، ئاورپیان لێوەدرێ. چونکە ئەوان ئازاد بارهاتوونو مەسایلی سێکسییان زۆر بۆ یاساغ نیە، بۆوێنە، ئەگەر پیاوێك، گرینگ نیە لە چ تەمەنێکیدا بێ، بە شێوەیەکی تایبەتی وەڵامی پێکەنینو جۆری چاو لێکردنەکەیان بداتەوە، ڕەنگە لە هێندێك بواردا ئەم لاوە تازە ڕەسیووانە، ئەگەر بۆ تاقیکردنەوەی ئەویندارییەتیش بێ، پێخۆش بوونێك نیشان بدەن. کەواتە ئەمە ئەرکێکی قورسە لەسەر شانی پیاوانێکی ژیرو ساغ کە وەڵامێکی باوکانە بەم جۆرە گەنجە تازە ڕەسیووانە بدەنەوە نەك بکەونە ژێر دەستووراتی غەریزەی سێکسییانو پێڕەوی لێ بکەن. ئەو پیاوانەی کە لەوەها حاڵەتێکدا نەتوانن خۆیان کۆنترۆڵ بکەن، بێگومان وەك ڕۆبێرت بە کەسێکی نەخۆش یان نەفامی لەقەڵەم دەدەن.

ماوەیەك بوو کە ئیتر سۆزانە کارو کردەوە چەپەڵو پیسەکانی ڕۆبێرتی بۆ قەبووڵ نەدەکرا، ڕۆژێکیان دوای تەواوبوونی تاقیکارییەکانی دواناوەندییەکەیو وەرگرتنەوەی شەهادەکەیو هاتنی پشووی هاوینە، بەبێ هیچ هەواڵێك لە ماڵ هاتەدەرو ئیتر پێیدا نەچۆوە. ڕۆبێرتیش پۆلیسی ئاگادار نەکردەوەو بە شوێنیشیدا نەگەڕا. سۆزانە هەر لەو شارەدا پێوەندی دەگەڵ ئافرەتێك لە هاوڕێ لەمێژینەکانی باوکو دایکی کە ماوەیەك مامۆستای خۆشی

بووەو بەهۆی شووکردنیەوە چووە بۆ شارێکی‌ترو دوای سەرنەگرتنی تا سەری ژن‌و مێردایەتی‌یەکەی، واتە لێك جیابوونەوەیان هەر لەو شارەدا مابۆوە، گرتو چووە لای ئەو ئافرەتە لە ویلایەتێکی‌تر. ئەو هاوڕێ‌یەی باوك‌و دایکی کە ناوی "ئەلەکە" بوو، سۆزانەی کە شەهادەی ناوەندی‌یەکەی پێ‌بوو، لە قوتابخانەیەکی فێربوونی پیشەکان، ناونووسی کردو ژوورێکیشی بۆ بەکرێ گرت لەسەر زەمانەتی خۆی، بەم شێوەیە سۆزانە خەریکی تێپەڕکردنی خولێکی سێ ساڵەی "مونشی‌گەری" بوو.

سۆزانە پاش سێ ساڵ ژیان لەو شارەدا و تەواوبوونی خوێندنەکەی، بە دوای ئەو ڕووداوەی دەگەڵ ڕۆبێرتدا، ئیتر هیچ هۆگری‌یەکی بە ڕەگەزی نێرینە نیشان نەدەدا و هەمیشەش دووری لە پیاوان دەکردو تاوانباری سەرەکیش بۆ ئەم هەڵس‌و کەوتە نائاسایی‌یەی خۆی تەنیا لە ڕۆبێرتی دەناسی، هەربۆیە کەوتە بیری تۆڵە ئەستاندنەوە، هەر بەو مەبەستە سەفەرێکی کردەوە بۆ شارەکەی خۆی. ویستی ڕاستەوخۆ بچێتە بەر دەرگای ڕۆبێرت، کەچی بە ڕێکەوت هەر لەو وێستگە گچکەی شەمەندەفەری شاری لانداودا دیتی. ڕۆبێرت کە چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد چاوی بە سۆزانە بکەوێ، بەسەر سوورمانەوە پرسی لەکوێ بووی‌و بۆچی بەبێ ئاگاداری لێت دا و ڕۆیشتی؟!

بە سووکایەتی‌یەوە چاوێکی لێ‌کردو گوتی:

ــ بۆچی ڕۆیشتم! ئەی خوێری‌یە پیاو، یانی نازانی بۆچی ڕۆیشتم؟

ڕۆبێرت کەمێك ددانی بە جەرگی خۆیدا گرت، چونکە دەیزانی چ کارێکی ناحەزو ناشیرینی دەگەڵ کردوە، دۆستانە گوتی:

ـــ هێورو لەسەرەخۆ بە و بە پێکەنینەوە گوتی:

ـــ ئێستا دەتەوێ بۆ کوێ بچی؟

وەڵامی داوە:

ـــ هەرچەند ئیتر هیچ پێوەندییەکی بە تۆوە نیە، بەڵام دەمهەویست بێمە بەردەرگاکەتو یادداشتێکت بۆ بەجێ بێڵم. درێژەیداو گوتی:

ـ ئێستا کە چاوت بە من کەوت، دەتوانم چت بۆ بکەم؟ ئایا شتێکت پێویستە؟

سۆزانە گوتی:

ـــ دیارە بەر لە هەموو شتێك پێویستم بە پارەیە. ڕۆبێرت دەست بەجێ جانتا باغەڵییەکەی دەرێنا و تەنیا ئەو دوو سەت یۆرۆیەی کە تێیدا بوو، دای بە سۆزانە. پارەکەی وەرگرتو گوتی: تەنیا ئەو دوو سەت یۆرۆیە؟! بۆ خۆت کەری.

ڕۆبێرت گوتی:

ـــ چەندی کەت دەوێ؟ ئێستا هەر ئەوەندەم پێیە.

سۆزانە گوتی:

ـــ نیتە بە دەرەك، دەبێ دە هەزار یۆرۆم بۆ پەیدا بكەی، ئەگەر ئەم بڕە پارەیەم نەدەیەی، حەتمەن دێم بۆ قوتابخانە و دەشڵێم كە چت بەسەر هێناوم؟!

ڕۆبێرت ترسا و گوتی:

ـــ تكات لێ دەكەم، ئەم كارە نەكەی، لە مامۆستایەتی دەرم دەكەن، حەتمەن ئەو بڕە پارەیە و هەرچەندیكەش كە بتەوێ، بۆت پەیدا دەكەم.

سۆزانە گوتی:

ـــ حەوتووی داهاتوو دەگەڕێمەوە، هەر لەم كاتو ساتە و لەم وێستگەیەشدا، دەبێ ئەو بڕە پارەیەم بۆ بێنی. دوای ئەم چاوپێكەوتنە كتو پڕو وتووێژە كورتەی ڕۆبێرت دەگەڵ سۆزانەدا و جیابوونەی، ڕاستەوخۆ چووە بانگو وامێكی وەرگرتو ئەو بڕە پارەیەی بۆ سۆزانە حازر كردو حەوتووی دواتر هەر لەو شوێن و كاتەدا پارەكەی پێدا. بەڵام ئەمە سەرەتای كارو سۆزانە پێی كەم بوو و گوتی:

ـــ دەبێ هەركات پێویستم بە پارە بوو، تۆ بۆم پەیدا بكەی. لەڕاستیدا سۆزانە دەیهەویست لەم ڕێگایەوە دەردی بداتێو هەمیشەش لە دڵەڕاوكێدا بیهێڵێتەوە. خۆشییەكەی لەوە دایە كە سۆزانە نیوە لەو پارەی دا بە ڕێكخراوێكی خۆبەخش كە خەرجی بكەن بۆ كچانێكی بێسەرپەرشتو هەتیو لە ئەمریكای لاتیندا، بەشكم لەو ڕێگایەوە لە دەستدرێژی پیاوانی دەوڵەمەندو بە تایبەت پیاوگەلێكی وەك ڕۆبێرتی نەخۆش بیانپارێزن.

سۆزانە وا ساغ بۆوە، دووبارەو بۆ هەمیشە لە لانداو بمێنێتەوە. هەر لەو گەڕەکەی کە پێشتر ماڵی باوکی لێبوو، ژوورێکی بەکرێ گرتو وەشوێن کارێکی لەبارو باش کەوت. ڕۆژێکیان ڕۆژنامەیەکی بەدەستەوە بوو لاپەڕەکانی ئەم بارەوبار دەکردو هەڵ دەداوە کە چووە سەر لاپەڕەی دامەزراندنەکان، بەڵام کارێکی لەبارو شیاو کە لە پسپۆڕی‌یەکەی ئەودا بێ، وەبەرچاو نەکەوت. دوای ئەوە بۆ بێتاقەتی لاپەڕەکانی دیکەی ڕۆژنامەکەی هەڵ دەداوە بە تایبەت چاوی لە لاپەڕەی هاوسەرگیری دەکرد کە چاوی بە بانگەوازێك لە کچێکی دەوڵەمەند کەوت کە بە شوێن پیاوێکی ئارام و لەسەرەخۆو ئایدیال‌دا دەگەڕا کە شووی پێبکا. سۆزانە کەوتە بیری ئەوە بەهەر جۆرێك کە بووە ڕۆبێرت کە وەك مێو لەنێو پەنجەی‌دا نەرمە دەگەڵ ئەو کچەدا ئاشنای بکاو جۆرێکی ڕێك بخا کە پێکەوە زەماوەند بکەن‌و لەو ڕێگایەوە نیوە لە سەرمایەی ئەو کچە بە هۆی ڕۆبێرتەوە وەدەست بێنێ کە بۆ خۆی‌و ئامانجە بەرزەکانی بەکار ببا.

ئەوە بوو ڕۆژێك چوو بۆ سەردانی ڕۆبێرت‌و زۆر گەرم‌و گوڕ بوو لەگەڵی‌دا و گوتی:

ــ دەبێ ئیتر ڕابردوو لە بیر بەریەوە، بەڵام لەمەودوا هەرچی کە پێتی دەڵێم قەبووڵی بکەی. ئێستا پێشنیارت پێدەکەم کە ئافرەتێکی باش‌و ئایدیال وەبینی‌و ژیانی هاوبەش پێك بێنی.

ڕۆبێرت لـە بەرخۆیـەوە بـیری کـردەوە، ڕەنگـە بەڕاسـتی سـۆزانە دەیهـەوێ، ڕابردوو لە بـیر بباتـەوەو ئەمـە ئـەو کاتەیـە کـە ئـافرەتێکی بـاش وەبیـنمو لـەو کاتدا هەودای خەیاڵی پساندو گوتی:

ــ ئاخر چۆن دەکرێ کە ژنێك ببینیەوە ؟

سۆزانە ئاگاداری ڕۆژنامەکەی نیشان دا و گوتی:

ـــ لەمە باشتر چت دەوێ؟

ڕۆبێرت بۆ ئەوەی تووڕەی نەکا و وا بنـوێنێ کـە گـوێ بـۆ قسـەکەی ڕادەگـرێ، هەرچی کە دەی‌گوت، گوێی بۆ دەگرت.

سۆزانە گوتی:

ـــ چـاو لێ بکـە، باشـترە کـە تـۆ نامەیـەك بـۆ ئـەو کچـە بنووسـی‌و خـۆی پـێ بناسێنی؟

ڕۆبێرت هەر لەوێ پێنووسەکەی بەدەسـتەوە گـرتو بـە بەرچـاوی سـۆزانەوە نامەیــەکی دۆســتانە، بــە پشــت بەســتن بــە ئاگــاداری هاوســەرخوازی لــە ڕۆژنامەکەدا، بەم شێوە خۆی بەو کچە ناساند.

پیاوێکم تەمەن چلو دوو ساڵو لەم شارەدا مامۆستام و بە تەنیا دەژیمو پـێم خۆشە لە نزیکـەوە دەگـەڵت ئاشـنا بم. تەقریبـەن دوای حەوتوویـەك وەڵامێکـی لـەو کچـەوە بۆهاتـەوە کـە نـاو و تەلـەفوونی خۆشـی بـۆ نووسـی بـوو و داوای کردبوو ئەگەر حەزت بە دیتنو ئاشنایەتی منە پێوەندیم پێـوە بگـرە. ڕۆژێکیـان

ڕۆبێرت زەنگێكی بۆ لێدا كچە بۆ خۆی كە ناوی "ئاستريد"ە گوشی‌یەكەی هەڵگرتو دوای ناساندنو ئاشنایەتی بە تەلەفوون، قەراری چاوپێكەوتنیان دانا و وا ساغ بوونەوە كە ئەو ڕۆژە لە كاتێكی دیاری كراودا ڕۆبێرت بچێ بە شوێنی‌دا و پێكەوە سەرێك لەنێو شار هەڵێننو شێوانیش بەرنە ڕێستوڕانێك. ڕۆبێرت لە تەلەفوونەكەدا لێی پرسی دەرگاكەتان چەند زەنگی پێوەیە و كامەیان لێدەم؟

وەڵامی داوە:

ـــ تەنیا زەنگێكمان هەیە. سەرەڕای ئەوەش سەری سەعات لە بانیژەكەدا چاوەڕوانتم. بە چ سەیارەیەك دێی؟

ڕۆبێرت هەم مودێلی سەیارەكە و هەمیش ژمارەكەی پێ‌گوت.

كاتێك گەیشتە ئەو ناونیشانەی كە لە ناوچەیەكی دەوڵەمەندو ئاغاواتی‌دا بوو، بەرەوڕووی ویلایەكو باخێكی گەورە بۆوەو هەر لە دوورەوە دیتی كە ئاستريد هەروەكی گوتبووی، لە بانیژەی ماڵەكەیاندا وێستاوەو چاوەڕوانیەتی. هەر كە ئاستريد ڕۆبێرتی دیی لە بانیژەكە هاتە خوارێو بەرەو پپلیكانەكانی دەمی ماڵەكە چوو. ڕۆبێرتیش لە سەیارەكە دابەزیو تا بەردەم پپلیكانەكان بەرەو پیری ئاستريد هات. دوای تۆقەكردنو چاكو چۆنی، بەرەو لای سەیارەكە هاتنو ڕۆبێرت دەرگای سەیارەكەی بۆ كردەوەو هەردووكیان سوار بوونو پێكەوە بەرەو لای ئەو ڕێستۆرانەی كە ئاستريد پێی دەزانی، چوون.

ئاستريد لەنێو ڕێگادا گوتی:

ـــ ماوەیەکی زۆر نیە تەنیا کەوتووم.

ڕۆبێرت گوتی:

ـــ مەگەر تازە لە مێردەکەت جیا بوویەوە؟

وەڵامی داوە:

ـــ نا، نا، دەگەڵ دایکو باوکمدا دەژیام و تا ئێستا شووم نەکردوە. بەداخەوە دایکو باوکم پارەکە بە مەودایەکی کەمتر لە سێ مانگ لە یەکتری هەردووکیان فەوتییان کردو منیان بە تەنیا جێهێشت. من ئێستا لەو خانووە میراتگرییەدا دەژیم.

ڕۆبێرت گوتی:

ـــ سەرەخۆشیت لێدەکەم و هیوادارم دوایین غەمت بێ.

ئاسترید سپاسێکی کردو، درێژەی دا هەڵبەتە زۆرم حەز لێ نیە، لەوە زیاتر تەنیا بم، هەربۆیە ئاگاداریم بەو ڕۆژنامەیەدا و تۆ یەکەم کەسی کە نامەت بۆ نووسیومو منیش حەزم لێبوو بتناسم و وەڵامیشم دایەوە. ئاسترید کە کچێکی لە دەوروبەری سیو حەوت ساڵیدا بوو، لە یەکەم چاوپێکەوتنی خۆشی لە ڕۆبێرت هاتو بناخەی هاوڕێیەتیان دامەزراند. ڕۆژێکیان لە چاوپێکەوتنێك کە ڕۆبێرت ئاستریدی بە سۆزانە ناساند، سۆزانە گوتی:

ـــ خۆشحاڵم کە تۆ دەگەڵ ڕۆبێرتی مامدا بوونە هاوڕێ.

دەگەڵ ئەوەی ڕۆبێرت هێدیو بە ڕواڵەت زۆر بەئەدەب دیار بوو، بەڵام زاتەن لە ڕوانگەی جینسی‌یەوە، ئینسانێکی نەخۆش بوو، زۆری حەز لە کچانی بە تەمەن یان نزیك لە تەمەنی خۆی نەدەهات. هەربۆیە بە نیسبەت ئاستریدیشەوە لەگەڵ ئەوەی کەمێك جوانو سەرمایەدارو ژیانێکی ڕاحەتیشی بوو، ساردو سڕی نیشان دەدا. تا ئەو جێیەی کە ئاسترید لە ماوەی چەند مانگی یەکەمدا هەستی بەو ساردو سڕیو بێ مەیلی‌یەی دەکردو دەی‌بینی، بۆیە ڕۆبێرتی وێڵ کردو لێی جیا بۆوە.

سۆزانە کە هەواڵی ئەو جیابوونەوەیەی بیست، بەهەر چۆنێك بێ هەوڵی دەدا، ڕۆبێرت ناچار بەوە بکا کە بچێتەوە لای ئاسترید و ئاشتی بکاتەوەو نیشانی بدا کە خۆشی دەوێ. دیارە نە بە خاتری ئەو کچە یان بە خاتری ڕۆبێرت خۆی، بەڵکوو بە خاتری ئەوەی کە لە نیهایەتدا ڕۆبێرت دەبێتە خاوەنی نیوەی سەرمایەکەیو سۆزانەش بڕێکی زۆر لەو پارەو سەرمایەی لێ بستێنێ. سەرەنجام سۆزانە وای ڕێك خست کە کارەکەیان بکێشێتە لای دەروونناسو دەروونشیکارێك. ئاسترید کە پێداگریو قیرسیچمەیی‌یە ڕواڵەتی‌یەکەی ڕۆبێرتی بینی، قانیع بوو کە سەردانێکی دەروونناس بکەن. ڕۆژێکیان ئەو دەروونناسەی کە سۆزانە پێشتر وادەی چاوپێکەوتنی گرتبوو، ئەوانی بانگ کردە نۆڕینگەکەی خۆیو هەوڵی‌دا، زیاتر پەی بە ڕاستێتی قەزیەکە و پێوەندی ئەو دووانە بەرێ. واتە زیاتر لەو شتەی کە تا ئەوکات بیستبووی. دەروونناسەکە بە گوێ گرتن لە ڕوون کردنەوەی لایەنەکان(ئاسترید، ڕۆبێرتو سۆزانە) و ئاشنایەتی زیاتر لەگەڵ ڕووداوەکەدا، بۆی دەرکەوت کە سۆزانە زیاتر لەو دووانە هەوڵی بەیەك گەیشتنیان

دەداو بە وردبینییەکی زیاترەوە دەی ڕوانییە چۆنیەتیو هەڵسو کەوتی ڕۆبێرتو زیاتری خستە ژێر چاودێری. لەوکاتەدا دوکتورە دەروونناسەکە سۆزانەی بانگ کردە دیوێکیترو چەند پرسیاری تایبەتی لێکرد، ویستی بزانێ کە بۆچی زیاتر لەو دووانە هەوڵی ئەو پێوەندییە دەدا؟!

سۆزانە گوتی:

ــ هیچ کەس باوەڕم پێناکا! کەوابوو هەر شتێکیش لەو جەریانەی کە ڕووی داوە پێتی بڵێم، بێفایدەیە.

دەروونناسەکە گوتی:

ــ نا، نا، بێگومان گوێ بۆ قسەکانت دەگرم. هەربۆیە ڕاستو ڕەوان چۆنیەتی قەزیەکەی لە ئەوەڵ تا ئاخیری بۆ دەروونناسەکە گێڕاوە. کاتێك هاتنەوە بۆ نۆڕینگەکە، دەروونناسەکە ڕووی لە ڕۆبێرت کردو ویستی دروستی ئەو قەزیەیە لە زمان ئەویشەوە ببیستێ. بەڵام سەرەتا نەچووە ژێریو گوتی:

ــ سۆزانە بە خاتری پارەو دەوڵەمەندییەکەی هەڕەشەی ئەو کارەی واتە ئاشنایەتی دەگەڵ ئاستریددا کردوەو ئەوەی لەبارەی خۆشییەوە دەیڵێ، درۆیە.

دەروونناسەکە کەمێك لە بەکارهێنانی وشە هەڕەشاوییەکانی ڕۆبێرت، کەوتە گومانەوە. بەڵام لێی نەپرسی تۆ چ خاڵێکی لاوازت هەیە کە بە هەڕەشە مەجبوور بە ئەنجام دانی ئەو کارە کراوی؟ کاتێك ئاسترید لە جەریانەکە حاڵی بوو، بە تووڕەییەوە بەجێی هێشتو چووە دەرێ. بەڵام دەروونناسەکە بەو جۆرەی کە لە قسەکانی

ڕۆبێرت وەگومان کەوتبوو و ئەو وردبینی‌و تیڕامانەی کە لە شێوەی پەیڤەکەی سۆزانەشی بوو، بۆی دەرکەوت کە ڕۆبێرت دەگەڵ ئەوەی کە ڕواڵەتێکی ژیرو قورس‌و قۆڵو بەئەدەبی هەیە لە خستنەڕووی ئەو ڕاستی‌یە دەترسی‌و نایەوێ ئەو ڕاستی‌یە ئاشکرا بێ، هەربۆیە نایەوێ دان بە ئەنجامدانی کارەکەیدا بنێ. سەرلەنوێ دەروونناسەکە سۆزانەی بانگ کردەوە ژوورەکەی دیکە و ڤیدۆیەکی بەتاڵی دایە و گوتی:

ـــ ئەم ڤیدۆیە نیشانی ڕۆبێرتی بدەو بشڵێ ئەوەی کە دەگەڵ تۆی کردوە، بەشێکی لەم ڤیدۆیەدا زەبت کراوەو ئەمەش بۆ خۆی بەڵگەیەکە لەسەر تاوانباربوونی تۆ!

دووبارە هاتنەوە نۆڕینگەکە و بە حزووری دەروونناسەکە سۆزانە ڕووی لە ڕۆبێرت کردو پێی گوت:

ـــ بەڵگەیەکم هەیە کە ڕاستی‌و دروستی قسەکانم دەسەلمێنێ، ڤیدۆکەی لە جانتاکەی دەرێناو پێ‌نیشانی ڕۆبێرتی داو درێژەی بە قسەکانی دا:

ـــ بەشێك لەو کارەی کە دەگەڵ مندا ئەنجامت داوە لەم ڤیدۆیە دایەو وا بۆ چوار ساڵ دەچێ هەڵم گرتوە.

ڕۆبێرت بە حەرەکەتێکی نەخوازراو نیشانی دا کە لە نێوەڕۆکی ڤیدۆکە دەترسێ، ویستی ڤیدۆکەی لێ بستێنی‌و گوتی:

ـــ تۆ بمدەیە! دەست بەجێ دەروونناسەکە ڤیدۆکەی لە سۆزانە وەرگرتو ڕووی لە ڕۆبێرت کردو گوتی:

ـــ بە تەنیا چاوی لێدەکەم، هەر کە وایگوت، ڕۆخساری ڕۆبێرت زیاتر شڵەژا و ترسی لێنیشت.

دەروونناسەکە بەدوای چاو لێکردن لە ڤیدۆکە کە لەڕاستیدا شتێکیشی تێدا نەبوو، هاتەوە بۆ ژوورەکەی خۆیو بە پرسیارگەلێك، ڕۆبێرتی خستە شكو گومانەوەو سەرەنجام بۆی دەرکەوت کە سۆزانە ڕاست دەکاو ڕۆبێرت بە ڕواڵەتە هێدیو لەسەرەخۆکەی مرۆڤێکی نەخۆشە کە تەنیا لە کچۆڵە کەم تەمەنەکان نزیك دەبێتەوە. بۆیە تەسلیمی یاسایان کردو سەرەنجام دوای دادگایی کردنو دانپیانان لە زمان خۆیەوە، چوار ساڵ زیندانی بۆ بڕاوەو لە مامۆستایەتیش دەریان کرد. سۆزانەشیان خستە ژێر دەروون دەرمانییەوەو دوای ماوەیەك هاتەوە سەر حاڵەتو ژیانی ئاسایی خۆی. ئەمە ڕاستییەکی تاڵ لە ژیانێکی "مۆدێرنی" ئورووپایییە کە زۆرجار ڕووی داوەو ڕوو دەداو بەداخەوە ناوە ناوەش لاپەڕەی ڕۆژنامە گۆڵمەزاوییەکان پڕ دەبن لەم ڕووداوە ناخۆشو دڵتەزێنانە.

# بڕگەی سێهەم

# دار گوێز چەند جوانە

له كۆتـایی حەوتوویـەكی پـاییزیدا كـه هـەوا كـەمێك فێنـكو هـەتاوی بـوو، دەگـەڵ میرزادی كۆنه دۆستمدا، له شەقامی نێوان دارستانەكانی دەوروبـەری یـەكێك لـه شـاره جوانو گەشتیارەكانی ئەڵمان كه تیشكی كەم تینی هەتاو به دژواری دەیـتوانی لـەنێو گەڵاكانیانەوه تێپەڕێ‌و هێندێك جـاریش تیشـكەكەی لـه چـاوەكانمان هـەڵ دەچـەقی، هێدی‌و لەسەرەخۆ پیاسەمان دەكرد. بەهۆی هێندێك بەربەست یـان تەسـك بوونـەوەی ڕێگاكەوه به نۆبه و زۆر جار یەكێكمان هەنگاوێك لەویتر بەرو دوا دەچووین به ڕێ دا.

مـیرزاد تەسـبێحێكی یـاقیقی پرتـەقاڵی ڕەنـگ كـه سـەرجەم سـیو دوو دەنكـی درەوشاوەی خڕ بوونو له بەنێكی سەوز ڕەنگی ئاوریشمی هـەڵكێشـابوون كـه بـەهۆی ڕوونی یان ڕەنگه، تایبەتمەندیی یاقیقەكەوه بووبێ، بەنەكه ئەستوورتر لەوەی كه بوو، دەینوانـدو هـەر لـەو بەنـەی كـه تەسـبێحەكەی تـێهەڵكێشـابوون، گوڵێنگەیەكیشـی بەسـەرەكەیەوه كـه سـیمێكی زەردی تـێهاڵانـد بـوو، بـۆی دروسـت كردبـوون بەدەستییەوه بوو. لەحاڵێكدا كه دەستەكانی پاش قوونی دابوونو تەسبێحەكەی لـه نێوان قامكەكانیدا دێنانو دەبردنو تەسبێحاتی پێدەكردو هەڵی دەسووڕاند، چـونكه دەنكـی تەسـبێحەكەش گـەوره بـوونو لـەكاتی وێـك كـەوتنیانو هەڵگرتنـەوەی

هەنگاوەکانی هاوئاهەنگی دەکرد، دەنگێکی مۆسیقائاسای لەو کەشو هەوا تەقریبەن بێدەنگی‌یەدا، پێك هێنابوو.

هێمنی‌و بێدەنگی دارستانەکان لەو کاتانەدا، تەنیا بە جریوە جریوی جرِوجانەوەرەکانو جیك جیکی چۆلەکە و دەنگی وێك کەوتنی دەنکی تەسبێحەکانی‌و هێندێك جاریش قسەکانی خۆمان دەشکا.

گەلۆ، میرزاد لە یەکێك لە دێهاتەکانی کوردستانو لە خێڵێکی ڕەشایی یان بە زمانی ئورووپایی‌یەکان هێمای گۆران، لەدایك ببوو، یەکێك لە دۆستە کۆنو لەمێژینەکانم بوو. ئێمە بە پێی ئەو عادەتەی کە خوومان پێ گرتبوو، تاکوو چەندین ساڵ لەمەوبەریش، ئەگەر ناوە ناوە هەلێکمان بۆ برِەخسایە، بیرمان لەو دونیایە نەدەکردەوەو ڕۆژەکانی یەك شەممە بۆ پیاسەکردن دەچووینە دارستانی دەوروبەری ئەم شارە کۆنە و دوای زانکۆی پراگ کۆنترین زانکۆی هەیە لە دونیاداو لەگەڵ هەڵمژینی هەوایەکی سافو تازە، یادێکیشمان لە ڕابردوو و ئەو ڕۆژگارە خۆشو ناخۆشانە دەکردەوە.

بەداخەوە ئێستا بەهۆی کاری زۆرو کاتی کەم، تەنانەت ناچارین چاوپۆشی لەو هەوا خۆشە کەمەش بکەین یان خۆمانی لێ بێبەش کەین، چونکە لەوە دەترسین مەرگی ناوەخت بەربینگمان پێ بگرێو کارەکانمان بە نیوەچڵی پێ وەهێڵێو ماڵاوایی‌مان لەو هەزاران هیواو ئاواتە پێنەگەیشتووانە پێ بکا و بەرەو دیارێکی نادیارمان بەرێ!

بەهەرحاڵ داری ئەم دارستانە بە زۆری لە دار چنارە بەرزو بێبەرەکانن کە ناوە ناوە پۆلیسی دارستان هەڵیان داوێرنو ژمارەیەکیان لێ دەبڕنو لە پیشەسازیدا بۆ کەلو پەلە دارییەکانو بەرهەمیتر کەڵکیان لێوەردەگرن. بەڵام لە هێندێك شوێنی ئەو دارستانەدا، بۆوێنە لە چوار ڕێیانی ڕێڕەوی لێڕەوارەکە و ... هتددا، داری بەریو میوەشیان چاندوە کە بڕینیان قەدەغەیە، هەربۆیە زۆربەیان کۆننو هێندێکیان لەگەڵ مێژووی دارستانەکەن. میرزاد لەنەکاو لە مەودای ڕێگاکەمان لە باریکە ڕێیەکەدا لەبەردەم دارێکی ئەستوور کە گەڵاگەلێکی سەوز ڕەنگی تاریکی بوون هەڵوێستەیەکی کردو چاوێکی پیاخشاندو چاویی بڕیە لقە بەرزەکانی ئەو پیرە دارەو لە حاڵێکدا لەبەرخۆیەوە ورتەی دەهات: "ئێستا گوێزەکانی بە تەواوی نەگەی بوون"، گەڵایەکی لە دارەکە کردەوەو کەمێکی هەڵگلۆفیو بۆنی پێوە کردو گوتی:

ــ چ بۆنێکی خۆشی هەیە. ئای، دار گوێز چەند جوانە!

ڕەنگە هەر کەسێکی دیکەش بە جێی من بوایە، بە بینینی ئەو دیمەنە کونجکۆڵی دەکرد کە بزانێ مەبەستی میرزاد لەم جوانییە نائاساییە چییە. بەڵام لەڕووم هەڵنەهات لێی بپرسم کە ئەم دارە نارێکو ئەستوورە بەو گەڵا سەوزە تاریکو یەك ڕەنگەوە چ جوانییەکی دیکەی لەچاو دارەکانیتر هەیە؟! لەڕاستیدا ئەم نهێنییە بۆ منیش ڕوون نەبوو و بە کوردییەکەی "لەوێ نەبووم".

میرزاد دوای تەمەنێکی زیاتر لە نیو سەدە، ئێستاش کە ئێستایە، کاتێك کە بیری لە ژیانی خەڵکی دەوروبەری گۆران کە لە کۆنترین خێڵەکانی کوردستانی ئێرانن‌و خاوەنی داب‌و نەریت‌و ئاییننێکی تایبەت بە خۆیانن، دەکردەوە یان بیری لە دێهاتی "کەنەهەر"، شوێنی نیشتەجێی هەمیشەیی تاقمێك لە خزمەکانی دەکردەوە، ئاسەواری ناڕەحەتی بە ڕووخسارییەوە دیار بوو.

کاتێك میرزاد لە تەمەنی شازدە یان هەڤدە ساڵی لە دووکانێکی بەرگدروو شاگرد دەبیێ‌و لە وەستا کارەکەی ئیزن دەخوازێ بۆ ماوەیەك بەبێ حەقدەست و دەگەڵ کوڕێکی هاوتەمەنی خزمیان بۆ سەردانی خزمەکانی، سەفەرێکی "بیوەنیش" بکا[26]. بۆ ئەو نیشتمانەی کە بیرەوەری تاڵی لێی بوو. دوای چەندین ساڵ ئەو کوڕەی خزمی چاوی بە دایکی‌و میرزادیش بە پووری دەکەوێتەوەو سەرێکیش لە گڵکۆی باوکی دەدا. تاقمێك لە خزمەکانی وەك ئامۆزای دایکی دەگەڵ بنەماڵەکەی کە نیشتەجێی هەمیشەیی ئاوایی "کەنەهەر" لە "بیوەنیش" بوون‌و هێندێکی دیکەشیان وەك ماڵی پووری‌و خزمەکانی دایکی(ئەمانیش وەك کوڕە مامەکانی دایکی) و خزمەکانی‌تریان تەنیا هاوینان دەچوونە دەشتی "بیوەنیش" و زستانانیش وەك هەوارچی

---

[26] : دیارە لەو ڕۆژگارانەدا کەس شتێکی لەسەر مافی پشووی ساڵانە دەگەڵ یارمەتییەکەی نەدەزانی، واتە نەیان دەزانی کاتێك لە مەرەخەسی دان یارمەتییەکەیان لێ نابڕدرێ.

دەهاتنــەوە دەشــتی زەهــاو، واتــە گــەرمێنو كوێســتانیان دەكــرد. ئــاوایی "كەنەهــەر"، دەشــتی سەرســەوزو پــانو بــەرینی "بیــوەنیش" بــە كێــوە پێچاوپێچــەكانی ســەربە زنجــیرە كێوەكــانی زاگــرۆس دەلكێنێتــەوە كــە گیانلەبەرانێكی جۆراوجۆر، هەر لە ئاسكە كێوی گەردن درێـژو جوانـەوە بگـرە تا كەمتیاری ناشیرینو ڕێوی فێڵبازو چەقەڵی دەرفەت قۆزەرەوەو گورگی هـارو تەنانەت پڵینگی وەحشیو ئازا و باڵندەگـەلێكی وەك، كـەوی دەنـدووك سـووری تێدا پەروەردە بوون، ئەم كەڕەتـەیان بـە مەبەسـتێكیتـرەوە مـیرزاد بـەرەولای خۆی ڕادەكێشێ كە بیرەوەرییە تـاڵو شـیرینەكانی سـەردەمی زوو لـە تەمـەنی باڵغ بوونیدا تێدا نـوێ بكاتـەوە. "كەنەهـەر" بـە دارگـەلێكی چـڕو پـڕی گـوێز، قەیسی، ئەنجیرو بە هەنگەڵانە مێشەكانی كە لە تەواوی دونیادا لینگـەیان نیـە و بـە بـۆنی عـەتراوی گـەڵا سـەوزە تاریكـەكانی ئـەو دار گوێزانـە و تـامی تـرشو شیرینی قەیسییە درشتو گەورەكانو ئەنجیرە زۆر شیرینەكەشی، لانی كەم بۆ میرزادی دێهاتی تایبەتی بـوون. كاتێـك نـاوبراو بـیری لـەم ئـاواییـە گچكە لـە كۆتایی دۆڵو دامێنی دوو كێوی نیوە بەرز هەر لەو زنجیرە كێـوە بـاس كراوانـە دەكردەوە، هیچ شتێكی دیكەی لـە زەینـیدا نـەدەما. مـیرزاد لێـرەدا نـە تـەنیا كورتەیەك لە ژیانی خۆی بـاس دەكـا، بـەڵكوو لـە چـالاكیو ژیـانی خـەڵكی ئـەم ناوچەیە لە كوردستانی ئێرانو بە تایبەت تاقمێـك لـە خـەڵكی گـۆران لـە ئـاوایی "كەنەهەر"، بۆ خەڵكانێكی غەوارەی دیكەشی دەگێڕێتەوە. ئیزن بدەن بـەر لـە درێـژەی چـیڕۆكەكە، لەسـەر چـەند وشـەی كـوردی شـی كردنەوەیـەكی كـورت بدەم:

ڕەنگە وشەی گۆران بۆ زۆر کەس ناوێکی ئاشنا بێ، بەڵام هەموو خەڵکی ناوچەکە لەخۆ ناگرێ. بەداخەوە زۆربەی مێژوونووسان ئەم وشەیان تەنیا بۆ بەشێکی گچکە لە هۆزەکانی کاکەیی[27]، نیشتەجێی کێوەکانی دالاهۆو بیوەنیشو گاوارە بەکار بردوە. لەحاڵێکدا ناوی گۆران بەم ناوچانە بەرتەسک ناکرێتەوە، بەڵکوو لە زانستی نەتەوەناسیدا، گۆرانەکان بە خەڵکی بەشێکی گەورە لە پارێزگاکانی کرماشانو هەمەدانو بە بەشێکیش لە کوردستانی عێراق دەگوترێ. ئەوەی ڕاستی بێ لە کۆندا بە هۆزە وەرزێڕو پیشەسازەکانی گەلی کوردیان گوتوە کە خاوەنی بیروباوەڕو ئایینگەلێکی جۆراوجۆر بوون. دوای زاڵ بوونی عەرەبەکان بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، بەشێکی گەورە لە گۆرانەکان وەك هۆزەکانی دیکەی کورد ناچار بە قەبووڵ کردنی دینی ئیسلام بوون. وەك هەورامییەکان کە زۆربەیان پێڕەوی ڕێبازی حەنەفی، شافێعی، حەنبەلیو ... کە سوننی مەزهەبن یان بەشێکی دیکەیان وەك کوردەکانی کەلهۆڕ کە مەزهەبی شیعەیان قەبووڵ کردوە.

وشەی میرزاد کە ناوێکە بۆ کوڕان، بۆ خۆی لە دوو بەشی "میر" و "زاد" پێك هاتووە کە "میر" بە مانای ئەمیرەو "زاد" لە زادە وەرگیراوە. کەواتە

[27] : یارسان / اهل حق: کاکەیی، گۆران، هەقە، چەند تیرەیەکی کوردن کە ئایینێکی تایبەتیان هەیە.

میرزاد بە مانای بەگزادەیە و ئەم وشەیە زیاتر بۆ ناوی منداڵان کەڵکی لێوەرگیراوە. لە کۆمەڵگای سەردەمی زووی کوردەواریدا نازناوەکانی "میرزادە" بۆ کچانو "میرزاد"یش بۆ کوڕانیان داناوە. هەرچەند ئەم میرزادەی ئێمە، بەگزادە نیە و لە بنەماڵەیەکی وەرزێڕ لەدایك بووە کە بۆ خۆیان خاوەن زەوی نەبوون، بەڵام بنەماڵەکەی ئەو ناوە قەبەیان بۆ هەڵبژاردوە، بەو هیوایە کە لانیکەم ڕۆژێك لە ڕۆژان بۆ خۆی ببێتە میر! لەڕاستیدا میرزاد بە پێچەوانەی ئەوەی کە بنەماڵەکەی هیوایان بوو، بیری دەکردەوە. ئەو بەهۆی دەسەڵاتدارەتی سیستەمی چینایەتی بە شێوەیەکی قێزەونانەو پێوەندییە نایەکسانییەکانی دەرەبەگایەتی کۆمەڵگای ئەوکات لە نیشتمانەکەیدا، نە دەیتوانی بە پلەی دەرەبەگی بگا و نە بۆ خۆشی حەزی لێبوو هەوڵی بۆ بدا. چونکە لە سەردەمی لاوەتیدا کە تازە پێدەگەیشت بە چاوی خۆی زوڵم و زۆری دەرەبەگەکانی دەدییو لە قۆناغەکانی دواتری ژیانیشیدا ئەزموونی کردبوو کە هەرچی تاوانو ماف پێشێل کردنێکی کە لە دونیادا ڕووی داوەو هەنووکەش ڕوودەدا، زیاتر بە دەستی هەر ئەو دەرەبەگانەوە بووەو هەیە. هەر بۆیە میرزاد زۆری حەز لەم نازناوەو خاوەن دەسەڵاتدارەکانیشی نەدەهات و ئەوەی ڕاستی بێ ئێستاش لەبەرەیاندا ڕاوەستاوە.

وشەی بیوەنیش کە پێشتر زۆری ئاماژە پێکراوە، ناوی ناوچەیەکو دەشتێکی بە پیتو بەرەکەتی سەربە "کەرەند و شائاباد"ی ڕۆژئاوایە کە بەرهەمی نۆکو نیسکەکەی وەك کاڵایەکی ماهیدەشتو پەنیری تەورێزو ڕۆنی کرماشانیو برینجی گیلانو لیمۆ شیرینەی قەسری شیرینو ئەناری ساوەو

ئەنجیری "ریژاو" و ... لە تەواوی ئێرانیدا بەناوبانگە. بیوەنیش بە بوونی ناوچەیەکی پانو بەرین لەگەڵ گڵە سوورەیەکی نەرم و بێبەرد، زەوییەکی کشتو کاڵیو نیوە کوێستانییە لە کوردستانی ئێرانی کە زستانەکانی زۆر ساردو بەفراویو هاوینگەلێکی فێنکو دڵگری هەیە، ئاوایی کەنەهەر کە مەبەستی باسەکەمانە لە داوێنو دۆڵی زنجیرە تەپۆڵکە و کێوەکانی زاگرۆس کە بە مەزرا پانو بەرینەکەی بیوەنیش کۆتایی دێ، هەڵکەوتووە.

ئاوایی کەنەهەر هەروەك زۆربەی ئاواییەکانی دیکەی کوردستان، لەوکاتدا واتە نزیکەی پەنجا ساڵ بەر لە ئێستا، لە پەنجا و چەند ماڵ زیاتر نەبوونو ماڵەکانیش جیا لە ماڵێك، هەموویان بە قوورو کا و یەك قات دروست کرابوونو هەرکامێکیان جیا لە یەك یان دوو دەرگا و چوار کونی چوارگۆشە کە دەبوو نەخشی دەربیجە بگێڕێ، نەدەبوون. سەرەڕای ئەوەش دەربیجەی ماڵەکان بەناو، بێشووشە بوونو بە زۆری حەوشە و حەساریشیان نەبوو. لە هاویناندا ئەم دوو کونە چوارگۆشە یان دەربیجەیە بۆ هەواخۆری بوون، بەڵام لە زستاناندا دەبوو بە تەلیسو پەڕۆ و پاڵە و جلە کۆن بیان ئاخنن تاکوو بەو جۆرە بەر بە سەرماو سۆڵەی بەفرو بۆران بگرێ. لە مانگە ساردەکاندا هەموو گیانلەبەرەکان واتە مرۆڤ و ئاژەڵە ماڵییەکان زیاتر لە ژێر میچێكو لەنێو ئەو ماڵە گڵانە کە لە هێندێکیاندا تیغەیەکی کورت بە بەرزی مەترێك لەگەڵ دەرگایەکی گچکە بۆ هاتو چۆی سنووری نێوان ژیانی ئینسانو ئاژەڵەکان دیاریو لە یەکی جیا دەکردەوە، لە پەنا یەکدا دەژیان. ئەم شێوە ژیانەی لە بن میچێکدا دوو چاکەی بوون:

یەکیان ئەوە کە لەو سەرما و سۆڵە دژوارەی زستاندا، ئاژەڵەکان لە مەترسی لەنێوچوون لەو سەرما تاقەت پڕووکێنەدا ڕزگاریان دەبوو.

دووهەمیش ئەوە کە بە هالاوی گەرم و بەتینی خۆیان لەنێو ئەو ماڵە چوار دیوارە داخراوانەدا، گەرمایان ساز دەکردو باقی ئەندامانی نیشتەجێی ئەو شوێنەش لە مەترسی سەرما و سۆڵە دەپارێزران. چونکە ئەو کاتانە سۆبە و کورە نەبووە، تەنیا تا کاتێکی کە بەخەبەر بوون، توانیویانە ماڵەکانیان بە سووتانی دارو چیلکە، گەرم دابێنن. کەواتە لەکاتی خەوتن بەولاوە، ئاگردانەکان دەکوژانەوە، کەوابوو تەنیا کەرەسەی گەرما سازکردن هالاو و گەرمای جەستەی ئەو ئاژەڵە ماڵییانە بووە.

خانوو ساز کردن لە ئاوایی کەنەهەر، ئەو شێوازە تایبەتەی کە زیاتر لە شارەکاندا هەیە و پێشتر لە لایەن شارەوانییەوە بۆیان دیاری دەکرا، نەبوو. هەر کەسە و بە حەزو ئارەزووی خۆی خانوویەکی بۆ خۆی ساز کردبوو و هێندێکیشیان بە پێی زۆر بوونی ژمارەی خێزانەکانیان، خانوویەکی گچکۆکەی دیکەشیان پێوە دەلکاندو بە کەلێنێکی کە ڕۆڵی دەرگای دەبینی نێو ژوورەکانی پێکەوە دەلکاند، ساز دەکرد. نێو ژوورەکانیان بە حەسیرگەلێك کە لە قامیشی باریکو بەن دەچنیو پێی دەڵێن "چیغ"، دەکێشا و شوێنی خەوتنی دایكو باوكو دانیشتنیان لێك جیا دەکردەوە. شوێنی خەوتنی بووكو زاوای تازەشیان هەر لەنێو ئەو خانووەدا تەنیا چیغێك جیای دەکردەوە. بە نێو ئاوایی کەنەهەر جۆگەلە ئاوێکیش تێپەڕ دەبێ کە لە سەروو سەرچاوەکەی

لە کۆتایی دۆڵێکدا، گڵکۆی سەید دەروێش، یەکێك لە گەورە پیاوانی کاکەیی کە زیارەتگای هەموو بڕوادارانی هۆزو تایفەکانی گۆرانو خاوەن ئاییینی کاکەییشە، لێیەتی. وێ دەچێ مێژووی بناخەدانانی ئەم ئاواییە زۆر بەر لە مێژووی گڵکۆی سەید دەروێشەوە بێ، چونکە حەتمەن خەڵکانێك لە کاتی ژیانی سەید دەروێشو بەر لەویش لەو ناوچەیەدا ژیاون کە سەید دەروێشیان بە ڕێبەری خۆیان قەبووڵ کردوەو سەریان پێسپاردوە. بۆیە دەکرێ بڵێین، سەید دەروێش بەهۆی بوونی گوێ ڕایەڵو موریدانێکی زۆر لەو دیارەدا ماوەتەوەو تا کاتی مردنەکەشی هەر لە ئاوایی کەنەهەر ژیاوە. بێ هۆ نیە ئەمڕۆکە زۆربەی خەڵکی کاکەیی لەو ناوچە و دەوروبەرەیەدا گوێ ڕایەڵی سەید دەروێشو بنەماڵەکەیین.

کاتێك لە باریکە ڕێگای دەشتی پانو بەرینی بیوەنیش کە بە نێوان مەزرای گەنم و جۆدا تێدەپەڕێو بە ئاوایی کەنەهەر کۆتایی دێ، ڕەد بیو بچیە نێو ئاوایی، یەکەم خانووە گڵێکی کە لە سەر ڕێگاوە تووشی دەبی ئی یەکێك لە خزمەکانی دایکی میرزادە کە باوباپیرەکانی لە دانیشتووە زۆر کۆنەکانی ئاوایی بوونە و ڕەنگە بە کۆنی گڵکۆی سەید دەروێشو یان تەنانەت بە کۆنی ئاواییەکەی خۆی لەو شوێنەدا نیشتەجێ بوونە، سەرنجی مرۆڤ بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. لە بەردەم ئەم خانووە گڵەدا باخێکی گچکە لە دارەکانی مێو، سێو، قەیسی، هەرمێو چەند داری گوێزیش هەیە کە گۆیا لە سەردەمی باپیرە گەورەی دایکی میرزاددا، نەمامی ئەو دارانەیان ناشتوە. ئایا ئێستاش ئەو باخە هەر بەو شێوەیە ماوەو ویشك نەبووە، میرزاد لەم بارەوە هیچ ئاگادارییەکی

نیـە. کـوڕە مامەکـەی دایکـی مـیرزاد، کەسـێکی بـە ئـەزموونو قـورسو قـۆڵ ناسـراوە. نـاوبراو لـە سـەردەمی لاوەتـیدا بـەهۆی نەخۆشـییـەکی نادیـارەوە چاوەکانی لەدەست دابـوون، سـەرەڕای ئـەوەش لەسـەر پێـی خـۆی ڕاوەسـتا و دەگەڵ پێنج منداڵو خێزانەکەی هەر لەو ماڵە میراتییەی باوکیدا دەژیـان. بـەو شێوەیەی کـە مـیرزاد لـە بیریـەتی ئـەو کـاتی کـە منداڵـەکانی پـێگەیشتبوون، نـەیاندەهێشـت باوکیـان دەسـت بـۆ ڕەشو سـپی مـەزرا بـەرێ واتـە ئـیتر خانەنشـینو کـاری قورسـی نـەدەکرد. بـەڵام بـەهۆی ئەمانـەتداریو دەسـت پاکییـەوە، ڕۆڵو دەسـەڵاتی یـەکێك لـە ڕیش سپیو ڕاوێـژکارانی ئـاوایی دوای سەید دەروێشو ڕێبەری کاکەییەکانی لەسـەر شـانو قسەکانیشـی بـۆ خـەڵکی ئاواییەکە قورسو جێی باوەڕ بوون. پلـە و پایـەی کـوڕە مامەکـەی دایکـی بـۆ میرزادیـش لـە ڕیزبەنـدی بنەماڵـەییو بـە پێـڕەوی لـە ئەندامـەکانی دیکـەی بنەماڵەکەی، بەرزو بەڕێز بوو. دیارە لە کولتووری "خاورزمین"[28] و بـە تایبـەت لەنێو هۆزەکانو ئەو شارانەی کە مرۆڤـەکانی پێوەندییەکی نزیکیـان پێکـەوە هەیـە و لەبنـەڕەتڕا خۆیـان بـە یـەك تـیرە دەزانـن، لـە لایـەن منـداڵانی ئـەو کەسانەوە، زیاتر گەورەکان بە مامـە، خاڵـە و پـوورێ بـانگ دەکـەن، هەرچـەند نیسـبەتێکی ئـەوتۆی خزمایەتیشـیان نـەبێ. لەڕاسـتیدا ئەمـە لـە لایەکـەوە

[28] : خاورزمین: لە کۆن دا بە مەڵبەندی خۆرهەڵاتی ئێرانیان دەگوت، ئەمڕۆ بە قوڕنەی ئاسیا و وڵاتانی ئەم قوڕنەیە ئێژن.

ڕێزدانان بۆ بە تەمەنەکانە و لە لایەکی دیکەشەوە خۆیان بە نزیکی ئەوان دەزانن. کەواتە بە کوردی‌یەکەی لالۆ یان خالۆ میرزاد(کوڕە مامی دایکی) بۆ کەسانی دیکەش هەر لالۆ یان خالۆ بوو[29].

بە دوای ماڵی لالۆدا، ماڵی کوڕە بەگێگ بوو کە لە سەردەمی لاوەتی‌دا باوکی لەدەست دابوو و دەرەبەگە دەسەڵاتدارو دەست ڕۆیشتووەکان بەشێکی زۆر لە زەوی‌یەکانیان لێداگیر کردبوو. ئەم بەگزادەیە بۆ خۆی جیا لە پارچە زەوی‌یەکی کشتو کاڵی کە لە میراتەکە بۆی مابۆوە، ئەسپێك، تاژی‌یەکی ڕاوی، تفەنگێکی پەڕان‌و کەوێکی دەنووك سووری جوان شتێکی دیکەی نەبوو. ئەو کاتی کە میرزاد شازدە یان هەڤدە ساڵی بوو، ناوبراو گەنجێکی سی‌و پێنج ساڵە و خۆش‌گوزەران، ئاشقی کارو ڕاو بوو کە تەنانەت مەزراکەی دەدا بە کەسانێکی‌تر کە بی‌کێڵن‌و دای چێنن. ئەم بەگزادە گەنجە نیسبەتێکی دووری خزمایەتیشی دەگەڵ میرزاد بوو، واتە بۆرە خزمێکی دوور بوون. ناوبراو قەناعەتی بەو ژیانە ساکارو غەیرە دەسەڵاتە بوو و ئیدیعایەکی ئەوتۆشی نەبوو. هێندێك جار کە هەوای ڕاوی دەکەوتە کەللەوە، کەوە دەنووك سوورو جوانەکەی بە قەفەزەکەوە هەڵدەگرت و لەگەڵ خۆی دەی برد بۆ کێوو کەوە بەندکراوەکەی بە قەفەزەوە لەسەر بەردێك لە بەرزترین شوێن دادەناو بۆ

---

[29] : لە کوردەواری‌دا ئەگەر کەسێکت زۆر خۆشویست پێی دەڵێن خاڵە، کە لە زۆر ناوچەکانی دیکەدا بە جێگای خاڵە دەڵێن، لالە یان لالۆ. بۆ وێنە، لالە میرزاد یان خالۆ / خاڵە میرزاد.

خۆشی لە حەشاردا خۆی بۆ مات دەكرد. دوای ماوەیەك كەوی بەستەزمانو بەندكراو لە قەفەزدا بە دەنگێكی كزەوە كە باس لە ئازارو مەینەتی حەپس بوونەكەی دەكرد، دەی قاسپاند بە كوردی‌یەكەی دەستی دەكرد بە قاقەبوو قاقەبوو. بەو قاقەبوو قاقەبووەی كەوە هاوجنسو خزمەكانی كە لەو دەشتو دۆڵو كێوانەدا بە ئازادی دەژیان، بە دەوری قەفەزەكەوە خڕ دەبوونەوە. لەڕاستی‌دا كەوە بەندكراوەكە بێ‌خەبەر لەوە كە ئەو گارەگارەیەی داوێكی بەس مەترسیدارە بۆ تاقمێك لەو خزمو هاوجنسانەی خۆی كە لەو كێوانەدا دەژیان. ئەگەر مێشكی كاری دەكردو دەی‌زانی ئاكامی گارەگارەكەی بە نرخی گیانی ژمارەیەك لە هاوجنسەكانی تەواو دەبێ، بێ‌دەنگ دەبوو و جیكەی لێوە نەدەهات! بەڵام بەداخەوە، چونكە مێشكە گچكەكەی بە پەردەی نەزانی داپۆشرابوو، نەی‌دەزانی مرۆڤەكان چ فرتو فێڵێكیان لەژێر سەرەوەیە. چونكە ئەو ڕۆژانەی كە بەگزادەكە دەگەڵ خۆی دەی برد بۆ كێو، بە هەموو هێزو توانایەوە دەی قاسپاند. ڕۆژێكیان بەگزادەكە بە مەبەستی ڕاو، تفەنگە پەڕانەكەی لەگەڵ تاژی‌و كەوەكەی هەڵگرتو بەرەو بەرزاییەكانی كێوی سارانی دەوروبەری ئاوایی‌یەكە ملی ڕێگایەی گرت. وەك هەمیشە كەوەكەی بە قەفەسەوە بردە سەر بەردێك دایناو و بۆ خۆی‌و تاژی‌یەكەشی چوونە حەشارەوە. لەو بێ‌دەنگی‌یەدا، كەوەكەی لەنێو قەفەسەكەدا كەمێك وەجمو جۆڵ كەوتو دەستی كرد بە قاسپە قاسپ. زۆری پێ‌نەچوو كە ژمارەیەكی زۆر لەو كەوە جوانو دەندووك سوورو چاو ڕەشە كوێستانی‌یانە، یەك یەك و دوو دوو لە دەوروبەرەوە هاتنو دوورو نزیك بە دەوری ئەو قەفەسەوە خڕ بوونەوە. چەند دانەیەكیان لەسەر ئەو بەردەی كە قەفەسەكەی لێ

داندرابوو خڕ بوونەوەو ئەوانی‌تریش لە پۆلی چووکە چووکەدا بە پارێزو پرژوبڵاوی لەسەر شاخەکانی دەوروبەرەوە نیشتن. دیارە دەبێ بگوترێ کە ڕاوچی‌یەکان عادەتیان وایە کە بۆ پارێزگاری لە کەوەکەی خۆیان تەقە لەو کەوانەی لەسەر ئەو بەردەی کە کەوەکەی خۆیانی لێیە، ناکەن. هەربۆیەوە گیانی ئەو کەوانەی کە بە دەوری قەفەسەکەوە خڕ دەبوونەوە پارێزراو بوو. کەواتە لەم بوارەدا بەگزادەکە تەنیا تەقەی لەو کەوانەی کە یەك یان دوو شاخ لە کەوەکەی خۆیەوە دوور بوون، دەکرد. بەهەرحاڵ کەوەکان بێخەبەر لەوەی کە مەترسی‌یەك هەڕەشی مردنیان لێدەکا، خەریکی گارە گاریێو قاسپە قاسپێ بوون. لەوکاتدا لەنەکاو دەنگی تەقەیەك لە لوولەی پەڕانی ڕاوچی‌یەکەوە کە لە پشت بەردەکانەوە بۆسەی دانابۆوە، هەڵساو چەند ساچمەیەك لە سینگو تەنیشتی سێ دانە لەو کەوانەی کە بە تەنیا کەمێك دوورتر لە قەفەسەکە، بە شێوەی سێ گۆشە لەسەر بەردێك هەڵ نیشتبوون‌و بە شكو گومانەوە دەیان ڕوانی‌یە کەوە بەندکراوەکە و ئەو کۆمەڵەی بە دەوروبەری‌یەوە بوون، دراو دەست بەجێ خەڵتانی خوێن بوون، بەڵام کەوەکانی دیکە ترسان‌و هەڵفڕین کە ئەم جارەیان لانی کەم لە مردن ڕزگاریان بوو. لەڕاستی‌دا ئەگەر بە وردی چاو لە ژیانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی مرۆڤەکانیش بکەین، تەقریبەن وەها دیمەنگەلێك پێك هاتووەو وێ دەچێ لە داهاتووش‌دا پێك بێ. واتە هەمیشە گیانی تاکەکان لە گۆڕەپانی خەباتدا زیاتر لە گیانی یەکگرتووەکان کەوتۆتە مەترسی داوی دوژمن‌و دەش کەوێ. بەهەرحاڵ ڕەنگە وێنەی ئەم کارەساتە لەنێو ئاژەڵو باڵندەکان‌دا شتێکی ئاسایی بێ، کەوی نێو قەفەسەکە لەنەکاو دەوروبەری خۆی بە چۆڵی دی‌و ڕەنگە زۆریش بۆی سەیر نەبێ، چونکە لە وێنەی ئەم دیمەنانەی زۆر دیوەو هیچ کاتیش کارەساتەکانی پێشووی

نایەتــەوە بـیر كـە لانـی كـەم مشـوورێك بخـوا و كـەمتر گیـانی هاوڕەگـەزەكانی بخاتـە مەترسی‌یەوە !

له باس كردنی ڕیزی خانووەكان‌دا، بەسـەرهاتی ڕاوی بـەگـزادەكـە و چارەنووسـی خەماوی كەوەكان، ئێمەی كەمێك لە مەسەلەكە دوور خسـتەوە، بـەڵام بابـەتێكی بـاس هەڵگرو دەبوو باس كرابایە. دوای خانووە گچكەكەی بەگـزادەكە كە تەنیا چـەند دانـە دار گوێزی لە دەوروبەر بوون، ژمارەیەك لە خانوو و ئاغەڵە گڵـەكانی‌تـر دەبینـدران كـە كەمێك لە ناوەندی ئاوایی‌و دەوروبـەری مەیدانەكـە و دار گوێزەكانـەوە نزیـك بـوو. كـە دەتڕوانی بە لای چەپی ئاوایی‌یەكەدا، خانوویەكی دوو نهۆم و تا ڕادەیەك گەورەتر لـە خانووەكانی دیكە سەرنجی ڕادەكێشای، ئەم خانووە بەرامبەر بە چۆم و لە خوارەوەی داوێنی كێوەكەدا هەڵكەوتبوو، ماڵی سەید دەروێش‌و ڕێبـەری كاكـەیی‌یـەكان بـوو. لـە پێش‌دا باسی ئەوە كرا كە چۆمەكە لـە كۆتـایی دۆڵێـك واتـە لـە حـەوزی خـوار گڵكـۆی سەید دەروێشەوە سەرچاوەی دەگرتو تا دەم ئاوایی لـە نێوەڕاسـتی دۆڵەكـە دەهاتـە خـوارو لـەوەودوا چـۆمەكەیان بـەرەولای ڕاسـتی ئـاوایی واتـە بـۆ خـواروترین شـوێنی داوێنی كێوەكە هەڵ بڕیبـوو و تـا قـەراخ باخـە گچـكەكەی كـوڕە مـامی دایكـی مـیرزاد مەودای بوو، گۆیا ناوبراو بە یارمەتی خەڵكی ئـاوایی‌یەكـە پردێكیـان بـە دارو قـووڕ بـۆ هاتو چۆی خەڵكی‌و ئاژەڵە ماڵی‌یەكان بەسـەرەوە دروسـت كردبـوو. مـیرزاد دەڵـێ لـە بیرمە لە بەیانی‌یەكی پاییزی زوودا كـە تـازە هـەتاو كـەوتبوو، تـەرمی باوكمیـان لـەنێو تابووتێك‌و بەسەر شانی چوار پیاوەوە بەسەر ئەو پردەوە برد كە لە پەنا گڵكۆی سەید دەروێش‌دا بینێژن. ئـەوە لـەحاڵێك‌دا كـە مـیرزاد بـە چـاوی گریانـەوە لـە بـەر دەرگـای ماڵەكەیان وێستاوەو دەستی بەنێو چاوانی‌یەوە كردبووە سێبەر بۆ چاوەكانی‌و دیمەنی

خەماوی تەرمی باوكی تا دوایین كەس لەگەڵ تەرمەكەدا كە لە پشت دارە گوێزەكانەوە لەبەرچاو ون دەبوو، بەڕێ كرد. جێی باسە كە لە دەوروبەری ئاواییەكەدا تاك و تراك داری گوێزو چۆمەكە نەبێ هیچ ماڵێكیتری لێ دروست نەكرابوو. واتە مەیدانی ئاواییەكە لە نێوان چۆم و خانووی دوو قات و گەورەتریش لەوەی كە باسی لێوەكرا، هەڵكەوتبوو. لەم خانووە دوو قاتییەدا، جیاواز لە قوورِو كا، چەند چین بەردو خشتی سوورو دەربیجەیەكی شووشەیشی بوو كە ئەمە هەروەكی باس كرا، ماڵی سەید دەروێشو ڕێبەری ئایینی كاكەییەكان بوو. ئەم سەیدە پیاوێكی زەلام و بەتاقەتی موو بۆری سووركارە وەك ئورووپاییەكان دەچوو. ناوبراو زۆر دلۆڤانو جێگەی ڕێزو حورمەتی خەڵكی ئاوایی بوو. ئەو نە تەنیا ڕێبەری ئایینی كاكەییەكانو كەیخوا بوو، بەڵكوو خاوەن ملكو هۆی پێوەندی نێوان دانیشتووانی ئاوایی كەنەهەر دەگەڵ كاربەدەستانی دەوڵەتیش بوو. واتە دەبوو ناوبراو گیروگرفتو كێشەكانی خەڵكی لەگەڵ دەوڵەتدا چارەسەر بكا. لەڕاستیدا زۆربەی خەڵكی ئەو ئاواییە لێی ڕازی بوون. لە دەوروبەرو بە تایبەت پشتەوەی ماڵەكەی سەیدو هەروەها لە ڕووبەڕووشیدا واتە سەرووتر لە مەیدانو لە قەراخ چۆمەكە بەرەو لای گڵكۆی سەید دەروێش تاقو تراق خانووگەلێكی دیكەشی لێبوون. باخو دار گوێزەكان هێندێك ئاواییەكەیان لە سەرچاوەی چۆمەكە و گڵكۆی سەید دەروێش جیا دەكردنەوە. داوێنو سەرەتای دۆڵەكە، واتە دەوروبەری گڵكۆكە، شوێنی بە خاكسپاردنی تەرمی كاكەییەكانی سەرانسەری ئەو ناوچەیەیە. بەم شێوەیە دەوروبەری گڵكۆو زیارەتگاكە، حوكمی ئارامگای بۆ مردووەكانو كاكەییەكانی ناوچەكە بووەو هەیە. سەرەڕای ئەوەش لە ڕۆژەكانی جێژنی وەك جێژنی نەورۆز، دەوروبەری گڵكۆی سەید دەروێشو قەراخ

قەبرستانەکە، شوێنی جێژنی سالآنە و سەیرانگای خەڵکیش بووە. واتە لەو شوێنەدا زۆربەی جێژنە ئایینییەکانی "خاونکار"، خێرو خێرات، هەڵگرتنەوەی خەلە و خەرمانی پاییزیو هەروەها جێژنی سالآنەی نەورۆزیان کە بە سەفەر دەهاتن بۆ زیارەتی گلکۆی سەید دەروێش، دەگرت.

میرزاد پاش دە ساڵێك دووری کە سەرلەنوێ هاتەوە بۆ کەنەهەر، کەوتەوە بیری سەردەمی منداڵی لەم ئاواییەدا کە ئەوکات زۆربەی کاتەکانی بە گوڕو تینێکی تاریف نەکراو لەگەڵ هاوتەمەنەکانیدا چاوەڕوانی ئەوە بوون تاکوو سمۆرەیەك لە سمۆرە زۆرەکانی کەنەهەر کە زیاتر لەنێو لقو پۆپی دارە گوێزەکان بەم لاولادا بازبازێنیان دەکردو خواردنەکەشیان گوێز بوو، لەو بەرزاییەدا، گوێزێکی کاڵ بخەنە خوارێ، یان ئەوەتا منداڵەکان بە خاتری گوێزێك هەوڵیان دەدا لە دارەکە بچنە سەرێ کە زۆر جار سەرکەوتوو نەدەبوونو نەیاندەتوانی بە دارەکاندا هەڵگەڕێن، لە ئاکامدا بە ناچاری گوێزەکانیان لەنێو لقو پۆپە تێك چڕژاو و چڕوپڕی دارەکان بەر بەرد دەدا و شانسی خۆشیان تاقی دەکردەوە کە داخوا چەند گوێزی کاڵو کرچ دەخەنە خوارێ. تازە ئەگەر سەرکەوتووش بوونایە، پاکردنی گوێزی کاڵ بۆ خۆی سزایەکی بوو، چونکە پاکردنی گوێزی کاڵ شلەیەکی دەردەدا و دەبوو بە ڕەنگی ڕەش کە لە کاتی پاکردنیدا توێکڵی گوێزەکان بە جۆرێك دەستەکانی ڕەش دەکردن کە تا ماوەیەك بە هیچ جۆرە ئاو و سابوونێك لێنەدەبۆوە. هەربۆیە هەمیشە دایکەکان دەگەڵ منداڵەکانیان کێشەیان بوو و هەڕەشەیان لێدەکردن کە توێکڵی گوێزە کاڵەکان لێنەکەنەوە کە دەستەکانیان ڕەش بێ! بەلاّم مەگەر عەولادەکانیان گوێیان بەم قسانەیان دەدا! جێی باسە کە توێکڵی گوێز خاوەنی تایبەتمەندییەکە کە زیاتر بەنە

پەشمیو لۆکەییە ڕەشەکان بۆ سەنعەتی قاڵیو فەڕش چنین ڕەنگ دەکەن کە ڕەنگەکەیان لێ نابێتەوەو سابیتە. میرزاد ئێستاش دیمەنی کایەی سمۆرەکانی لەسەر لقو پۆپی دارە گوێزەکانی ئاوایی کەنەهەری وەك فیلمێکی سینەمایی بەبەر چاوەکانیدا دێنو دەچن. کاتێك کە سمۆرەکان لەسەر دارە گوێزەکان لەنێو لقو پۆیەکانیاندا چوارچمۆڵەیان دەداوەو لەحاڵێکدا گوێزێکی نیوە کاڵیان لەنێو چمکیان دەنا و بە دوو ددانی تیژی پێشەوەیان توێکڵەکەیان لێدەکردەوەو دوای ماوەیەك فڕێیان دەدایە خوارەوە بە چاوە تیژو درەوشاوەکانیان دەیان ڕوانییە خوارێ، نەك ئەوەی تەنیا بۆ منداڵان جالبو سەرنج ڕاکێش بوو، بەڵکوو دیمەنێکی لە بیر نەکراوەی دونیای منداڵان بوو. گوێزی دارەکانی ئاوایی کەنەهەر نە تەنیا زۆر گەورەو بەتامو ئازاش بوون، بەڵکوو ئی کەسێکی تایبەتیش نەبوون کە نەیەڵێ کەڵکیان لێوەرگرن. بەهەرحاڵ منداڵەکان بۆ کەڵك لێوەرگرتنیان لە حەوت دەوڵەت ئازاد بوون. مەگەر ئەوەی کە کاربەدەست یان سەربازێکی دەوڵەتی باتایەتە ئاواییو بێ هیچ حوکم یان دەستوورێکی دەوڵەتی بە دەستووری خۆی حوکمی قەدەغەکردنی بدایە. بەداخەوە دەبێ بڵێین، لە تەواوی سیستمە دیکتاتۆڕو سەرەڕۆکاندا، ناحەقیو کەڵەگایی کردن لە لایەن کاربەدەستانی دەوڵەتییەوە کارێکی ئاسایییە و ئێستاش کەم و زۆر ئەم ناحەقییانە بە ئاسایی دەزانن کە زۆربەی پاسەوانو ژاندارمو کاربەدەستەکانی دیکەی حکوومەتی، هەر شتێك کە خاوەنی نەبێو بەناو بە ملکی حکوومەت بژمێردرێ، بە ملکی بێئەملاولای باوکیان زانیوەو دەزاننو ئەگەر دەوڵەتیش ئازادی کردوە کە هەموو کەڵکی لێوەرگرن، بەڵام هەمدیسان بە پێی پەندە بەنێوبانگە کە دەڵێ:

ــــ ئاغا دەیبەخشی، کوێخا دەیهەستاندەوە، ئەم کاربەدەستانە بەپێی حوکمی سەرجووخە سەیید عەلی دەگەڵ خەڵکدا هەڵسوکەوت دەکەن و هیچ کەسیش ناوێری لێیان بپرسێ:

ــــ ئێوە بە پێی چ بەڵگە و یاسایەك تەنانەت بەر بە منداڵانیش دەگرن بۆوێنە، مافی کەڵك لێوەرگرتن لە بەری ئەم دارە سروشتییانەش لە خەڵك دەگرن؟!

میرزاد لە بیریەتی کە ڕۆژێکیان گرووبانێك لەگەڵ ژاندارمێکی چەکدار بە مەبەستی سەروازگیری هاتنە ئاواییەکەیان. گەلێ جار لەوەها حاڵەتێکدا کە کەسێکی غەریبە یان کاربەدەستانی ژاندارمێری لەو دەوروبەرەوە پەیدا بوونایە، ئوتوماتیکی منداڵەکان ڕۆڵی نێرەڤانیان دەگێڕا، بنەماڵەکانیان ئاگادار دەکردنەوەو لە زووترین کاتدا ئەم هەواڵە ناخۆشەیان بەنێو ئاواییدا بڵاو دەکردەوە. ناخۆش بوو، چونکە قەت هاتنی کاربەدەستانی نیزامی بۆ دیاری هێنان بە ئاوایی نەبوو، بەڵکوو یان بۆ گرتنی کەسێك دەهاتن یان بۆ سەروازگیری. بۆیە بەر لە هاتنیان بۆ ئاوایی، تەواوی گەنجەکانی هەژدە ساڵ بەرەوسەر، بە پەلە ئاواییان چۆڵ دەکردو دەچوونە شاخ و تا کاتێك کە ژاندارم و کاربەدەستانی دیکە لە ئاواییدا بسووڕانایەوە، لە شاخ نەدەهاتنەوەو خۆیانیان لێ دەشاردنەوە، مەگەر ئەوانەی کە سەربازییان کردبوو یان وەك تاقانە کوڕی بنەماڵە بە خاتری پیری دایكو باوکیان عافوو کرابوون و بەرگەی مەعافییەکەیان لە گیرفاندا بوو. هێندێك جار کە ژاندارمەکان شتێکیان دەست نەدەکەوت، تاقمێك لە دایكو باوکە بە تەمەن و ڕەنگە دەوڵەمەندەکانیش تەنیا بۆ بەرتیل خۆری دەخستنە ژێر تەوژمەوە، ئەویش تەنیا بە پشت بەستن بە

زانیاریگەلێکی نیوەچڵو هێندێك جار درۆش کە لە لایەن تاقمێك لە دراوسێیە قین لەدڵ و مەئموور سیفەتەکانەوە پێیان دەدرا، لەسەر ئەو بنەمایە کە فلانە ماڵ دوو گەنجی سەربازیان هەن‌و دایك‌و باوکیان لە ترسان ناردوویانن بۆ شاخ! سەرەڕای هەمووی ئەمانەش هێندێك جار منداڵانی ئاواییش لەم ڕیشوە دانە بە ژاندرمەکان خۆیان نەدەبوارد. ئەو ڕۆژەی کە ژاندرمەکان هاتبوونە ئاوایی‌و سەربازێکیان وەگیر نەکەوت کە لەگەڵ خۆیانی بەرن‌و شتێکی دیکەشیان دەستگیر نەبوو! لەحاڵێکدا بە ناهومێدییەوە بە نییەتی گەڕانەوە بۆ مۆڵگەکانیان لە نێوان دارە گوێزەکانەوە تێدەپەڕین، لەنەکاو چاویان بە تاقمێك لە منداڵەکان بەسەر لقی دارە گوێزەکانەوە کەوت. سەرەتا وایان بیر کردەوە کە ڕەنگە لەو گەنجانەی کە مەرجی سەربازی دەیان گرێتەوە لەنێو ئەو منداڵانە لە پشت لقو پۆپی دارەکان خۆیان شاردبێتەوە. هەربۆیە بە تووڕەیی‌و تانەوتەشەرو هەڕەشەو گوڕەشەوە منداڵەکانیان ناچار کردن کە توورەکە گوێزەکانیان فڕێ دەن‌و خۆشیان زوو لە دارەکان بێنە خوارەوە. دوای ئەوەی کە منداڵەکان بە ترس‌و لەرزەوە لە دارەکان هاتنە خوارەوەو دییان کە هیچ کامێکیان وەختی سەربازی نەهاتووە، ژاندارمەکان بە چاو لێکردنێکی ناهومێدانەوە لە یەکتری‌و دوایە هەڕەشەکردن لە منداڵەکان، توورەکە گوێزەکانیان لێ ئەستاندن. بەم شێوەیە هێندێك جار ژاندارمەکان تەنانەت بەرتیلی گوێز خڕکردنەوە لە دارە بێخاوەنەکانی ئاواییان لە منداڵەکانیش دەستاند. بەهەرحاڵ گوێزەکانی کەنەهەر بە ڕادەیەك ئازاو بەتام بوون کە تەنانەت ئەم ژاندارمانەی هەمەدانیش کە لە شارەکەی خۆیاندا باشترین گوێزیان هەبوو، نەیاندەتوانی دەستیان لێ هەڵگرن. بۆیە بە خاتری ئەو گوێزانە عەیب و عاری بەرتیل خۆرییان بە گیان‌و دڵ لە منداڵەکان دەکڕی!

لەوە گەڕێین کە دار گوێز جوانیو بۆنی تایبەت بە خۆی هەیە و بێ هۆ نەبوو کە میرزاد شەیدای ئەم دارە نارێکو سەختە بوو. ئەمڕۆکە کە ناوبراو بیر لە نیو سەدە لەوە پێش دەکاتەوە، سێبەری دارە گوێزەکانی کەنەهەر بیرەوەری‌یەکی دیکەی وەبیر دەخاتەوە کە سێبەری ئەو دارانە لەو ڕۆژگارەدا، ژوانگەی ئەویندارانی کیژۆڵە گەنجەکان بوو کاتێك کە دەچوونە سەر چۆمی بۆ ئاوهێنان، دڵدارەکانیان دەدین کە تازە لە مەزرا یان کێو گەڕابوونەوەو لە سێبەری ئەو دارە گوێزانە پشوویان دەدا، و لانی کەم لە ژێر چەتری گەڵای ئەم دارانە بە گۆڕینەوەی پێکەنینێکی دڵ بزوێنو پڕ واتا و بە ئامازەگەلێکی ڕەمزاوی‌یانە، بەردی بناخەی بەڵێنو پەیمانی داهاتوویان دادەڕشت. هەندێك جاریش ئەگەر زەماوەندێك ساز دەبوو یان بەهەر بۆنەیەکی دیکەوە جێژنێك بەرپا بوایە، "نەسووڕەو غەفوورە"ی زووڕناژەنو دەهۆڵ کوتی بەناوبانگ دەهاتنو لە ژێر سێبەری دارە گوێزەکانی دەوروبەری کەنەهەر زیاتر جێژنەکەیان دەڕازاندەوە کە لەبارترینو تەنانەت باشترین شوێنو ژوانگەی گەنجەکانیش بوو کە لەنێو هەڵپەڕینەکەدا دەستی یەکتریان دەگرتو بە گوشینی پەنجەی یەکتری، گومانو دوودڵی‌یەکان دەڕەوینەوەو ئەو بەڵێنو پەیمانەی کە لە پێکەنینێکەوە بەست بوویان، دەبردە سەر.

میرزاد بۆ خۆی باس لە بیرەوەری‌یەکی لەبیر نەکراوەی لەو سەفەرەی کە لە هەرەتی گەنجێتی‌دا بۆ کەنەهەر کردوویەتی، دەکا، هەرچەند گێڕانەوەی خوێ بە برین داکردنە، بەڵام چونکە بەشێك لە بیرەوەری‌یەکەیەتیو خۆشە، کەوابوو لێرەدا بە مڕومۆچی و ڕووخسارێکی خەماوی‌یەوە دەی‌گێڕێتەوە.

لەو مانگەدا کە میرزاد بەناو وەك شارستانییەك لە شارەوە هاتبۆوە بیوەنیش، هاوکات بوو لەگەڵ سەرەتای بەهارو جێژنی نەورۆز. لە یەکەم ڕۆژی نەورۆزەوە تا سێزدەبەدەر هەموو خەڵکی ناوچەکانی دەوروبەری بیوەنیش دێن بۆ کەنەهەر، هەم بۆ زیارەتی گڵکۆی سەید دەروێشو هەم بۆ بەڕێوەبردنی جێژنی نەورۆزو دیتنی خزم و قەومان لە ئاواییەکانی دەوروبەرو جێژنە پیرۆزەو ... هتد، کە لانی کەم ساڵی جارێك لە مەیدانی کەنەهەرو دەوروبەری گڵکۆی سەید دەروێشدا بەڕێوەدەچوو. لەو ساڵەدا لە مەیدانی کەنەهەر لە پەنا گڵکۆی سەید دەروێشدا بنەماڵەیەکی زۆر لە ناوچەگەلێکی دوورەوە هاتبوونو لە دەوری یەکتری خڕ ببوونەوەو هەر بنەماڵەیەك لە قەدەر توانایی خۆی، ژێر ڕاخەرێکی وەك بەڕەو مووکێت یان بەتانییان ڕاخستبوو و لەسەری دانیشتبوون یان ئەوەتا دەوڵەمەندەکان چادریان هێنابوونو هەڵیان دابوون. لەهەر شوێنو کۆڕێکدا، قوڵتەقوڵتی سەماوەری خەڵوزان بۆ چای، هەڵمی مەنجەڵی چێشتانو بۆنی برینجی بۆندار کەشو هەوایەکی دیکەی دابوو بە بەزم و شادی خەڵکەکە و جێژنەکەی زیاتر ڕازاندبۆوەو بەم شێوەیە ڕۆژی نوێو ساڵی نوێیان دەکردە جێژن. دیارە وەك هەمیشە تا ئەوکات تەنیا هونەرمەندانی ناوچەی کاکەییەکان، واتە غەفوورەو نەسووڕە کە پێشتر باسیان کرا، لە هەر جێژنێکدا بەبێ ئەوەی پێیان بوترایە بۆ خۆیان دەهاتنو جێژنەکەیان زیاتر دەڕازاندەوە. بەهەرحاڵ بوونو بەشداری ئەوان بەو دەهۆڵ و زووڕنایەوە زیاتر لە هەمووان گەنجەکانو بە تایبەت ئەویندارەکانی شادو دڵ خۆشتر دەکرد.

لە سەرەتاوە، ئەوان وەك نەریتی هەمیشەیی دەگەڵ دانە دانەی بنەماڵەکان جێژنە پیرۆزەیان کردو خولقی یەکتریان دەکرد بۆ نیوەڕۆیەو دوایە دەچوونە لای سەرکردەو

ڕیش سپیو پیرو خزم و دەگەڵ پیرۆزبایی ساڵی نوێ، سەرەنجام دەهاتنە سەر سفرەی یەكێك لەو بنەماڵانەی كە بەناو خواردنەكەیان چەورتر بوو، دەمانەوە. دوای نان خواردنو پشوویەكی كورت، نەسووڕەو غەفووره دەهاتنە مەیدانی باخەكە لە پەنا گڵكۆی سەید دەرویێشو لەحاڵێكدا كە خەڵكیان لە دەوره دەهاڵا، دەستیان دەكرد بە لێدانی دەهۆڵو زووڕنایە. لە دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە نوێیەدا هەر كە غەفووره فووی لە زووڕناكەی كردو نەسووڕەش لە دەهۆڵی دا، كچانو كوڕانی لاو بە جلو بەرگێكی نوێو ئاڵ و واڵەوە كە هەموو ساڵێك تەنیا بۆ جێژنی نەورۆز یان لە كاتی زەماوەندا بۆ بووكیان دەكڕی، بە دەوری یەكدا دەستی یەكیان گرتو لە ژێر سێبەری ئەو دارە گوێزانەدا دەستیان بە شاییو هەڵپەڕینو ڕەشبەڵەك كرد. هەرچەند لەو ڕۆژە جێژنەدا ببووە میوانی لالۆ و دەگەڵ ئەوانیشدا هاتبووە ئەو شوێنە، بەڵام نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە بووە میوانی خزمێكی پشتێ. میرزادیش دوای نانی نیوەڕۆیە وەك ئەوانیتر، دەگەڵ خزمە هاوتەمەنەكانی خۆی هاتە چاو لێ كردنی ئەو زەماوەندو دەهۆڵو زووڕنایە، هەرچەند نزیكەی دە ساڵێك دەبوو كە چووبوونە شارو شارەكانیش لەچاو دێهاتەكان كەمتر بەزمی دەهۆڵ و زووڕنای لێبوو و ئەگەر زەماوەندێكیش بوویایە، ناوبراو بە وتەی خۆی كەمتر بۆی دەكرا بچێ، بەڵام بەو هەموو باس كردنەی كە هۆگرییەكی زۆری بە هەڵپەڕین بووەو هەیە، فێری هەڵپەڕینی كوردی ببوو، بە تایبەت هەڵپەڕینی جۆری "فەتاح پاشایی، سێ پێیی و گەڕیان"[30] كە میرزاد ئێستاش حەزی لەم جۆره

[30] : ئەمانە سێ جۆره هەڵپەڕینی تایبەتی گۆرانەكانی "یارسان"ین.

هەڵپەڕینانەیە. لەوکاتەدا کە هەموو پێکەوە وێستابوون، یەکێك لە کچە جوانو هاوتەمەکانی میرزاد کە لەنێو خزمەکانیدا بە گەردن ئاسکو چاو کەژاڵ بەناوبانگ بوو و تازە لەگەڵ کچەکانی دیکە لە چنینی گوڵە نێرگزی بەهاری لە کێوەکانی دەوروبەر هاتبوونەوەو لە کاتی نان خواردنیش لەسەر سفرە نەبوو کە دەگەڵ میرزاد چاکو خۆشی بکا، هەر کە چاوی بە میرزاد دەکەوێ کە دەسرەیەکی هەورێشمی لە دەستییەوە ئاڵاندوەو دەگەڵ چاکو چۆنیو ماچ و مووچ کردن کە لەنێو قەوم و قیلە لە کۆمەڵگای کوردەوارییو بە تایبەت قەومەکانی گۆران ماچ و مووچ کردنی ژنو پیاو باوە، هەرچەند تۆزێك کەم ڕوو بوو، دەستی ڕاکێشا و هێنایە ڕیزی هەڵپەڕکێکەوە. چاو کەژاڵ دەسرەیەکی بە دەستی ڕاستییەوە بوو و سەرچۆپییەکەی وەرگرتو دەستەکەی دیکەی لە دەستی میرزاددا بوو کە چەند دەور پێکەوە هەڵپەڕین. لەوکاتدا کە میرزاد بۆ یەکەم جار پەنجەی لەنێو پەنجەی گەردن ئاسکو چاو کەژاڵی خزمی دابوو و بە هێواشی قامکەکانی دەگوشین، لەو کاتانەدا هەستی بە جوانترین کاتەکانی یەکەم دەسپێکی ژیانی دەکرد. دوای تەواوبوونی هەڵپەڕینەکە، ئەو کچە و دایك و باوکەکەشی سووربوون لەسەر ئەوەی کە میرزاد بۆ شێوان بچێتەوە لایان کە بە مەبەستی مانەوەی حەوتوویەك لە پەنا گلکۆی سەید دەروێش چادریان هەڵ دابوو. دیارە میرزاد بە خۆشحاڵییەوە قەبووڵی کرد، بەڵام ئیزنی خواست بە بنەماڵەی لالۆ بڵێ کە بۆ شام چاوەڕوانی نەبنو دواتر دەگەڕێتەوە. ئەو شەوە دوای خواردنی نانی شێوان زۆربەی ئەو بنەماڵانەی کە چادریان نەبوو بۆ خەوتن هاتنەوە بۆ نێو ئاواییو میرزادیش دوای سپاسێکی زۆر لە خزمەکانی پشتێی بۆ ئەو هەموو ڕێزو حورمەتەیان، لێیان جیا بۆوەو هاتەوە بۆ ماڵی لالۆ.

بەداخەوە ئـەو چـاوپێکەوتنو هەڵپـەڕینو ئـەو شـامە بـە کۆمەڵـە دوایـین بـەرخوردو چاوپێکەتنەکانی میرزادو چاو کەژاڵ بوو. دواتر مـیرزاد بیسـتی‌یـەوە کـە چـاو کـەژاڵ و ژیکەلانەی هەڤدە ساڵە بە پێی عورف و عادەت و داب و نەریتی خێڵەکی ئـەو ڕۆژگـارە زۆریان بۆ هێنابوو کە بۆ پارێزگاری کردن لە منداڵەکانی پووری کە تازە مردبوو، شـوو بە مێردی پووری بکاتەوە کە زیاتر لە چلو پێنج سـاڵ تەمـەنی بـوو. نـاوبراو بـە زۆری ئەو کارەی کردبوو و تا ئەو جێیەی کە میرزاد ئاگای لیَیە وەفادار مابۆوە، بەلام میرزاد ئەو ئاشنایەتی‌و یەکەم پڕیشکی ئەوینو خۆشەویستی‌یە پاکـەی کـە لـە یەکـەم دەسـت پیَکردنی‌دا زۆر نەچووە پێشو کاتی دەویست کە چرۆکەی لە خاك سەر دەرێنیَ، هـەر لەو قۆناغە گەشەنەکردووە لە کونجە گچکۆکەی دلّی‌دا بە پەنامی هێشتی‌یەوەو قەتیش لەبیری نەکردوە. شتێك کە پیرۆزی پیَدەدا و بەو جوانی‌یە دەی هێلّێتەوە، ئەوەیە کـە لەوکاتەوە تا ئێستا لـە هـیچ شـوێنو کوڕێـك لـە بـارەی ئـەم یەکـەم پڕیشـکی ئـەوینو خۆشەویستی‌یە شتێك باس نەکراوەو ئەوەش یەکەم جارە کە میرزاد لێرەدا باسی لێوە دەکا و دەنووسریَ.

من و میرزاد مەحرەمی نهێنی‌یەکانی یەکترین، هەردووکمان کـوڕە هـەژارینو، بـەرەو یەك مەبەستیش هەنگاو هەلَ دێنینەوە، ئەویش ڕزگارکردنی بەشـخوراو و لـیَقـەوماوان لــە چــنگ زولّــم و زۆرداری‌یــە. هەربۆیــە ئــەو خالّــە هاوبەشــانەن کــە پێوەنــدی دۆستایەتی‌یەکەمانی لێك گریَ داوەو ئێمەی بـە جۆرێـك لێـك نزیـك کردۆتـەوە کـە هـیچ شتێك لە یەکتری نەشارینەوە. باس کردنی نهێنی‌یەکانی ژیانی تایبەتیمان بۆ یـەکتری، بایەخێکی بەرزی بە دۆستایەتی‌یەکەمان بەخشیوە. پێم حەیف بوو ئـەم بـیرەوەری‌یـە خۆشە و جوانی دار گوێز بەبیَ ئەوەی دەگـەلَ وەچـەی دوای خـۆمی بـاس بکـەم، ئـەم

دونیایە بەجێ بێڵم. بە وتەی پێشینیان ئێستا کە دووقڕانییەکەم کەوتوەو هاتۆتە دەستم، یانی بەڕاستی تێگەیشتووم کە ئەم بیرەوەرییە خۆشە بوو کە دار گوێزی تاکوو ئەمڕۆکە بۆ میرزاد بە جوانی هێشتۆتەوە. لەڕاستیدا داری گوێز ناقۆڵاو نارێکو ئەستوورو خۆڕاگرە، داری گوێز هەروەك هێزی زەحمەت کێشان خۆڕاگرو بەردەوامە، هەربۆیە لە قەدیمدا هەموو دەرگا و دەروازەکانیان لە دار گوێز ساز کردوون یان خۆڕاگری هەر دارێکیان دەگەڵ داری گوێز بەراورد کردوە! هەربۆیە ئەو تایبەتمەندییە تایبەتانەن کە دار گوێزیان زیاتر ڕازاندۆتەوە.

# لێرەوارێك لە ژێر ناوی جیهانێكی پێشكەوتوودا[31] كە ئێمە تێیدا دەژین

بۆ خۆی زۆر باش دەی‌زانی كە كچێكی گەلێك جوان‌و دلگرو دلڕفێنە، ڕۆژی چەندین كەرەت دەچووە بەر ئاوێنە و بە بەژن‌و باڵای خۆی‌دا دەڕوانی‌و خۆی دەڕازاندەوە. بەڕاستی جوان بوو، نە تەنیا سروشت و خولقێنەرەكەی(دایك و باوكی)، پرچێكی درێژو فڕ، چاوانێكی خومارو برۆگەلێكی كەوانی‌یان پێ دابوو، بەڵكوو لە گردنی درێژ، سینگێكی پتەو و قیت، پێستێكی ساف‌و لووس‌و بێ پەڵاوی، كەمەر شووش‌و باریك‌و ئەندامێكی بێ‌عەیب و عارو كەمایەسی بەهرەمەند بوو. سەلیقەیەكی باشیشی لە هەڵبژاردنی جلو بەرگا بوو. دیارە وەك زۆربەی كچە تازە پێ‌گەیشتووەكان زۆر بە خەست و خۆڵی داو و دەرمانی نەدەكرد، خۆشی لە نینۆكی درێژو بژۆڵی دەستكرد نەدەهات‌و جلو بەرگی جلفاوی‌و جێگای سەرنجی گەنجە زمان شڕو دەم دادڕاوەكانیشی لەبەر نەدەكرد. هەرچەند بەلەكەكانی هێندە جوان هەروەك بلوور ساف‌و لووس بوون، بەڵام بەردەوام یان شەڵواری لە پێ‌دەكرد یان كراسێكی قەسری

[31] : متمدن (سیویلیزاسیون): شارنشین، شاری، خاوەن شارستانێتی، خاوەن ژیوەر، بارهاتوو، پەروەردەكراو، پێشكەوتوو.

شۆڕو درێژ لە جۆری ئاوریشم بە ڕەنگێکی ساکاری دەکردە بەریو لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

ــــ من کە بەشی خۆم جوانم، کەواتە بۆچی کارێکی وا بکەم کە زیاتر هەستی خەڵکی بورووژێنیٚ یان بۆ خۆم سووژەی لاتاو و پلار تیٚگرتن بدەمە دەست گەنجان؟!

ناوبراو هەنووکە هەژدە ساڵی بوو، واتە لە جوانترین سەردەمی جحێڵیدا. بۆیە جوانی، دەوڵەمەندیو نەبوونی هیچ کەمو کووڕییەك لە ژیانیدا، ببوونە بەلاٚ بۆ سەر گیانیو ئیزنیان پیٚنەدەدا لانی کەم خولی دواناوەندییەکەشی تەواو بکا. ئەوەی ڕاستی بیٚ ئەم دوو خاڵە لە ڕوانگەی دەروونییەوە لە هۆکارە بەرگێڕەوەکانی درێژە پێدانی خوێندنەکەی بوون. ناوبراو کچێکی زۆر وریا و زیرەکیش بوو و ئەگەر ئیرادەو هەوڵی بدایە بیٚگومان دەیتوانی لە بواری خوێندنەکەیدا، سەرکەوتن وەدەست بێنیٚ. هەروەکی ئاماژەی پیٚکرا، ئەم دوو هۆکارە، تاقەتی دەرس خوێندنیان لیٚ ئەستاند بوو. لەگەڵ ئەوەشدا توانی پۆلی یازدەیەم ببڕیٚو شەهادەی دەورەی ناوەندییەکەی بە سەرکەوتنەوە وەدەست بێنیٚ. دوای هاتنە دەرەوە لە قوتابخانە، تەنانەت تاقەتی نەبوو خولێکی سیٚ ساڵەی تایبەتی وەك فێربوونی کۆمپیۆتەر، بەرگدروویی، فرۆشیاری لە فرووشگاکان، جوانکاری ئافرەتانو ... هتد، تیٚپەڕ بکا. ڕەنگە پێویستییەکی ئەوتۆی بەکار کردن نەبووبیٚو یان ئەوەتا لە ئاستی خۆیدا نەدیون. زۆری حەز لە شووکردن بوو، بەلاٚم دەیویست شوو بە گەنجێك بکا کە ئایدیالو لە ئاستی خۆیدا بیٚ، نەك بە کەسێکی هەر کە دەگەڵی ئاشنا بوو دەستی دەگەڵ تێکەلاٚو بکا و تەنیا بۆ ڕابواردن دەگەڵی بیٚ.

زیاتر خۆی بە خوێندنەوەی ڕۆمانی مێژوویی‌و گوێ دان بە مۆسیقی کلاسیکی سەرقاڵ دەکرد. هێندێك جار دەچووە دیسکۆش. دیارە لە دیسکۆ و ئەم جۆرە شوێنانە لایەنگرو خوازیاری زۆری پەیدا دەکردو هەر گەنجێکیش زۆر بە مەمنوونی‌یەوە پێی خۆش بوو و تەنانەت داواشیان لیٚ‌دەکرد کە ئەگەر بۆ تاقە جارێکیش بووە دەورێکی دەگەڵ بڕەخسن. کچێکی بەڕەڵڵا و وێڵگەردیش نەبوو، بەڵام خۆش‌گوزەران بوو. ڕواڵەت و پارەشی زۆر بەلاوە گرینگ نەبوون، بەڵام چاوەڕوانی لە کوڕە هاوتەمەنەکانی خۆی یان لە خۆی گەورەتریش، ئەدەب و شعووری ئینسانی‌و دەم پاکی بوو. لە شەممە شەوێکی یەکێك لە دیسکۆکاندا، گەنجێك کە بە کەمی دەچووە دیسکۆ، گرووپ‌و ڕێکخراوەکان، بۆنە گشتی‌یەکان‌و هتد، سەرنجی ڕاکێشابوو. ئەو لاوە تەواوی ئەو شەوە لە پەنا مێزێك‌دا دانیشت‌و تەنیا چاوی لە کوڕو کچەکانی‌تر دەکرد. بە تایبەت ئەو کچە ژیکەڵانەیە کە دواتر دەرکەوت ناوی "ساندرا"یە، بە وردبینی‌یەکی زیاترەوە خستی‌یە ژێر چاوەدێریی‌و هەر جارێکیش کە ڕەزایەتی دەدەبڕی دەگەڵی بڕەخسن، چڵەکەیەکی دەکردو لەوە نیگەران بوو کە نەکا ئەم کچە ژیکەڵە سەنگین‌و ماقووڵەی ئەو عاشقی بووە، بکەوێتە داوی ئەم کوڕەوە! بە کونجکۆڵی‌یەکی زیاترەوە دەی‌ڕوانی‌یە ئاکارو هەڵس‌و کەوتی ساندرا لە کاتی سەماکردن‌دا. ڕەنگە ئەمەی بە جۆرە بەخیلی‌یەك لە خۆی‌دا هەست دەکردو لە خەیاڵی خۆی‌دا دەی‌گوت:

ــــ بۆچی ئەم کچە نازانیٚ کە من خۆشم لیٚی هاتووە؟

لەوەش سەرنج ڕاکێش‌تر، ئەوە بوو کە هەرکات گەنجێك دەگەڵ ساندرا دەڕەخسی‌و هەڵس‌و کەوتێکی نائاسایی لیٚ وەدەرکەوتبایە، بۆوێنە بەبیٚ هۆ بەدەمیەوە پیٚ‌بکەنیایە

یان ئەوەتا قسەیەکی هەڵیتو پڵیتی بگوتایە یان لە ئاشنایەتی دەگەڵیدا کەمێك زیاتر لە بەرەی خۆی لاقی درێژو هەستی بکردایە کە چاوەڕوانی بێ جێی لێیەتی، جارێکیتر سەمای دەگەڵ نەدەکرد. ئەم گەنجە کونجکۆڵو کەم بۆ دیسکۆ چووە، زۆری پێخۆش بوو ئەم ڕووخسار جوانی بە ڕواڵەت دژوار پەسندو وازوازییە لە نزیکەوە بناسێ. بەلاّم بەم پێیەش قەت نەی دەوێرا لە جێگاکەشی هەستیو پێی بڵێ دەگەڵی بڕەخسێ. چونکە لەوە دەترسا وەلاّمی نەداتەوەو ئابڕووی بچێ. سەرەنجام دانی بە جەرگی خۆی داناو بە خزمەتکارەکەی گوت:

ـــ ئەگەر زەحمەت نیە قاقەزو قەڵەمێکم بۆ بێنی؟

خزمەتکارەکە کە کچێکی خۆش مەشرەفو ڕووخۆش بوو، چوو لە پێش خانەکە قاقەزو قەڵەمی بۆ هێنا و دایە دەستی و ئەویش سپاسی کردو داوای شەرابێکی سپی دیکەی لێکرد. لەوکاتەدا کە خزمەتکارەکە پەرداخە شەرابەکەی بۆ هێنا، نامەیەك کە بۆ ئەو کچە جوانەی بەم شێوەیە بۆی نووسیبوو:

" جوانی جوانان، بەداخەوە نازانم ناوت چییە، بەلاّم هەر بەو ڕادەیەی کە دیاری، تۆ جوانترینو بەئەدەبترین کچی نێو ئەم دیسکۆیەی، بۆیە ویستم ئیزنت لێبخوازم، ئەگەر پێت ناخۆش نیە، دەورێکمان دەگەڵ بڕەخسی.

لەگەڵ سلاّوێکی گەرم و دۆستانە: هانری"

لەگەڵ بەخششێك دای بە خزمەتکارەکە و داوای لێکرد ئەم نامەیە بدا بەو کچە کە بە ئەنگوست ئاماژەی پێدا مەبەستی کامەیە.

خزمەتکارەکە نامەکەی لێوەرگرت و ڕاستەوخۆ بردی بۆ ساندرا.

ساندرا چاوێکی لە نامەکە کردو بێ هیچ ترسو دوودڵی‌یەك لە جێگاکەی هەستاو بەرەو مێزی هانری هات، لەوکاتدا ڕۆح گەییە سەر کونە لووتی‌و لەبەر خۆیەوە گوتی:

ــ ئایا شتێکی خراپم نووسیوە کە پێی خۆش نەبووەو دەیەوێ بەرەو مێزەکەی من بێ و بیکاتە قرمەوهەڵڵا! لە ترسان هەستا و ویستی هەڵێ. بەڵام کاتێك کە ساندرا لە مێزەکەی نزیك بۆوە، یەکەم وای بیر کردەوە کە هانری بە حورمەتی وی هەستاوەتە سەر پێ و بەڕوویەکی خۆشەوە گوتی:

ــ سپاس بۆ دەعوەتە ڕەسمی‌یەکەت، بۆچی نا! حەتمەن دوایین دەور دەگەڵ تۆ دەڕەخسم و درێژەی دا، ئیزن هەیە لێرە دانیشم؟!

هانری کەمێك پەشۆکاو و وەك ئەوەی کە لە گەرمای پەنجا پلەدا جامێك سەهۆڵاوی بەسەردا کەن. زۆر بە ئەدەبەوە گوتی:

ــ بەڵێ، بەڵێ، فەرموون، شانازی پێوە دەکەم لە خزمەتت دا بم و لام دانیشی.

ساندرا گوتی:

ــ کەواتە لەسەر ئیزنت دەچم پەرداخەکەشم بێنم.

ناوبراو چوو پەرداخەکەی کە کەمێك ساردی تێدا مابوو لەگەڵ جانتاکەی هێنا و خۆی ناساند:

ــ ناوم ساندرایە و لە پەنای دانیشت.

هانری دەست بەجێ وتی، حەزت لە شتێکیتر نیە؟

وەڵامی دایەوە:

ــــ سپاس! ئێستا نا، ئەگەر بمهەوێ حەتمەن دەنگ دەکەم.

لەوکاتدا گۆرانییەکی زۆر کۆنی ژنە گۆرانی بێژێکی بەناوبانگی ئەمریکایی دەیگوت کە بۆ ڕەخسی هێواش زۆر لەبار بوو.

بەو حاڵەش هانری کە دەیدی ساندرای لە پەنا دانیشتووە، غیرەتی بەرخۆی نەنا ڕاستەوخۆ داوای لێ بکا دەگەڵی بڕەخسێ. بەڵام لەجیاتی ئەو ساندرا گوتی:

ــ پێت چۆنە سەمایەکی بکەین؟!

بەم وتەیە خەریك بوو لە خۆشیان باڵ بگرێ، زوو هەستایە سەرپێو دەستی ساندرای گرتو چوونە شوێنی سەماکە.

ساندرا گوتی:

ــــ ڕاستی من تازە پێم ناوەتە نۆزدە ساڵیو دوای تەواوکردنی قوتابخانەی ناوەندی بە شوێن هیچ دەورەو فێربوونی پیشەیەکدا نەچووم. تەنیا شتێکی کە دەیزانم، ئاشپەزیە و ئەویش لە دایکمەوە فێر بووم. تۆ چ دەکەی؟

هانری بە چاوێکی بەس شادو تامەزرۆییەوە گوتی:

ــــ من تەمەنم بیست و حەوت ساڵە و نزیك بە سێ مانگ بەر لە ئێستا کۆلێژی ژمێریاریم تەواو کردوەو لەوکاتەوە تا ئێستا لە کۆمپانیایەکی بەرهەم هێنان خەریکی

کارم و درێژەی دا، ڕاستی ئاگات لێبوو ئەم شەو تەنیا چاوم لە تۆ بوو؟ و هەرکەسیش کە دەهاتە لات بۆ سەماکردن، ڕۆحم تێدا نەدەما؟

ساندرا بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

ــ بەڵێ، هەربۆیە دەست بەجێ هاتمە لات. دەزانی کچان قەت لە پێشدا نایەنە لای کوڕانو دەست پێشخەری ناکەن. بەڵام من ئەو یاسا کۆنو کۆمەڵایەتییە کۆنەی کە بۆ خۆمان دروستمان کردوە، خستمە ژێر پێو هیچ سەرنجێکیشی پێ نادەم. منیش بە پێچەوانە تۆم لە ژێر چاوەدێری دابوو و ئەگەر ئەو نامەیەشت نەناردایە، وێ دەچوو وەك ئێستا باتمایە لات.

هانری بە نیشانەی ئەمەگداری دەستی گوشیو گوتی:

ــ بەڕاستی بوونی تۆ هۆی شانازی کچانی سەربەستو مۆدێرنە. زۆرت سەربەرز کردم کە هاتییە ئێرە. چ شانسێك گەورەتر لەوە دەیتوانی پێم ببڕێ؟! ڕاستت پێ بڵێم، هەست دەکەم زۆر ترسەنۆکم. پێم خۆش بوو ئەگەر بتوانم بەسەر ئەم ترسە خراپەدا زاڵ بم.

ساندرا گوتی:

ــ سەرەنجام بە نووسینی ئەم نامەیە ترسەکەت شکاند، مەگەر نا؟! ئەمە بۆ خۆی هەنگاوی یەکەم بوو.

هانری گوتی:

ـــ دەبوو من ئەو بوێریو ئازایەتیەی تۆم بوایە، قەت ئەو بوێریەم نیشان نەدا کە بێم و داوا بکەم پێکەوە برەخسین. ئێستا بە ئاشنایەتیت زۆر خۆشحاڵم.

ساندرا گوتی:

ـــ سپاس، پێم وابێ ئەم مەسەلە بۆ هەموو کوڕو کچێکی ئەمڕۆیی شتێکی ئاساییە.

بەهەرحاڵ تا درەنگانێکی شەو لە دیسکۆکە مانەوە. کاتێک سەعات یەکو نیوی دوا نیوە شەوی نیشان دەدا، ساندرا گوتی:

ـــ بەداخەوە هێواش هێواش دەبێ بڕۆم، چونکە نیو تا سەعاتێکیش تا ماڵەکەمان پیادەڕەویم لەبەرە. ئەگەر تۆ دەتەوێ وەمێنی، قەی ناکا.

هانری گوتی:

ـــ مەگەر سەیارەت پێ نیە؟

وەڵامی داوە:

ـــ نەخێر، چونکە ئێستا تەسیقی شۆفێریم وەرنەگرتوە، یانی تەسیقم نیە.

کەوابوو ئەگەر ئیزن بفەرمووی، دەتگەیەنمەوە.

ساندرا گوتی:

ـــ سپاس، زۆر باشە کەواتە دەمێنمەوەو هەرکات ویستت بڕۆی، منیش حازرم. بە دوای پانزدە خولەکێکدا، هانری بانگی خزمەتکارەکەی کردو پارەی خواردنەوەکانی دایەو پێکەوە هەستانە سەر پێ و بەرەو پارکینگی سەیارەکان چوون. هەوا کەمێک

بارانی بوو، بەڵام نە سارد بوو نە گەرم. لەوکاتەدا هانری مل بەندەکەی بۆ کردە چەتر تاکوو تەڕ نەبێ. کاتێك نزیکی سەیارەکە بوونەوە، هانری بە سویچی کۆنترۆڵدارەکە دەرگاکانی کردنەوەو زوو بۆی سوار بوون. هەنووکە چەند سەت مەترێك لە پارکینگی دیسکۆکە دوور نەکەوتبوونەوە کە ساندرا لێی پرسی:

ــ ئایا هاوڕێی کچت هەیە؟

وەڵامی داوە:

ــ بووم، بەڵام لەوکاتەوە کە زانکۆم تەواو کردوە، نیمە! چونکە دۆستەکەم دەگەڵ بنەماڵەکەی‌دا چۆتە ئەمریکایە و بەو پێ‌یەش کە بیستوومەتەوە گۆیا لەوێ درێژە بە خوێندنەکەی دەدا. لەگەڵ ئەوەی کە دوو نامەم بۆ نووسیوە، بەڵام نە وەڵامی نامەکانی داومەتەوەو نە ناونیشانە نوێ‌یەکەشی بۆ ناردووم. من دوای ئەو ئیتر دەگەڵ هیچ کچێکی‌تردا نەبوومە دۆست یان باشتر وایە بڵێم تاکوو ئێستا شانسی ئەوەم نەبووە بتوانم دەگەڵ کچێك‌دا ئاشنا ببم. هەروەها درێژەی‌دا، نزیکەی سێ ساڵە کە هاوڕێم نیە و تەنیا دەژیم. بەڵام ئێستا زۆرم پێ خۆشە، دەگەڵ کچێك ئاشنا ببمو ببێتە هاوبەشی ئەو ماوە ژیانەی ماومە. دیارە دەبێ کەمێك پشوودرێژو سەبرمان بێ تا بزانین بەرەو کوێ دەچێ. تۆ چلۆن؟ ئایا دۆستت(کوڕ) هەیە؟!

ساندرا وەڵامی داوە:

ـــ نە بەداخەوە منیش نیمە. ماوەی ساڵێکە دەمەوێ پیاوێکی هۆگر بە ژیانو بنەماڵەکەم پەیدا بکەم، بەڵام ئێستاش وەها پیاوێکم وەگیر نەکەوتووە کە منی بۆ

ژیان بویَ. ئەوەی ڕاستی بیَ نازانم! یان ئەوەی کە زۆر بەرزە فرِم یان ئەوەتا موشکل پەسندو درەنگ ساغ دەبمەوە.

هانری لە قووڵایی دڵەوە پێی خۆش بوو کە ساندرا دۆستی نیە، بەڵام گوتی:

ــ وا بیر ناکەمەوە کە زۆر موشکل پەسند بی، بەڵکوو پیاوی شیاوی خۆتت نەدۆزیوەتەوە. ئەوەش مافی هەر مرۆڤێکە کە هاوبەشی ژیانەکەی بە هەڵسەنگاندنو وردبینییەوە هەڵبژێریَ.

لەوکاتدا گوتی:

ــ بە داوای لێبووردنەوە، ئێمە هەروا خەریکە دەڕۆین، نەمپرسی ماڵەکەتان لە کام شەقامە؟

ساندرا گوتی:

ــ تا ئێستا باش هاتووین، ناوی شەقامەکەی پیَگوت و لە ڕێگادا، ڕێنماییشی دەکرد کە لە کوێوە بڕۆن.

کاتێك گەیشتنە بەردەرگای ماڵەکەیان، گوتی:

ــ ئێرەیە، زۆر سپاس لە زەحمەتو ماندووبوونەکەت.

هانری گوتی:

ــ کەواتە شەوێکی خۆشو هیوای خەوێکی خۆشت بۆ بە ئاوات دەخوازم.

بەر لە جیابوونەوە گوتی:

ـــ تۆ بڵێی شانازی ئەوەمان بێ بتوانم بۆ جارێکی دیکە بتبینمەوە؟

ساندرا گوتی:

ــ ئێستا ماڵەکەمان فێر بوویو ئەوەش ژمارە تەلەفوونی ماڵەکەمانو ئی موبایلەکەی خۆشم. ئەگەر زەنگت بۆ ماڵەوە لێدا زۆر جار دایکم تەلەفوونەکە هەڵدەگرێو دەتوانی داوای من بکەیو ئەگەر زەنگیشت بۆ موبایلەکەی خۆم لێدا، ئەوە خۆم وەڵامت دەدەمەوە. هانری لەگەڵ زەردەخەنەیەك لە پێوەندی لەگەڵ ئەو قسانەی ساندرا، کارتی ویزیتی کۆمپانیاکەی دایە و گوتی:

ــ خۆشحاڵ دەبم جارێکیتر بتبینمەوەو ئەم لاولای یەکتریان ماچ کردو ساندرا لە سەیارەکە دابەزیو هانری چاوەڕوان ماوە تا چووە ئەودیو دەرگاکە و دوایە سەیارەکەی هەڵ کردو درێژەی بە ڕێگا دا.

هانری لە کۆتایی حەوتوویەکیتردا هەلێکی بۆ ڕەخسا و زەنگێکی بۆ ساندرا لێدا. ناوبراو بە ڕێکەوت بۆ خۆی تەلەفوونەکەی هەڵگرتو دوای چاكو چۆنیەکی گەرمو گوڕ، دەعوەتی کرد بۆ نانی ئێوارەو گوتی:

ـــ ئەگەر پێت خۆش بێ، دوای شام دەچینە ئەو جێژوانگەیەی لێی ئاشنا بووین.

ساندرا دەست بەجێ قەبووڵی کردو خۆشحاڵی خۆی لەوەی کە زەنگی بۆ لێ داوە، دەربڕی. سەعات دەوروبەری هەشت بوو کە هانری هاتە بەردەگاکەیانو پێکەوە چوونە ڕێستوڕان. لەم نێوەدا هەم هانریو هەمیش ساندرا بە دایك و باوکیان گوتبوون کە ئەوانە تازە پێك ئاشنا بوون. بەهەرحاڵ ئەو شەوە زۆر خۆشیان لێگوزەرا. چونکە

باشتر یەکتریان ناسی، لەڕاستیدا بەو جۆرەی کە دوایە دەرکەوت، هانری یەکەم هاوڕێی ساندرا بە واتای ڕاستەقینە بوو و ساندراش ویستی دەگەڵ هانریدا وەمێنێ ئەویش گەنجێکی کاریو خاوەن کەسایەتیو بە بنەماڵە و هۆگری ژیانی ژنو مێردایەتیو پێکەوەنانی بنەماڵە و بوونی منداڵ بوو، مۆعتاد بە هیچ شتێك تەنانەت جگەرەش نەبوو. ساندراش نە جگەرەکێشو تەنانەت هاوڕێی جگەرەکێشیشی نەبوون.

چەند مانگێك لە ئاشنایەتیان تێپەڕ نەببوو کە ڕۆژێکیان هانری پێی گوت:

ـــ ئەگەر یەکێکی بۆوێنە وەك من داوات لێ بکا شووی پێبکەی، چ دەڵێی؟

ساندرا چاوێکی لێکردو گوتی:

ـــ ئایا بە جیددی داوا دەکەی یان تەنیا نموونە دێنیتەوە؟

وەڵامی داوە:

ـ نەوەڵڵا، بەڕاستمە.

ساندرا دەستی گرتو گوتی:

ـ چۆن بە گەنجێکی وەك تۆ وەڵامی ئەرێنی نادەمەوە.

ئەوان ئەم مەسەلەیان بەبێ ئاگاداری یەکتری لەگەڵ بنەماڵەکانیان باس کردو ئەوانیش ڕازی بەم کارە بوون. هەردووکیان لە چاوپێکەتنێکدا وا ساغ بوونەوە کە بە پێی دابو نەریتە باوەکان دەست بەکار بن. هەرچەند لە بنەماڵەگەلێکی مەسیحی بوون، بەڵام هەر دووکیان باوەڕیان بە کلیسا و ئەو جۆرە شتانە نەبوو. بۆیە هەر ئەو

ڕۆژە پێکەوە چوون بۆ دەفتەری مارەبڕینو بۆ زەماوەندەکەیان لە ڕۆژێکی دیاری کراودا وەختیان گرت. ئەوان سەردانی کلینیکی دەوڵەتیان کرد بۆ ئەنجامدانی هێندێك تاقیکاری پزیشکیو وەرگرتنی پشتگیری دوکتورو بەجێهێنانی کارەکانی دیکەی بەڕێوەبەریو نووسینی کارتی دەعوەتی بۆ تاقمێك لە خزمە نزیکەکانیانو لە دواییشدا کڕینی دوو ئەنگوستیلە. لە کاتی دیاری کراودا چوونەوە دەفتەری مارەبڕینو زەماوەندیان کرد. بە شەوی مارەبڕینەکەوە، دووهەم جاری پێکەوە خەوتنیان بوو. دەسپێکی ژیانی هاوبەشو بە تایبەت لە سەرەتاوە، بۆ هەردووکیان زۆر خۆش بوو. ماوەیەك لە زەماوەندەکەیان تێپەڕ نەببوو کە ساندرا دووگیان بوو. دوای نۆ مانگ کوڕێکی بوو و ناویان نا "تیل". هانری زیاتر لە ساندرای پێ خۆشتر بوو، چونکە بیری دەکردەوە، ژیان بۆ خێزانە جوانەکەشی بە تەنیاییو لە نەبوونی ئەودا زۆر دژوارو بێ تاقەتیش نابێ. بوونی ئەو منداڵە بۆ ساندرای گەنج سەرگەرمیو خۆخافڵاندنێکی باش بوو. ئیتر لەماڵەوە بەتەنێ نەبوو. بوونی منداڵ هەروەك بووکەڵەیەکی[32] زۆر خۆشەویست بۆ گەورەساڵان، دەی خافڵاند. هەنووکە تیل چەند مانگێکی نەببوو کە ساندرا زگی پڕ بۆوە. گۆیا کۆئەندامی زاووزێیان بەهێز بوو! ئەم جارەشیان دوای نۆ مانگ، ساندرا، کچێکی بوو و ناویان لێنا "تینا".

هانری لاو، تەقریبەن شەو و ڕۆژ بۆ کۆمپانیا کاری دەکرد، هەربۆیە بەرپرسەکەی خۆشی دەویستو بەردەوام مووچەکەی بۆ زیاد دەکرد. بە شێوەیەك کە هانریو

[32] : اسباب بازی: کایەکڵێ، لیستۆك، لەیستۆك، لەیزتۆك، لەیزۆك، بووکەڵە، بووکەشووشە.

خێزانی توانیان بەو بڕە میراتەی كە لە خزمە نزیكەكانیانەوە پێیان بڕابوو، خانوویەك بكڕنو تەقریبەن هەموو پارەكەشی بەسەریەكەوە بدەن، بێجگە لە پێنج ساڵ قیستی مانگانە كە بە بانگ قەرزدار بوون، ئەو قەرزدارییەش بە بانگ بۆ دەست پێوەگرتن لە دانیماڵیات بە حكوومەت بوو. دەنا هیچیتر قەرزدار نەبوون.

لە سەرەتاوە كە ساندرا و هانری دڵیان پێكەوە بوو و ژیانی هاوبەشیان پێك هێناو ئێستا بوونەتە خاوەن ماڵو پۆشتەوپەرداخ و خۆش بژیوو دوو منداڵ، دەكرێ بڵێین:

ــ تەقریبەن ژنو مێردێكی بەختەوەرن. شتێكی كە هەر لە سەرەتای پێوەندی ژنو مێردایەتیان سەرنجیان نەدەدایە، ئەو وێنا تایبەتییانەی لە شێوەی بەردەوامی ژیانو داخوازییە دەروونییەكانیان بوون كە لە سەردەمی هەرزەكاری لەگەڵیدا گەورە ببوونو خوویان پێگرتبوو و هەركامێكیشیان بۆ خۆی بەوجۆرە بیری دەكردەوە كە ڕێگای دروستی ژیان تەنیا ئەوەیە كە ئەوان خوویان پێگرتووە. قەت بیریان لەوە نەكردبۆوە بۆوێنە دەبێ زیاتر سەرنج بدەمە حەزو ئارەزووی بەرامبەرەكەم، چونكە ئیتر وەك سەردەمی ڕەبەنایەتی بە تەواوی ئازاد نیم و دەبێ هەموو شتێك دەگەڵ هاوبەشی ژیانەكەم بێنمە گۆڕێو باسی بكەمو ڕێز بۆ بیروبۆچوونو داخوازییەكانی لایەنی بەرامبەرم دانێم، گەرچی ئەو داخوازییانەشم بە دڵ نەبن، دەبێ بە خاتری هاوبەشی ژیانەكەم دەستیان لێ هەڵگرم یان لانی كەم كەمێك كۆتا بێم. لەبەرچاوگرتنی ئەم شێوازە، مرۆڤ بەرەو ڕێگایەكی ڕاستو دروستتری ژیان ڕێنمایی دەكا. بەهەرحاڵ تاقمێك لە گەنجەكان زۆر درەنگ لە ڕەوتی ژیانی هاوبەش تێدەگەن كە چ چاوەڕوانییەكیان لەم ژیانە هاوبەشە هەیە و چیان دەوێو چ بەرپرسایەتییەكیان

لەسەر شانە. ئەم خاڵانە دواتر ڕوون دەبنەوە، کاتێك کە ئاوێکی سارد بە سەر عیشقی بەتینی گەنجێتی‌دا دەکرێو تا ڕادەیەك بڵێسەکانی ئەم ئاگرە دادەمرکێتەوەو چی دیکە بیرو هزر ناتوێنەوە. یان بە واتایەکی‌تر، لۆژیكو لەبەرچاوگرتنی مافی بەرامبەر، جێگای هەڵچوونو کەللەڕەقی‌و سەرەڕۆیی دەگرێتەوە، ئەو کاتەیە کە مرۆڤ وەخەبەر دێ. بەڵام جاری وایە ئەم وەخەبەر هاتنە وەدرەنگێ کەوتووە.

هانری لە بواری ئابووری‌یەوە مرۆڤێکی پلە و پایە خۆشەویستو پێشکەوتنخواز بوو، شەو و ڕۆژ بیری لەوە دەکردەوە کە کارێك لە ئی خۆی لەسەرتر وەدەست بێنێ، هەرچەند لە بواری ماددی‌یەوە هیچ تەنەخی‌یەکی لە ژنو منداڵەکانی نەدەکردو هەموو پێداویستی‌یەکی ئاسایشی ژیانی بۆ بنەماڵەکەی دابین دەکرد. بۆوێنە ئەگەر خێزانەکەی داوای ئەستێرەیەکی لە عاسمان بکردایە، هەوڵی دەدا، بە پارە بۆی بێنێتە سەر زەوی، بەڵام چونکە بەردەوام خەریکی کار بوو، واتە کەمتر ڕێ دەکەوت ڕۆژێك کارەکە بەجێ بێڵێو لەنێو ژنو منداڵەکانی‌دا بێو واش بیر وەکا کە ئەوانیش پێویستی‌یان بەوەو کار مێعیاری هەموو شتێك نی‌یە. بەڵام بەداخەوە بۆ خێزانو منداڵەکانی جیاواز لە کار هیچ شتێکی دیکەی لەبەرچاو نەبوو. یانی حەزی لە سەیرانو کەیفو خۆشی نەبوو و تەنانەت پشووی ساڵانەکەشی دەگەڵ بنەماڵەی خەزووری‌دا دەبردە سەر. بە پێچەوانەی ئەو، ساندرا کچێکی جوانو عاشق بوو و زیاتر بیری لە ڕواڵەتی خۆی‌و جلو بەرگ و خۆش گوزەرانی دەگەڵ مێردەکەی‌دا دەکردەوەو ئەگەر زۆریش دەست کورتو نەدار بوونایە، بەلایەوە گرینگ نەبوو. بۆیە ئەگەر مێردەکەی لە حەوتوودا چەند سەعاتێکی بۆ تەرخان بکردایە، ساندرا دەی‌توانی وەفادارترین ژن بە مێردەکەی بێ. لەڕاستی‌دا کارە سەرەکی‌یەکەی ماڵداری، بەخێوکردنی منداڵەکانی‌و

سەرقاڵی دیکەی خوێندنەوەی چیرۆکو چاو لە تەلەڤزیۆن کردن بوو. دیارە بوونی دوو منداڵ لەو تەمەنە لاوەتی‌یەدا بە ئەندازەی پێویست سەرقاڵی کردبوو و ئەگەر کارێکیشی بووایە، نەی‌دەتوانی ئەنجامی بداو تەنانەت بەردەستیشی دەگرت. لەڕاستی‌دا تا کاتێکی کە منداڵەکانی گەورە نەببوون، ساندرا بیری لە هیچ شتێکی دیکە نەدەکردەوەو شەو و ڕۆژ پی‌یانەوە خەریك بوو. زیاتر لە چوار ساڵ بوو کە دەگەڵ هانری‌دا زەماوەندیان کردبوو و منداڵەکانیشی بە تەواوی خافڵاندبوویان، کەوابوو کێشەیەکی ئەوتۆی نەبوو. وێ دەچێ هەر ئەو مەشغەڵەتی‌یە بوو کە دەرەتانی بیرکردنەوەی لەمەڕ تام و تێژی ژیانو خۆش گوزەرانی لێ‌گرتبوو. بەڵام ئێستا کە یەکێك لە منداڵەکانی پێی ناوەتە باخچەی ساوایانو زیاتر دەگەڵ "تینا"ی گچکۆکەی‌دا لە ماڵەوەیە و مێردەکەشی بەردەوام خەریکی کارە، ئەم بیرۆکانە بوونەتە خۆرکە و وا بیر وەکا کە گەنجێتی جارێکە و ئیتر ناگەڕێتەوەو ئەگەر کەڵکی لێ‌وەرنەگری لەدەستت دەچێ. زۆر جار بیری لە ڕابردووی سەردەمی منداڵی‌و تازە لاوی‌و تام و تێژەکانی ژیانو نەبوونی مێردەکەی دەکردەوە کە هەموو ڕۆژێك تا درەنگانێکی شەو نایەتەوە بۆ ماڵێ‌و دەشی دیی کە هیچ تامو تێژێك لە ژیانی ژنو مێردایەتی لەم سەردەمی گەنجێتی‌یەدا نابینێ. گەلێك جار لەبەرخۆیەوە دەی‌گوت:

ــ هانری بەردەوام خەریکی کارەو تەنانەت لەم ماوەدا بۆ تاقە جارێکیش نەچوونەتە دیسکۆ و پشووی ساڵانەکەشی زیاتر دەگەڵ منداڵەکانی لە ماڵی دایكو باوکیان بەسەر بردوە کە تەنانەت هانری کارە ماڵیاتی‌یەکانیشی دادەنا بۆ ڕۆژە پشووەکان کە ئەنجامیان بدا. ساندرا زۆری حەز لەوە بوو کە مێردەکەی کاتێکی زیاتری بۆ ئەو و دوو منداڵە تەمەن سێ و چوار ساڵەکانی تەرخان بکردایە. ناوبراو لەم ئاخرو ئۆخریانەدا

ئەو خاڵەی بە گوێی مێردەکەی هەڵێنا. هانری بە خۆشڕوویی‌یەوە بە چاو ئاماژەی دەکرد کە قەت ئەم کارە ناکرێ. هانری هەمیشە بیانوویەك و پاساوێکی بوو کە لە ژێر باری ئەو بەرپرسایەتی‌یە و گەیشتن بە خێزانە جوانەکەی، بێتەدەر. بەو جۆرەی کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، تەنیا شتێکی کە بە بیری هانری‌دا دەهات، وەدەست هێنانی بەرپرسایەتی‌یەکی بەرزترو داهاتێکی زیاتر بوو لە کۆمپانیاکە و واشی بیر دەکردەوە کە لەو ڕێگایەوە دەتوانێ ژن‌و منداڵەکانی لە هەموو بوارێکەوە بەختەوەر بکا، کە ئەوەش بۆ خۆی هەڵەیەکی گەورە بوو. هانری هەر بەهۆی نەبوونی وەها کاتێك بۆ خێزانە جوان‌و تەڕو تازەو خنجیلانەکەی، بووە هۆی ئەوە کە ساندرا کەم کەم لە ژیان کردن دەگەڵی‌دا وەڕەزو بێزار بێ‌و لە هەر دەرفەتێکی کە بۆی بڕەخسایە یان بە واتایەکی‌تر لە دەرفەتێك دەگەڕا کە بۆ خۆش گوزەرانی‌و ڕابواردن کەڵکی لێوەرگرێ. هەرچەند بەخێوکردنی دوو منداڵی گچکە قەت ئەو دەرفەتەیان پێنەدەدا کە چەند سەعاتێك لەو شەو و ڕۆژانەی کە مێردەکەی بۆ مەئمووریەتی کۆمپانیا دەچووە سەفەرو لە ماڵەوە نەبوو، بۆ خۆی کەڵکی لێوەرگرێ. کەواتە هەلەکانیش بەداخەوە کەمتر بۆ ساندرا دەڕەخسا. بەڵام کە بۆی هەڵ کەوتایە، کەڵکی لێوەردەگرت و بستێکی بە قەرز نەدەدا. ڕۆژێکیان ساندرا کچە تازە سێ ساڵانەکەی دەگەڵ کوڕەکەی‌دا کە نزیك بە ساڵێك دەبوو دەیبردە باخچەی ساوایان، بۆ تاقی کردنەوە بردیە هەر ئەو باخچەی ساوایانە. ساندرا ویستی تاقی بکاتەوە کە تا چ ڕادەیەك کچەکەی بەبێ بوونی دایکی لە باخچەی ساوایان هەڵ دەکا و دەمێنێتەوە. ناوبراو تینای کچە گچکەکەی یەکەم جار بوو دەگەڵ براکەی‌دا بیباتە باخچەی ساوایان. ساندرا دوای ناساندنی تینا بە منداڵەکانی دیکە، بە سەرپەرشتی باخچەکەی سپاردو لە

كاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵێ لەنێو ڕێگادا، لەگەڵ هەست بە ئازادی كردنو بوونی كاتێكی تەواو، چاوێكی لە سەعاتە دەستی‌یەكەی كردو دیتی سەعات ١٠ی بەیانی‌یە، لەوكاتەدا لەبەردەم قاوەخانەیەك كە مێزو سەندەڵی‌یان لە هەوایەكی فێنكو هەتاوی‌دا لێ ڕازاندبوونەوەو چۆڵیش بوو، هەڵوێستەیەكی كردو چاوێكی بە دەوروبەردا خشاندو سەرەنجام لە قەراغ مێزێك لەسەر كورسی‌یەكی نەرم لێی دانیشت. تا ئەوكاتە ساندرا یەكەم میوانو مشتەری لاوەكی ئەو قاوەخانەیە بوو. داوای لە خزمەتكارەكە كرد كە قاوەیەكی بۆ بێنێ، بە خەیاڵێكی ئاسوودەوە خەریكی خواردنەوەی قاوەكەی بوو و چاوێكی لە ڕۆژنامەیەك كە لەسەر مێزەكە داندرابوو، كردو خەریكی خوێندنەوەی لاپەڕەی هەواڵو وتارەكانی بوو. لەوكاتەدا بیری لە مێردو مندالّەكانی دەكردەوە، لەنەكاو سەری لەسەر ڕۆژنامەكە هەڵگرتو ویستی چاو لە خاڵێكی دوور بكاو بیر لە سەردەمی گەنجێتی‌و سەرەتای زەماوەندەكەی دەگەڵ هانری‌دا بكاتەوە، بەڵام لە بیست هەنگاوی‌دا چاوی بە گەنجێكی جوان چاكو لەبەردڵان كەوت كە دەچوو بۆ دووكانی سەوزی فرۆشی‌یەكە، هەر لەوێوە ڕاستەوخۆ چاوی تێ‌بڕیبوو و بە چاوی مشتەری‌یەوە لێی دەڕوانی. گەنجەكە بە بینینی ڕووخساری جوانو لەبەرڵانو خوێن شیرینو چاو خوماراوی ساندرا، زەردەخەنەیەكی كردو دەستێكی بۆ هەڵتەكاند. ساندرا كە لە نەبوونی چەند شەوەی مێردەكەی ناڕەحەت بوو، دەست بەجێ لەو بیرۆكانەی پێشووی لای دا و لەنەكاو خۆشحاڵو گەشایەوەو هەر لە یەكەم ڕوانین‌دا عاشقی ئەو گەنجە بوو و هەموو ناڕەحەتی‌یەكانی لەبیر خۆی بردنەوەو بە نیشانەی ڕەزامەندی، دەستێكی بۆ هەڵتەكاندەوە. گەنجەكەش بە پێكەنینە دڵگراوی‌یەكەی، لەحاڵێكدا كە هەنووكە دەستی هەر بە حەواوە بوو، چووە دووكانی سەوزی فرۆشی‌یەكەی دوو

دووکان ئەوبەر قاوەخانەکەوە. لەڕاستیدا دەیویست بۆ نیوەڕۆیە سووبێکی تەماتە ساز بکا. بۆیە کەمێك میوە، سەوزیجات، تەماتە، کارگ، پیواز، ئاڵەت و زەردەچێوەو ... کڕیۆ لە کاتی هاتنە دەرەوە لە سەوزی فرۆشییەکە و گەڕانەوەدا، دیتی کە ساندرا هەنووکە لەبەردەم قاوەخانەکەدا دانیشتووە. ئەم جارە هاتە پێشترەوەو سڵاوێکی کردو گوتی:

ـ هەر لێرە ماوی!

ساندرا بە پێکەنینەوە لە وەڵامدا گوتی:

ـ من نیو سەعاتێك نابێ کە هاتووم و قاوەکەشم نەخواردۆتەوە، سەرەڕای ئەوەش کاتم ماوەو هەواش زۆر خۆشە و تازەش منداڵەکانم بردوون بۆ باخچەی ساوایانو دەتوانم تا سەعات یەکو نیوی پاش نیوەڕۆیە هەناسەیەکی بێترسو نیگەرانی هەڵمژم.

گەنجەکە گوتی:

ـ وێ دەچێ وەختێکی زۆرتان نەبێ، وایە؟

ساندرا گوتی:

ـ کوا ئینسان بە دوو منداڵی گچکەوە، کاتی سەر خوراندنیشی هەیە.

گەنجەکە کە خۆی بە داریووش ناساند، گوتی:

ـــ ئیزن دەخوازی لە لات دانیشم.

ساندرا لەگەڵ خۆ ناساندنی، وەڵامی داوە:

ــ فەرموون، مەسەلەیەکی نیە.

ئەویش دانیشت و زۆری نەخایاند کە خزمەتکارەکە هات و گوتی:

ــ حەزت لە چییە؟

داریووش گوتی:

ــ تکایە قاوەیەکیش بۆ من بێنە و، ڕووی لە ساندرا کردو گوتی:

ــ حەزت لێیە قاوەیەکی دیکەشت بۆ بێنێ؟

ساندرا گوتی:

ــ نەخێر، زۆر سپاس، قاوەیەك بەسە. بەڵام ڕووی لە خزمەتکارەکە کردو داوای پەرداخێك شەربەتی پرتەقاڵی کرد.

داریووش گوتی:

ــ کەواتە قاوەیەکو پەرداخێك شەربەتی پرتەقاڵ بێنە، کاتێك کە خزمەتکارەکە ڕۆیشت، ڕووی لە ساندرا کردو گوتی:

ــ بۆ شەربەتەکە میوانی منی، چونکە بە خاتری من مایتەوە.

ساندرا سپاسێکی کردو گوتی:

ــ وەکوو یەك وایە! چ لێرە وەمێنم یان بچمەوە ماڵێ، کەواتە ئێرەم پێ باشتر بوو.

زۆری نەخایاند کە خزمەتکارەکە بە قاوەیەك و شەربەتێکی پەرتەقاڵەوە گەڕاوە.

نێوەڕۆکی قسەکانیشیان لەو کەشو هەوا باشو خراپەدا خولی دەخوارد. هەربۆیە داریووش لەحاڵێکدا لێوێکی بە قاوەکە تەڕ کرد، هەر درێژەی بەوەداو گوتی:

ـــ بەڕاستی دانیشتن لەبەر ئەم هەتاوە خۆشو هەوا فێنکەدا دەچەسپێ.

ساندرا لە پشتگیری قسەکانیدا گوتی:

ـــ بەڵێ، بەڕاستی منیش ئێستا چێژێکی لێوەردەگرم. بەڵام بەداخەوە تا ئێستا نەم دەتوانی لەم بەربەڕۆچکە و هەتاوە خۆشەدا بەبێ ترسو نیگەرانی لێی بەهرەمەند بم. مەگەر منداڵەکان دەیان هێشت؟ ئەوان دەست و پێی مرۆڤ دەگرن. دیارە گلەییم نیە، چونکە ئەوە ویستی خۆمان بووەو هیچیشی دەگەڵ ناکرێ.

داریووش گوتی:

ـــ مەگەر تەنیا دەژی یان لە مێردەکەت جیا بوویتەوە؟

وەڵامی داوە:

ـــ نەخێر، لێی جیا نەبوومەوە، بەڵام بەهۆی سەرقاڵیو کاری زۆرەوە پێی ناکرێ هاوکاریم بکا و تەنانەت کاتێکی ئازادیشمان بۆ دانانێ، هەمووی کار و کار. بەیانی زوو دەڕوا و زۆر جار تا درەنگانێکی شەو بۆی ناکرێ بێتەوە. ئێستا چەند ڕۆژێکە چۆتە مەئمووریەت.

داریووش گوتی:

ــ ڕاستی ئەگەر لە مەئمووریەت بێو بە بیانووی کارو سەرقاڵی زۆرەوە کاتەکەی دەگەڵ ژنانی دیکەدا بەسەرنەبا، چ کێشەیەکی نیە و دەگەڵی ڕابێی. دیارە حەتمەن کاری زۆرەو دەبێ ئەوەش بڵێم هەرچەند جوان چاکیش بێ، پێم وانەبێ دوای ژنێکی جوانی وەك تۆ، ئیزن بە خۆی بدا، کاتەکەی دەگەڵ ژنانی دیکەدا پڕ بکاتەوەو ڕای بوێرێ!

ساندرا گوتی:

ــ نا، نا، یەکەم لە تۆ جوان چاکتر نیە و منیش وابیر ناکەمەوە بەو شێوەیە بێ یانی دڵ پیسی لێناکەم. بە هیچ جۆر ئافرەتێکیتر لە ژیانیدا جێی نیە. بەڵام کار بۆ ئەو گرینگتر لە هەموو ئافرەتێکو تەنانەت بنەماڵەکەشیەتی. هەر ئەو مەسەلەیە ئازارم دەدا.

داریووش گوتی:

ــ حەیفە ناڕاحەتت بکەن! ئایا قەت لێت بیستووە کە بڵێ کارەکەی لە تۆو منداڵەکانی پێ گرینگترە؟

ساندرا گوتی:

ــ نەخێر، ئەسڵەن ئەوەم لێنەبیستووە، بەڵام مرۆڤ لە ئاکارو کردەوەیدا دەیبینێ کە پارەو پلە و پایەی بۆ گرینگترە.

داریووش گوتی:

ــ بەڵام ناوبراو، تۆو منداڵەکانی لە بواری ماددییەوە دابین دەکا، مەگەر نا؟

ساندرا گوتی:

ــ مێردەکەم هیچ تەنەخییەك ناکا و هەرچی هەیەتی لە بەردەستی ئێمە دایە، بەڵام پێم وابێ تەنیا دابین بوون لە بواری ماددییەوە بەس نیە، بەڵکوو ژنو منداڵ پێویستی زیاتریان بە ئەوینو خۆشەویستییە تاکوو بوونی پارە.

داریووش لەگەڵ پشتگیری قسەکانی ساندرا گوتی:

ــ بەهەرحاڵ دەمەوێ بۆ نیوەڕۆیە ئۆملێتێك ساز بکەم، ئەگەر بۆت دەکرێ، پێم خۆشە ئەم ژەمە پێکەوە بخۆین!

ساندرا گوتی:

ــ زۆرم پێخۆشە، بەڵام ئەوپەڕەکەی تا سەعات یەکو نیو زیاتر کاتم نیە و دوایە دەبێ بچم بە شوێن منداڵەکانمدا لە باخچەی ساوایان.

داریووش گوتی:

ــ مەسەلەیەکی نیە، ماڵەکەم زۆر لە باخچەی ساوایانەوە دوور نیە، بە پێیان دوو خولەکە ڕێیە.

ساندرا گوتی:

ــ ئەوەی ڕاستی بێ منداڵەکانی منیش هەر لەو ڕەوزەیەنو لە درێژەدا گوتی:

ــ زۆر باشە، گەلێك سپاس لە دەعوەتەکەت، دەتوانم لە لێنانی ئۆملێتەکەدا هاوکاریت بکەم.

داریووش گوتی:

ــ سپاس، بەڵام ڕەبەنی ناچاری کردووم لانی کەم تا ڕادەیەك ئۆملێت لێنان فێر بم.

ساندرا گوتی:

ــ لە بیرت نەچێ کەیبانوویەکی بە تەواو مانام و بۆ مێردو دوو منداڵەکانیشم چێشت لێدەنێم، لانی کەم پێنج ساڵ ڕاهێنانی بەردەوامم لە لێنانی چێشتدا هەیە و پێکەنی!

سەعات دەوروبەری یازدەی بەیانی بوو، دوای خواردنەوەی قاوەو شەربەتی پرتەقاڵەکە، هەستانو بەرەو ماڵی داریووش وەڕێ کەوتن کە لە دوو دیوی خانووبەرەیەکی چەند نهۆمیدا دەژیا. لەنێو ڕێگادا ساندرا لێی پرسی:

ــ چ دەکەیو چۆن بوو ئەمڕۆ نەچوویتە سەر کار؟

وەڵامی داوە:

ــ من لە کۆمپانیایەکی بەرهەم هێنانی بووکە شووشەی منداڵان کار دەکەم، بەڵام لێی وەڕەز بووم، بۆیە دوو حەوتوویەك دەبێ وازم لێ هێناوەو بە تەمام دووکانێکی بووکەڵە فرۆشی بکەمەوە. هەر ئێستا کرێکارەکان خەریکن دووکانەکەم بۆ ڕەنگ دەکەن. ئەوان بە دەم قسەکردنەوە گەیشتنە ماڵەکەیو لە پلیکانەکان وەسەر کەوتنو چوونە ژووری.

داریووش بەخێر هاتنی کردو فەرمووی کرد کە دانیشێ، بەهۆی درەنگ بوونی کاتەوە بۆخۆی خێرا چووە ئاشپەزخانە و تەماتەی هێنانو پاش شۆردنەوەیان دەستی کرد بە هەنجنینیانو هەروەها وردکردنی پیوازەکان. ساندرا کەمێك بە دەوروبەریدا

ڕوانیی‌و پاشان هەستاو چووە ئاشپەزخانە گچکەکەی کە ڕووبەڕووی ژووری دانیشتنەکە بوو و گوتی:

ـ ئیزن دەدەی من کارگەکان ورد کەم و سووبێکی تەماتە لەگەڵ کارگ دروست بکەم؟

داریووش پێی ناخۆش نەبوو و گوتی:

ـ ئەگەر زەحمەت نیە، زۆریشم پێ خۆشە کە یارمەتیم بدەی. بەڵام بۆ خۆم پیوازەکان ورد دەکەم، چونکە تازە من چاوم ئاویان کردووەو ئیتر نامەوێ چاوەکانی تۆش ئاو بکەن.

ساندرا پێکەنی‌و گوتی:

ـ دەزانم! پاك کردن‌و هەنجینی پیواز لەو سەرەتایانەوە زۆری حاجز دەکردم، بەڵام چونکە ئەوە کاری هەموو ڕۆژێکمە، خووم پێگرتووەو زۆر دەمێکە چاوەکانم لە بەرامبەر ئەم حەساسیەتەدا خۆڕاگر بوونە و ئیتر بە وردوپرد کردنی پیواز ئاو ناکەن. ئەگەر پێت خۆشە من پیوازەکان ورد دەکەم‌و تۆش کارگەکان کەمێك سوور بکەرەوە.

داریووش لە دڵەوە پێی خۆش بوو و هەر زوو چەقۆکەی دایە. لەکاتی پێدانی چەقۆکەدا کەمێك دەستەکانی لەسەر دەستی ساندرا دانا و لاواندنیەوە. ساندرا چەقۆکەی لێوەرگرت و بزەیەکی هاتێ‌و دەستی کرد بە هەنجینی پیوازەکان‌و ناوە ناوەش بە سیلەی چاو دەیان ڕوانییە یەکتری. لەوکاتەدا کە داریووش خەریکی سوورکردنەوەی کارگەکان بوو، ساندرا گوتی:

ـــ پیوازەکە ئامادەیە و ئەگەر چاوەیەکی تەباغەکە بێ کار بێ، من ئەم پیوازە وردکراوانە لەگەڵ تەماتەکاندا کەمێك سوور دەکەمەوە.

داریووش گوتی:

ـــ زۆر باشە، ئەگەر پێت وایە پێویستە، ئەم چاوەی تەنیشت من بێ کارەو هەر لەڕێوە هەڵی کرد.

ساندرا گوتی:

ـــ پیوازەکە لەگەڵ کەمێك ڕۆن سوور دەکەینەوەو دوایەش تەماتەکە دەکەینە سەر پیوازو ڕۆنەکە و دوای چەند خولەك کەمێکی ئاو پێ زیاد دەکەینو بۆ ماوەی پێنج خولەك لە گەرمای سێ پلەدا کە ئاو و تەماتە و پیوازەکە کوڵێن، کارگە سوورکراوەکەی پاڵ دەکەینو دواتر ئاڵەتو زەردەچێوەو خوێشی تێدەکەینو دە خولەکێك لێی دەگەڕێن تا بکوڵێ، دوایە سووب ئامادەی خواردن دەبێ.

داریووش گوتی:

ـــ تا ئێستا وام نەکردوە، بەڵام وێ دەچێ خراپ نەبێو هیوادارم تامەکەی لە سووبەکانی من خۆشتر بێ.

لەحاڵێکدا کە ساندرا تەماتەکەی دەبرد بیکاتە سەر پیوازو ڕۆنەکە، لەنەکاو داریووش بەرەو لای دەرگای ئاشپەزخانەکە گەڕاوەو لەنێو دەرگاکەدا تێك ترینجان. هەردووك کەمێکیان ڕوانییە یەکتریو ساندرا بە دەستێکی تەماتەکەی کردە سەر پیوازەکە و تەختەکەی لەسەر ڕەفەی پەنا تەباغەکە دانا و دەستەکەی دیکەی

خستە سەر شانی داریووش‌و كەمێك فشاری دا. لەوكاتدا داریووش چاوی بڕیە چاوە خومارەكانی ساندراو دەستێكی بە ڕوومەتی داهێناو لەنەكاو لێوەكانیان لە دوورەوە وەك موقناتیس لێك نزیك بوونەوە. چەند خولەكێك لێوەكانیان لەسەر یەكتری‌دا قەپات كرابوون‌و ئاگایان لای خۆ نەمابوو كە بە بۆنی پیوازو قرچەقرچی كارگەكان داچڵەكان. ساندرا بە پێی شێوازی ئاشپەزی‌یەكەی، بە ئەسكوی‌یەك پیوازو تەماتەكەی تێك وەردا و كەمێكی ئاو كردە سەر كارگە سووركراوەكە و دوایە كردیە نێو مەنجەڵی پیوازو تەماتەكەوەو سەری مەنجەڵەكەی ناوەو گوتی:

ـــ دە خولەكی‌تر دەكوڵێ.

دەستی یەكتریان گرت‌و چوونە ژووری دانیشتنەكە.

داریووش گوتی:

ـــ هەرچەند ئێستا زۆر زووە، بەڵام دەگەڵ پەیكێك شەرابی سوورە چۆنی؟

ساندرا بە چاوە جوان‌و خومارەكانی وەڵامی بەڵێی داوە.

داریووش شووشەیەك شەرابی سوور كە لەسەر سەلاجەكە بوو، هێنایە خواری‌و دوو پەرداخی خاوێنیشی لەسەر مێزەكە دانان. بە خواردنەوەی یەكەم قومی شەرابی سوورو ڕوانینە تەماح و چڵێساوی‌یەكانیان، لەنەكاو پرداخەكانیان خستنە سەر مێزەكە و خۆیان لە باوەشی یەكتری هاویشت‌و ئەویندارانە دەستیان كرد بە ماچ كردن‌و دەست بازی‌و تلاوتل كردن. ڕامووسانەكان تا ئەو ڕادەیە درێژ بۆوە لەسەر قەنەفەكان كە

یەكتریان ژێرخۆ نابوو تەڕو تلّیس ببوون، لەنەكاو ساندرا هاتەوە بیری كە سووبەكەی ئامادەیە.

پاشماوەی شەرابی نێو پەرداخەكانیان بە خۆشی یەكتری هەڵدا، داریووش كە مێزی نان خواردنەكەی دەڕازاندەوە، ساندرا چووە ئاشپەزخانە و مەنجەڵەكەی لەسەر تەباغەكە هێنایە خوارێو لەگەڵ تەختەیەكی خڕ كە مەنجەڵەكەیان لەسەر دا دەنا، هێنانی. داریووشیش نان باگێتی[33] كڕیبوو بە كارت پارچە پارچەی كردنو خستنیە نێو سەلەیەك و لەسەر مێزەكە دایانان. ساندرا سووبی بۆ خۆیو بۆ داریووشیش تێكرد، هەرچەند خواردنەكەیان دەرویشانە بوو، بەڵام پێكەوە شاهانە نۆشی گیانیان كرد. لەڕاستی‌دا شاهانە بوونی خواردنو تام و چێژەكەی لەو چاو بڕكێو بە سیلە چاو لەیەكتر كردنانە بوون كە بە چاوەكانیان تا قووڵایی هەناو و دەروونی مرۆڤ دزەی دەكردو كاریگەری دادەنا.

گەلۆ! چەندە جوانو دڵ ڕفێنە ئەو سەردەمانەی كە ئەوینو خۆشەویستی( فەرق ناكا لە چ تەمەنێكدا بێ)، لە یەك كاتدا سەرانسەری جەستەی مرۆڤ دادەگرێ! ساندرا چاوێكی ئەویندارانەی لە داریووش كردو گوتی:

---

[33] : نانی "باگت": جۆرە نانێكی درێژو خڕی فەڕانسەیە.

ــ چاوەکانت لەگەڵما دەدوێن‌و شتێکم پێ دەڵێن، نەکا عاشق بووبی! ئاگات لەخۆ بێ، لەگەڵ ئەوەی‌دا تەمەنم بیست و چوار ساڵە، مێردێك و دوو منداڵم هەیە. بەڵام داریووش لە خەیاڵی خۆی‌دا دەی‌گوت:

ــ لەوەها ساتێکا خۆشەویستی ئەو شتانە نازانێ، لەو کاتەدا ساندرای لە ئامێز گرت‌و دەمی خستە نێو دەمی‌و گوتی:

ــ چ پێت تاڵ بێ‌و چ شیرین، ڕووخساری دڵ ڕفێن‌و هەڵس‌و کەوتەکەت منی شێت و شەیدا کردوە. ئێستا ئەگەر تۆ ئەمە ناو دەنێی خۆشەویستی یان هەر شتێکی‌تر، لەگەڵ ئەوەش‌دا ماچ کردن‌و چاو بڕکێ‌یە تەماحاوی‌یەکەشیان هەر بەردەوام بوو، بەڵام خەریك بوو سەعات لە یەکی نیوەڕۆیە لا دا. ساندرا چاوێکی لە سەعاتەکەی کردو گوتی:

ــ دەبێ بچم بە شوێن منداڵەکانم لە باخچەی ساوایان‌و بیان بەمەوە بۆ ماڵێ‌و شتێکیان بۆ لێنێم. ڕووی لە داریووش کردو پارچە قاقەزێکی لە جانتاکەی دەرێنا و ژمارەی تەلەفوونەکەی لەسەر نووسی‌و پێی دا و گوتی:

ــ هەرکاتێك ویستت، دەتوانی لە ڕۆژدا زەنگم بۆ لێدەی‌و بێ‌گومان خۆشحاڵیشم دەکەی. داریووشیش بە خۆشحاڵی‌یەوە ژمارەکەی لێ‌وەرگرت‌و کارتێکی ڕیکلامی دووکانەکەی دایە کە تازە بۆ بووکەڵە فرۆشی‌یەکەی چاپ کردبوون.

چەند ڕۆژێك لەو چاوپێکەوتنە تێ‌پەڕی‌و لەو نێوەش‌دا مێردەکەی لە مەئمووریەت گەڕابۆوە، بەڵام هەستی دەکرد کە خێزانەکەی لە چاو کەڕەتەکانی پێشوو گۆڕدراوە. وەك پێشوو زۆر سەروڕووی لەگەڵی خۆش نیە و هەموو شتێکی دەکردە بیانوو بۆ

ئەوەی تووڕە ببێ. هانری هەوڵی دەدا زیاتر لەوە خێزانەکەی ناڕەحەتتر نەکاو لەسەرەخۆتر بێو لەوەی کە بە دوو منداڵی گچکەوە زۆری بەجێ دێڵێ، حەقی پێدەدا، بەڵام تەماحی پلە و پایە و پۆستی بەرزترو وەدەست هێنانی داهاتی زیاتر ئەم دەسەڵاتەی لێ ئەستاندبوو کە زیاتر بە ژنو منداڵەکانی ڕابگا. سەرەڕای ئەوەش ئەو کاتانەی لە ماڵەوە نەبوو، بەردەوام بە قوربانو سەدەقەی ژنەکەی دەبوو و لەوەی کە ناتوانێ زۆریان پێڕابگا، داوای لێبووردنی لێدەکرد. لەوەها حاڵەتێکو بە تایبەت لەم ئاخرو ئۆخریانەدا، عوزرخوازیو داوای لێ بووردنەکەشی تەنیا جۆرە پاساوێکو ساندراش بە گوێیدا نەدەچوو. ئەم بیرۆکەیە لە مێشکی ساندرادا دەخولاوەو بەردەوام بیری لێدەکردەوە لەوە زیاتر ناتوانێ درێژە بەو جۆرە ژیانە ئەویش لەو تەمەنە گەنجێتییەدا بدا و پیلانی جیابوونەوەی لە مێشکیدا دادەڕشتو وای بیر دەکردەوە، ئایا کەسێکی بۆوێنە وەك داریووش منی بە دوو منداڵەوە خۆش دەوێو ئەگەر وابوو، ئایا منداڵەکانیشم قەبووڵ دەکا؟!

گەلۆ! بەداخەوە ئاگادارکردنەوە بەردەوامەکانی ساندرا کە لە قاڵبی تووڕەییدا دەری دەبڕی، لە لایەن هانرییەوە زۆر بە جیددی نەدەگیران یان ئەوەتا کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر دانەدەنا. هانری وای بیر دەکردەوەو لەو خەیاڵەدا بوو کە ساندرا دوو منداڵی لێی هەیە و زۆربەی کاتەکانی ڕۆژانەی دەگەڵ ئەو منداڵانەدا بەسەر دەبا. کەواتە دەبێ ناوبراو لە لایەن ساندراوە خەیاڵی تەخت بێ واتە خاترجەم بێ. لە بیرو بەرنامەشیدا بوو، کاتێك کە پارەو سەرمایەیەکی باشی پاشەکەوت کرد، دەست لەو کارە هەڵگرێو نووسینگەیەکی سەربەخۆی ژمێریاریو ڕاوێژکاری ماڵیات بکاتەوە، تا ئەو کاتیش منداڵەکانی گەورە دەبنو دەچنە قوتابخانە و دەتوانێ لە

نووسینگەی کارەکەیدا ژوورێك بۆ خێزانە ژیکەڵانەکەی ئاوەدان وەکاو مێزێکی کارو کۆمپیۆتەرو تەلەفوونو ... لێدانێ و سکرتێرەیەکیش بەکرێ بگرێ کە نیوەی ڕۆژێ لە نووسینگەکەدا بێو کارە ساکارەکانی وەك خوێندنەوەی نامەکانو تایپ و چاو لێکردنی بەرنامەکانی کۆمپیۆتەر ئەنجام بدا. ئەمە خەیاڵێك بوو لە مێشکی هانریدا و بیری لێکردەوە.

ڕۆژێکیان ساندرا تازە لە باخچەی ساوایان گەڕابۆوەو چونکە ئەو ڕۆژە بێکارو ئازاد بوو، ویستی تەلەفوونێك بۆ داریووش بکا، لەنەکاو زرەی تەلەفوونی بیست، کە گووشییەکەی هەڵگرت، داریووش بوو، دوای سڵاو و چاك و چۆنی گوتی:

ـــ ئەگەر ئەمڕۆکە بۆت دەکرێ، زۆرم پێ خۆشە بێیو دووکانە نوێیەکەم کە تەقریبەن دەکرێ بڵێین ڕەنگ کارییەکەی تەواو بووەو نیوەی دۆڵابەکانیشم داناون، نیشانتی بدەم.

ساندرا گوتی:

ـــ ئەزقەزا هەر ئێستا بەرەو تەلەفوونەکە چووم و ویستم زەنگێکت بۆ لێدەم کە تۆ دەست پێشخەریت کرد. ئەگەر دەکرێ سەعات یازدە بێی بە شوێنمدا، بەداخەوە سەیارەم نیە و ئەوەش ناونیشانی ماڵەکەمانە.

داریووش گوتی:

ـــ قەی ناکا، شەقامەکەتان لەسەر ڕێمە و تا نیو سەعاتی دیکە لەوێم و درێژەیدا، دەبێ کام زەنگە لێ بدەم؟

ساندرا گوتی:

ــــ تەنیا زەنگێك بە دەرگاکەمانەوەیە و ناوی هەر چوارمانی لەسەرە.

لەڕاستی‌دا داریووش بە ڕادەیەك عاشقی ساندرا ببوو و دەیەویست بەهەر جۆرێکی بووە دڵی ساندرا ڕاکێشێ. بۆیە تا ئەوکات بە ڕادەیەك هەستی دەکرد لە ساندراوە نزیکە کە ئەگەر هەر ئەو ڕۆژە لە هانری جیا بێتەوە، بۆ بەیانی‌یەکەی ژیانی هاوبەشی دەگەڵ پێك دێنێ. داریووش بە وەها بیرۆکەیەکەوە سواری سەیارەکەی‌و بەرەو ماڵی ساندرا وەڕێ کەوت. ساندرا و مێردەکەی لە ماڵێکی تەك نەبش بە باخێکی تا ڕادەیەك گەورە لە شوێنێکی لەباری شاردا دەژیان. زۆری پێ‌نەچوو زەنگی ماڵی ساندرا لێدرا و ئەویش خۆی حازر کردبوو و هەر زۆر زوو دەرگاکەی بۆ کردەوەو دوای سڵاو و چاکو چۆنی ئیتر فەرمووشی نەکرد بۆ ژووری‌و هەر لەوێوە سواری سەیارەکە بوون‌و هاتن بۆ دووکانی تازە ئاوەدان کراوی فرۆشتنی بووکەڵەکەی. پەردەی پەنجەرەکانیان هەڵاوەسی بوون‌و دێکۆڕاسیۆنەکەی نیوە تەواو و کرێکارەکان تەواوی دیوارەکانیان ڕەنگو ویشکیش ببوونەوەو نیوە لە دۆڵابەکانیشیان ڕێکو پێك کردبوون.

ساندرا گوتی:

ــــ جێگاکەی زۆر باشە و شوێنی هاتو چۆی بەردەوامی نە تەنیا منداڵان، بەڵکوو دایكو باوکەکانیشیانە. چونکە لە دوو قوتابخانەی سەرەتایی‌و ناوەندی‌یەوە نزیکە. حەتمەن مشتەری چاکیشت دەبن.

داریووش گوتی:

ــ هیوادارم، منیش هەر بە خاتری ئەو تایبەتمەندییانە بوو ئێرەم بە کرێیەکی کەمێك زیاتر لە ئاستی خۆی گرتووە. داریووش بە تەما بوو سەرەڕای وەویلکە جۆراوجۆرەکانی وەك شەمەندەفەری کارەبایی، سەیارەی کۆنترۆڵدار لە ڕێگای دوورەوە، بووکەشووشەی قسەکەرو ... ، کەلو پەلێکی دیکەی وەك کەرەسەی نووسین بۆوێنە ماژیك، قەڵەم، خودکار، کاغەزی نیگارکێشان، ڕۆژژمێری دیواری، کارتی پۆستاڵ و هتد، بۆ خوێندکارەکانیش بێنێ.

ساندرا پشتگیری ئەم بیرۆکەیەشی کردو گوتی:

ــ فکرێکی گەلێك باشە، ئەوکات هەموو خوێندکارەکانی ئەم قوتابخانانە دەکەونە ژێر سەیتەرەی تۆوەو لەگەڵ کڕینی بووکەشووشە و کەلو پەلی سەرقاڵی دیکەش، بۆ کڕینی کەرەسەی نووسینو نیگارکێشانەکانیشیان هەر دێنەوە لای تۆ.

هەر دووکیان دوای سەعاتێك سەردانو پشکنینی دووکانەکە، لەحاڵێکدا کە کرێکارەکان دەچوون بەرەو نان خواردنی نیوەڕۆیە، بە پێشنیاری داریووش، ویستیان نیوەڕۆکەش پێکەوە بن. دیارە ئەم جارەیان نەك سووبی تەماتە، بەڵکوو بچنە چێشتخانەیەك. ساندرا چاوێکی لە داریووش کردو لەحاڵێکدا دەستیان لەنێو دەستی یەکتریدا بوو و قامکی یەکتریان دەگوشین، هەر لەو دووکانە نۆژەن کراوەو دەرگا و پەنجەرە داخراوەدا یەکتریان لە ئامێز گرتو دەمیان نایە نێو دەمی یەکتریو وەك مار لێك ئاڵان. داریووش ساندرای بە دیواری نزیك دەرگای چوونە دەرەوەوە نووساندو سینگی بە سینگییەوە ناو هەستی بە تینی گەرمای مەمکەکانی کرد، لەگەڵ ئەوەی خاوەنی دوو منداڵی بوو، بەڵام سینگو مەمکێکی قوتو پتەوی بوون، بە تەماحییەکی

تاریف نەکراو لە لێو و دەم و چاو و ملو سینگی ساندرا ماچگەلێکی خەستو خۆڵی لێئەستاند تا ئەو جێیەی هەردووکیان تەڕو تلیس بوونو ساندرا تێگەیشت ئەگەر ئەم ماچانە درێژەیان بێ، داریووش هەر لەو دووکانە ڕەقو تەقو بەبێ هیچ کەرەسەیەك پێی دادەکەنێ. هەرچەند پێشی ناخۆش نەبوو کە بێئیرادە خۆی بخاتە بەردەستی داریووش، بەڵام ژیرانە بیری کردەوەو لە دەرفەتێکدا گوتی:

ــ بچینە کوێ بۆ نان خواردن؟

داریووش گوتی:

ــ چێشتخانەی ئیتالیایت پێ چۆنە؟ هەر لەو نزیکانە چێشتخانەیەکی باش هەیە کە چێشتەکانی بەتام و سرویسی باشیشی هەیە.

ساندرا گوتی:

ــ لەوە باشتر نابێ؟ زیاتر لە هەموو شتێك زۆرم حەز لە پیتزایە. کەواتە دەتوانین، بچینە ئەو چێشتخانە ئیتالیاییەی کە باسی دەکەی.

داریووش گوتی:

ــ حەیف ئەمڕۆش تا سەعات یەك و نیو دەرفەتت هەیە، پێم خۆش بوو زیاتر ...، ساندرا قسەکەی لێ بڕیو گوتی:

ــ مەبەستت ئەوەیە زیاتر پێکەوە بین؟

بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

ـــ بەڵێ، و چاوەڕوان مایەوە داخوا ساندرا چ دەڵێ.

وەڵامی داوە:

ـــ بە پێچەوانەی ڕۆژەکانی دیکە، ئەمڕۆ تا سـەعات شـەش دەرفـەتم هەیـە. لەمـەودوا مانگی ڕۆژێك ئازادم، چونکە لەسەر داوای هانریو ویستی خەسـووم، منداڵـەکانی دوای باخچەی ساوایان دەچنە لای نەنکیانو تەنانەت هانری بۆ خۆی لە باخچەی ساوایانەوە هەڵیان دەگریٰ. من نەك ئەوەی تـەنیا ڕۆژەکـەی، بـەڵکوو ئەگـەر هـانری دوایـین ڕۆژی هەموو مانگێك لە مەئمووریەت بیٰ، شەوەکەشی ئازادم. بەهەرحاڵ ئـەمڕۆ یەکـەم ڕۆژە تا سەعـات شەش دەرفەتم هەیە و بێکارم.

داریووش هەروەك گوڵی بەهاری گەشایەوەو دەستی گرتو چوونە چێشتخانەکە.

سـاندرا چـاوێکی لـە لیسـتی خواردنـەکان کـردو داوای پیتزایـەك بـە کـارگ و ژامبـۆو سپێناخەوە کردو داریووشیش گوتی:

ـــ "تورتولینی"[34]یەك و شەرابێکی سووری ئیتالیایی.

ساندراش گوتی:

ـــ ببوورە، شەرابێکی سووریش بۆ من بێنە.

---

[34] : جۆرێکە لە ماکارۆنی ئیتالیایی، هێندێك جار گۆشت یان قیمەشی دەگەڵ دەکریٰ.

ئەوان بە داو و ناو چاوەڕوانی خواردنەوەو نانەکەیان بوونو چلێسانە دەیان ڕوانییە یەکتری. لەحاڵێکدا ساندرا دەستی لەسەر مێزەکە دانابوونو داریووشیش دەستەکانی خستبوونە سەر دەستیو بە شێوەیەکی تایبەت دەی لاواندەوە، گوتی:

ـــ زۆر خۆشحاڵم لەوەی کە وەڵامی ئەرێنیت بە پێشنیارەکەم داوە بۆ دیتنی دووکانەکە و ئەم نیوڕۆژەش لەگەڵ تۆدا بۆم دڵگرو خۆشتر لە هەر نیوەڕۆیەکیترە.

لەو ڕۆژەوە کە سووبی تەماتەکەمان پێکەوە خوارد هەمیشە لە بیری تۆدا بووم، هەرچەند دەزانم دوو منداڵو مێردت هەیە، بەڵام زۆرم پێ خۆشە کە هەمیشە دەگەڵ تۆدا بم و زۆر شەویش خەوت پێوە دەبینم و لەخەوەکەمدا هەولی زۆر دەدەم کەچی دەستم پێت ڕاناگا، هەرچەند لە خەوەکەمدا مەودایەکی ئەوتۆمان نیە و هەر ئەوەش دەبووە هۆی ئەوە کە لە خەو ڕاپەڕم و بەم لاولای خۆمدا بڕوانم، بەڵام تۆم نەدەدی، ئەوکات لێم حاڵی دەبوو کە ئەوە خەوەو دوای ئەوە ئیتر خەوم لێ دەزڕا و بۆ ماوەیەکی زۆر خەوم لێ نەدەکەوتەوە.

ساندرا چاوێکی بەس ئەویندارانەی لە چاوە درەوشاوەکانی داریووش کردو لە قووڵایی دڵەوە چاوی تێبڕی بوون کە تروسکەیەکی گەشو گیرا و عاشقانەیان لێ هەڵ دەستا، گوتی:

ـــ ڕاستییەکەت دەوێ منیش ئەو هەستەم بە نیسبەت تۆوە هەیە و بەو شەوە درێژانەی کە هانری لە ماڵەوە نەبوو، ئۆقرەم لەبەر هەڵدەگیراو زۆر جار دەم ویست زەنگت بۆ لێدەم، بەڵام لەوە دەترسام منداڵەکان ڕاز وەبن، خۆدداریم دەکرد. هەمیشە وا هەست دەکەم کە دڵم تۆی دەوێو ناشزانم، دەبێ چ بکەم. زۆر جار خۆم سەرکۆنە

کردوە کە بۆچی لەو قاوەخانەیەدا تۆم دیی! بەڵام دووبارە دەیڵێمەوە خۆشحاڵم لەوەی کە تۆم پەیدا کردوە، بوونت ئاسوودەییم پێدەبەخشێ. لەوکاتەدا خزمەتکارەکە پەرداخە شەرابەکانی خستە سەر مێزەکە و هەردووکیان بە خۆشی یەکتری پەرداخەکانیان لێك دانو یەکەم پەیکیان هەڵ دا. داریووش پەرداخە شەرابەکەی خستەوە سەر مێزەکە و قامکە شووشو باریکە جوانەکانی ساندرای گرت و دەستی لە هەنگوستیلەکەی قامکی دا و دەستەکانی هەڵدەگلۆفی. لە پڕێك و بێ پێشەکی گوتی:

ـــ دەمەوێ بپرسم، ئایا دەگەڵ مێردەکەتدا هەست بە بەختەوەری دەکەی؟

ساندراش بێماتڵ بوون گوتی:

ـــ نەخێر! ئەگەرچی دوو منداڵم لێی هەیە، بەڵام وێ دەچێ نەتوانم دەگەڵی‌دا بژیم، هانری قەت بۆ من وەختی نیە و هەمووی لە فکری کارەکەی دایە. هەرچەند بەڕاستی ئافرەتێکی ماڵدارو حەز بە پاراستنی بنەماڵە دەکەم، بەڵام زۆر جار بیری جوێ بوونەوەم بە مێشکی‌دا هاتووە. لەنێو قسەکانیان‌دا خزمەتکارەکە، پیتزا و "تورتولینی" کە تازە لە فڕنی‌یەکەی هێنابووە دەرێ، خستی‌یە سەر مێزەکە و گوتی:

ـــ نۆشی گیانتان، هەر کارێکی دیکەتان بێ لە خزمەتتان دام. سپاسێکیان کردو پەیکێکی دیکەی شەرابیان هەڵدا و نانەکەشیان بە هێواشی‌و لەسەرەخۆیی‌و لەپەنا یەکدی‌دا خواردو بەر دڵیان کەوت.

سەعات نزیك یەك و نیو بوو لە چێشتخانەکە هاتنە دەرێ‌و دووبارە سەرێکی دیکەیان لە دووکانە هەڵێناوە، کرێکارەکان لە نان خواردن گەڕابوونەوەو چووبوونەوە سەرکار. داریووش ڕووی تێ‌کردن‌و گوتی:

ـــ ئێوارە دوای دەست هەڵ گرتن بۆ داخستنی دەرگای دووکانەکە دێمەوەو بە گوتنی تا دوایی، لەگەڵ ساندرا لە دووکانەکە هاتنە دەرێ‌و چوونە لای سەیارەکە. داریووش چاوێکی لە ساندرا کردو گوتی:

ـــ خۆ تا سەعات شەش بۆت دەکرێ، کەواتە دەتوانین پێکەوە بین!

لەحاڵێکا دەستێکی داریووش لەنێو دەستی ساندرادا بوو، گووشی‌و هەردووکیان بەرەو ماڵەوە چوون. داریووش سەیارەکەی بردە گەراجەکە لە ژێرخانەکەدا و هەر لەوێوەش سواری ئاسانسۆڕ[35] بوون‌و هاتنە بەردەم باڵەخانەکەیان لە قاتی یەکەم. داریووش کلیلی باڵەخانەکەی بەدەستەوە بوو و وەکی ئەوەی هەردووکیان بە پەلە بن، زوو دەرگاکەی کردەوەو دوای خۆیان دای خستەوە. هەردووکیان وەك ئەوەی لەنێو ماڵەکەدا زیاتر هەستیان بە ئەمنییەت و ئاسایش دەکرد، بێ‌ماتڵ بوون یەکتریان لە ئامێز گرت. دەمیان خستە نێو دەمی یەکتری‌و تا دەهات ماچەکان بە تین‌تر دەبوون بە شێوەیەك کە دەستیان بۆ کراس‌و کەمەربەندی شەڵواری یەکتری بردو تا ژووری خەوەکە پارچە پارچە جلەکانیان لەبەر یەکتری داماڵی‌و بە ڕووت‌و قوتی لەسەر

[35] : مصعد: بڵندکەرەوە، ئاسانسۆڕ، نەردیوان، نێردیوانی کارەبایی.

تەختەكەدا یەكتریان تلاندەوە. ئەو ساتانە بۆ هەردووكیان، چ ساتگەلێكی خۆشو چێژاوی بوو. داریووش لەسەر تەختەكە تلێكی خواردو لەحاڵێكدا دەیڕوانییە چاوە خومارو لەبەردڵاناوییەكانی ساندرا، دەستێكی بەسەر بسكی جوانو ئاڵۆزیو جەستەی نەرمو شلكی دادێنا، گوتی:

ـــ ڕاستت دەوێ، خۆشم دەوێیو هەست دەكەم ئیتر ناتوانم بێ تۆ بژیم و درێژە بە ژیان بدەم.

ساندرا كەمێك ژیرانەتر گوتی:

ـــ تۆش بۆ من عەزیزی و خۆشم دەوێی بۆیە وا بە ئازادی خۆم ناوەتە بەردەستت، بەڵام دەبێ كەمێك وردتر بیر بكەینەوە كە دەبێ چ بكەینو چ ڕێگا چارەیەك بدۆزینەوە؟! من وەك دڵبەرو دڵبەندی تۆ كە مێردم هەیە زۆر هەست بە خۆشی ناكەم، گەرچی هانری هیچ وەختێكی بۆ من نەهێشتۆتەوەو تەنیا دەیەوێ وەك قەرەواشێك ماڵداریو منداڵەكانی بۆ بەخێو بكەم و هەر وەختێكیش پێی خۆش بوو سەرجێیم دەگەڵ بكا! ئیتر وەها بارودۆخێكم بۆ قەبووڵ ناكرێ. ئەوەی ڕاستی بێ هیچ چێژێكیش لەو سەرجێیییە وەرناگرم!

داریووش گوتی:

ـــ دەبێ ئەوە بزانی كە من ئەویندارو عاشقی تۆم و حازرم هەموو نرخێكی بۆ بدەم و ئەگەر پێت خۆش بێ دەگەڵم بژی، لە پێناوتدا گیانمت بۆ فیدا دەكەم.

سەعات لـە پێـنج و نیـو لای دەدا، سـاندرا لەگـەڵ ئـەوەی زۆر ڕازی بـوو، جلـەکانی لەبەر کردنەوەو بە داریووشی گوت:

ـــ ساخ بوومەوەو هەر ئەمڕۆ بچمەوە بۆ ماڵێ بە هانری دەڵێم کە لێی جیـا دەبمـەوە. بە بیستنی ئەم هەواڵە، ترووسکەی شـادی لـە چـاوەکانی داریـووشدا دەبریسـکایەوەو سەرلەنوێ لە ئامێزی گرتەوەو دووبارە لەسەر تەختەکە درێژی کردو بـە هـەموو هێـزی خۆی ماچێکی دیکەی لێکردو گوتی:

ـــ خۆشم دەوێی، خۆشـم دەوێـی. ئەگـەر حـازر بـی لەگـەڵم بـژی، هـەر ئـەمڕۆ دەچـم ماڵێکی گەورەتر دەگرم کە منداڵەکان ژووری خەوتنی جیا و سەربەخۆیان هەبێ.

ساندرا چاوێکی لێکردو گوتی:

ـــ بەڕاستی دەتەوێ بە دوو منداڵەوە لەگەڵم بژی؟!

بە خۆشحاڵییەوە وەڵامی داوە:

ـــ دیارە کە گیانمت بۆ فیدا دەکەم! تۆ چۆن بیر دەکەیەوە؟

تۆ تەنیا کەرەسەی ڕەحەت کردنو دامرکانەوەی سێکسی من نی، بەڵکوو بە هـەموو شتێکەوە تۆم خۆش دەوێ، هەرچەند ئێسـتا بـە تـەواوی یـەکترمان جـوان نەناسـیوە، بەڵام منداڵەکانت وەك بیلبیلەی چاوەکانم خۆشم دەوێنو دەیانپارێزم، چونکە دایکیان دەپەرەستم. دیارە هانریش وەك باوکی منداڵەکانت بۆ من جێگای ڕێزەو نامـەوێ هـیچ نێوان ناخۆشییەك لە نێوانماندا ساز بێ، ئەگەرچی خۆشەویسترین کەسـی لێدەڕفێـنم یـان باشـترە بڵـێم، لـێم ئەسـتاندوە. بـەم پـێیـە زۆرم پـێ خـۆش دەبـێ کـە

جیابوونەوەکەتان ئەگەر بە خاتری منداڵەکانیش بووە، دۆستانە بێ. لەوکاتەدا ساندرا بە چاوە عاشقو خومارەکانی پشتگیری قسەکانی داریووشی دەکردو پێڵووی سەریەك نانو بە ماچێکی ئەویندارانە و گوتنی: "جارێ سەبر دەکەین تا بزانین بارودۆخی ئەو ماڵەی ئێستامان چی لێ دێ. ئایا هانری دەیەوێ تێیدا وەمێنێ یان دەیدا بە من"، لێی جیا بۆوەو گوتی:

ـ پێویست ناکا بمگەیەنیتەوە بە تاکسی دەڕۆم. داریووشیش زۆری لێنەکرد، هەرچەند حەزی دەکرد تا بەر دەرگای ماڵەکەیان بیگەیەنێتەوە بۆ ئەوەی چەند خولەکێك زیاتر دەگەڵی بێ، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە، نەیدەویست هانری بیبینێ، هەرچەند وێ دەچوو ئەو زووتر لەوان گەیشتبێتەوە ماڵێ.

ساندرا بەر لە سەعات شەش گەیشتەوە ماڵێو لە ئاشپەزخانەکەدا هەوروهۆڵەکانی جەمو جۆر کردنو ویستی بۆ شێوان شتێك ساز بکا کە ئەگەر هانری هاتەوە پێکەوە نانەکەیان بخۆن.

ئەمە یەکەم ڕۆژ بوو کە دەنگو هەرای منداڵەکان لە ماڵەوە نەدەبیسترا و دەتگوت ئاو بە ئاشی داکراوە کە بۆ ساندرا کەمێك نائاساییو هەستی دەکرد کە شتێکی لێ ون بووە. چونکە خووی بە دەنگ و هەرا و یاری منداڵەکان گرتبوو و نەشیدەزانی کە هانری کەی دێتەوە بۆ ماڵێ. بەهەرحاڵ دوو تیکە گۆشتی بەرازی بۆ سوورکردنەوە لە سەلاجەکە دەرێنا و دوو دانە پیوازی گەورەی پاك و وردی کردنو لە تاوەیەکدا لەگەڵ کەمێك ڕۆنی زەیت، پیوازو ڕۆنەکەی سازکردو دواتر گۆشتەکەی کرد بەسەری دا و کەمێك لە پەتاتەی دوێ شەویشی گەرم کردەوەو دوایە سالادیشی دروست کرد.

سەعات لە دەوروبەری حەوتدا بوو کە تەلەفوون زەنگی لێدا. سەرەتا ساندرا وای‌زانی کە داریووشە و زەنگی لی‌داوە. بۆ خۆی گوشی‌یەکەی هەڵگرت، لەوکاتدا گوێی لە دەنگی هانری بوو کە دەی‌گوت:

ـــ خۆشەویستەکەم ببوورە ناتوانم ئەمشەو تا سەعات نۆو نیو بێمەوە، تۆ نانەکەت بخۆو ئەگەر کەمێکم بۆ هەڵ گری، بۆ خۆم گەرمی دەکەمەوەو دەیخۆم. داوای لی‌بووردنم هەیە، زۆرم حەز دەکرد ئەمشەو کە منداڵەکان لە ماڵەوە نین، زووتر بێمەوە، بەڵام ناکری. ساندرا بە ساردو سڕی وەڵامی دایەوە، باشە، من نانەکەم دەخۆم و چاوەڕوانت نابم. هانری بە گوتنی خۆشم دەوێی، گووشی‌یەکەی دانا و ئەوەندە ماتڵ نەبوو داخوا ساندر لە وەڵامدا دەیەوێ چ بڵێ. ساندرا بەو هەڵسو کەوتەی هانری کە کارەکەی لە هەموو شتێك پی‌گرینگترە، سوورتر بوو لەسەر بڕیارەکەی‌و نانی شێوانی بە تەنیا خوارد. دوای نان خواردن زەنگێکی بۆ داریووش لێدا و گوتی:

ـــ جێت خاڵی، هەر ئێستا بە تەنیا نان دەخۆم.

داریووش گوتی:

ـــ بۆچی بە تەنیای؟ مەگەر تا ئێستاش هانری نەهاتۆتەوە؟

ساندرا گوتی:

ـــ نەخێر، بەڵام نیو سەعات لەمەوبەر زەنگی لێداو گوتی:

ــ تا سەعات نۆو نیو کارەکەی تەواو نابیٚو دوای ئەو کات دیٚتەوە. سەرەتا بیرم کردەوە کە تۆی زەنگ لیٚدەدەی، بەڵام ئەو بوو.

داریووش گوتی:

ــ شەرمەزارم، ئەگەر دەمزانی چاوەڕیٚی تەلەفوونی من دەبی، گویٚم بە هیچ شتیٚك نەدەدا و حەتمەن زەنگم بۆ لیٚدەدای. بەڕاستی دەمویست زەنگت بۆ لیٚدەم، بەڵام لە دوو شت دەترسام، یەکەم ئەوەی کە نەکا هانری گووشییەکە هەڵ گریٚو دووهەمیش لەوە ترسام، نەکا لەسەر من خراپ بیر وەکەیو بڵیٚی ها! ئەم جحیٚڵە، چەندە بیٚشەرمە و تەنگی پیٚ هەڵچنیوینو موزاحیمەت ساز دەکا.

ساندرا گوتی:

ــ قەت سەبارەت بە تۆ وا بیر ناکەمەوە. تۆ بە ڕستەیەك سەبارەت بە منداڵەکانم، کە وەك عەولادی خۆت حەساویان بۆ دەکەیو خۆشت دەویٚن، بە تەواوی دڵی منت ڕفاندوەو بە هەموو قەلبمەوە خۆشم دەویٚی. خۆزگە ئیٚستا لە لام دەبووی، بەڵام هانری لە تەلەفوونەکەدا گوتی:

ــ بەر لە سەعات دە دیٚتەوە بۆ ماڵیٚ. ئەگەر لیٚرە دەبووی نەمدەهیٚشت بڕۆیو هەر لەوکاتەشدا نامەویٚ ئیٚستا دەگەڵ هانری بەرەڕوو بیەوەو بتبینیٚ.

داریووش گوتی:

ــ هەر چۆنیٚك تۆ پیٚت خۆشە، با وابیٚ. چونکە منیش نامەویٚ هانری وەك نەیارو ڕەقیبیٚکی کەللەڕەقو لاسار چاوم لیٚبکا، چونکە لە داهاتوودا، ئەگەر ئەو شانسەم بە

نسیب بکەی، دەمەویٚ ڕۆڵی باوەپیارەیان بۆ بگێڕم و حەز ناکەم منداڵەکان هەست بە بوونی دوو باوکی نەیارو دوژمن بکەن. ئەم ڕستەیە ئاگری ئەوینو خۆشەویستی لە هەناوی ساندرا بە نیسبەت داریووشەوە بلێسەدارو بەتین‌تر کرد. سەعاتێك ئەویندارانە پێکەوە قسەیان کرد. سەرەنجام ساندرا شەو خۆشی گوتو درێژەیدا، دەبیٚ ئەوەش بزانی کە بە یادو خەیاڵی تۆوە دەخەوم و گووشی‌یەکەی دانا. دیارە ڕۆژانی چوار شەممە شەو دوای هەواڵەکانی سەعات هەشت، تەلەڤزیۆن فیلمێکی جینایی هەیە کە ساندرا هەمیشە چاو لەم جۆرە فیلمانە دەکا. ئەم کەڕەتەیان بەهۆی قسەکردنی زۆر لەگەڵ داریووش نیو سەعاتێك لە فیلمەکەی لە دەست چوو، بەڵام کە تەلەڤزیۆنەکەی هەڵ کرد بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە درێژەی فیلمەکەی چاو لیٚکرد. کاتێك کە فیلمەکە تەواو بوو، ساندرا هەستاو چوو بۆ حەمام، ئاوێکی بەخۆ داکردو خۆی ئامادە کرد کە بخەویٚ، لەوکاتەدا کە ویستی فلچە لە ددانەکانی بدا، زەنگی دەرگاکەی بیست، هانری بوو. لەگەڵ هاتنی بۆ نێو داڵانەکە، سڵاوێکی کردو گوتی:

ــ تا ئێستا نەخەوتووی گیانەکەم؟

به سەبری وەڵامێکی داوە تا ئێستا نەخەوتووم و چاوەڕوانت بووم. بەڵام وا خەریکە فلچە لە ددانەکانم دەدەم و جلی خەوم لەبەر کردوە بچم بخەوم. چێشتەکە لەسەر تەباغەکەیە و ئەگەر برسیتە بیخۆو ئەگەریش سارد بۆتەوە گەرمی بکەوە. هانری هەڵسو کەوت و دەنگی ژنەکەی بە ساردو سڕیو کەمێك خەماوی هاتە بەرچاویو بیری کردەوە چۆن هەڵسو کەوتی دەگەڵدا بکا کە دڵی بێنێتەوە جیٚو ئاشتی بکاتەوە؟ وایزانی، ساندرا حەتمەن لە تەلەفوونی چەند سەعات پێش کە بۆی کردو پێی گوت

ناتوانم تا بەر لە سەعات نۆو نیو بێمەوە، تووڕە و زویر بووە. لە ئاکامدا ناچار بووە بە بێ بوونی منو منداڵەکان، نانی شێوان بە تەنیا بخوا و هەر ئەو مەسەلە لە ڕادەبەدەر تووڕەی کردوە. هانری بەم بیرۆکانەوە چێشتەکەی گەرم کردەوەو بە تەنێ خواردیو نیو سەعاتێك دواتر چووە ژووری خەوەکەیو کاتێك ویستی بەبێ دەنگی بچێتە ژێر لێفەکەوە، دیتی کە خێزانەکەی خەوی لێنەکەوتووەو بەخەبەرە. پێی گوت گیانەکەم تا ئێستا نەخەوتوویو ویستی ماچێکی بکا، ساندرا ڕووی وەرگێڕاوەو قوونی تێکرد. لەگەڵ داوای لێبووردنی دووبارەو گوتنی ئەوەی کە، دەزانم، ئەمڕۆ بە تەنیا بوویو پێت خۆش بوو لانی کەم من زووتر بێمەوە بۆ ماڵێو پێکەوە نانی شێوان بخۆین، بەڵام منی خەرفاو بە کاری زۆرمەوە تۆم زویر کردوەو لەو حاڵەتەدا ویستی دەستێك بە سەرو ملو سینگی‌دا بێنێو بی لاوێنێتەوە، لەنەکاو لەگەڵ خۆڕاگریو دژکردەوەی بەرەوڕوو بۆوەو چرای سەر مێزی تەنیشت تەختەکەی داگیرساندو ڕووی تێکردو گوتی:

ـــ چاو لێ کە هانری! لەوە زیاتر تاقەتو حەوسەلەم نەماوەو لەمڕۆ بەدواوە هیچ چاوەڕوانی‌یەکت لە من نەبێو منیش لەمەودوا حازر نیم لەگەڵت بخەوم، ڕاستو ڕەوان دەمەوێ لێت جیا وەبم.

ئەم هەواڵە وەك پیکێك وابوو کە وەسەری هانری کەوت. چونکە بەڕاستی ژنەکەی خۆش دەویست، هیچ دژکردەوەیەکی لەخۆی نیشان نەدا و تەنیا پیشی دەخواردەوە، تەنیا شتێکی کە گوتی، ئەوە بوو کە بۆچی لە من جیا دەبیەوە؟

وەڵامی داوە:

ــ بۆ خۆت باش دەزانی بۆچی! لەوە زیاتر تاقەتم نەماوە کە تەنیا قەرەواشت بم. یانی قاپ شۆردن، چێشت لێنان، ماڵ تەکانی، جل خڕکردنەوەو شۆردنیان، پاکو خاوێنی تەواوی ماڵو باخ و ئاگا لێ‌بوون لە منداڵەکانو جار نا جارێکیش ئەگەر جەنابت ئیرادە بکا و پێت خۆش بوو ئەم قەراوەشە ئەرزان بایی‌یەی ماڵەوەت لاقەکانیت بۆ بکاتەوەو خۆتی پێ‌ئاسوودەو ڕاحەت کەی!

هانری بە بیستنی ئەم ڕاستی‌یە، شەرم دای‌گرت و تازە وەخەبەر دەهات کە بۆچی بە خاتری پلە و پایە و داهاتێکی زیاتر، خێزانە خۆشەویستەکەیو منداڵەکانیشی لە بیر کردوەو هیچ کاتێکی ئازادو سەرگەرمی‌یەکی بۆ لەبەرچاو نەگرتوون. بەڵام تازە درەنگ و کار لە کار ترازابوو و هیچ شتێکی نەگوت.

ساندرا لەو بێ‌دەنگی‌یەی هانری کەڵکی وەرگرتو گوتی:

ــ بە داوای لێ‌بووردنەوە، ئەمشەو دەبێ جیددی‌تر قسەت لەگەڵ بکەم. دەمەوێ بەیانی بچمە دادگا و داوای تەڵاق بکەم و وێ دەچێ لە داهاتووش‌دا شوو بە داریووش بکەمەوە.

هانری پرسی، ئیتر ئەم داریووشە کێیە؟

وەڵامی داوە:

ــ چوار مانگ لەمەوبەر دەگەڵ گەنجێك بە ناوی داریووش ئاشنا بووەو هەست دەکا کە خۆشی دەوێو ئەمڕۆش سەرجێیی دەگەڵ کردوە. ساندرا درێژەی‌دا لەمەودوا

دەگەڵ ناخەوم و لە بەیانی بەولاوە یان منو منداڵەكان لێرە دەڕۆین یان ئەوەتا تۆ لە فكری شوێنێكدا بە.

هانری بە حاڵەتێكی پاڕانەوەوە گوتی:

ــ دەكرێ ئەم جارە بمبووریو چاوێك بە بڕیارەكەتدا بخشێنییەوە؟

ساندرا گوتی:

ــ بەداخەوە، چەندین جار وەبیرم هێنایەوەو پێم گوتی كە ناتوانم لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا هەڵ كەم، بەڵام تۆ هیچ گوێت پێنەدا. لەوە زیاتر حەوسەلەم نەماوەو ناتوانم. سەرەڕای ئەوەش تاكوو ئەمڕۆ غەیانەتم پێنەكردوویو بەڕاستی دەمویست پرچی سپیت لا بوەنم، واتە دەگەڵ تۆدا پیر بم. بەڵام كار بۆ تۆ گرینگتر لە ژیان كردن دەگەڵ مندا بوو. ئێستا ئیتر مەجالی گەڕانەوە نیە. بەهەرحاڵ قەت زۆریت لێناكەم تۆ لەم ماڵە بڕۆیو ئەگەر نییەتی مانەوەت هەیە، ئێمە دەڕۆین.

هانری بە چاوی پڕ لە فرمێسكو ناڕەحەتەوە گوتی:

ــ ئاخر من، تۆو منداڵەكانم خۆش دەوێنو نامەوێ قەت لەم ماڵە بچنە دەرێ. بەڵام دەبێ بیفرۆشین، چونكە نیوەی ئی منە و نیوەشی ئی تۆ. بە مەرجێك ئێوە بتوانن تا شەش مانگ دوای واژۆكردنی قەباڵەی فرۆشتنەكەی لەم ماڵەدا بمێننەوە، ئاگاداری دەدەم بە ڕۆژنامەكان.

ساندراش ڕازی بەم پێشنیارو ڕێگەچارەیە بوو، هانری دوای ئەم قسانە لەگەڵ خێزانەکەی‌دا، لێفە و سەرینێکی هەڵگرت و چووە میوانخانەکە و لەسەر قەنەفەکە بۆی خەوت.

هانری بۆ بەیانی‌یەکەی بە ناڕەحەتی‌یەکی یەگجار زۆرەوە چۆوە شوێنی کارەکەی‌و هەر لەوێوە ئاگاداریەکی دا بە دوو ڕۆژنامە کە بەهۆی جیابوونەوەی ژن‌و مێردێکەوە،ماڵێکی تەیار بە پانسەد مەتری چوار گۆشە زەوی‌و پێنج ژوورەوە بە نرخێکی لەبار دەفرۆشێ. تەنیا بەو مەرجەی شەش مانگ دوای واژۆی قەباڵەنامەکە، خانووەکە چۆڵ دەکری‌و دەدرێ بە کڕیارەکە.

چونکە نرخێکی لەبارو هۆی فرۆشتنەکەشی جیابوونەوەی ژن‌و مێردێك بوو، زۆری نەخایاند کە مشتەری‌گەلێکی زۆری بۆ پەیداو چاویان لە ماڵەکە کرد، یەکێك لە مشتەریەکان هەر زۆر زوو حازر بە واژۆکردنی قەباڵەنامەکە بوو و دوو حەوتووی پێ‌چوو تا لە کارگێڕی قەباڵەی موڵك نووسین سەرەیان هات. ئەم کارەش بە ڕاحەتی جی‌بەجێ بوو و هانری دوای واژۆکردنی قەباڵەنامەی فرۆشتن‌و وەرگرتنی پارەی خانووەکە، نیوەی کردە حەساوی ژنەکەی‌و بە نیوەکەی دیکەشی لە شارێك کە ناوەندی کۆمپانیاکەی لەوێ بوو و بەرپرسی کۆمپانیاکەش هەر لە زووەوە پێشنیاری بە هانری کردبوو، ئەگەر پێی خۆشە دەتوانێ لە ناوەندی کۆمپانیاکە کار بکا، باڵەخانەیەکی چوار دیوی کڕی‌و دوو مانگ دواتر گواستیەوە بۆ ناوەندی کۆمپانیاکە.

ساندرا کە هەر لە ڕۆژی جیابوونەوەکەوە بریکارنامەیەکی بۆ پارێزەرێکی داکۆکی‌کاری بنەماڵەیی واژۆ کردبوو، نامەیەکی لەم پارێزەرەوە لەگەڵ کۆپی‌یەکی

تەڵاقنامەکەی بۆهات کە تێیدا نووسرابوو کۆپییەك لەم داوایە لە لایەن دادگای بنەماڵەوە بۆ مێردەکەشی نێردراوە. لەو نامەدا هاتبوو، بە پێی یاسا، دادگای بنەماڵە، جەخت دەکاتەوە کە ژنو مێرد بەر لە تەڵاقدان دەبێ ساڵێك بە جیا بژین. واتە لە دوو حەوتوو پێش کە هانری لە ماڵ هاتبووە دەرو بە حەساوی کۆمپانیاکە لە پانسیۆنێك[36] دەژیا، دەستی پێدەکرد.

هیچ کەس بە ئەندازەی داریووش ئەم جیابوونەوەیەی پێخۆش نەبوو. کاتێك کە ئەم هەواڵەی بیست، لە پێستی خۆیدا جێی نەدەبۆوەو دوای ئەوە زۆربەی کارەکانی دووکانەکەی لە بیر دەچوونو بەردەوام لە بیری داهاتووەکەی دەگەڵ ساندرادا بوو و تەنانەت بەبێ ئەوەی کە شتێك بە ساندرا بڵێ، بە شوێن باڵەخانەیەکی گەورەترو چوار ژووردا دەگەڕا. هەرچەند دەشیزانی کە ساندرا و منداڵەکانی تا شەش مانگیتر دەرفەتیان هەیە و لە ماڵەکەی خۆیاندا دەمێننەوە. هەر ئەو ڕۆژە کە ساندرا نامەکەی لە پارێزەرەکە وەرگرت، زەنگێکی بۆ داریووش لێدا و گوتی:

ـ ئەگەر بۆت دەکرێ دەتوانی ئەمشەو بێی بۆ لامان کە هەم بە منداڵەکانت بناسێنمو هەمیش نانی شێوان پێکەوە بخۆین.

داریووش بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

---

[36] : پانسیون: ماڵو شوێنێ بۆ ژیانو خواردن بە پارەیەکی دیاری کراوی مانگانە، هاومانای "شبانەروزی"یە.

ـــ ئەگەر باڵم دەبوون، هەر ئێستا دەفڕیم، بەڵام دەمەوێ بزانم چ وەختێکت پێ باشە؟ ئەمڕۆ شەممەیە و تا سەعات چوار لە دووکانم و دوای ئەو بێکارم و کەی بێم؟

ساندرا گوتی:

ـــ لە سەعات پێنج بەدواوە خراپ نیە، چونکە سەعات حەوت منداڵەکان دەبێ بخەون.

داریووش گوتی:

ـــ چ شتێکت پێویستە بۆت بێنم؟

وەڵامی داوە:

ـــ ئەگەر بەستەیەك شەربەتی پرتەقاڵ بێنی سپاست دەکەم.

داریووش لە دووکانەکە دوو دانە بووکەڵەی جوانی بە سەلیقەی خۆی بۆ تیلو تینای هەڵگرت و بەستەیەکی شەش دانەیی شەربەتی پرتەقاڵو بەستەیەکی بیستو پێنج دانەیی گوڵی سووری بەر لە داخرانی فرووشگاکان کڕینو خستنیە نێو سەیارەکەوەو بەرەو ماڵی ساندرا وەڕێ کەوت. سەعات نزیك بە پێنج و نیو بوو گەیشتە بەر دەرگای ماڵی ساندرا و لە زەنگی دا. دوای ماوەیەك دەرگا کراوەو خۆشەویستەکەی لە بەر دەمی دەرگا قوت بۆوەو گوتی:

ـــ سڵاو گیانەکەم، بەخێر بێی، وەرە ژوورێ.

داریووش دوای چوونە ژوورەوەی بۆ دالآنەکە، سەرەتا چەپکە گوڵەکـەی پێشـکەش بە ساندرا و ماچێکی کردو پێکەوە چوونە میوانخانەکـە و منداڵـەکان (تیـل و تینـا) بـە کونچکۆڵی‌یەوە چاوەڕوان بوون تا بزانن ئەم داریووشە کێیە کـە دایکیـان ئـاوا تـاریفی دەکا؟

داریووش بە بینینی منداڵەکان سەرەتا سـڵاوێکی خۆماڵیانـەی کـردو دەسـتێکی بـە سەرو گوێلاکی تیل و تینای داهێنا و دوایە ئەو دوو بەستەیەی کە هێنابوونی پێی‌دان و گوتی:

ـــ من نازانم پێش بینی بکەم و عیلمی غەیبیشـم پـێ نیـە، بـەڵام وابـزانم، تـۆ تیلـی و تەمەنت چوار ساڵە و تۆش تینـای و سـێ سـاڵتە و هـەر دووکیشـتان دەچـنە باخچـەی ساوایان، ڕاستە؟

بـە سـەر لەقاندنێکـەوە بۆیـان تەئیـد کـردو بەسـتەکانیان لـە داریـووش وەرگـرتو سپاسێکیان کرد. بەستەکەی دەستە ڕاستی بۆ تیل و ئی چەپیشی ماڵی تینا بـوو. لـە کۆتایی‌دا گوتی:

ـــ منیش داریووشم و دووکانێکی بووکەڵە فرۆشیم بـۆ منـداڵانێکی جـوانو وریـای وەك ئێوەی خۆشەویست هەیە.

منداڵەکان قاقایەکی ڕەزامەندانەیان لێدا.

داریووش درێژەی‌دا:

ــــ حەتمەن دایکتان پێی گوتوون کە ئەمشەو میوانی ئێوەم و پێکەوە نانی شێوان دەخۆین.

هەر دووکیان بە نیشانەی بەڵێ سەرێکیان بۆ لەقاندو تیل گوتی:

ــــ دایکم دەڵێ تۆ پیاوی چاکیو منداڵیشت زۆر خۆش دەوێن، ڕاستە؟

داریووش چاوێکی دۆستانەی لێ کردنو گوتی:

ــــ دیارە کە من هەموو منداڵەکانم خۆش دەوێن ئەگەر خۆشم نەدەویستن، دووکانی بووکەڵە فرۆشیم بۆ دانەدەنان، بە تایبەت ئەو دووانەتانم زۆر خۆش دەوێن.

هەر دووکیان چاویان لە داریووش کردو بە کونچکۆڵییەوە دەستیان بە کردنەوەی بەستەکان کرد. هەر لەوکاتدا ساندرا دوای ئەم قسانە دەگەڵ منداڵەکان، پێی گوتن بەستەکان ببڕنو لە ژوورەکەی خۆتان بیان کەنەوە، باشە؟

ساندرا فەرمووی کرد بێتە لای ژوورەوەو ماچێکی دیکەی دایە و بە خاتری هێنانی گوڵەکانو بووکەڵە بۆ منداڵەکان سپاسی کرد. خواردنەوەیەکی غەیرە ئەلکۆلی بۆ هێنا و دوای چەند خولەکێك قسەکردن، چووە ئاشپەزخانە کە شێوێکی ساکار ساز بکا. هەر لە ئاشپەزخانەوە گوتی:

ــــ نامەی پارێزەرەکەم لەسەر مێزی میوانخانەکەیە و دەتوانی وەی خوێنی.

داریووش بە کونچکۆڵییەوە چاوی لە نامەکە کردو خوێندییەوەو دوایە گوتی:

ــــ لە نامەی دادگادا ڕێکەوتی ڕۆژی جیابوونەوەکە دیاری نەکراوە.

ساندرا گوتی:

ـــ دوایە دەی نێرن.

لەوکاتەدا تیل لە ژوورەکەی هاتەدەرێو بە داریووشی گوت:

ـــ ناتوانم بە تەنێ هێڵی(ریل) شەمەندەفەرەکە ببەستەم، بە چ شێوەیەك دەبەسترێ؟

داریووش گوتی:

ـــ ئێستا نیشانت دەدەم و لەگەڵی چووە ژوورەکەی، تیناش بە کونچکۆڵیەوە، بەڵام بـە بیـانووی پرسـیارێك لـە داریـووش، هاتـە ژووری تیـل. ویسـتی بزانـێ چـۆن بووکەشووشەکەی هەڵ دەکرێ تا قسە بکا.

سەرەتا داریووش نیشانی تینای دا و دوایە لەگەڵ تیل دەستیان بـە بەسـتنی هێڵـی شەمەندەفەرەکە کرد.

سـاندرا نـانی سـاز کـردو مێزەکـەی ڕازانـدەوەو بـانگی داریـووشو منداڵـەکانی کـە خەریکی بووکەڵەکان بوون، کرد. هەموویان هاتنو لە دەوری مێزەکە خڕ بوونەوە. بـەر لە کێشانی چێشتەکە، ساندرا ڕووی لە منداڵەکانی کردو گوتی:

ـــ ڕۆڵـە شـیرینەکانم، دوای ئـەوەی کـە مـنو باوکتـان لێـك جیـا بووینـەوە، لەگـەڵ داریووشدا بوومە دۆسـت و ڕەنگـە لـە داهـاتووشدا ببێتـە بـاوکی دووهـەم بـۆ ئێـوەی خۆشەویستم. لەوکاتدا تیل پەڕیە نێو قسەکانی دایکیو گوتی:

ـــ داریووش شەمەندەفەرێکی کارەبایی بۆ هێناوم و هێڵەکەشمان پێکەوە بەست و تیناش گوتی:

ـــ بووکەشووشەیەکی بۆ منیش هێناوە کە قسە دەکاو دەخەوێ.

دایکیان گوتی:

ـــ سپاستان کرد؟

داریووش بە جێگای ئەوان وەڵامی داوە:

ـــ بەڵێ، هەر دووکیان دەست خۆشانەیان پێ وتم.

دایکیان لە درێژەی قسەکانیدا گوتی:

ـــ زۆرم پێ خۆشە کە لێک دەگەنو پێکەوە یاریشتان کردوە. باشە، بە پێی پەیماننامەیەك کە دەگەڵ باوکتان بەستوومانە، هەر بە دوو حەوتوو جارێك دەچنە لای باوکتانو مانگی جارێکیش بۆ لای نەنکتان، ئۆکەی؟

منداڵەکان چاوێکیان لە دایکیان کردو چاوێکیشیان لە پێکەنینەکەی داریووش کردو بە نیشانەی ڕەزایەت سەرێکیان بۆ لەقاندو گوتیان باشە. بەڵام تیل گوتی:

ـ بەو مەرجەی کە دایە گەورەش بتوانێ بێ بۆ ئێرە بۆ لامان!

دایکیان گوتی:

ـــ هەڵبەتە، دیارە ئەگەر دایە گەورە بۆ خۆی حەز بکا، حەتمەن دەتوانێ بێ بۆ ئێرەو ئێمەش هەمیشە زۆر بە گەرمی پێشوازی لێ دەکەین. لەوکاتدا تینا گوتی:

ـــ بووکەشووشەکەم کاتێك دەخەوێ، قسە دەکا.

داریووش گوتی:

ـــ پێم وانەبێ! ئەگەر لە خەودا بێ، ناتوانێ قسە بکا. وێ دەچێ ئەو کاتەی بۆ قسەکردن هەڵت کردوە، بە درێژەوە دای دەنێی، وایە؟

بە مانای پشتگیری لە قسەکەی سەرێکی بۆ لەقاند.

داریووش گوتی:

ـــ دەبێ لە کاتی قسە کردن‌دا، بە پێوە داینێی تا نەخەوێ.

ساندرا گوتی:

ـــ باشە، ئێستا نامەوێ چێشتەکەمان سارد وەبێ. سووبێکی تەماتەی بە کارگ لێنابوو و پێکەوە خواردیان. دوای نان خواردن منداڵەکان چاویان لە بەرنامەی "شەو باش منداڵەکان" کە لە سەعات حەوتدا دەبۆوە، دەکردو فلچەیان لە دەم و ددان دا و خۆیان ساز کرد بۆ خەوێ، سەرەتا شەو باشیان لە داریووش کردو دوایەش دایکیان تا سەر تەختەکانیان لەگەڵیان چوو و ماچی کردنو گوتی:

ـــ شەوێکی خۆش ڕۆڵە عەزیزەکانم.

ساندرا هاتەوە لای داریووش لە میوانخانەکە و چووە پەنای دانیشتو لە ئامێزی گرت و ماچێکی کرد. دەست لە ملانو ماچ کردنەکانیان تا سەعات هەشت درێژەی کێشا و ساندرا تەلەڤزیۆنەکەی هەڵ کرد تا گوێ لە هەواڵەکان بگرێ. دوای گوێ گرتن

لە هەواڵەکان، شووشە شەرابێکی سپی لە سەلاجەکە دەرێنا و دای بە داریووش کە هەڵی پچڕێ. دیارە لە کۆتایی هەموو حەوتوویەکدا تەلەڤزیۆن دوای هەواڵەکان بەرنامەیەکی سەرگەرمی(شۆ) هەیە کە هەردووکیان بە هاوڕایی یەکتریو خواردنەوەی پەرداخێك شەراب چاویان لێ‌دەکرد.

کاتی خەو ساندرا چاوێکی لە داریووش کردو گوتی:

ـــ ئەگەر حەزت لێ بێ دەتوانی لێرە وەمێنی، داریووش لە ئامێزی گرتو گوتی:

ـــ ئەمە هیوا و ئاواتی منە، بەڵام جلی خەو و فڵچەی ددانم نەهێناوە.

ساندرا حەمامەکەی نیشان دا و فڵچەیەکی نوێی دایە و لە کومێدەکەش یەکێك لە جلە خەوەکانی هانری کە خاوێن شۆردبوونیو ئوتووشی کردبوون، بۆی هێنا. هەرتك پێکەوە فڵچەیان لە دەم و ددانیان دا و دەستیان نێو دەستی یەکتری خست و بەرەو ژووری خەوتن چوون. ئەو شەوە داریووش لە خۆشیان خەو نەچووە چاویو تا بەیانی بە خۆشی گوزەراندیو بۆ هەر دووکیان، شەوێکی گەلێك خۆش بوو.

بۆ هانری، جیابوونەوە لە خێزانەکەی گەلێك سەخت و دژوار بوو. دوای ئەوە ئیتر بە هیچ جۆر بیری لە ژن هێنان نەکردەوەو هەموو بیرو زەینی لەسەر منداڵەکانو بەر لە هەموو شتێك لەسەر کارەکەی چڕ ببۆوە. خەریك بوو شەش مانگ مۆڵەتی خانووەکە بەرەو کۆتایی دەچوو. لەو ماوەدا داریووش باڵەخانەیەکی گەورەتری نزیك بە سەدو بیست مەتری چوار گۆشە لەگەڵ پێنج ژووردا هەر لە دەوروبەری دووکانەکەی گرتبوو و حەوتوویەك بەر لە تەواوبوونی مۆڵەتەکە، ساندرا و دوو منداڵەکەیو داریووشی دۆستی گواستیانەوە بۆ ماڵی نوێو خانووەکەیان دا بە خاوەنە نوێیەکەی. بەر لە هەموو

شتێك لەو ماڵە نوێیەدا، ژووری منداڵەكانیان دیاری كردن. ژوورێكی چوارده مەتری چوار گۆشە بۆ تیل كە لەودا شوێنی هێڵی شەمەندەفەرەكەشی دیاری كرابوو و ژوورێكی دوازده مەتری چوار گۆشەش كە دەربیجەیەكی بەرەو كۆڵانەكە تێدابوو بۆ تینا و دوایەش ژوورێكی كار ئەویش نزیك بە چوارده مەتری چوار گۆشە لەگەڵ مێزێكی نووسینو تەختێكی تەك نەفەری، وەك ژووری كاری ساندرا و داریووشو ئەگەر میوانێكیان بووایە بۆ میوانەكە كەڵكی لێوەرگرنو ژوورێكی خەوتن نزیك بە شازده مەتری چوار گۆشە بۆ داریووشو ساندراو ژوورێكی تەقریبەن گەورەتری نزیك بە چل و چوار مەتری چوار گۆشە كە لە لایەكییەوە مێزێكی نان خۆرییان لێدانابوو، نزیك بە بیست مەتری چوار گۆشەش لە باڵەخانەكە كە دەماوە بۆ حەمام، پێشاو و عەمباری خواردەمەنییان تەرخان كردبوو.

داریووش بە كردەوە نیشانی دەدا نە تەنیا ئەویندارو ئاشقی ساندرایە، بەڵكوو دەتوانێ باوكێكی باشیش بێ بۆ منداڵەكانی. زیاتر لە باوكی خۆیان پێیان ڕادەگەیشت، چونكە تا ئەوكات ئاشقو ئەویندارى دایكیان بوو. تا چاوت كردەوە جیابوونەوەی هانریو ساندرا ساڵێكی تێوەرسووڕاوەو هەردووكیان لەو ڕێكەوتەی كە پێشتر بۆیان دیاری كردبوون، چوونەوە دادگا و بە بەر چاوی خۆیانو پارێزەرو بە پێ خۆش بوونی خۆیان سەرۆكی دادگا تەلاقی دانو بە فەرمی لێك جیا بوونەوە. دوو حەوتوو دواتر پارێزەرەكانیان تەلاقنامەكەی بۆ ناردنەوە. لە تەلاقنامەكەدا هاتبوو كە بە پێی ئەو پەیماننامەیەی كە پێشتر لەسەری ساغ ببوونەوە، بەخێوكردنی منداڵەكان دەدرێ بە هەردووكیانو وەك هەمیشە باوكی حەقی هەیە هەر بە دوو حەوتوو جارێك منداڵەكان بباتە لای خۆی.

تەنیا حەوتوویەك لە جیابوونەوەی ساندارو هانری تێپەڕی بوو کە شەوێك داریووش بە چەپکە گوڵێکی سووری بیست و شەش لقەوە بە نیشانەی بیست و شەشەمین ساڵی تەمەنی ساندرای خۆشەویستی هاتە ماڵەوەو بە فەرمی داوای لێکرد کە شووی پێبکا. ساندرا کە تا ئەو ئاستە بە ئاواتی خۆی گەیشتبوو، بە خۆشحاڵی داواکەی لێقەبووڵ کردو لە قووڵایی دڵیشەوە حەزی دەکرد لە زووترین کاتدا زگی لێی پڕ بێو منداڵی ببێ. ساندرا کە هەر لە ڕۆژی تەڵاقەکەیەوە حەبی بەرگری نەدەخوارد، بۆ ئاگاداری لە سڵامەتی خۆی سەردانێکی دوکتوری کردو دوای پشکنینێکی گشتی لە لایەن دوکتورەوە، ساغ و هیچ جۆرە نەخۆشینێکی نەبوو. ساندرا دوای ئەو سەردانەی هیچ کێشەیەکی بۆ بەرگری لە سكپڕیەکەی نەدەدیی. ئەوان پاش ساڵێك تاقیکاری‌یان ئەنجام دا، بەڵام هەواڵێك لە سكپڕبوون نەبوو. ڕۆژێکیان ساندرا دوای سەرجێیی کردنی دەگەڵ داریووش‌دا چووە سەر پێشاو و کەمێك لە ئیسپێرمەکەی داریووشی کردە نێو شووشەیەكو بەیانی‌یەکەی بردی بۆ تاقیگە. تاقیکاری‌یەکە دەریخست کە داریووش توانایی منداڵ خستنەوەی نیە و نەزۆکە. سەرەتا زۆری پێناخۆش بوو، بەڵام چونکە داریووشی زۆر خۆش دەویستو نەی‌دەویست ناڕەحەتی بکا، لەو بارەوە هیچ شتێکی پێنەگوت. بەڵام بیری کردەوە کە دەبێ لە ڕێگایەکەوە زگی پڕ بێو بۆ پتەوبوونی ژیانەکەیان منداڵێکی لە داریووش ببێ. ویستی لەم ڕێگایەوە خۆشەویستی‌یەکەی بە نیسبەت داریووشەوە پتەوترو پایەدارتر بکا، بەبێ ئەوەی بیر لە ئاکامی داهاتووی ئەو کارەی بکاتەوە. دووبارە بۆ خۆی سەردانی دوکتورێکی دیکەی کردو ویستی دڵنیا بێ کە بۆ خۆی هیچ کێشەیەکی نیە. دوکتورەکە پێی گوت:

ـــ ئەتۆ بە تەواوی سلامەتی‌و توانایی منداڵ بوونت هەیە. یەكێك لەو ڕۆژانەی كە هانری بۆ دیتنی دایكی هاتبوو و منداڵەكانیش لە لای دایكیان بوون، ساندرا زەنگێكی بۆ ماڵی خەسووە كۆنەكەی لێدا و گوتی:

ـــ هانری لە ماڵەوەیە كارێكم پێیەتی.

خەسووە كۆنەكەی گوتی:

ـــ منداڵەكان وا لێرەن، بەڵام بۆ خۆی چەند خولەكێك پێش چووە هوتێلەكەی.

ساندرا گوتی:

ـــ باشە و زەنگ بۆ هوتێلەكەی لێدەدەم.

ساندرا ڕاستەوخۆ زەنگی بۆ هوتێلو ژووری هانری لێدا و گوتی:

ـــ پرسیارێكم بوو. ئایا دەتوانی تا دووشەممە وەمێنی كە پێكەوە بچین بۆ قوتابخانەی تیل؟ چونكە سەرۆكی قەتابخانەكە دایكو باوكی منداڵەكانی ویستووە.

هانری گوتی:

ـــ داریووش لە ماڵەوە نیە؟

وەڵامی داوە:

ـــ ئەمڕۆكە هەینی‌یە و تا سەعات هەشتی شەو لە دووكانە و دوایەش دەبێ كارێك بكا. سەعات دەو نیو دەگەڕێتەوە.

هانری گوتی:

ـــ ئەگەر حەزت لێ بوو وەرە هوتێلەکە و پێکەوە قاوەیەکیش بخۆینـەوەو دواتـر قسـە لە ڕۆژی دووشەممەش دەکەین کە ئەگەر کرا، ڕەنگە وەمێنم.

ساندرا گوتی:

ـــ زۆر باشە، تا نیو سەعاتی دیکە لەوێم.

هانری گوتی:

ـــ لە بەردەم مەیخانەی هوتێلەکەدا چاوەڕوانتم.

لە تاکسییەکەدا بیری کردەوە، ئێستاش پێوەندی منو هانری خراپ نیـە و خۆشـی دەوێم و سەرەڕای ئەوەش باوکی منداڵەکانمە. کەواتە بـۆ تـاقییـەکی نەکەمـەوە. بـەم کارەم هەم داریووشی خۆشەویستم خۆشحاڵم دەکـەمو لـە دەسـتی نـادەم و هـەمیش منداڵێك کە بمبێ، دەبێتە خوشك یان برای فەڕمی تیلو تینای خۆشەویستم. بەم بیرۆك و مەبەستەوە گەیشتە بەردەم دەرگای هوتێلەکە و ڕاستەوخۆ بەرەو لای باڕەکـە چـوو کە هانری لەوێ چاوەڕوانی بوو. دوای سڵاو و چاکو چۆنیو خواردنـەوەی بـە جێگـای قاوە، پەرداخێك شەراب پێکەوە، دەستیان کرد بە قسەکردن.

ساندرا گوتی:

ـــ هوتێلێکی خراپ نیە، ئایا هەر کاتێك دێی، لێرەی یان دەچیتە لای دایکت؟

هانری گوتی:

ـــ زۆر جار لێرەو لەم هوتێلە دام و زۆربـەی کاتـەکانیش ژوورێکـم لـە قـاتی خـوارەوە دەدەنـێو ئەگـەر بشـمهـەوێ تەنانـەت نـانو چـای بەیانیشـم بـۆ دێـنن. لـە بـەردەم ژوورەکەشدا سەلاجەیەك لەگەڵ ئەنواعی مەشـرووباتی لـێـیـە، کـە زۆر لـە مەشـرووبی مەیخانەکەش هەرزانترن.

ساندرا چاوێکی لە سەعاتەکە کردو گوتی:

ـــ تا سەعات دە وەختم هەیە، ئەگەر موزاحیم نیم، دەتوانم بێم بۆ ژوورەکـەتو لـەوێ قسە بکەین.

گۆیا هانریش چاوەڕوانی وەها پێشـنیارێکی دەکرد، بۆیـە دەسـت بـەجێ هەسـتایە سەر پـێ و پێکـەوە لـە پێپلیکانـەکان وەسـەر کـەوتن. کـە چـوونە ژووری، هـانری لـە سەلاجەکەدا شووشەیەك شەرابی دەرێنا و هـەڵی پچڕیو کردیـە نێـو دوو پـەرداخان و یەکێکیانی دا بە ساندراو یەکیش بۆ خۆیو گوتی:

ـــ بـە خۆشـی منداڵـەکانمانو هـەڵیان دا. دوایـە لێـی پرسـی ڕۆژی دووشـەممە لـە قوتابخانەی تیل چ باسە؟

ساندرا گوتی:

ـــ شـتێکی وا نیـە، بـەڵام گۆیـا هـەموو سـاڵێك سـەرۆکی قوتابخانەکـە دایـكو بـاوکی منداڵەکان بانگ دەکا و لەسەر چۆنیەتی هـەڵسو کـەوتیان قسـەیان بـۆ دەکـاو ئەگـەر کێشەیەکیشی لەگەڵ یەکێك لە منداڵەکان هەبێ، لەگەڵ دایكو باوکەکانیشیان بە نهێنی

باس دەکا. بەڵام پێم وانەبێ هیچ شتێکی ئەوتۆیان لەگەڵ تیلدا هەبێ، چونکە قوتابییەکی زۆر زیرەکە.

هانری گوتی:

ـــ بەهەرحاڵ زەنگم بۆ کۆمپانیا لێداوەو ئاگادارم کردوونەوە کە دەمێنمەوە. دوای ئەوە پەرداخی دووهەمیان تێکردو لە حاڵێکدا کە چاوی بڕیبووە ساندرا، پەرداخیان لێك دا و بە خۆشی یەکتری هەڵیان دا. هانری بەبێ ئەوەی ئاگای لەخۆ بێ دەستی ساندرای گرتو کێشای، ئەویش هیچ بەرگرییەکی لەخۆی نیشان نەدا و لەسەر تەختی هوتێلەکە یەکتریان لەئامێز گرتو دوای سێ ساڵ جیابوونەوەیان دەمیان خستە نێو دەمی یەکتریو بە ڕووتو قووتی وەك مار لێك ئاڵان. ساندرا بە مەبەستێکی تایبەتەوەو هانریش بەهۆی خواردنەوەی مەشرووبێکی زۆر یان ئەوینە لەبیر نەکراوەکەی، ئەو سەعاتەیان بە ئارەزووی دڵ ڕابوارد. لەوکاتەدا ساندرا بە هانری گوت:

ـــ لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا بە هیچ جۆر غەیانەتم بەو مێردەم نەکردوەو تۆش وەك باوکی منداڵەکانو مێردی پێشووم، یەکەم کەسی کە لە بەرامبەرتدا بەرگریم نیشان نەداوە.

هانری تەنیا گوتی:

ـــ هیوادارم پەژیوان نەبووبێتییەوە، بەڵام لە دڵەوە هیوادارو پێی خۆش بوو کە دووبارە دڵی وەدەست بێنێتەوە.

ساندرا نیو سەعاتێك دوای ئەوە لە هانری جیا بۆوەو داوای تاکسی‌یەکی کردو هاتەوە بۆ ماڵێو خەریکی سازکردنی شامێکی ئاکازایی بوو، هەنووکە سەعات نۆ و بیست خولەك بوو. تا نانی سازکرد، داریووشیش لەسەر کار هاتەوەو پێکەوە نانیان خوارد. ئەو شەوە ساندرا زیاتر لە جاران لە مێردەکەی نزیك بۆوەو خۆی تێهەڵسوو و زۆریشی حەز دەکرد کە ئەمجارەیان زگی پڕ بێو پێویست بە تاقیکاری دیکە نەکا، چونکە هەستێکی باشی نەبوو کە دەگەڵ هانری‌دا سەرجێیی کردوە.

سێ حەوتوو دواتر کە نەکەوتە حەیزەوە، لەبەرخۆیەوە گوتی:

ــــ چەند ڕۆژێك ڕادەوەستم ئەگەر عوزرم نەشۆرد، سەردانی دوکتور دەکەم. دوو حەوتووی دیکەش سەبری کرد، بەڵام حەیزی نەشۆرد. دەست بەجێ چووە لای دوکتورو دوای پشکنین دوکتورەکەی پێی گوت:

ــــ پیرۆزبایی‌تان پێ دەڵێم، نزیك پێنج حەوتوویە زگت هەیە. ساندرا خەریك بوو لە خۆشیان باڵ بگرێو هاوار بکا، بەڵام دانی بەخۆدا گرتو بە خۆشحاڵی‌یەکی تاریف نەکراو لە نۆڕینگەی دوکتورەکە هاتە دەرێو یەکسەر چووە دووکانی داریووشو خۆی لە باوەش هاویشتو بە گوێی‌دا چپاند مزگێنیم دەیە زگم هەیە. داریووش لە بەردەم چەند مشتەری‌دا ئەویندارانە ساندرای لە ئامێزی گرتو ماچی کرد.

لەو کاتانەدا کە منداڵەکانی دەچوونە قوتابخانە، ساندرا خەیاڵی کەمێك ئاسوودەتر بوو و کەوتە بیری حازرکردنی بێشکە و جلو بەرگ بۆ منداڵی سێهەمی. شەو لەسەر سفرەی نان خواردن، بە منداڵەکانی گوت:

ــــ پەپوولە خۆشەویستەکانم، بەم زووانە دەبنە خاوەنی برا یان خوشکێکی دیکە!

لەنەکاو تیل گوتی:

ــــ خوشکێکی‌ترو تیناش گوتی:

ــــ نا، برایەکی دیکە !

خەریك بوو بە شەڕ بێن کە ساندرا گوتی:

ــــ دیارە ئێستا دیاری ناکا، کورە یان کچ. چەند مانگێکی‌تر دیاری دەکا و ئەوکات پێتان دەڵێم. سەرەڕای ئەوەش ئەوە خۆ بە دەست ئێمە نیە، چ دەبیٚو تازە فەرقی کوڕو کچ چی‌یە، هەرکامیان بیٚ هەر وەك ئێوە خۆشەویستە، باشە دایك لەبەرو مریٚ!

کات هەروا دەهاتو تیٚدەپەڕی‌و ساندراش زگی لەژێڵدا هاتبووە سەر. ڕۆژێکیان هانری بە بینینی ساندرا کە زگی هەیە، زۆر نائومیدو لەبەر خۆیەوە گوتی:

ــــ ئەو هیوایەشم چوو کە بتوانم دووبارە بۆ جارێکی‌تر وەدەستی بێنمەوە.

چەند مانگ دواتر، ساندرا کوڕێکی بوو و ناویان نا تامی(کورت کراوەی توماس). ئەم کۆرپەیە نە تەنیا بۆ ساندرا، بەڵکوو بەر لە هەموویان، بۆ داریووش لەڕادەبەدەر خۆشەویستو ئازیز بوو، چونکە هەستی دەکرد بە بوونی ئەو کۆرپەیە بناغەی ژیانو خۆشەویستی‌یەکەی بە نیسبەت خێزانەکەیەوە پتەوترو چەند قات دەچێتە سەریٚ.

تامی پێی نابووە دوو ساڵی‌و ساندراش زیاتر سەری قەرەباڵغتر دەبوو. دوو منداڵی قوتابی‌و یەکێکی ساواش، کاتیان بۆ نەهێشتبۆوە. بەڵام زۆر لەوەش خۆشحاڵ بوو کە مێردەکەی خۆش دەویٚو منداڵێکی لێی بووەو ئیتر هەست بە کەمو کووڕی ناکا. وەختێك کە تیل و تینا دەچوونە لای باوکیان، بە ئاب و تابەوە باسی برا گچکەکەیان

بۆ دەکرد. هانریش بە بیستنی ئەو قسانە ئیمانی خۆی بەر پێلەقان دەداو زۆری پێناخۆش بوو، چونکە بوونی تامی ئومێدەکەی بەرەو نائومێدیو بێهیوایی نزیکتر دەکردەوە. بەڵام لە بەر دڵی منداڵەکانی هیچ شتێکی نەدەگوتو خۆی لە هەر باسو خواستێکی دەبوارد. دایکی هانریش وەکوو هەمیشە مانگی جارێك تیل و تینای دەبردە لای خۆیو بەردەوام سەردانی ساندراشی دەکرد. هەرچەند بووکی نەمابوو، بەڵام دایکی دوو نەوەی بوو و بە پێچەوانەی زۆرێك لە خەسووەکانی دیکە، ساندرای خۆش دەویست. ئەگەر هێندێك جار شەوانە دەهاتە سەردانی ساندرا و دەیدی کە داریووش لە ماڵەوە نیە و نەهاتۆتەوە، دەی پرسی، ئەدی داریووش لە کوێیە؟

ساندرا بە نارەحەتییەوە دەیگوت:

ــ ئێستاش هەر لە دووکانە. بازاڕی گەرمە و تا سەعات هەشتی شەو دووکان داناخا، تا ئەو جێیەی ئیتر ئێمەی لە بیر چۆتەوە. بە خاتری ئەوە لە هانری جیا بوومەوە، بەڵام دەبینم داریووشیش وای لێهاتووە. ئەوە یەکەم گلەیی بوو کە لای خەسووە کۆنەکەی دەیکرد. بەینی خۆمان بێ دایکیشی زوو ئەم هەواڵەی بۆ کوڕەکەی گێڕاوە. هانری بە بیستنی ئەم هەواڵە گەرمە، بە دایکی گوت:

ــ لەڕاستیدا ساندرا ڕاست دەکا، من لە ژیانمدا هەڵەیەکی گەورەم کرد، ئەویش ئەوە کە ئەو و منداڵەکانم کردە دەستە چیلەی کارو پیشەکەم و بە تەواوی لە بیرم کردبوون. وادیارە ئێستا داریووشیش ئەم کارەیان لەگەڵ دەکا و ئەوە ئیتر هەڵەیەکی گەورەترە.

شەوێکیان ساندرا گلەیەکەی دەگەڵ داریووشیش هێنایە گۆڕێو ئەویندارانە لە ئامێزی گرتو گوتی:

ــ پێم وابێ، لانی کەم من و تامی زیاتر پێویستیمان بە تۆیە. شەو و ڕۆژ لە دووکانی، بەوەی کە هەمانە قەناعەتم هەیە، کەواتە تۆ بۆچی ئەوەندە بە تەماحی؟ ناڵێم هەموو شتێك وێڵ کە، بەڵکوو چاوەڕوانیم لێتە لانی کەم کۆتایی حەوتووەکان لە نێوانماندا بی.

داریووش ماچێکی لە لێوە جوانەکانی ساندرا کردو گوتی:

ــ زۆرم حەز لێیە کەسێك بەکرێ بگرم، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا کەسێکی جێی متمانەم نەدیوەتەوە. ئەوەی ڕاستی بێ ئەگەر بۆ خۆم نەبم، دووکانەکە بە تەواوی تەفروتوونا دەبێو زۆربەی مشتەریەکانم لێدەتەکنەوە، کەواتە دەبێ چ بکەم؟ هەوڵی خۆشم دەدەم. چونکە خۆشم دەوێی، پێم خۆشە تۆ بەختەوەرو ڕازی بی. ئەم ڕستانەی داریووش وەك حەبی هێور کەرەوە وابوون، بەڵام ئازاریان نەدەشکاند. هانریش لە سەرەتاکانەوە قسەگەلێکی وەها دڵ خۆشکەری دەگوتن، بەڵام عەمەلی پێنەدەکردن.

کۆتایی حەوتوویەك بوو، هانری هاتبوو بە شوێن منداڵەکاندا. بە بینینی ساندرا گلەییەکانی هاتنەوە بیر کە لە ژیانی لەگەڵ داریووشدا بوونیو ئاسەواری ناڕەحەتی بە ڕووخساری‌یەوە دیار بوو. لەوکاتەدا ڕووی لە ساندرا کردو گوتی:

ــ دەزانی دوای چەندین ساڵ جیابوونەوەمان، ئێستاش هەر دڵم لاتە و هەنووکە هەر خۆشم دەوێی؟

لەگەڵ ئەوەی کە دەزانم داریووشت لە من پێ باشترو خۆشتر دەوێ، کەواتە بۆچی ئێستا ناڕەحەتیت؟

ساندرا گوتی:

ـــ هەر ئەو تەنیاییو کێشەیەی کە لەگەڵ تۆ بووم، ئێستا وا لەگەڵ داریووشیش هەمە. هەر وەماڵ ناکەوێتەوەو هیچ کاتی بۆ نەهێشتووینەتەوە.

هانری گوتی:

ـــ دان بەوە دادەنێم هەڵسو کەوتێکی کە ئەوکات لەگەڵ تۆو منداڵەکان هەم بوو، بە تەواوی هەڵە و ئاکامە کارەسات بارەکەشی ئەوەی لێکەوتەوە کە بە هیچ نرخێك بۆم قەرەبوو ناکرێتەوە.

ساندرا گوتی:

ـــ منیش گەنج بووم و ئەوەم نەدەزانی کە هەر پیاوێك بۆ خەرجی ژیانو بژیوی بنەماڵەکەی، ئەویش بە تایبەت ئەگەر خێزانەکەیماڵدار بێ، دەبێ هەوڵ بدا و کار بکا.

هانری وەڵامی داوە:

ـــ نا، نا، نابێ تۆ لۆمەی خۆت بکەی. بەڕاستی ئەوە من بووم زێدەڕۆیم لە کارەکەمدا دەکردو تەنانەت بە خۆشم ڕانەدەگەیشتم، چ دەگا بە ژن و منداڵەکانم!

ساندرا گوتی:

ـــ داریووشیش ڕاست هەر ئەو کارەی ئەوکاتی تۆی کردۆتە پیشە و هەمووی هەر لە فکری کارەکەی دایە و بەردەوام دەیەوێ پەرە بە دووکانەکەی بداو قەناعەت ناکا. لەوکاتدا منداڵەکان کە ڕۆژانی هەینی تەنیا تا سەعات دوازدەی نیوەڕۆیە لە قوتابخانە بوون، هاتنەوەو زوو خۆیان لە باوەشی باوکیان هاویشتو دوایەش چوونە لای دایکیان. لەو کەینو بەینەدا بوون کە ساندرا جانتا و ساکو کەلو پەلی منداڵەکانی پێچاوەو ئامادەی ڕۆیشتن دەگەڵ باوکیان بوون. تیلو تینا هەر دووکیان ماچێکی دایکیان کردو ئاواتی حەوتوویەکی خۆشیان بۆ یەکتری بە ئاوات خواستو بەر لە ڕۆیشتن، هەڵاتنە ژوورەکەیان کە بووکەڵەکانیان هەر یەکەی لە لایەك و تامیش لە نێویاندا خۆی پێوە خافڵاندبوونو چوونە لای تام و ماچێکیان لێکردو گوتیان تاکوو دووشەممە، ئۆکەی؟

تام بزەیەکی منداڵانەی هاتێیە و بە دەست بای بای بۆ دەکردن.

داریووش لە دووکانەکەی سەری زۆر قەرەباڵغ بوو، بە تایبەت ڕۆژانی هەینی کە قوتابخانە زووتر دادەخرا. ساندرا زەنگێکی بۆ لێدا و گوتی:

ـــ دەتوانی ئەمڕۆکە کەمێك زووتر لە سەعات هەشت بێیەوە لانی کەم تامی بەر لە خەوتن بت بینێ؟

بە تەلەفوونی بەڵێنی پێدا کە حەتمەن زووتر دێتەوە. بەداخەوە ئەو شەوەش بە جێگای ئەوەی بەر لە حەوت بێتەوە، بەڵام زۆر درەنگتر لە نۆش هاتەوە.

بەر لە هەموویان ساندرای لە باوەش گرتو ماچی کردو دوایەش چووە لای کوڕەکەی خەوی لێکەوتبوو و هەڵی نەستاندو ڕووی لە ساندرا کردو گوتی:

ـــ تۆ چۆنی گیانەکەم؟

وەڵامی داوە:

ـــ دەتەوێ چۆن بم؟! نەتدەتوانی ئەمڕۆکە دووکانەکە زووتـر داخـەی کـە لانـی کـەم بەر لە سەعات حەوت بێیەوەو بە قەولی خۆشت وەفا بکەیو بەر لەوەی تـامی بخـەوێ، بیبینی؟

داریووش تێگەیشت خێزانەکەی ناڕەحەتو تووڕەیە، گوتی:

ـــ خۆشەویستەکەم، بەڕاستی ئەمڕۆ مشـتەری زۆر بـوونو زۆربـەی شـەوەکان ئاوایـە. ڕەنگە بەیانی تا سەعات چوار دای نەخەم.

ساندرا بە تەوسەوە پێی گوت:

ـــ من و تامیش پێمان خۆشە لانی کەم وەختێکی زیاترمان لەگەڵ مێردە خۆشەویسـت و باوکە مێهرەبانەکەیمان هەبێ، چونکە خۆشمان دەوێ.

داریووش بە دەنگێکی بەرزترەوە گوتی:

ـــ ئینسان ناتوانێ تەنیا بـە ئەوینـداریـیەوە بـژی، بـەڵکوو پێویسـتی بـە پـارە، واتـە کەرەسەی ژیانیش هەیە.

ساندرا بە توندی گوتی:

ـــ من کە شەو و ڕۆژ ئەویندارییەتیم لە تۆ نەویستووەو هیچ ئیددیعای ئەوەشم نەکردوە کـە مـرۆڤ تـەنیا بـە هـەوا و هـەوەسو ڕابواردنـەوە دەژی. ئەگـەر بـاش وەبـیر خـۆتی

بێنیەوە، بەهۆی زێدەڕۆیی لە کارکردن بوو لە هانری جیابوومەوەو ئەگەر دەمزانی تۆش وەك ئەو وای، دەستم لە خۆ نەدەدا و لای دەمامەوە.

داریووش بە دەنگێکی نیوە تووڕەییەوە گوتی:

ـــ ئێستاش درەنگ نەبووە، ئەگەر پێم ڕازی نی، ڕێگا ئاواڵەیە و دەتوانی بچیەوە لای.

ساندرا هەر کە ئەوەی بیست، ئیمانی لای خۆ نەما و دەهری بوو. هێندێك کەلو پەولی خۆیو منداڵەکەی پێچانەوەو خستنیە نێو جانتا دەستییەکەیەوەو مجرییەکی گچکۆکەشی هەڵگرتو زەنگێکی بۆ تەکسی تەلەفوونی لێدا و دوای چەند خولەکێك زەنگێکیشی بۆ خەسووە کۆنەکەشی لێدا و منداڵە ساواکەی هەڵگرتو بە داریووشی گوت:

ـــ تۆش بە سلامت و زرمب دەرگاکەی لێ پێوەدا.

داریووش کە تا ئەوکات لە سەر پێشاو بوو بە دەنگی دەرگاکە هاتە دەرێو لە دەربیجەکەوە چاوێکی لێ کردو لە دوورەوە هاواری لە ساندرا کردو گوتی:

ـــ بۆ کوێ؟

وەڵامی داوە:

ـــ مەگەر بۆ خۆت نەت گوت، ئێستاش درەنگ نەبووە؟ ئێ کەواتە منیش تا لەوە درەنگتر نەبووە دەچمە لای نەنکی منداڵەکانم.

داریووش لەو وتەیەی خۆی پەژیوان بۆوە، بەڵام تازە کار لە کار ترازا و درەنگ ببوو. زۆری پێنەچوو گەیشتە بەردەرگای ماڵی خەوسووی لە زەنگی دا. دەرگای بۆ کراوەو بیستی:

ـــ هانری منداڵەکانت هێنانەوە؟ وەرە سەرەوە.

وەڵامی داوە:

ـــ دایە منم ساندرا، هانری سەعات دوازدەی نیوەڕۆیە منداڵەکانی دەگەڵ خۆی بردن.

خەوسووی پەشۆکاو و واق وڕماو چاوی لە ساندرا و جانتا و مجری دەستی‌و منداڵی باوەشی بڕی بوو و زوو هات بە یارمەتی‌یەوەو هاتنە ژوورەوەو بەر لە هەموو شتێك لێی پرسی‌و گوتی:

ـــ چی بووە، بۆچی بارگە و بنەت تێك ناوە؟ مەگەر لەگەڵ داریووش شەڕت کردوە؟

ساندرا گوتی:

ـــ نەخێر، بەو شێوەیە نەبوو! بەڵام قسەمان لێك هەڵبەزی‌یەوە. دایە هانری بۆ نێوەڕۆیە لەگەڵ منداڵەکان لێرە بوو؟

وەڵامی داوە:

ـــ نەخێر، وێ دەچێ سەرێکی لە وێستگەی شەمەندەفەر دابێ.

ساندرا گوتی:

ـــ دایە، ئەگەر ژمارە موبایلەکەیت پێیە، بم دەیە زەنگێکی بۆ لێدەدەم.

خەسووی گوتی:

ـــ مەگەر شتێکی بۆ منداڵەکان لەبیر چووە؟

ساندرا گوتی:

ـــ نەخێر، تەنیا دەمەوێ قسەی دەگەڵ بکەم.

هەر لە ماڵی خەسوویەوە زەنگێکی بۆ لێدا. بە قەتعو بڕی دەنگی دیار بوو هەر لە شەمەندەفەرەکە دان. هانری بە بیستنی دەنگی ساندرا سەری سووڕماو و بەر لە درێژەی قسەکانی، گوتی:

ـــ تا سەعاتێکیتر دەگەینەوە ماڵێ. ئێستا لە کوێی زەنگت بۆ لێدەم؟

ساندرا گوتی:

ـــ لە ماڵی دایکتم. ئەگەر ئەمشەو شەمەندەفەر هەبێ، دەمەوێ بێمە لای تۆو منداڵەکان.

هانری بە پەلە پڕووزەو پەشۆکاوی‌یەوە گوتی:

ـــ مەگەر چی بووە؟ دیارە کە ئێمە هەمووما‌ن خۆشحاڵ دەبینو لەوکاتدا لە کاربەدەستی شەمەندەفەرەکە کە تازە خەریك بوو لێی ڕەد بێو بلیتەکەی کۆنتڕۆڵ دەکردن، پرسیو بە ساندرای گوتەوە:

ـــ سەعات یازدە شەمەندەفەرێكی دیكە لەوێوە حەرەكەت دەكا و ڕاست سەعات پێنج دەگاتە ئێرە، ئەگەر دەتەوێ بەم شەمەندەفەرە بێی، زەنگم بۆ لێدە حەتمەن سەعات پێنج لە وێستگەكەدا چاوەڕوانت دەبم.

ساندرا گوتی:

ـــ كەواتە تا دوایی‌و گوشی‌یەكەی داناوە.

ساندرا زەنگێكی بۆ وێستگەی شەمەندەفەری شاریش لێداو دڵنیا بوو كە سەعات یازدەی شەوو شەمەندەفەرێكی هەرزان، واتە بۆ هەر كەسێك بیست‌و نۆ یۆرۆ، پرسی، ئایا جێگایان بۆ ژنێك‌و منداڵێكی ساوا هەیە؟

كاربەدەستی ئیتلاعات چاوێكی لە كۆمپیوتەرەكە كردو گوتی:

ـــ لە واگۆنی ژمارە بیست‌و دوودا چەند كووپەیەك بەتاڵن‌و تا ئێستاش نەگیراون.

خەسووە كۆنەكەی گوتی:

ـــ ئایا باشتر وانیە شەو لێرە وەمێنی‌و بەیانی بڕۆن؟

وەڵامی داوە:

ـــ نا، دایە، زۆر سپاس، چونكە یەكەم شەمەندەفەری شەو هەرزانترەو منو تامیش خەومان لێدەكەوێ‌و دووهەمیش بەیانی زوو هانری دێ بە شوێنماندا. لەگەڵ خەسووی‌دا نانێكی ئاكازایی خواردو گوتی:

ـــ دایە، دەگەڕێمەوە لای هانری. پێم وابێ بۆ هەمووومان باشترە.

خەسووی زۆری پێخۆش بوو و گوتی:

ــــ هەر کچی خۆم بوویو دەشبییو هەمیشە خۆشم ویستوویو خۆشم دەوێی.

ساندرا گوتی:

ــــ ئەوەم باش دەزانی، بەڵام هەرزەکارییو نەفامییو هەزارو یەك عەیب. مرۆڤ زۆر جار پێویستی بە ئەزموونی تاڵیش هەیە و من ئەو ئەزموونەم وەدەست هێنا.

سەعات دەی شەو بوو کە داریووش زەنگی بۆ ماڵی نەنکی منداڵەکانی لێداو ئەزقەزا ساندرا گوشییەکەی هەڵگرت، پێی گوت:

ــــ بۆچی زوو تووڕە بووی؟

وەڵامی داوە:

ــــ تۆ ڕاست و ڕەوان قسەی دڵت پێگوتم و ئیتر قسەیەکمان نیە. دەمەوێ تەنیا وەك هانری پێوەندیت دەگەڵ کوڕەکەتدا وابێو بەس. ئەوەی ڕاستی بێ دەمەوێ تا درەنگتر نەبووە، لێت جیا وەبم و بگەڕێمەوە لای مێردە کۆنەکەم. تازە تێگەیشتم کە تاقمێك لە پیاوەکان دوای ماوەیەك هەڵسو کەوتیان دەگۆڕێو هەر ئەو شێوازە دەگرنە بەر کە تۆ و هانری لەگەڵتان کردم، بەڵام بەو جیاوازییەوە کە ناوبراو هیچ کات پێی نەگوتم، ئەگەر ناتەوێ، ڕێگا پانو بەرینە و دەتوانی بڕۆی! بەڵام وا تۆ پێت گوتم! هەربۆیە بە خۆشی لێت جیا دەبمەوە.

داریووش بە سەرسووڕماویو حەپەساوییەوە گوێی بۆ قسەکانی ساندرا شلّ کردبوو و هیچی بۆ گوتن پیّنەبوو و بە ناڕەحەتییەکی زۆرەوە، خوات لەگەڵو تەلەفوونەکەی داخست.

خەسووی دووبارە پێی گوت:

ـــ حەتمەن دەتەویّ ئەمشەو بڕۆی؟

ساندرا گوتی:

ـــ دایە، بلیتی شەمەندەفەر بە ڕۆژ سەدو هەشتا یۆرۆیە، بەڵام شەوانە تەنیا بیست و نۆ یۆرۆیە لەگەڵ شەش یۆرۆ، چونکە بلیت فرۆشییەکە لەویّ نیە و دەبیّ لە کاربەدەستی شەمەندەفەرەکەی بکڕم. سەرەڕای ئەوەش هەردووکمان تا بەیانی لە کووپەکەدا لێی دەخەوین.

ساندرا زەنگێکی بۆ تەکسی تەلەفوونی لێدا و داوای تەکسییەکی بۆ سەعات دەو چل خولەك کردو ناونیشانەکەی پیّدا و چاوەڕوان مایەوە. تەکسییەکە کاتی دیاری کراو هاتو لە زەنگی دا.

ساندرا و خەسووی یەکتریان ماچ کردو لەگەڵ منداڵەکەی کە خەوی لیّکەوتبوو بە هێواشی لە پلیکانەکان هاتنە خوارێو سوار تەکسییەکە بوو و گوتی:

ـــ بەرەو وێستگەی شەمەندەفەر.

بە دوازدە خولەك گەیشتە وێستگەکە و لە کاربەدەستەکەی پرسی:

ـــ شەمەندەفەری سەعات یازدە لە کام سەکۆیە؟

وەڵامی داوە:

ـــ ئەوەی سەعات پێنج دەچێتە شوێنی مەبەست، سەکۆی ژمارە هەشتە.

ساندرا لە کاربەدەستی بەردەم دەرگای چوونە ژوورەوەی شەمەندەفەری وێستگەکە بلیتەکەی کڕیو گوتی:

ـــ واگۆنی ژمارە بیست و دوو کامەیە؟

ناوبراو بە ئەنگوست نیشانی دا، ئەو واگۆنەی دواوەیە، بەڵام تۆ دەتوانی هەر لێرەوە سوار بیی. سواری شەمەندەفەرەکە بوونو چوونە یەکێك لە کووپە چۆڵەکان. ساندرا پەردەکەی دادانەوەو مجرییەکەی خستە پشت دەرگای کووپەکەوەو لەگەڵ منداڵەکەیدا تا بەیانی بۆی خەوتن.

سەعات پێنج و چەند خولەکێکی بەیانی بوو کە شەمەندەفەرەکە کەمێك درەنگتر گەیشتە شوێنی مەبەست و کاربەدەستی شەمەندەفەرەکە بە بڵێندگۆ بە موسافیرەکانی ڕاگەیاند کە دوای چەند خولەکێکی دیکە دەگەنە وێستگەکە و لەو دە خولەکە وەدرەنگ کەوتنەش داوای لێبووردنی لێ کردن. ساندرا بە بیستنی ئەو دەنگە زوو لە جێی خۆی هەستایە سەرپێ و کەلو پەلەکانی خڕ کردنەوەو دابەزی. لە دوورەوە چاوی بە هانری کەوت کە بە چەپکە گوڵێکەوە هاتۆتە دەم سەکۆکە و بەم لاولای خۆیدا دەڕوانێ. هەردووکیان بەرەو لای یەکتری دەهاتن، ساندرا چاوێکی لە هانری کردو بەو خەواڵوییەی بەیانییەوە باوەشی پێداکرد و ڕوومەتی ماچ کرد. هانری

دوای بەخێرهاتنو چاکو چۆنی، جانتاو مجرییەکەی هەڵ گرتنو بەرەو دەرگای چوونەدەرەوەو وێستگەی شەمەندەفەرەکە چوون کە سەیارەکەی لەوێ ڕاگرتبوو. سواری سەیارەکە بوونو یەکسەر بۆ ماڵی هانری کە زۆر لە وێستگەکەوە دوور نەبوو. هەنووکە منداڵەکانی لەخەو هەڵ نەستابوونو تامی گچکۆکەش وەخەبەر نەهاتبوو.

هانری بە هێواشی پێی گوت:

ــــ دەمەوێ قاوەیەك ساز بکەم؟

وەڵامی داوە:

ــــ نا، نا، ئێستا زووەو حەزم لێیە کەمێکیتر ڕاکشێم.

هانری چاوێکی لە ڕووخساری ماندوو و هیلاكو خەواڵوویی ساندرا کردو گوتی:

ــــ بچۆ، لەسەر تەختەکەی من بخەوەو منیش لەسەر قەنەفەکە درێژ دەبم، بەڵام دەزانم کە خەوم لێناکەوێ.

ساندرا دەستی گرتو بەرەو ژووری خەوەکە چوونو گوتی:

ــــ خۆ جێگای دوو کەسی هەیە، مەگەر نا !

هانری زەردەخەنەیەکی کردو گوتی:

ــ بۆچی بۆچی، دەکرێ هەروەك پێشوو دوو کەسی بخەوینو درێژەی دا:

ــ دەبێ ئەوەش بزانی لە کاتی جیابوونەوەمان تاکوو ئێستا، ئەوە تۆ یەکەم ئافرەتێکی لەسەر ئەم تەختە لەپەنامدا دەخەوی.

ساندرا دووبارە لە باوەشی گرتەوەو ماچی کردو پێکەوە چوونە ژێر لێفە و تێخزان.

هانری زۆر خۆشحاڵ بوو و بە هێواشی باسکی بردە ژێر ملی ساندرا، سەری بە سینگی خۆیەوە نا و توند بە خۆیەوە گوشی و، تا سەعات نۆی بەیانی هەڵی نەستاند. چونکە بۆ خۆی خەوی لێ نەدەکەوت، تەنیا چاوی بڕی بووە ڕووخساری خەوتوو و هێدی ساندرا و کەوتبۆوە بیری سەردەمی ڕابردوویان.

ساندرا بە دەنگو هەرای منداڵەکانو بە تایبەت ئی تام کە ڕاستەوخۆ هاتبووە ژووری خەوەکەیانو دایە، دایەی گرتبۆوە، وەخەبەر هات و لە هانری پرسی:

ـــ سەعات چەندە؟

وەڵامی داوە:

ـــ چەند خولەکێکی لا داوە لە نۆ. باشت خەو لێ کەوت؟

ساندرا گوتی:

ـــ بەڵێ، خراپ نەبوو. زۆر باشتر لە خەوی نێو شەمەندەفەرەکە بوو.

هانری دەستێکی بە ڕووخسارو پرچی ئاڵۆزاوی داهێنا و گوتی:

ـــ دەچم نانو چای بەیانی ساز بکەم، حەزت لە هێلکەی کوڵاوە یان هێلکەوڕۆن؟

ساندرا وەڵامی دایەوە:

ـــ هەرچی خۆتو منداڵەکان حەزتان لێیە.

هانری گوتی:

ـــ منداڵەکان هێلکە ناخۆن، بەڵکوو حەزیان لە "خامە"ی[37] فیلادلفیایە.

ساندرا گوتی:

ـــ هەرچۆنێك بۆ خۆت پێت خۆشە سازی بکە.

هانری سێ هێلکەی کردنە نێو ڕۆنە کەرەوەو قاوەیەکی باشی ساز کردو کەرەو مرەبای هێنا و لەگەڵ خامەی فیلادلفیا لەسەر مێزی نان خواردنەکەی دانانو بانگی ساندرا و منداڵەکانیشی کرد.

دوای ئەوەی ساندرا تامی بردە سەرپێشاو و تیل و تینا بە سەرسووڕمانەوە دییان، سەرەتا لە خۆشیان شا گەشکە بوونو دوایە لەبەر خۆیانەوە گوتیان:

ـــ دایکمان لە کوێوە هەڵقوڵاوە!

ساندرا بەیانی باشی پێگوتنو باوەشی کردنو پێکەوە چوونە سەر مێزی نان خواردنەکە. لەوکاتەدا هانری ڕووی لە منداڵەکان کردو گوتی:

ـــ دایکتان دوێنێ بڕیاریدا بوو کە بێ بۆ لامان. هیوادارم ئەمجارەیان بۆ هەمیشە بمێنێتەوە.

تیل و تینا گوتیان:

---

[37] : خامە: سەرتوێ، سەرشیر،

ــــ دایەگیان مەگەر چی بووە؟ هەرچەند زۆرمان پێخۆشە کە هاتووی، بەڵام خۆ دەگەڵ داریووش‌دا هیچ کێشەیەکت نەبوو و تازە پیاوێکی خراپیش نەبوو.

ساندرا گوتی:

ڕاستە ئەویش پیاوێکی خراپ نەبوو، بەڵام وام پێباشە ئەگەر باوکتان وەرم بگرێتەوە، دەمەوێ وەگەڕێم.

هانری دەستێکی بەسەر دەستی لەسەر مێزەکە داهێنا و گوتی:

ــــ ئەم ماڵە ئی دایکی منداڵەکانە و درێژەی‌دا:

ــــ پێڵاوت سەر چاوم و هەمیشە چاوەڕوانی وەها ڕۆژێکم دەکرد.

ساندرا ڕووی کردە هانری‌و گوتی:

ــــ لەم ماوەیەدا لە شتێك حاڵی بووم، ئەویش ئەوە کە مرۆڤ دەبێ لە ژیان تێبگا و بزانێ کە ناکرێ چاوەڕوانی هەموو شتێك بی، بەڵکوو دەبێ بە شوێن ڕێگەچارەیەکی لۆژیکیانەی هەردووك لایەن‌دا بگەڕێی.

هانری گوتی:

ــــ ئێستا وەزعی تۆ لەگەڵ داریووش‌و منداڵەکەدا چۆن چارەسەر دەکرێ؟

ساندرا گوتی:

ــــ هەروەك لەگەڵ تۆدا کرا و تۆش بە سەبرو حەوسەلەوە قەبووڵت کرد، ئەویش دەتوانێ هەر بە دوو حەوتوو یان مانگی جارێك، تامی بەرێتە لای خۆی. منداڵەکان

سەرقاڵی چاو لێ کردنی فیلمێك بوونو تامیشیان بردبووە لای خۆیان، ساندراش لەو دەرفەتە کەڵکی وەرگرتو چۆنیەتی ڕووداوی جیابوونەوەکەی لەگەڵ داریووشو هاتنەوەی بۆ لای ئەو و منداڵەکانی بە درێژە بۆ هانری گێڕاوە.

ساندرا گوتی:

ـــ نزیکەی ساڵێك دەبێ داریووش ئەو کارەی تۆی کردبووە پیشە و هیچ کاتێکی بۆ منو منداڵەکان نەدەهێشتەوە. هەرچەند منداڵەکان لێی ڕازی بوونو ئەگەر کاتی بووایە! هەموو شتێکی بۆ منداڵەکان دابین دەکرد. بەڵام بەداخەوە هەر بەو دەردەی لای تۆوە گیرۆدە بووم.

هانری گوتی:

ـــ من دواتر بە تەواوی هەستم پێکرد. دەبێ دان بەوەشدا بێنم کە بەڕاستی حەق بە تۆ بوو و من مافی تۆو منداڵەکانم ئەسڵەن لەبەرچاو نەبوو و شەو و ڕۆژ لە خزمەت کۆمپانیادا بووم. بەڵام ئێستا وەخەبەر هاتووم و ئاڵو گۆڕم بەسەر خۆمدا هێناوەو ئیتر ئەو شێوە ژیانەی پێشوو دووپات ناکەمەوە. واتە هەشت سەعات کار بۆ کۆمپانیا، هەشتیش بۆ سەرقاڵی خۆمو بنەماڵەکەمو هەشت سەعاتی دیکەش بۆ خەو و ئیسراحەت. ئێستا چەند جێگرم بۆ ئەنجامدانی کارەکانو سکرتێرەیەکیشم هەر لە بەیانی‌یەوە تا ئێوارە هەیە و زۆربەی کارەکان بەوان دەسپێرم. بۆ خۆم تەنیا بەسەریان ڕادەگەمو کۆتایی هەموو حەوتووەکانیشم بۆ منداڵەکانم تەرخان دەکەم.

ساندرا ڕاست و ڕەوان گوتی:

ـــ ئایا ئێستا بە تەمای بە تەنێ بژی یان تەمای ژن هێنانی دووبارەت هەیە؟ ئەگەر بە تەمایو دووبارە منت بوێ، دەگەڕێمەوە لات.

هانری هەروەك سەردەمی گەنجێتی چاوێکی تەماحاوی تێبڕیو گوتی:

ـــ وێ دەچێ لەم ماوەیەدا لێم حاڵی بوویو حەتمەن دەشزانی کە تەنیا بە خاتری تۆ هەوڵم نەداوە کە ژن بێنمەوەو ئەگەر تا کۆتایی تەمەنیشم بووایە، دەمامەوە. وام هەست دەکرد کە سەرەنجام دەگەڕێیەوە لام. نازانم بۆچی، بەو شێوە بیرم دەکردەوە؟ دیارە کاتێك لای داریووش زگتپڕ بوو، کەمێك هیوابڕاو بوومو لەبەر خۆمەوە گوتم، ڕەنگە ئیتر ئەوە ئیمکانی نەبێ. بەڵام بە تەواوی هیوابڕاو نەبوومو دڵ خۆشی خۆم دەداوە.

ساندرا لە ئامێزی گرتو ماچێکی خەستو خۆڵی لێکردو گوتی:

ـــ تۆ باوکی منداڵەکانمیو هیچ خراپەیەکت دەرحەق بە من نەکردوە، بەڵکوو گەنج بووم و داواکاری بێ جێی گەنجێتی.

هانری وای بیر کردەوە، مەبەستی ساندرا لە "باوکی منداڵەکانمی"، تیل و تینایە و لە درێژەی قسەکانیدا گوتی:

ـــ منیش وەك داریووش کە منداڵەکانی ئێمەی خۆش دەویست، تامیم خۆش دەوێو دەشتوانێ بەردەوام بچێتە لای باوکی. هانری ئاگای لەو نهێنییەی ساندرا کە مەبەستی لە "باوکی منداڵەکانمی" چییە، نەبوو.

بەهەرحاڵ ساندرا هەر لەو شارەی کە هانری لێی نیشتەجێ بوو، پارێزەرێکی بنەماڵەیی پەیدا کردو جەریانی داواکاری تەڵاقەکەی لە داریووشی، وەئەستۆ گرتو وەشوێنی کەوت. دادگای بنەماڵەیی ئەو شارە، دوو حەوتوو دوای وەرگرتنی داواکارییەکە، وەك هەمیشە ساڵێك مەرجی جیابوونەوەی ژنو مێردی بە هەر دووك لایەن ڕاگەیاندو بەم شێوەیە دوای تەواوبوونی ئەو ماوەیەی ساندرا و داریووش بە مەرجی قەبووڵ کردنی مافی بەخێوکردنو بارهێنانی منداڵەکانیان بۆ هەردووکیانو چوونی تامیش هەر بە دوو حەوتوو جارێك بۆ لای باوکی، بە فەرمی لێك جیا بوونەوە. لەم نێوەدا تامی پێی دەنا پێنج ساڵو نیو و ئامادەیان دەکرد بۆ پاییز بچێتە قوتابخانە. بەر لە جیابوونەوەی فەرمی دایكو باوکی بە بەردەوامی هەر دوو حەوتوو جارێك لای باوکی بوو. دوای جیابوونەوەکەش ئەو ڕەواڵە هەر درێژەی بوو. داریووشیش هەموو سەری دوو حەوتووان بۆ خافڵاندنی تامی خۆی حازر دەکرد. زۆر جار تامی نەی دەویست بچێتە لای باوکیو لە دایكو خوشكو براکەی دوور بکەوێتەوە. بۆیە لە دڵەوە حەزی دەکرد هەروەك پێشوو دایكو باوكو خوشكو براکەشی پێکەوەو لای ئەو بن. بەڵام ئەسڵەن شتی وا ئیمکانی نەبوو. لە شەش مانگی یەکەمی قوتابخانەدا کارەکە بە ڕەواڵی ئاسایی خۆی دەچووە پێشو کێشەیەکی ئەوتۆش نەهاتە پێش. بەڵام وردە وردە دوای ئەوە، وەختێك کە تامی دەهاتە لای باوکی، نەی دەویست بگەڕێتەوەو کێشەی دەناوە. زۆر جار باوکی لێی دەپرسی، ئایا لەگەڵ باوکی تیل و تینا ناگونجێ یان منداڵەکانی حاجزی دەکەن؟

تامی بەردەوام دەیگوت، نا.

داریووش ڕووداوەکەی لەگەڵ ساندرا و هانری باس کردو چەند جارێك بە زۆرو نیوە ناڕازی قەناعەتیان پێدەکرد کە بگەڕێتەوە، بەلام ئەم گرفتە بە ڕازی کردنی کاتی تامی چارەسەرکەر نەبوو. ئەوان ناچار بوون بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، چاوپێکەوتنێکی بنەماڵەییان هەبێو دەروون شیکارێکی تازە لاوانیشیان بانگهێشت کرد. دەروون شیکارەکە دوای بیستنی کێشەکانی هەردووك لا، سێ ڕێگە چارەی پێشنیار کردن:

یەکەم: ئەگەر دەکرێ، داریووش بیگوازێتەوە بۆ ئەو شارەی کە هانریو ساندرا لێی دەژین کە ئەوەش بەهۆی بارودۆخی کارو کاسبیو دووکانی بووکەڵە فرۆشییەکەی داریووش زۆر دژوارو نەدەکرا.

دووهەم: هانری بە بنەماڵەوە بیگوازێتەوە بۆ شارەکەی داریووش. هەموو بەم پێشنیارە ڕازی بوون، بەلام هانریش نەیدەتوانی کارەکەی وێڵ کاو بگەڕێتەوە شارەکەی خۆی، چونکە کۆمپانیاکە لەو شارەدا جێگایان بۆی نەبوو. بۆیە ڕازی نەبوونەکەی مەنتیقی بوو.

سێهەم: تامی بۆ ماوەیەك لای باوکی بمێنێتەوە، بەلام بە گشتی ساندرا دژایەتی کردو هۆیەکەشی بە کەس نەدەگوت. لەم بارەوە داریووشو هانری کونجکۆڵییان کردو دەروون شیکارەکەش ویستی بزانێ بۆچی پێی ناخۆشە تامی بۆ ماوەیەك لەوێ وەمێنێو دژایەتی دەکا. هەموویان سووربوون لەسەر ئەوەی ساندرا هۆی دژایەتی کردنەکەی بڵێ.

سەرەنجام ساندرا ناچار بەوە بوو کە پێ لە ڕاستییەکە بنێو گوتی:

ــــ لەگەڵ ئەوەی کە داریووش بۆ هەموو منداڵەکان باوکێکی گەلێك چاکو تامیشی خۆش دەویست، بەڵام باوکی ڕاستەقینەی تامی نەبوو! داریووش بە بیستنی ئەم هەواڵە چڵەکەیەکی کردو گوتی:

ــــ چی! ئایا دروست گوێم لێیە؟ کەواتە کێ باوکی ڕاستەقینەیەتی؟! لەگەڵ ئەوەی بەردەوام دەتگوت، منت خۆش دەوێ، بەڵام هەروا بە سادەیی غەیانەتت پێکردم؟

ساندرا گوتی:

ــــ بەڕاستی خۆشم دەویستیو ئەم کارەش کە ناوی غەیانەت کردنی لێدەنێی هەر بە خاتری ئەو خۆشویستنەت کردم و ویستم منداڵێکم لێت ببێ کە پێوەندی ژنو مێردایەتییەکەمان پتەوتر بکا. ئاخر دوای دوو ساڵان تێگەیشتم کە تۆ توانایی منداڵ خستنەوەت نیە و نەشمدەویست ئەم مەسەلەت پێبڵێم و نارەحەتت بکەم و لێم زویر بی. هەربۆیە هیچ شتێکم پێنەگوتی. دەمدیی زۆرت حەز لە منداڵە و پێت خۆش بوو منداڵێکت لە من ببێ، بۆیە لەگەڵ هانری کە باوکی منداڵەکانمە، شەوێك تەنیا بە مەبەستی منداڵ بوون چوومە ئەو هوتێلەی لێی دەماوەو لەوێ سەرجێیم لەگەڵ کردو زگم لێی پڕ بوو، تامی ئاکامی ئەو سەرجێیی کردنەیە و ئیتر دوای ئەوە جیا لە تۆ لەگەڵ هیچ پیاوێکی دیکەدا سەرجێیم نەکردوە.

هانری وەبیری هاتەوە کە نزیك بە حەوت ساڵ لەمەبەر شەوێك بۆ ماوەی دوو سەعات لە هوتێلەکەدا ساندرا هاتۆتە لایو پێکەوە چەند پەرداخ شەرابیشیان خواردەوە.

ساندرا لە لای وان گوتی:

ـــ دەزانم ئەوە کارێکی هەڵە بوو، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ هیچ ئەوینو هەوا و هـەوسو خۆشەویستییەکی تێدا نەبووە، بەڵکوو تەنیا دەم ویست داریووش خۆشـبەخت بکـەم. ئەگەر "تامی" عـەولادمان هەروەك باوکی ڕاستەقینە و قانوونی خۆی داریووشی خۆش دەوێ، دەگەڕێتەوە سەر ئەو ئەوینو هۆگرییەی من بە نیسبەت وییەوە. بـە تایبـەت لە پێڕاگەیشتن بە "تامی" بە پێی توانا هـیچ تەنـەخییـەکی نـەدەکرد. داریـووش بـۆ پشت ڕاست کردنەوەی قسەی ساندرا، بـۆ خۆشـی سـەردانێکی دوکتـوری کـردو دوایـە دیتی کە توانایی منداڵ خستنەوەی نیە، واتە بۆ خۆی ناتوانێ ببێتـە خـاوەنی منـداڵو باوك واتە نەزۆکە.

چونکە داریووش تامی کوڕی بەخێوو گەورە کردبوو و پێوەندییـەکی سـۆزدارییـان لە نێواندا پێك هاتبوو، بەردەوام دەی بردە لای خۆی یان ئەوەتا ئـەو دەهاتـە لایـان. هانری باڵەخانەیەکی پێنج ژووری کڕیو هەموو بە بنەماڵـەوە گواسـتیانەوە بـۆ ئـەوێ. داریووشیش لە شارەکەی خۆی ماوەو لەگـەڵ ئـافرەتێکیـتـردا ئاشـنا بـوو کـە ئـەویش خوازیاری منداڵ نەبوو، بەڵام دووکانی بووکەڵە فرۆشییەکەی پەرە پێداو پێکەوە لـەو لێرەوارەی کە ئێمە ناومان ناوە "جیهانێکی پێشکەوتوو"، درێژەیان بە ژیان دا.

ئەم چیرۆکە نیوە ڕاستەقینەیە کە هەموو ڕۆژێـك لـە جیهـانی ئێمـەدا بـە شـێوەگەلی جۆراوجۆر ڕوودەدا، لە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنی، باسـی دەروون شـیکاری بنەماڵـەوە وەرگـیراوەو منـیش وەك چـیرۆکێك دام ڕشـتۆتەوە کـە پـێم وابـێ تێکـەڵ بـە پەنـدو ئامۆژگاری بێ. هیوادارم ئێوە خوێنەری بەڕێزیش هەروەك من بیر وەکەن.


ئەو کۆمەڵە چیرۆکە . بەروانینێکی ریالیستیانە ئاوڕی لەو
کێشەو گرفتانە داوەتەوە کە مرۆڤەکانی بن دەستی دەسەڵاتێکی
نابەر پرسیارو دیکتاتۆر تووشی دەبن و لە ناویدا دەژین.
کەسایەتیەکانی چیرۆکەکان ئەگەر ناوەکەشیان ناوێکی خوازراو
بێت . بەڵام ژیان و چارەنووسیان تەواو ریال و واقعییە و رۆژانە
لەگەڵیدا بەرەوڕووین.
چەند
تاڵ
راستییەکی
دەزگای توێژینەوەی بڵاوکردنەوەی موکریانی
Mukiryani Establishment
For Resarch & Publication
www.mukiryani.com
وەزارەتی رۆشنبیری لاوان
بەڕێوبەرایەتی گشتی
ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر
چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری